شاخەوان شۆڕش



# قادر شۆڕش

# چل ساڵ خەبات و تێکۆشان

دیووی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی

نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵی ١٩٤٦– ١٩٨٣ دا

چاپخانەی خۆیبوون

**شاخەوان شۆڕش**

# قادر شۆڕش

# چل ساڵ خەبات و تێکۆشان

**دیووی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی**

**نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵانی 1946 – 1983 دا**

ناونیشان : قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان
نووسیـنی : شاخەوان شۆڕش
تـیــــراژ : 500 دانە
پیت چنین: نووسینگەی کوردان
چاپی یەکەم: هاوینی 2701 ك / 2001ز چاپخانەی خۆییبوون/ دانیمارك
چاپـی دووەم: زستانی 2701 ك / 2001– 2002 / کوردستان
ژمارەی سپاردنی (458)ی ساڵی 2001ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

**پـێـشکه شـه به :**

**گیانی پاکی قادر شۆڕش و هه موو هه ڤاڵه شه هیده کانی.**
**هه موو ئه ندامانی بنه ماڵه ی قادر شۆڕش.**
**هه موو هه ڤاڵه دێرینه کانی که پێشه نگی خه باتی کوردایه تی بوون له شاری هه ولێر.**
**هه موو ئه وانه ی رۆژی له رۆژان له گه ڵ ئه ودا له سه نگه ری خه باتدا بوون.**
**هه موو ئه وانه ی بۆ رزگاری کوردستان تێده کۆشن.**

**نـاوەڕۆک**

پێشەکی 9

بەشی یەکەم .. بیرەوەریـەکانم

سەرەتای ژیانم وچوونمان بۆ هەولێـر 13
چوونم بۆ قوبرس 16
دەستکردن بە کوردایەتی 21
گەڕانـەوەی بارزانیەکان 23
غەفور خا ن و بەسەرهاتی قەڵای لێوژە 24
گیران و مانگرتن 27
کرێکاری و کاری ڕێکخستن 32
دامەزراندنی کتێـبخانەی شۆڕش 34
سەرەتای دەســپێکردنی شۆڕشی ئەیلول و گیرانم 35
دەستکردنەوە بە کاری ڕێکخستن و دیسان گیران 39
دووبەرەکیەکەی (64) 43
دەستکردنەوە بە کوردایەتی 46
شەڕ دەســپێکردنەوەو کارەساتی هەرەس 49
گەڕانەوە بۆ هەولێـر 53
کورتەیەکی ژیانی حەمەد مەحمود 57
کورتەیەکی ژیانی حەبیبە خدر 59

چەند ووشەیەک لەلایەن هەندێ هەڤاڵی دێـرینەوە 61

بەشی دووەم .. کۆڵـنەدان و هەڵکشـان
بەرایی 68
سـەرهەڵدانی بیرۆکەی بزوتنەوە 69
لەدایکبوونی بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان 72
پراکتیک و ئایدۆلۆژیای بزوتنەوە 73
بزوتنەوەو بەشداریکردن لە نیمچـە بەرەی ینک 76
یەکگرتنی بزوتنەوەو کۆمیتەی ئامادەکـردن 79
ڕەخنەی سەیدا لە ئایدۆلۆژیای سۆسیالستی زانسـتی 81

ئاگاداری قادر شۆڕش لەجموجۆڵە سیاسییەکانی دوای هەرەس 84
بزوتنەوەو چۆنیەتی پێکهاتی رێکخستن 85
گۆڕینی ناوی بزوتنەوە 87
هۆی دەرچونی قادر شۆڕش بۆ چیا 88
گیرانی عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی 89
گواستنەوەی خەبات بۆ چیا 91
چوون بۆ لقی هەولێر 93
چەککردنێکی ناڕەوا 97
گیران و ئاوارە بوون 99
کۆنگرە 100
دوا رۆژی کۆنگرەو هەڵبژاردن 107
لقی هەولێر 114
پەیوەندی نێوان کادیرە سیاسی و سەربازیەکان 116
تیرۆرکردنی سەیدا ساڵح یوسفی 118
هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوەخۆ 121
کوشتنی شێرکۆی شێخ عەلی "دەسپێکردنی شەڕ" 121
هەندێ هەڵسوکەوتی ناشیاو 123
گوللەبارانکردنی عەولا سوور 124
ئاگر بەست 125
دامەزراندنی بارەگای لق 126
هەندێ نوکتەی ئەوسا 132
نەورۆزی 83 لە سماقولی گرتک 137
هاتنی کۆمیتەی سەرکردایەتی 143
هەڵبژاردنەکەی لق 145
هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ 150
خاڵی ورووژان "گرتنی کاکە سوور" 151
دەسپێکردنی شەڕ بەفراوانی 152
بڕیاری کشانەوەو هەڵکشانی هێزەکانی جود 153
مانەوەو چۆڵنەکردن 155
دوارۆژەکانی تەمەن 158
لقی هەولێر دوای ئەو 161
بەیانی مەکتەبی سیاسی حسک لەمەڕ کۆچی دوایی قادر شۆڕش 163

سـوپاس و پیـّزانین 166
سـەرچاوەکان 167

## پێشەکی

جێگای شانازیە کەداوا لەمن بکرێت بۆنووسینی پێشەکی بۆئەم کتێبەی کاک شاخەوان کە لەسەر ژیان و خەباتی باوکی نووسیویەتی. من ئەم کارە بەئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم بەرامبەر خوالێخۆشبوو کەهەموو ژیانی خۆی بۆخزمەتی میللەت تەرخان کرد.

شەهیدی نەمر کاک(قادر حەمەد قەراسنجی) کەناسراوە بەقادر شۆڕش چونکە بەرپرسو خاوەنی کتێبخانەی شۆڕش بووە لەهەولێر. ئەم کتێبخانەیە لەلایەن پارتییەوە دامەزرا لە دوای شۆڕشی 14ی گەلاوێژ لە ساڵی 1958. خوالێخۆشبوو لەبنەماڵەیەکی جوتیاری هەژاردا بووە، هەمیشە ژیانی خۆی و خێزانی لەسەختی و ناخۆشیدا بووە.

ئەو هەر زوو هەستی بەهەژاری و ژێردەستی میللەتەکەشی کردوە، هۆشیارانە هەستی بە ئازاری گەلەکەی کردوەو بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە کەوا تێکەڵاوی خەبات بیێت بۆ رزگارکردنی نەتەوە ژێردەستەکەی لەم بارە نالەبارە.

بەم پێ یە لەساڵی 1946 پەیوەندی بەپارتی دیموکراتی کورد کردوەو لە ساڵی 1947 بۆتە ئەندام لە ریزەکانیدا. هەر لەو کاتەوە بەبەردەوامی و چالاکانە وەک کادیرێک و لیێپرسراوێک کاری کردوە لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کورد کە پاشان بووە بەپارتی دیموکراتی کوردستان تا ساڵی1975. لە دوای ئەمەش هەر لە ساڵی 1976وە لە ریزەکانی بزوتنەوە پاشان حزبی سۆسیالستی کوردستان بەردەوامی بەخەبات و تێکۆشانی خۆی داوە. سەرەتا وەکو کادیر لەدواییدا وەکو ئەندامی سەرکردایەتی تا کۆچی دوایی کردنی لەرێکەوتی 11/6/1983 بەنەخۆشی کتوپڕی ریخۆڵە کوێرە.

لەم خەباتە درێژەی کە نزیکەی (40)چل ساڵی خایاندوە چەندین جار تووشی خۆشاردنەوە، بەندیخانە، چوونە شارو رووداوی پڕ مەترسی بووە.

شەهید قادر شۆڕش بەرای هەموو ئەوانەی لەنزیکەوە ناسیویانەو کاریان لەگەڵ کردوە، کەمن یەکێکم لەوان، هێمن، هۆشیار، ڕاستگۆ، دڵسۆز، خۆنەویست، تێکۆشەرو نەبەز بووە. ئەو هەمیشە گوێ رایەڵی ئەو حیزبە بووە کەکاری تێدا کردوە، سەرپیێچی لێ نەکردوە ئەگەر زیانی بۆ خۆشی هەبوویێت. بەڵام ئەوەی لیێرەدا گرنگە ئەوەیە، ئەو هەمیشە نەتەوەی کوردی لا گرنگتر بووە لەحیزب واتە بەرژەوەندی کوردو کوردستانی خستووەتە سەرووی بەرژەوەندی حزب، ئەگەر دڵنیا بوویێت بڕیاری حیزب لەبەرژەوەندی میللەتدا نییە، بڕیارەکەی جێبەجێ نەکردوەو ڕای خۆی بەئاشکراو ڕاشکاوی دەربڕیوە. چەندین بەڵگەی زیندوش بۆ ئەم راستیە هەن، بۆنمونە هەڵوێست وەرگرتن لە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی لەماوەی (1966- 1970)وە نەچوونی لەگەڵیان بۆلای رژێم بەڵکو گەڕانەوەی بۆلای شۆڕش ئەمە لە کاتێکدا ئەو پەیوەندی پێیانەوە هەبوو پێشی ئەوە. هەروەها لە ساڵی 1975 لە کاتی هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول ئەو هەڵوێستی لە "بڕیاری وازهێنان لە شۆڕش" وەرگرت و لەسەرکردایەتی دوورکەوتەوە. هەروەها هەڵوێستی دیارو ئاشکرای لەشەڕەکانی یەکیتی و سۆسیالست یا بەواتایەکیتر هەموو ئەو شەڕە براکوژیانەی دوای ساڵی 1976 تا دوا ساتەکانی ژیانی هەبووە، ئەوهەمیشە بەتوندی دژی هەموو جۆرە دووبەرەکی و برا کوژیەک بووە چونکە زانیویەتی زیان بەخش و کوشندەیە بۆ کێشەی کوردو خەباتی گەلی کورد.

ئەم تێکۆشەرە سادەو پاکە ویستویەتی کوردایەتی بکات و بڕوای وا بووە دەبێ حیزبایەتیش لەخزمەتی ئەم کوردایەتییەدا بێت.

من ئەوەندەی خوالێخۆشبووم ناسیبێت چ لە شۆڕشی ئەیلول و ناو پارتی یان لەشۆڕشی تازەی ساڵی 1976و حیزبی سۆسیالستی کوردستان، کورد پەروەرو خۆنەویست بووە. ئەولەکاتێکدا دەیتوانی خۆی لەسەرکردایەتی نزیک بکاتەوە، پلەی بەرزتری دەست بکەوێتو دەستکەوتیشی هەبیێت، بەڵام بە پیێچەوانەوە خۆی لەم جۆرە ڕەفتارانە دوور دەخستەوەو هەمیشە

لەڕیزەکانی حیزب و پێشمەرگەو میللەتدا خەباتی خۆی بەدڵسۆزی کردوە، بەبێ چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک. ئەو بەم شێوەیە درێژەی بە خەباتی خۆی داوە لەگەڵ ئەوەی کەوا تەمەن و تەندروستی ئەو لەگەڵ ئەو جۆرە خەباتە گونجاو نەبووە بەتایبەتی لەساڵەکانی دوایی ژیانیدا. ئەوەبوو کەتوشی نەخۆشی ڕیخۆڵە کوێرە بوو لەشاخو لەناو پێشمەرگەدا گیانی سپارد.

شەهید قادر شۆڕش سەربازێکی وونی خەباتی کوردایەتی بوو، هەمیشە بێ درێغی بووەو خۆی گونجاندوە لەگەڵ هەموو جۆرە خەباتێکدا.

ئەو کەهاتۆتە ڕیزی تێکۆشانەوە هەژارو بێدەرامەت بوو کەکۆتایی بەژیانیشی هاتو لێی دەرچوو هەر وابوو.

لەو کاتەی ئەم کتێبە دەردەچێت، بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی عێراق بەبارودۆخێکی پڕ لەمەترسی و ناسکدا تێدەپەڕێت، ئەمە بەهۆی لەلایەک سیاسەتی بەعەرەبکردنی بەشێکی گەورەی کوردستان لەلایەن رژێمی ڕەگەزپەرستی و دیکتاتۆری بەغدا لەلایەکیتر ناکۆکی، دووبەرەکی و حیزبایەتی تەسکی دوور لە کوردایەتی بە شێوەیەکی زۆر کوشندە یەخەی میللەتەکەمانیان گرتووە. بۆیە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ئەمڕۆ لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستی بەکادیری دڵسۆز، پاک، کوردپەروەرو خاوەن بیروباوەڕی وەک قادر شۆڕش هەیە، هەرلەبەر ئەوەشە ئەمڕۆ لەهەموو کاتێک زیاتر هەست بەزیانی نەمانی ئەم مرۆڤە دەکرێت.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید قادر شۆڕشی هەمیشە زیندوو.

**د. مەحمود عوسمان**

**لەندەن** 2000/9/11

**بەشی یەکەم**

# بیرەوەریەکـــانم

**نوسینی**
**قادر شۆڕش**
**ســــــاڵ** 1975

### هەروەستەیەك

بەشی یەکەم بریتییە لەژیانو بیرەوەرییەکانی قادر شۆڕش لەسەرەتای ژیانییەوە تاساڵی 1975، ئەم بەشەی ئەم کتێبە لەلایەن قادر شۆڕش خۆی نوسراوەتەوە، ئەوەی نووسەر لەم بەشەدا پێی هەڵساوە پێداچوونەوەو زیاد کردنی هەندێ بابەتو باسیترە لەبەر رۆشنایی باسو گێڕانەوەی کەسانی نزیك ئەو. دیارە ئەمەش کە کراوە مەبەست دەوڵەمەند کردنی باسو بابەتەکانە.

### سەرەتای ژیانم و هونمان بۆ هەولیر

لەساڵی 1924 لەگوندی (قەراسنجی سەروو) لەخێزانـێـکی هەژار لەدایک بووم، هەر لەتەمەنی حەوت ساڵیمەوە لەبەر ناگزووری ژیانمان و هەژاریمان تووشی کارو کەسابەت بووم، شوانی و گاوانی و زۆر کاریترم کردوە.

لەناو دۆڵێکی قووڵ کەنزیکەی سێ چارەگە سەعات لەگوندەکەمان دووربوو پارچە تەماتەیەکمان چاندبوو، دوو بار تەماتەمان داگرتبوو باوکم بە تەمابوو بیبا بۆ دەشتی هەولێر بە گەنم بیگۆڕێتەوە، لە ئێـوارەی ڕۆژی 11/9/1938 باوکم خەریکی نوێژی* خەوتنان بوو، شەش حەوت نوێـژی لەسەریەک کردو دەپاڕایەوەو دوعای دەکرد. دەمدی فرمێـسک بە چاویدا دەهاتە خوارەوە، پاش ئەوەی لە نوێژ بووەوە دەفتەرە جگەرەیەکی تێکردو خستیە ناو دارجگەرەکەی و پێیکرد، کاکەم یەحیا و من پاڵمان دابۆوە، باوکم نوێـنی پێدادابین و گوتی: "کوڕەکانم با سەرماتان نەبێت"، خۆشی دانیشت و خەریکی جگەرە کێشان بوو. هەرکە چاوم چووە خەو لەپڕ کاکم بانگی کردم گوتی: "کوڕە هەستە باوکمان مرد!" منیش لە خەو ڕاپەڕیم گوتم: "کوا"، گوتی: "ئەوەتا وا پاڵی بە ئەستوندەکەی کەپرەکەدا داوە". باوکم دارجگەرەکەی هەر لەدەست بوو، چۆنی گرتبوو هەر بەو شێـوەیە ئەنگوستەکانی پێـوە ڕەق ببۆوە، جگەرەکەی نیوە کێشابوو نیوەکەی تری ئاگری هەر پێـوە بوو، دیمان دۆخینی کردبۆوەو میزی کردبوو بەڵام دوخێـنەکەی تەواو بۆ گرێ نەدرابۆوە، وا دیارە هەر ئەو کاتە تەواو ببوو. هەردووکمان دەستمان کرد بەگریان و بە گریان ڕامان کێشایە سەر جێـگاکەی خۆی، درێـژمان کردو لەدیاری دانیشتین تا بەیانی ڕوونکرد، کاکم ڕۆیشتەوە بۆ گوند، ئاگاداری دایکمان و خەڵکی گوندی کرد کەوا باوکمان مردوەو بێـن بە هانامان و تەرمەکە بگەیەنینەوە گوند.

لەگەڵ خۆرهەڵات خەڵکێکی زۆری ئاوایی هاتن هەروەها دایکم و خوشکە بچکۆلەکانم بە گریان هاتن، خەڵکەکە تەرمەکەیان هەڵگرت، بەرەو گوند ڕۆیشتن و ئێـمەش بە گریان بەدوایانەوە تا گەیشتینە گۆڕستانی گوند، تا نیوەڕۆ تەرمەکەمان شاردەوە پاشان چووینەوە ماڵەوەو بۆماوەی دوو سێ ڕۆژ هەرگریاین. پاشان دایکم و دراوسێـکانمان گوتیان: "گریان بەسەو خوالێـی خۆشبێ، ئێـوەش هەژارن و کەستان نییە بڕۆن خەریکی شینایی و کارو کەسابەتی خۆتان بن". ئێـمەش بە ناچاری و دڵ پڕ لەخەم و کەسەر هەڵسـاین و کەوتینە خۆکۆکردنەوەو کار کردن هەروەها بیر لەخۆکردنەوە لەبارەی چۆنیەتی ژیانمان.

بەڵام هەرچەندی خۆمان ماندوو دەکرد هەژاری هەر باڵی بەســـەردا دەکێـشـاین نەمان دەتوانی خۆمانی لێ ڕزگار بکەین، تا ساڵی 1941 ژیانێـکـی زۆر ناخـۆش، پــڕ لە هیلاکی و ماندووەتیمان بەسەر برد.

لەمانگی 1/1941 بیرمان لەوە کردەوە کەوا کاکم یەحیاو من بڕۆین بۆ (موسل)و لەوێ کار بکەین، لەوێ ئینگلیز سەنگەرو خەندەقیان هەڵدەکەند بەمەبەستی خۆقایمکردن لەترسی هێرشی ئەڵمانیا، ئەو کاتە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانی بوو، شتوومەک و کەلوپەلی بازاڕو دەغڕو دان ڕۆژ بەرۆژ بەرەو گرانی دەچوو. لەساڵی 1941 دەوڵەتی عێراق ڕەشید عەلی گەیلانی سەرۆک وەزیرانی بووو سەر بەئەڵمانیا بوو. لەگەڵ سوپای ئینگلیز تووشی هەندێ شەڕبوون، بەڵام دوای چەند شەڕێ بەماوەیەکی کەم سوپای عێراق تێـکشکاو هێزێکی زۆری سوپای ئینگلیز بۆناو عێراق هات، شوێـنە ستراتیژیەکانیان گرت و خەریکی سەنگەرو چاڵ هەڵکەندن بوون. هەرچەندە دونیا بەرەو گرانی دەچوو، بەڵام بەهۆی سەنگەر هەڵکەندنی ئینگلیزەوە خەڵکێـکی زۆر کاری دەستکەوت، ڕۆژانەی کرێکار لە 50 فلس گەیشتە 150 فلس، خەڵک دەیانتوانی پێـی بژین. ئێـمەش گوێ درێـژێـکی لاوازو بێ هێـزمان هەبوو، لەگەڵ دایکم و براکەم تەگبیرمان کرد کەوا من و کاکم هەندێـک نان لەکەرەکە

---

* سەیری کورتەی ژیانی حەمەد مەحمود بکە، لاپەڕە 76 .

باربکەین، بەپێشە خۆمانی بدەین و بەرەو هەولێر بکەوینە رێگا، کەگەیشتینە هەولێر لەوێ کەرەکە بەرەڵا بکەین و بۆخۆشمان بچین بۆ (موسل) بۆکارکردن. جا بۆ رۆژی دوایی کەرۆژێکی ساردو سەختی مانگی یەک بوو و بەفرێکی زۆر باریبوو، هەندێک نانمان لەکەرەکە بارکردو بەرەو هەولێر کەوتینە رێ، رێگای چارەگێکمان بەسەعاتێک دەبری لەپڕ کەرەکەمان وەستاو نەرۆیشت هەرچەندە نانمان دایێ و هەوڵماندا سوودی نەبوو لەناو بەفرەکە کەوتە خوارەوە، کورتانەکەشمان لیێی کردەوە هەر نەرۆیشت! ناچار یەکمان کورتانەکە، یەکیشمان نانەکەمان هەڵگرت و کەرەکەمان بەجێ هێشت، بەرەو ماڵ گەڕاینەوە بەنائومێدی و پەژارەیەکی زۆرەوە. کە نزیک ماڵەوە بووینەوە دایکم چاوی پێمان کەوت بەپەشۆکاویەوە لێمان هاتەپێش و گوتی: " ئەوە بۆ گەڕانەوە، ئەی کوا کەرەکە.. بۆ نەرۆیشتن؟" ئێمەش بەسەرهاتەکەمان بۆ گێڕایەوە دایکم فرمێســـک بە چاویدا هاتە خوارەوە، گوتی: "کوڕەکانم چی بکەین ئەوەش کاری خوایەو بەڵکو خوا دەرگایەکمان لێ بکاتەوە".

بۆ ئێوارە بەیەکەوە دانیشتین و بیرمان لەوە دەکردەوە کەچی بکەین، براکەم کە لەمن گەورەتر بوو تەمەنی 18 ساڵ دەبوو گوتی: "تۆ لێرە لەگەڵ دایکم ئاگاداری منداڵەکان بن، من دەچم بۆ سەر رێگای ئۆتۆمبیل لە گوندی (گردەچار) لەوێوە بە سواری ئۆتۆمبیل دەچم بۆ هەولێرو لەوێشەوە دەچم بۆ موسل" گوتمان باشە، بۆ بەیانی هەندێک نانی هەڵگرت، نیو دیناریشی لابوو بۆ خەرجی و رۆیشت. منو سێ خوشکەکەم و دایکم ماینەوە. هەندێک بزنمان هەبوو، چوار بزنمان بەدوو تەنەکە گەنم گۆڕیەوەو بەدەستاڕ لێمان کرد، دەمان کرد بەنان و دەمان خوارد. هەندێک دانەوێڵەشمان هەبوو، ئیتر ژیانمان لەسەر ئەوانە بوو، شەکرو چا هەر دەست نەدەکەوت، بەڵکو بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ چامان نەخواردەوە. منیش لەگەڵ دایکم هەموو رۆژ دەچووین هەندێک دارمان دەبڕی، لەپشتی خۆمان هەڵدەداو دەمان هێنایەوەو دەمان سوتاند.

بیرم لەوە دەکردەوە: "ئایا دەبێ ئێمە ژیانمان هەر وابێ؟" کەخاوەنی شتێک نین بۆ لێرە دانیشین، بۆچی نەچین بۆ شارێک بۆ خۆمان کاربکەین، ئایا باشتر ناژین؟ تامانگی 3/1941 وامان ڕابوارد، براکەشم کە دوو مانگ دەبوو چووبوو بۆ موسل هیچ هەواڵێکی نەبوو، بێ سەروشوێن بوو. ناچار دایکم بەگەڵ کاروانێک کەوت و چوو بۆ هەولێر بۆ سۆراخی برایەکەم، منیش لەگەڵ خوشکەکانم مامەوەو زۆر بە پەژارەییەو کزی رۆژمان ئاوا دەکردو چاوەڕێی دایکمانمان دەکرد، بەڵکو بێتەوە، هەواڵێکی برایەکەمانمان بۆ بێنێتەوەو چارەیەکی ژیانمان بکەین.

دوای پێنج شەش رۆژ دایکم گەڕایەوە لەهەولێر هەندێک خورماو نانی لە هەولێرەوە بەپشتێ هەڵگرتبوو بۆمانی هێنابوو، نێوانی گوندەکەمان و هەولێر (9)سەعات رێ بوو، بەیەکەوە دانیشتین، بەخۆشیەوە دەستمان کرد بە نان و خورما خواردن تا تێربووین. لە دایکم پرسی: "سۆراخی کاکم چی بوو؟ هیچت لێ نەزانی؟ گوتی: "رۆڵەکانم لەموسل دیویانەو باشە، بەڵام ئێمە لێرە ناژین، لەهەولێر خانووم پەیداکردوە مانگی بە 75 فلس، بۆ خۆمان کارێک دەکەین ئەوەی دەستمان کەوت بەنان و شەکرو چای دەدەین و دەیخۆین، بۆیە وام لاپەسەندە بچین بۆهەولێر"[1]، گوتمان: "زۆر باشە وا دەکەین".

هەندێک کەلوپەل و بزگوری خراپمان هەبوو لەگەڵ هەندێ مەنجەڵی مس بردمان بەشەو لە ماڵی خزمێک دامانا. هەندێک نانمان ئامادەکردو پێش بەیانی لەگوند دەرچووین، منداڵە بچوکەکانمان هەڵگرت و رۆیشتین، پێش نیوەڕۆ گەیشتینە گوندێ. ماڵی کوڕە پلکێکمان لەوێ بوو شەو لەوێ ماینەوە. بۆ رۆژی دوایی بەرەو هەولێر کەوتینە رێ، بۆ ئێوارە گەیشتینە گوندی (شاوێس) کە نزیک هەولێرە شەو لەوێ ماینەوە. بۆ بەیانی زوو بەرێ کەوتین، چێشتان واتە پێش نیوەڕۆیەکی زوو گەیشتینە

[1] جگە لە دەست کورتی و هەژاری کە ناچاریان دەکا بچن بۆ هەولێر، لە ڕاستیدا (حەبیب) واتە خێزانی حەمەد مەحمود نەیویستوە جارێکیتر بکەونە ژێر چنگی خورشید بـەگ. چونکە لە دوای نەمانی حەمەد مەحمود بۆ ئەو کاتە ئاسایی بوو کەوا خورشید بەگ خۆیان لێبکاتەوە خاوەن و پشت. پاشان بەئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بەو خێزانە بکا. دیـارە ئەومەبەستەشی هەبوو، بۆیە حەبیب دەربەدەری و هەژاری پێ باشتر دەبێ لە ژێر دەستی خورشید بەگ. (چاوپێکەوتن لەگەڵ حەلیمە حەمەد مەحمود).

هەولێر. چووین بۆ گەڕەکی تەیراوە بۆ ماڵی دەروێش فاتم کە دایکم خانووی لێ بەکرێ گرتبوو مانگی بە 75 فلس. کەچە لێفێک و دوو کەونە جاجمان هەبوو کە لەگەڵ خۆمان بردبوومان لە ژوورەکەدا دامانناا. دیناریێکمان هەبوو، تەنەکە ئاردێک، دوو کیلۆ شەکرو هەندێک چامان پێکڕی و تەواو، چیترمان نەبوو!

من کردبووم بەپیشە هەموو رۆژێک بۆلای گەراجی موسل دەچووم، رۆژێکیان کاکم دەرکەوت و لەموسل گەڕایەوە. چاوی بەمن کەوت گوتی: "بۆهاتوون بۆهەولێر، چۆن هاتنو بەچی هاتن؟" منیش هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە، کاکم زۆر پەژارە بوو و سەری داخست و مات بوو گوتی: "باشە با برۆین بۆ ماڵەوە". چووینەوە، ئەو بەکزی لەگەڵمان دانیشت، گوتی: "چیبکەم وا تازە هاتوون، ئەوە دوو دینارم هێناوە بەیانی بەئاردو پێخۆری دەدەین، پێم باشە من و قادر هەردووکمان برۆین بۆ موسل بۆ ئیشکردن، منیش گوتم: "باشە".

بۆ بەیانی هەردووکمان چووین بۆ موسل. بۆ ماوەی بیست رۆژێک کارمان کرد ئینجا گەڕاینەوە بۆ هەولێر. هەندێک زەخیرەمان بۆ ماڵەوە کڕی و پاشان چووین بۆ شارۆچکەی پردێ لە وێش وەک موسل سەنگەرو چاڵمان بۆ ئینگلیزەکان لێ دەدا. تا نزیکی هاوین هەروا کارمان کرد، پاشان دەستمان لە کارکردن هەڵگرت و گەڕاینەوە بۆ هەولێر. دوای گەڕانەوەمان کاکم بوو بە سەقای سەپانەکانی ئەحمەد ئاغای برای داود ئاغا. منیش بووم بە کرێکاری ئیشغال رۆژی بە 50 فلس.

## چوونم بۆ قوبرس

لەدەوروبەری مانگی 2/1943 دا سەرباز ناونووس دەکران لەلایەن ئینگلیزەوە، دوای ناونووسکردن سەربازەکانیان لە هەولێرەوە دەگواستەوە بۆ شاری (حەبانیە). منیش ئەوەم بەباش زانی، رۆژێکیان بەدزی دایکم و کاکم ناوی خۆم بۆ سەربازی نووسی، هەر ئەو رۆژە سواری ترومبێلیان کردین و ئێمەیان برد بۆ (موسل). بۆ ئێوارەکەی سواری شەمەندەفەریان کردین بەمەبەستی بردنمان بۆ حەبانیە. کە سواری شەمەندەفەریان کردین فلسێکم لە گیرفاندا نەبوو و زۆریشم برسی بوو، پارەشم نەبوو نانی پێ بکڕم، هیچشیان پێ نەدابین. داوام لە کورێکی ناو حەسەن کرد کە ئەویش خۆی ناونووس کردبوو و بۆ سەربازی ئینگلیزی دەچوو، بەڵکو (10) دە فلسم پێ بدا، ئەویش زۆر پیاوانە (20) بیست فلسی داپێم. (20) بیست فلسەکەم بەدوو ناندا، وام دەزانی(5) دیناری داوە پێم زۆرم سوپاسکرد. هەرگیز لەبیری ناکەم ئەو پارەیە لەوکاتەدا بۆمن زۆر بوو و توانیم بەهۆیەوە تێر نان بخۆم. ئەو رۆژە تێربووم و تا رۆژی دواتر دوای نیوەڕۆ هیچیترمان نەخوارد تاوەکو گەیشتینە حەبانیە. لەحەبانیە بەرگی سەربازیمان لەبەرکرا، بەڵام من بێتاقەت بووم و تووشی نەخۆشی ببووم. شەو لەناو شەمەندەفەر سەرمام ببوو چونکە کە سواری شەمەندەفەریان کردین لەشوێنی وڵاغان دایاننابین و سەرو بنمان ئاسن و زستانیش بوو، بۆیە هەموولایەکمان سارد بوو. لەبەر نەخۆشیەکەم بەزەحمەت مەشقی سەربازیم پێ دەکرا. نەشم دەگوت نەخۆشم، دەمگوت نەوەک لەسەربازی دەرم بکەن و بڵێن بەکەڵکی سەربازی نایەیت. پاش 15 رۆژ چاک بوومەوەو بووم بەسەربازێکی چاک و وووریا. لەماوەی **دوومانگ** فێری رۆیشتنی سەربازی، مەشقی تفەنگ، رەشاش، بۆمبی دەست و دەبابە شکێن بووین. دوای تەواوکردنی راهێنانەکان گواسترابینەوە بۆ کۆمپانیای (8) کە لە(بەغدا) بوو. ئەو کۆمپانیایە ئەرکی پاسەوانیکردنی دام و دەزگاو کەلوپەلی ئینگلیزەکانی لەئەستۆ بوو، ماوەی سێ مانگ لەوێ مابینەوە.

رۆژێکیان ئینگلیزەکان کۆیان کردینەوەو گوتیان: "کێ ئامادەیە بچێ بۆ (دوورگەی قوبرس) تاناوی بنووسین؟" من و برادەرێکم ناوی خۆمان نووسی. رۆژی دوایی دووبارە ئێمەیان ناردەوە بۆحەبانیە، هەفتەیەک لەوێ ماینەوە. دووبارە مەشقیان پێکردین لەسەر ئەو چەکانەی کە لە ناو تیپەکەماندا هەبوو، هەموو چەکەکانیان پێ بەکارهێنابین، دوای ئەوە گواسترابینەوە بۆ بەتالیۆنی (7) کۆمپانیای (44).

لەرۆژی 13/9/1943 کۆیان کردینەوە، سواری ئۆتۆمبێلێکی سەربازی کراین و لەحەبانیەوە بەرێ کەوتین. دوو بەتالیۆن بووین، بۆ گواستنەوەی ئەو دوو بەتالیۆنە نزیکەی 150 ئۆتۆمبیل ئامادەکرابوو کەوا سەربازو شتومەکەکانی هەڵگرتبوو. زۆر لەسەرخۆ دەرۆیشتین، شەوی یەکەم لە (وادی محەمەد) خستمان، شەوی دووەم لە(روتبە) خستمان، شەوی سێهەم لە(ئێچفۆر) لەوڵاتی ئوردن خستمان، شەوی چوارەم لە(مەفرەق) خستمان و بۆماوەی پێنج رۆژ لەوێ ماینەوە. دوا رۆژ بەکاتی 10ی پێش نیوەڕۆ ئێمەیان کۆکردەوەو خستنیانە ناو شەمەندەفەر بەرەو خوارووی فەلەستین کەوتینە رێ، لەگەڵ رۆژئاوا گەیشتینە (غەزە). تاریکی کردبوو کەگەیشتینە سنووری (میسر)و بەردەوام بووین لە رۆیشتن، لەگەڵ تاریک و رووونی بەیانی گەیشتینە شاری (ئیسماعیلیە). شاری ئیسماعیلیە کەوتبووە سەر (کەناڵی سوێس)، هەر لەوێ لە کەناڵ پەڕینەوەو چووینە ناو شەمەندەفەرێکیتر، بەرەو شاری (پۆرسەعید) بەرێ کەوتین، بۆنیوەڕۆ گەیشتینە پۆرسەعید. شاری پۆرسەعید دەکەوێتە سەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاست و دەرگای کەناڵ. شارەکە شارێکی زۆر جوان، رێک و پێک و خاوێن بوو، میللەتێکی زۆر باشی تێدابوو، ئێمە بۆ ماوەی (21) رۆژ لەوێ ماینەوە. لە پاشان لەرۆژێکی هەینی لە کاتژمێری (11)ی پێش نیوەڕۆ خراینە ناو کەشتییێکی زۆر گەورە. ئێمە یەک بەتالیۆن بووین ژمارەمان (500) کەس بوو. کەشتیەکە نزیکەی(700)

کەسیتری بارکردبوو، ئەوانە سەربازی تێکەڵ بە گەلێ میللەتی تیابوو، زۆریان ئەفریقی بوون، سەربازی ئافرەتیش دەکەوتنە بەرچاو.

کەشتیەکەمان جولاّیەوەو کەوتە رێ، هەر لەگەڵ کەشتیەکەی ئێمە پاپۆرێکیتری گەورەی بەتاڵ کەکەسی لێ بارنەکرابوو بەتەنیشتمانەوە دەرۆیشت. هەروەها (14) پاپۆریتری جەنگی چەکدار بۆ پارێزگاریمان لە پێشمان و لە دوامانەوە دەرۆیشتن. ئەو رۆژە هەر رۆیشتین تا ئێوارە داهات، دەشت و چیامان لێ بزر بوو. خۆر لەسەر ئاو ئاوابوو، ئەو شەوەش هەر رۆیشتین تا بەیانی، خۆرمان لەسەر دەریا لێ هەڵهات. لەپاش نیوەرۆ بەکاتی (3) هەندێک چیامان لێ بەدەرکەوت، بۆناسینی ئەو چیایانە پرسیارمان لەپاپۆڕەوانەکان کرد، گوتیان: "ئەوە چیای (لوبنانە)و لە رێگا لاماننداوە، ئەوەش لەبەر مەترسی رێگا، ئێستا بۆ (بەیروت) دەڕۆین، ترسی رێگاشمان هەیە بەهۆی ئەوەی کەوا غەواسەی ئەڵمان لەژێر ئاو هەن". هەروەها گوتیان: " ئەی نابینن‌و گوێتان لێ نییە ناو بەناو زەنگی مەترسی لێدەدرێ کەئێوە دەبێ خۆتان ئامادە بکەن و ئامادەی خۆ فرێدانە ناو دەریابن ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر ئێمە بەر هێرشی دوژمن کەوتین، لێدراین و کەشتیەکەمان خەریکی نقوم بوون بوو". رۆژی کردەوەو هەر بەرێوەبووین تا نزیکی خۆرئاوا گەیشتینە بەندەری شاری بەیروت، بۆماوەی دوو کاتژمێر لەوێ پشووماندا تا تەواو تاریکی کردو شەو داهات، ئەوجا رۆیشتین بەرەو دوورگەی قوبرس. ئەو شەوە هەر رۆیشتین بۆ رۆژی دوایی بە کاتی (9)ی سەرلەبەیانی گەیشتینە بەندەری شاری (فامە گوستە) کە شارێکی دوورگەی قوبرسە. شارێکی خنجیلانەو جوان بوو. هەستمان لە خەڵکەکەی ڕاگرت بە یۆنانی و تورکی قسەیان دەکرد. ئێمە لەناو خۆماندا گوتمان زۆرباشە لێرە تورک هەن کە سەر بە ئایینی خۆمانن و زۆریشمان تورکی دەزانین کەواتە پەکمان ناکەوێ لەشت کڕین و پێویستیتر، بەلاّم ڕاستیەکەی بەپێچەوانەوە بوو چونکە یۆنانییەکان لەهەموو ڕوویێکەوە لەتورکەکان باشتر بوون بۆ ئێمە.

ئەو رۆژە لەگەمیەکە دایان بەزاندین و چووینە ناو شەمەندەفەر، لەفامەگۆستەوە بەرەو (نیکۆسیا) کەپایتەختی قوبرس بوو. شەوێک لەسەربازگایەکماینەوە، بۆرۆژی دوایی دابەشیان کردین و بلاّوەمان پێکرا، هەر پەلێک ناردرا بۆ شوێنێک. پەلەکەی ئێمە (35) کەس بوو، ناردراین بۆشاری (کەرینیە). لەنزیک ئەو شارە لەگەڵ هەندێک سەربازی ئینگلیز لەسوپاگا بۆماوەی شەش مانگ ماینەوە. شاری کەرینیە شارێکی زۆر جوان و دڵگیر بوو ناوی شارەکە بە ناوی چیای کەرینیەوە کرابوو کە دەیڕوانیە سەر شارەکە، شارەکە کەوتبووە کەنار دەریای سپی ناوەڕاست. دەوروبەری شارەکە بەباغ و باخچەو دارستانی چڕوپڕو زۆر جوان دەورە درابوو، گەلێ لەجۆری دارەکان لەوولاّتی ئێمە نەبوو و نەبینرابوو، دار سەروو و دار سنەوبەر لە ناو شاردا هەبوون و شارەکەیان ڕازاندبۆوە. خەڵکی شارەکە هەموویان یۆنانی بوون تاک تاکەی تورک تێدابوو. شاری کەرینیە قەزابوو، بەندەری لێبوو، شارەکە بەرێگای قیرتاوکراویشەوە بەسترابووەوە بەنیکۆسیا. رێگا قیرتاوکراوەکە دەرۆیشت بۆشاری (مێرتۆ)و (مۆرفۆ کەرینیە). مۆرفۆ کەرینیە دەکەوێتە باکوری قبرس، لەبناری چیای کەرینیەو لەکەنار دەریا بەڕووی تورکیاوە. نێوانی ئەو شارەو تورکیا(40) کیلۆمەتر دووربوو. دوای مانەوەمان بۆ (6) مانگ لەشاری کەرینیە گواسترابنەوە بۆشاری (مۆرفۆ) شاری مۆرفۆ دەکەوێتە رۆژ ئاوای نیکۆسیا دوو کیلۆمەتر لە دەریاوە دوورەو دەکەوێتە کلکەی چیای کەرینیە.



قوبرس، قادر شۆڕش بەبەرگی سەربازی ئینگلیزی

مۆرفۆ ڕێگای ئاسن و قیرتاوکراوی بۆ دروستکرابوو، ڕێگاکان لە(نیکۆسیا)و (لەیەمەسولەوە) بۆی دەهاتن. ئەوشارە باغ و باخچە بەتایبەتی باغی پرتەقاڵی زۆر بوو، هەروەها مەڕو ماڵاتی زۆر بوو، خەڵکەکەی هەمووی یۆنانی بوون،(5 تا 10) ماڵ توركی تێدا هەبوو.

ماوەی (6) مانگ لەمۆرفۆ ماینەوە، لەپاشان گواستراینەوە بۆشاری نیکۆسیا دوو ساڵیش لەوێ ماینەوە. واتە هەمووی بۆماوەی (3) ساڵ لەقوبرس مامەوە، لەساڵی 1943 تاكو 1946.

وڵاتی قوبرس،ووڵاتێکی زۆرخۆشە ژمارەی دانیشتوانی ئەوکاتە (500) هەزار کەس دەبوو، چوار لەسەر پێنجی گریک (یۆنان) بوون. یۆنانەکان مرۆڤی زۆر باش، هێمن و مرۆڤ پەروەر بوون، ڕقیان زۆر لە ئینگلیز بوو.

ئەوکاتە دوورگەی قبرس لە ژێر دەستی ئینگلیز دابوو کە لەلایەن فەرماندەیەکی سەربازی ئینگلیز بەڕێوە دەچوو، بۆیە یۆنانەکان خەباتیان دەکرد بۆ ڕزگاربوونیان لە چنگی ئینگلیز. میللەتی قوبرس کوردیان زۆر خۆش دەویست ڕێک بەپێچەوانەی تورکەکان. یۆنانەکان حەزیان بە دۆستایەتیمان دەکرد، فێریان دەکردین کە گەڕاینەوە کوردستان خەبات بکەین بۆ خۆ ڕزگارکردنمان لە چنگی ئینگلیز و داگیرکەران.× [2]

لە ساڵی 1945 کاتێ کە دوا دوای شەڕی دووەمی جیهانی بوو، بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی بندەستی ئێران لە گەشەکردندا بوو، شەڕیش لە نێوان حکومەتی پاشایەتی عێراق و مەلا مستەفای بارزانی لەهەرێمی بارزان بەردەوام بوو. ڕۆژنامەکانی قبرس کە بەزمانی ئینگلیزی و یۆنانی دەردەچوون، گەلێجار لەلاپەڕەکانی پێشەوەی ڕۆژنامەکان بە پیتی گەورە دەنوسرا: "شۆڕش لە کوردستان لەئارادایە، لە پێناو ڕزگاری خەڵکی کوردستان لە ژێر چنگی ئینگلیز و داگیرکەرانیتر". گەلی قبرس هەمیشە هانیان دەداین کەوا بگەڕێینەوە کوردستان و بەشداری شۆڕشی کورد بکەین، پێیان دەگوتین: "ئێوەش وەک ئێمە ژێر دەست و چەوساوەن". بەڵام تورکەکان بە پێچەوانەی ئەوان بوون، زۆربەیان سیخوڕی ئینگلیز بوون و دژی یۆنانەکان بوون، هیچ نیشتمان پەروەری و مرۆڤایەتیان پێوە دیار نەبوو، بەڵکو دژی هەموو جۆرە کارێکی مرۆڤانە بوون، هەموو شتێکیان و کارێکیان لەپێناو پارە پەیداکردن بوو.

یۆنانەکان سەرقاڵی خەباتکردن بوون، ناوە ناوە مانیان دەگرت و خۆنیشاندانیان سازدەکرد لەدژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی.

ژەنراڵ گریڤانس کە ئەفسەرێکی خانەنشینی یۆنانی بوو، لەقوبرس دادەنیشت لــەگەڵ(10) کەسیتری قوبرسی فەرمانی گرتنیان هەبوو لەلایەن سوپای ئینگلیزەوە. ژەنراڵ گریڤانس و هەڤاڵەکانی خۆیان شاردبۆوەو بەنهێنی کاریان دەکرد، ناوە ناوە کۆگایەکی تەقەمەنی، نەوت یا شتیتری ئینگلیزەکانیان دەتەقاندەوەو دەسوتاند. یۆنانەکان لەسەدا هەشتایان وەک پێشمەرگەیەکی لە خۆبردوو هەمووکات لەماڵەکانیاندا ئامادەبوون بۆ یارمەتیدانی گریڤانس و برادەرەکانی هەروەها گیراوەکانیان، هەر بۆشیان هەڵکەوتبا لەشەقامی شارەکانی نیکۆسیا، لەیەمەسول و فامە گۆستە ئەفسەرە ئینگلیزەکانیان بە چەقۆو خەنجەر دەکوشت، ئەم چالاکیانەیان دەستوبردو نهێنی بوو. ئەوان سەربازەکانیان نەدەکوشت و دەیانگوت: "سەرباز

---

[2] بەڕێز ئەحمەد بێکەس دەگێڕیتەوەو دەڵێ: قادر شۆڕش بۆی گێڕامەوە: ئەو کاتەی لە قوبرس سەربازی لیڤی بووین هەستمان بە ناکۆکی نێوان تورک و یۆنانەکان دەکرد، ئێمە بە هۆی ئەوەی تورکەکان موسولمان بوون لایەنی ئەوانمان دەگرت، بەڵام کە یۆنانیەکان زانیان ئێمە کوردین، خۆیان لە ئێمە نزیک کردەوە، لە دوژمنایەتی کورد و تورک ئاگاداریان کردینەوە، بۆیان ڕوونکردینەوەو تێیان گەیاندین کەوا چۆن تورکەکان کوردیان چەوساندۆتەوە، بەهەزاران لاوی کورد و ڕۆشنبیرانی کوردیان دوور خستۆتەوە، کوشتوەو لە سێدارە داوە هەروەها چۆن مامەڵەی نامرۆڤانەیان لەتەک خەڵکی بێتاوان و بێدەسەڵات کردوە. بەو جۆرە گریکەکان توانیان سۆزی ئێمە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، ئەوان شارەزایی باشیان لە جوڵانەوەکانی کورد هەبوو. ئێمە سەربازە کوردەکان کەلە سوپای لیڤی بووین لە قوبرس لە گریکەکان هەستی کوردایەتیمان وەرگرت و تێگەیشتین کە ئێمە میللەتێکی ماف خوراو و چەوساوەین. ئامر فەوجێکمان هەبوو بە ناوی سەید عەلی زاخۆیی کەوا هەستێکی کوردانەی باشی هەبوو، ئەو هەمیشە هانی دەداین و باسی کوردایەتی بۆ دەکردین ( سەید عەلی زاخۆیی لە 1969 قایمقامی کۆیە بووە).

☐ سەیری بیرەوەرییەکانی عەریف سلێمان " لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان" بکە ل. (11-21).

هیچیان بەدەست نییەو بشکوژرێن دەوڵەتی ئینگلیز زۆر بۆیان پەرۆش نین، چونکە سەربازەکان کوڕە هەژارن، بەڵام کوشتنی ئەفسەرەکان زۆر کار دەکاتە سەریان کە لەلایەک کوڕە دەوڵەمەندن لەلایەکیتر ئەفسەرو کار بەدەستن.

قەشە ماکاریۆس کە قەشەیەکی قوبرسی بوو، ئەویش یەکێک بوو لە تێکۆشەرە دیارەکانی گەلی قوبرس. قەشە ماکاریۆس هەمیشە بەردەوام بوو لە هاندانی گەلی قوبرس دژی ئینگلیز بە نهێنی و ئاشکرا، بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خەڵکی دوورگەی قوبرس.

لە مانگی 11⁄1945 بۆ ماوەی مانگێک مۆڵەت درام کە سەردانیماڵەوە بکەم. بەکاتی (4)ی ئێوارە لە شارە جوان و سەرنجڕاکێشەکەی فامە گۆستە چووینە ناو گەمێ و بەرێکەوتین: "شەپۆڵە سپییەکانی دەریاو دیمەنی زەردی خۆرئاوای سەر لوتکەی چیا دڵـڕفێنـەکـە هاوکات لەگەڵ شەمـاڵی پاک و بێگەردی ئەو ناوە کە بەرەو ئاسۆی رەنگینی ئێوارەی دوورگە خنجیلانەکەی (سایپرس) قوبرس دەچوو، لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو دەبوون، سەدان بیرەوەری و بیری داهاتووی خۆم و وڵاتی کوردستانی چەوساوەو خۆشەویستم دەهاتە مێشک".

تاریکمان بەسەر داهات و لەگەڵ چەند برادەرێکم لێمان پاڵدایەوەو لێی خەوتین تا بەیانی. بە کاتی (8) ی بەیانی گەیشتینە بەندەری شاری (حەیفا) لە فەلەستین. حەیفا شارێکی جوانی فەلەستینە، کەوتۆتە داوێنی چیای کەرمل و سەرکەناری دەریای سپی ناوەڕاست، وێستگەی شەمەندفەریشی لێ هەیە، (10) رۆژ لەم شارە ماینەوە پاشان بەرێکراین بە شەمەندفەر لە حەیفاوە بۆ (دیمەشق)، بە رۆژ سەر لەبەیانی رۆیشتین و شەو گەیشتینە دیمەشق. لەنزیک شاری دیمەشق میوانخانەیەکی سەربازی ئینگلیز هەبوو شەو لەوێ خستمان، لەو کاتەش شاری دیمەشق کارەبای لێ نەدەسوتا، ئەوەش بە هۆی ئەوەی کەوا شەڕ هەبوو لە نێوان خەڵکی سوریاو فەرەنسا، چونکە لەو کاتەدا (سوریا ولوبنان) لە ژێر دەستی ئیمپریالیزمی فەرەنسادا بوون. وابوو ساڵی ناوبراو گەلی سوریا و لوبنان ڕاپەڕین و فەرەنسا لە سوریاو لوبنان دەرکرا. ئێمە بۆ رۆژی دوایی لە دوای نیوەڕۆ لە ناو شاری دیمەشق سواری ترومبێلێکی نێرینی گەورە کراین، هەر کەسەو خواردنی رۆژێکیان داپێمان و بەڕێ کەوتین بەرەو حەبانیە. دیمەشق شارێکی زۆر جوانەو دەکەوێتە بناری چیایەک، شەقام و شوێنی زۆر دڵگەشی تێدایە، بەدارو باغێکی زۆر دەورە دراوە.

ئەوەبوو گەیشتینە حەبانیەو لەگەڵ هەندێ برادەر گەڕاینەوە بۆهەولێر.[3] مانگێک لەماڵەوە مامەوەو گەڕامەوە بۆحەبانیە لەوێ مامەوە جارێکیتر نەگەڕامەوە بۆدوورگەی قوبرس، لەبەر ئەوەی شەڕی دووەمی جیهانی کۆتایی پێهات و بەتالیۆنەکەی ئێمەش گەڕایەوە بۆ حەبانیە. لەمانگی 2⁄1946 داوام کرد کە لەسەربازی دەربچم، داواکەم پەسەند کرا، ئیتر لەسەربازی ئینگلیزی دەرچووم و هاتمەوە بۆهەولێر. ماوەیەک بێکار مامەوە پاشان کەم کەم کاری کرێکاریم دەکرد.

[3] لەو ماوەیەی کەوا قادر شۆڕش سەربازی ئینگلیزی بوو، لە قوبرس، ژیان و گوزەرانی دایک و خوشک و براکانی باش نەبووە، نەخۆشی گرانەتا بۆ ماوەی چەند مانگێک یەخەیان دەگرێت و تووشی نەهامەتیان دەکات، دیارە دەستکورتی و نەشارەزایی رۆڵی دیاری هەبووە لە نالەباری ژیانیان، هەرچۆنی بێت لە نەخۆشیەکە رزگار دەبن. بەڵام ئەوەی دەبێتە نیگەرانی بەردەوامی خێزانەکە بە شودانی خوشکێکیان دەبێ بە ناوی (عەیشێ) کەوا تەمەنی هەر 15-16 ساڵ بووە. دیارە هاوسەرەکەی وخێزانەکەیان نارێکدەبن لەگەڵ عەیشێ و کەمتەرخەمی دەنوێنن لەئاستیدا، ئاکامی ئەم بارە نالەبارە دەبێتە هۆی زویر بوونی عەیشێ و گەڕانەوەی بۆ ماڵی دایکی. دوای ماوەیەکی کەم عەیشێ تووشی نەخۆشی دەبێ، نەخۆشیەکەی سەخت و کاریگەر دەبێت، دەستکورتی و هەوڵی چارەسەر بەرێگای چەوت واتە بردنە سەر ئەم چاک و ئەو چاک زیاتر فشاری بۆ دێنن. دوای چەند مانگێک عەیشێی لاو و گەنج بەو نەخۆشیەوە سەر دەنێتەوە. کاتێ قادر شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر عەیشێ کۆچی دوایی کردبوو.



هەولێر 1946 , یەحیا حەمەد محمود و قادر شۆڕش

## دەستکردن بە کوردایەتی

دەوروبەری مانگی 1946/10 بوو برادەرایەتیم لەگەڵ کاکی خەباتگێڕم قادر حەسەن شەقلاوەیی پەیدا کرد. پاش هەڵسان و دانیشتنێکی یەک مانگی لەگەڵ یەکتر، بۆم دەرکەوت کەوا خزمایەتیەکی دوورمان هەیە. من هەر خەریکی باسی کوردایەتی بوومو باسی کوردایەتیم بۆ دەکرد، بەڵام ئەو خۆی وانیشان دەدا کە ئاگاداری هیچ جموجۆڵێکی کوردایەتی بێت، تا ماوەی دوو مانگ هەروا مایەوە، رۆژێکیان کاک قادر پێی گوتم: " وا دیارە تۆ زۆر حەز بەکوردایەتی دەکەیت؟!" گوتم: "بەڵێ، بەڵام کەس نییە کوردایەتی لەگەڵ بکەم!" ئەو زردەخەنەیەکی هاتێ، بە چاوە ڕەش و جوانەکانی، بەخۆشەویستی کوردایەتی سەرنجێکیدام و گوتی: "حەز دەکەم پێت بڵێم ئێستا لێت دڵنیا بووم کەوا تۆ کوردێکی دڵسۆزی، وە من لە کوردایەتیدا کار دەکەمو حزبێکیشمان هەیە پێی دەگوترێ (پارتی دیموکراتی کورد) ئەوە چەند مانگێکە دامەزراوە، پێشتر حزبی رزگاری، حزبی شۆڕش و حزبی هیوا هەبوون. ئەمانە هەموویان بوون بەیەک حزب کە پارتیمانە. حیزبێکی تر هەیە پێیان دەڵێن حیزبی شیوعی کە سەر بە ڕوسیان، ئەمانە لە کوردستان و شارەکانی تری عێراق هەن، هەروەها لە عێراقیش حیزبی وەتەنی دیموکراتی، ئیستقلال و ئەحرار هەن". من گوتم: "هەقم بەسەر ئەو حیزبانەوە نییە، من دەچمە ناو ئەو حیزبەی کە کوردیەو بۆکورد تێدەکۆشی".

لەو سات و کاتەدا بارودۆخی دارایم باش نەبوو، چەند دینارێکم هەبوو ئەویش تەواو بوو، بەبێکاری دەسوڕامەوە، لەهەفتەی یەک یا دوو رۆژ کاری قوڕکاریم دەست دەکەوت کە ئەویش بەئاسانی پەیدا نەدەبوو. پەیتا پەیتاش لەگەڵ هەڤاڵ قادر حەسەن خەریکی پارتایەتی بووین، دۆست و لایەنگرمان بۆ پارتی پەیدا دەکرد.

هەر لەوساڵە رۆژێکی هەینی حیزبی ئیخوان موسلمین دروشمیان دژی پارتیمان و شیوعیەکان نووسیبوو، ئێمەش بەوەمان زانی چووین لە بەر دەرگای ئەو مزگەوتەی کە دروشمەکانیان لێ هەڵواسیبوو هەموومان وەستاین. کاک جەوهەر حوسێن ملا کە ئەو کاتە قوتابی بوو چووە سەر دیواری مزگەوت بە دەنگێکی بەرز بەنوێژکەرەکانی گوت: "برایانی موسڵمان کە لەنوێژی هەینی بوونەوە بەبێ دەنگ بڕۆنە دەرەوەو هەقتان بەسەر کەسەوە نەبێ!" خەڵکەکە لەنوێژ بونەوەو خەریکی رۆیشتن بوون. ئیخوانەکان هاتنە دەرەوە، هەر کەدروشمەکانیان بەرز کردەوە ئێمە پەلامارماندان، دروشمەکانمان لێیان سەندو بوو بە شەڕمان زۆرمان لە یەکتردا، برادەرێکی ئێمە بەردێکی بۆ کابرایەکی ئیخوان هاویشت بەڵام بەردەکە بە سەری کاک موحسین دزەیی کەوت کە ئەو کاتە قوتابی بوو و سەر بە حزبی شیوعی بوو، کاک موحسین کەوتە خوارەوەو کەمێ بێ هۆش کەوت لەپاشان هەستایەوە. پۆلیس و یاریدەدەری بەڕێوەبەری پۆلیس بەسەر شەڕەکەدا هاتن و لێکیان کردینەوە، بەڵام کەسمان نەگیراین. هەر ئەوساڵە لەپارتی بەپاڵێوراو وەرگیرام و لەرۆژی 1947/2/10 بە ئەندام وەرگیرام. لەرۆژی 1947/3/5 داوانامەیەکم نووسی بەمەبەستی دامەزراندنم لە شوێنێک، داوانامەکەم پەسەندکراو دامەزرام بەساعی داخیلی لە(بلەی زێبار) نزیک (بارزان) کە ئەوکاتە قەزابوو.

کە چووم بۆ ئەوێ قایمقامێکی لێبوو ناوی مەهدی ساقی بوو و تورکمانی کەرکوک بوو. پاش چەند رۆژێک قایمقامەکە گواسترایەوە، بەڕێوەبەری ناحیەی بارزان بوو بە وەکیلی ئەو کە کابرایەکی زۆر تووڕەو توندو رەزیل بوو ئارەقیشی زۆر دەخواردەوە، رقی لەو کەسە بوو کە کوردایەتی بکردایەو باسی کوردایەتی بکردایە. پۆلیسێکی کەرکوکی هەبوو ناوی فازیل بوو کە جێگری بەڕێوەبەر بوو لەو ناوە بوو نێوانمان گەلێ خۆش بوو و زۆری خۆش دەویستم، حەزیشی زۆر بە کوردایەتی دەکرد. هەرچەندەی چاوم دەگێڕا لە ناو بارزانیەکان و خەڵکیتر کەسێکم نەدەدۆزیەوە کەوا حەز بە کوردایەتی بکات، تەنها کابرایەک نەبێ ئەویش زۆر پیر بوو بەناوی ئەحمەد کەمال خەڵکی رەواندوز بوو، کوردێکی دڵسۆز بوو بۆ کورد.

## گەڕانەوەی بارزانیەکان

هەر لەو ساڵە لە دەوروبەری مانگی (4) واتە 1947/4 بارزانیەکان گەڕانەوە ناوچەکانی دەوروبەری بارزان واتە دوای تێکچونی کۆماری کوردستان لە مهاباد، ئەوان بەرەو دەوروبەری ناوچەکانی خۆیان گەڕانەوە. هەندێک لە بارزانیەکان لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی و چەند ئەفسەرێک خۆیان دایەوە دەست رژێمی عێراق، بەڵام مەلا مستەفا بەخۆی و نزیکەی (400) کەسێ لەسەر سنورەکانی بندەستی تورکیاو عێراق لەهەرێمی زێتێ و پێندرو کۆبوونەوە. مەلا مستەفا نامەی نووسی بۆ وەسی، پارێزگاری هەولێر و قایمقامی زێبار، لە نامەکەیدا نووسیبوی: "من و ئەو جەماعەتەی لەگەڵم دایە خۆمان دەدەینە دەست بە مەرجێک حکومەت لێمان بگەرێ لە گوندەکانی خۆمان دابنیشین، دەوڵەت چیمان بۆ دابنێ وادەکەین!". *

مەلا مستەفا دووجار نووسراوی وای بۆ رژێم نووسی، وەڵامی حکومەت ئەوەبوو: "وەرن خۆتان بە دەستەوە بدەن و میری لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکات و هەر یەکێکتان بەپێی ئەو تاوانەی یاسا ئەیخاتە سەری دادگایی دەکرێت و حوکم دەدرێت".

ئەوە بوو مەلا مستەفا شەوێک بەخۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون رۆیشتن بۆ ناو سنورەکانی بندەستی تورکیاو ئێران. چەند شەوو رۆژێک بەرێگاوە بوون بە ناو چیا بەرزو سەختەکانی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی تووشی گەلێک شەڕ بوون لەگەڵ سوپاکانی تورکیا و ئێران هەروەها برسیەتی و سەرما و ماندوو بوون پەرێشانی کردبوون توانیان ئەو رێگا دوورە ببڕن و خۆیان بگەیەننە ناو وولاتی یەکێتی سۆڤیەت.

ئەو بارزانیانەی کەلەگەڵ شێخ ئەحمەددا خۆیان دایەوە دەست رژێمی عێراق، بۆ ماوەیەک لەدەشتی دیانە بەماڵ و مناڵەوە لەناو سیم کران، زۆری نەبرد رژێم چوار ئەفسەری لەسێدارەدا ئەوانیش:

1- عیزەت عەبدول عەزیز: 2- مستەفا خۆشناو 3-محەمەد قودسی 4- خەیروڵلا عەبدولکەریم بوون. هەندێک ئەفسەرو هەندێک لەبارزانیەکان (20) ساڵ زیندانیان بەسەردا بڕایەوە. لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی، بارزانیەکانی تر هەموویان هەریەکەیان دوو ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپێندرا، ماڵ و منداڵەکانیشیان لەگەڵ هەندێک پیرە پیاو بەرەڵلا کران بێئەوەی هیــچ شــتێکیان بدرێتێ، هەرچەندە هەوڵیش بۆ ئەو مەبەستە درا بەڵام بێ ئەنجام بوو.

ئەو ژن و منداڵەی بارزانیەکان هاتن بۆ هەولێر، پارتی ئەمەی بەهەل زانی و هەستا بەسازدانی خۆنیشاندانێکی گەورە بەبەشداری ماڵ و منداڵی بارزانیەکان. لەڕیزی پێشەوەی خۆنیشاندانەکە ژنە بارزانیەکان ئەو نانەیان لەسەر دەست دانابوو کەرۆژانە دەیانخوارد، نانەکەش بریتی بوو لە ئاردی جۆو گیا کەکرابوو بە ئەستورک. خۆنیشاندانەکە بەو شێوەیە بەرەو سەرای میری دەرۆیشت، ئەو نانە بۆ پارێزگارو بەرێوەبەری پۆلیس بردرا بەڵام بێسوود بوو و رژێم بە هیچ چارەسەرێ هەڵنەستا. ئێمەش کە بە رێکخستنی خۆنیشاندانەکە هەڵسابووین، ئەو رۆژە ئەوەندەی لە توانامانداا بوو ناڕەزاییمان نیشاندا دژی رژێم. پاشان بڵاوەمان لێکردو دەستمان کرد بە دابەشکردنی ماڵە ئاوارە بارزانیەکان بەسەر ئەندام و دۆستانی پارتی لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر. ئەوەی شایانی باسە ئاغاکانی دزەیی زۆر مەردانە لەو گرفتە هاتنە پێش و ئەو خەڵکەیان بۆ گوندەکانیان بردو یارمەتیان دان وە خەڵکی گوندەکانیان ئامۆژگاریکرد کەوا یارمەتی ئەو خەڵکە ئاوارەیە بدەن و ئاگاداریان بن.

مەلا مستەفا پێش چوونی بۆ ڕوسیا، کەنووسراوەکانی بۆ کاربەدەستانی عێراق دەنووسی، بۆ قایمقامی زێباری دەنووسی ئەویش نامەکانی (کە بۆ وەسی و پارێزگاری هەولێر هاتبوون) بە مندا دەنارد بۆ هەولێر. قایمقام وایدەزانی من لە هەموو

* قادر شۆڕش نامەکانی دیبوو بۆیە دەیزانی چیان تیا نوسراوە.

کەس دڵسۆزترم بۆ میری، کەچی بە پێچەوانەوە لە ناو ساعی و پۆلیسەکانی ئەو ناوە تەنها من هەبووم کەوا پارتی بووم و لە دژی رژێمی پادشایەتی کارم دەکرد.*

لە گەلاویژی 1947 لەساعی داخلی کرام بە ساعی ئیستملاک و گواسترامەوە بۆ هەولێر. تا ساڵی 1948 وا مامەوە، پاشان لە تەجنیدی هەولێر بانگ کرام و گوتیان تۆ سەربازیت نەکردوەو بۆ سەربازی نەهاتوویەتە پێش، بۆیەگیرام و کرام بە سەرباز. هەوڵمدا ببم بە موعینی دایک و خوشکەکانم، هەموو شتێکم تەواو کرد تەنها مۆری موختار مابوو، بۆیە چووم بۆ گوندی قەراسنج.

جەنابی ئاغا کەموختاری دێ بوو(12) دیناری لێ سەندم تا مۆرەکەی بۆ لێدام. ئەو شتانەم تەواوکردو لەسەر دادگایی نەچوونەپێشی سەربازیم مابوو. رۆژێک لە دادگای سەربازی کەرکوک بانگ کرام، لە دادگا پێیان گوتم: "یا دەبێ چار ساڵ سەربازیی بکەیت یا دەبێ (200) دینار سزا بدەی" .

منیش کە لێکمدایەوە ئەو پارەیەم نییە بیدەم، ئێ چار ساڵیش سەربازی ناچاری زۆرە، بە موعینیش پەسەند نەکرام، جا بۆیە وام بە باش زانی لە سەربازی رابکەم.

## غەفور خان و بەسەرهاتی قەلای لیوژە

دوای ئەوەی بڕیارمدا کەوا لە سەربازی رابکەم، رۆژێکیان لەگەڵ کوڕێکی ناو حەمە بچکۆل کەخەڵکی گوندێکی ناوچەی ناودەشت بوو، رێککەوتین کەبەیەکەوە رابکەین. نیوەرۆیەکی پێنج شەممە بوو کەبەرێکەوتین هەندێ بەتورمبێل و هەندێ بە پێ تا گەیشتینە گوندی (شێخ مەموودیان)، شەو لەوێ خەوتین، بۆبەیانی زوو نانمان خواردو بەرێ کەوتین، تا لە چیای زینەتیر سەرکەوتین رۆژ گەرمی کردبوو، بەرەو دۆڵی بالیسان شۆڕ بووینەوە. پێش نیوەرۆ گەیشتینە گوندی (چیوە)، لەماڵی خوالێخۆشبوو حاجی بەدیع میوان بووین. نوێژی هەینیمان لەگەڵ مام حاجی بەیەکەوە کرد، ئەو رۆژە مام حاجی گیسکێکی کوشتبۆوە، نانی نیوەڕۆمان لە لای ئەو خوارد پاشان بەرێ کەوتین بۆ ئێوارە گەیشتینە گوندی (بێ کێل) لای کێخوا حوسێنێک میوان بووین. زۆر بەخێری هێنایین، لێی پرسین: "ئێوە چین"؟ گوتمان: "قەسابین و دەچین بۆ هەرێمی دۆڵی شاور بۆ مارات کڕین! . بۆ رۆژی دواتر بەیانی زوو لەوێ رۆیشتین، تا لای نیوەرۆ گەیشتینە گوندی (پلینگان). نیوەرۆ لە لای ماڵی مەلا عوسمانی پلینگان نانمان خواردو پاشان رۆیشتین، بەچیای بێرمکە هەڵگەڕاین و بۆ پاش بانگی شێوان گەیشتینە گوندی (لیوژە). لەگوندی لیوژە چووینە ماڵی غەفوور خان و لەوێ ماینەوە.

لێیان پرسیم: ناوت چییە؟ گوتم: ناوم عەبدوڵلایەو خەڵکی هەولێرم!، غەفور خان گوتی: دەبێ لای من بمێنیتەوە، من پێنج کوڕم هەیە، تۆش یەکێک بە وەک ئەوان"، کەوای گوت زۆر دڵخۆش بووم، چونکە لەرێگا لەبرادەرەکەی خۆم پرسیبوو دەربارەی غەفور خان و چۆنیەتی ئەو. من لەگوندی لیوژە مامەوەو حەمە بچکۆل چوو بۆگوندەکەی خۆیان.

غەفور خان پیاوێکی بەساڵا چوو بوو، زۆری حەز بەخزمەتی خەڵک دەکرد، رازی نەدەبوو کوڕەکانی لەگەڵ خەڵک خراپ بن، هەردەم هەوڵی دەدا خەڵک لێی ڕازی بێ. باغێکی میوەی باشی هەبوو، خەڵک بەئارەزووی خۆیان لێیان دەخوارد، کوڕەکانی ئەمەیان زۆر بەدڵ نەبوو، بەلام لەبەر باوکیان نەیان دەوێرا هیچ بە خەڵکەکە بڵێن. غەفور خان هەمیشە دەیگوت: "ئێمە لەگەڵ خەڵک بەیەکەوە بەروبوومی باغەکەمان دەخۆین". من بۆماوەی سێ مانگ لایان مامەوە، زۆر جار هەوڵم دەدا وەک کوڕەکانی

* قادر شۆڕش نامەکانی دەگەیاند و لەرێگا نامەکانی خوێندۆتەوە.

ئەو بەشداری دوورنە یا ئاودان بکەم، بەڵام غەفور خان نەیدەهێشت، دەیگوت: "کاک عەبدوڵلا چۆن دەبێ تۆ ئیشم بۆبکەی، تۆ میوانی منی، شەرمە بۆمن کار بەتۆ بکەم".

غەفور خان پیاوێکی بلیمەت و ئازا بوو، قسەی زۆر خۆش بوو، زمانی عارەبی، تورکی و فارسی دەزانی. شارەزاییەکی باشی هەبوو لەیاساو دامودەزگاکانی میری، خوێندەواری باش بوو.

کۆنە قەڵایەک لەلێوژە هەبوو، هەمووی بە سەریەکدا ڕووخا بوو، تەنها دیوارەکانی لای پێشەوەی مابوو. ڕۆژێکیان دەربارەی قەڵایەکە پرسیارم لەغەفور خان کرد، گوتی: "وەرە دانیشە تا بۆت باس بکەم". گوتی: "ئەو قەڵایە، کە تازە ژنم هێنابوو ماڵم لە باوکم کرد، ئەوکاتە لە (ئێندزە) دادەنیشتین، من هاتم لێرە ئەو قەڵایەم دروستکرد. بناغەو دیوارەکانی بنەوەم بە قەسەرو هێلکە دروست کردبوو، لە دووری دوو کیلۆ مەتر ئاوم لە چیاوە بەژێر زەویدا بۆ هێنا بوو، لە ناوەندی قەڵا حەوزی ئاوم دروستکردبوو. کاتێ کە ئینگلیز بۆ عێراق هات و تورک شکا، ئۆزدەمیر پاشا لەهەرێمی ئێمە بوو. پێش ئەوەی بڕوا پارەو تفەنگ و فیشەکێکی زۆری بۆ بەجێ هێشتین، ئێمەش لەگەڵی چووین تا گەیاندمانەوە سنووری تورکیا. وڵات کەوتە ژێر دەستی ئینگلیز، بابەکر ئاغای پشدەریان کردە حاکم لە ناوچەی پشدەر، داواشیان لە من کرد کەوا موچەم بۆ ببڕنەوەو بمکەن بە حاکمی ئینگلیز لە ناو دەشت، بە ناوی سەرۆک هۆزی ئاکۆ، بەڵام من پەسەندی ئەوەم نەکرد.

لە ئەنجامی ئەوەدا تیپێکی سەربازی ئینگلیز بە هاوکاری (700) چەکداری پشدەری هاتن بۆ سەرمان و دەوریان گرتین. زۆر لە خزمەکانیان گرتم، من لەگەڵ ماڵ و خێزان و چەند کەسێکیتر و ماڵاتەکەمان لە ناو قەڵا بووین. چوار دەورمان گیرا بوو، داوایان لێ دەکردم خۆم بدەم بەدەستەوە، بەڵام من گوێم پێ نەدەدان پەیتا پەیتا تەقەمان لێیان دەکرد، ئەوانیش تەقەیان لێمان دەکرد، ئێمە زادو زەخیرەو فیشەکمان زۆر بوو، ئاویشمان لەناو قەڵا هەبوو بۆیە پەکمان نەدەکەوت. پشدەریەکان بانگیان دەکردین، دەیانگوت: "یەکێکمان لێ بکوژرێت (10) دەخزمت لێ دەکوژین، لەو بەندانەی کە لامانن. پاش چەند ڕۆژێک شەڕو خۆڕاگری، هەواڵیان بۆ هێنام کەوا باوکم لەبەندینخانەی سەنگەسەر مردوە، زۆرم غەمخواردو پەژارە دایگرتم. کەوتمە بیر کردنەوە، وام پەسەند کرد، کەوا بچم داوا لە سەرۆک هۆزێک بکەم کەیارمەتیم بدات بۆدەرکردنی ئینگلیزو پشدەریەکان. ڕۆژێک ماڵو منداڵ و ماڵاتەکەم لە قەڵا کردە دەرەوە، چونکە دوژمن شوێنی ئاوەکەمانی پێ زانیبوو و ئاویان لە سەرمان بڕی، خۆم و چەند کەسێک ماینەوە، شەو بە چەکدارەکانی خۆمم گوت: "ئێوە بڕۆن بەگەڵ ماڵ و منداڵەکەم بکەون هیچ لە ئێوە ناکەن، چونکە مەبەستیان منە، منیش بەیانی زوو دەڕۆم بەڵکو چارەیێ بدۆزمەوە".

پێش ڕۆژ هەڵات بەسواری مایین لە قەڵا هاتمە دەرەوەو بە توندی پێم بە غارەوەناو دەرپەڕیم، هەندێک تەقەیان لێکردم، بەڵام بەرنەکەوتم و توانیم دەربچم، لە دوای من ماڵیان تاڵانکردبووم و قەڵاکەشیان بەسەر یەکدا ڕووخاندبوو، ئۆردوگایان لەدەوری گوندەکەم دانابوو. من دەستم کرد بە گەڕان بە دوای یارمەتی پەیداکردن، چووم بۆ لای باویل ئاغاو داوای هەندێ چەکدارم لێکرد، گوتی: "ئێمەش لە هەرێمی دیانەو ڕەواندوز لەگەڵ ئینگلیز شەڕمانە. ڕۆیشتم بۆ لای شێخ عەلائەدینی زینوەیی، ئەویش وەڵامی نەدامەوە، لەوێوە ڕۆیشتم بۆ بارزان، داوام لە شێخی بارزان کرد بۆ چەند چەکدارێ، ئەوان (50) چەکداریان دامێ و بەگەڵم کەوتن. بەرەو گوندەکەی خۆمان هاتین، لە نزیک گوندەکەمان لەسەر چیا دانیشتین، بارزانیەکان گوتیان لێدانی سەربازەکانی ئینگلیز بۆ ئێمە لێگەڕێن، هەرچی پشدەریەکانە ئێوە لەگەڵ خزمەکانتان لێیان بدەن، هەندێک لە خزمەکانم کۆکردەوەو بۆ شەوی دوایی چووین شوێنە گرنگەکانمان لە دەورو پشتی هێزەکانی پشدەریەکان گرت، بارزانیەکانیش دەورو پشتی تیپە سەربازەکەی ئینگلیزیان گرت. بۆ بەیانی لەگەڵ خۆر هەڵات لە هەموو لایەکەوە پەلاماری دوژمنماندا، دوژمن پەشۆکاو رایان کرد ئێمەش بەدوایانەوە. لە ماوەی چوار ڕۆژ هێزەکانی دوژمنمان شکاندو زیانێکی زۆرمان لێیاندا،

هەندێک چەک و فیشەک و وولاغیشمان دەستکەوت، ئێمە هیچ زیانمان نەبوو. چەکدارەکانی بارزانی هەموویان بەبێ زیان گەڕانەوە بۆ بارزان، منیش ماڵ و مناڵم کۆکردەوە، بەلام هیچمان نەبوو. خزمەکان هەندێک نوێن و پێویستی تریان بۆمان هێنا، لەبن دار گیزێکی گەورە ماڵمان دانابوو. شەوێک هەڵیکردە رەشەبایەکی بەهێز مەترسیم لێنیشت کەوا دار گیزەکە بشکێت، بۆیە شەو مناڵەکانم لەبن دار گیزەکە گواستەوە، پاش گواستنەوەی منداڵەکانم بە نیو سەعات دار گیزەکە ڕاقەناو کەوتە خوارەوە، خۆ ئەگەر مناڵەکانم نەگواستباوە ئەوە لەوانەیە نیوەیان دەمردن". بۆ ماوەی سێ مانگ لەلای ئەو پیاوە باشە مامەوە، لەڕاستیدا زۆری ڕێز دەگرتم. ڕۆژێک خوالێخۆشبوو کاکم یەحیا لەگوندی لێوژە پەیدا بوو، هاتە لام و گوتی: "برام ئەوا میری لێبوردنی بۆ ڕاکردوەکانی سەربازی دەرکردوە، وەرە بابڕۆینەوە". منیش وام بەباش زانی کەبگەڕێمەوە. ڕۆژی دواتر من و کاکم ماڵئاواییمان لەغەفور خان و ماڵ و منداڵەکەی کرد، بەرەو دۆڵی ڕەژیکەریان و خانەقا بەرێکەوتین. بۆ ئێوارە گەیشتینە سەر پردی حافیز، لەوێوە بە ئۆتۆمبیل چووین بۆ دیانە، لە دیانەش هاتین بۆ هەولێر. لە سەربازگەی هەولێر خۆم دایە دەست، لە دوای چەند ڕۆژێک بووم بە موعین و لە سەربازی دەرچووم.

## گیران و مانگرتن

دوای ئەوەی لە سەربازی دەرچووم، هەوڵم دا کە کارێک بدۆزمەوە یا هەر نەبێ بچمەوە سەر کارەکەی پێشووم، بەڵام بێسوود بوو کارێکی وا نەبوو بیکەم. پاشان کارێکم لە گوندی (تورەق ) دەستکەوت، ماوەی یەک مانگ کارم لە کارێزی گوندی تورەق کرد، گوندی تورەق سەعاتێک بە پێ لە هەولێرەوە دوور بوو، هەموو بەیانیان بەپێ دەچووم و ئێواران بەپێ دەگەڕامەوە. دوای ئەو کارەم ماوەیەک بێکار بووم، بۆیە بیرم کردەوە کە بچم بۆ سەربازی ئیختیاری، لە مانگی 9/1949 چووم بووم بە سەربازی ئیختیاری، لە ماوەی (10) مانگ بووم بە نایب عەریف. بەماوەیەکی کەم توانیم رێکخستنێکی پتەوی پارتی دروست بکەم، بەتایبەتی لەناو زابت سەفەکاندا، وە بووم بە لێپرسراوی سەربازی و ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەولێر.[4] ئیتر کار وامایەوەو چەند ساڵێ خەریکی کوردایەتی بووم وەک نایب عەریف.

لە ساڵی 1954 هەندێک بڵاوکراوەی پارتیم لێ گیرا، گیرام و بردرام بۆ (کەرکوک)[5]، لەکەرکوک لە بەندینخانەی فرقە لەگەڵ بیست کەسیتر لە ژوورەکانی وەرزش بەند کراین، ئەوکاتە هاوین بوو و گەرما هەراسانی کردبووین، زۆر ئازارمان کێشا. پاش ماوەیەک درام بە دادگاو لێم پێچرایەوە، دادگا یەکەم جار (10) دەساڵ زیندانیو(5)پێنچ ساڵ چاودێری بۆ بڕیمەوە. کێشەکەم نوێ کردەوە، زیندانیەکەم بووە (5) پێنچ ساڵ، دیسان نوێم کردەوە ئەمجارەیان بوو بە(3) سێ ساڵ. ماوەی دادگایی کردن و نوێ کردنەوەکان ساڵێکی خایاند.[6]

پاشان گواسترامەوە بۆ بەندینخانەی کەرکوک، ماوەی ساڵێک لەوێ مامەوە لەگەڵ نۆ کەسیتر کەشیوعی بوون. هەموومان لەبەشی "مەحجەر" بووین، جێگەمان باش بوو، بەڕێوەبەری بەندینخانە ناوی جابر مونیر بوو، چەندە بڵێی پیاوێکی باش بوو، زۆر بەبەزەیی و مرۆڤ پەروەر بوو، یارمەتی زۆری دەداین. رادیۆو رۆژنامەمان هەبوو، هەرکاتێک کەس و کارمان بۆ چاوپێکەوتنمان بهاتبان، قەدەغەنەبوو و دەیانتوانی چاویان پێمان بکەوێ.

ئەوەی لە بەندینخانە دڵی تەنگ کردبووم و ژیانی تێکدابووم ڕەفتاری برادەرە شیوعیەکان بوو، هەتا لەتوانایاندا بوایە هەوڵیان دەدا بۆناڕەحەتیم، جا جارێک بەهێرش کردنە سەر پارتی و کورد جارێ بەباس و ڕەفتاریتر، بەڵام من گوێم پێ نەدەدان. ئەوەش لەبەر ئەوەی کەوا (25) بیست و پێنچ کەسیتر کە لەگەڵمان بەند کرابوون لەسەر دزی و شتی خراپ،

---

[4] ئەوانەی کە ئەوکاتە لە بەشی سەربازی لە رێکخستن کاریان دەکرد چەند کەسێک بوون لەوانە: حەسەن مستەفا، ساڵح شێرە، عەبدولقادر محەمەد بیرێژی و هەندێ کەسیتر.

[5] قادر شۆڕش جارێکیان گێڕایەوە و باسی شێوەی گیرانی ئەو بڵاوکراوە نهێنیانەی کرد و گوتی: ژمارەیەکی رۆژنامەی رزگاری و هەندێ شتیتر بوو لە ناو باغەڵی قەمسەلەیەکم دانابوو و خستبومە ژێر قەروێڵەکەم. قەمسەڵەکە کورت و بچوک بوو بە هی خۆم نەدەچوو. بۆیە دوای دۆزینەوەی رۆژنامەکە لە ناو قەمسەڵەکە زۆرم هەوڵدا کەوا وایان تێبگەیەنم ئەو قەمسەڵەیە هی من نییە، بەڵام بێ سوود بوو و نەمتوانی بیانهێنمە ڕا.

[6] لەگەڵ قادر شۆڕش سێ کەسی دیکە دەگیرێن ئەوانە: 1) عەبدولڕەحمان سلێمان 2) محەمەد مەجید 3) عەبدوڵڵا (ناو باوکی نەزانراوە).

لە دادگایی کردنەکەی یەکەم قادر شۆڕش 10 ساڵ و عەبدوڵڵا 7 ساڵیان بۆ بڕایەوە، هەرچی محەمەد مەجید و عەبدولرەحمان سلێمان بوو ئەوان ئازاد کران. کاتێ قادر شۆڕش دەگیرێ, لەلایەن ناوچەی هەولێرەوە هەوڵی زۆر دەدرێ بۆ ئازادکردنی. بەڕێز ئەحمەد بێکەس دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "لەسەر بڕیاری ناوچەی هەولێر من و دایکی قادر چووین بۆ ( بەغدا ) , دوو نامەمان پێ بوو, نامەیەکیان بۆ مام جەلال یەکیان بۆ کەریم شێرە برای ساڵح شێرە. لەبەغدا دایکی قادر شۆڕش لای ماڵی کەریم شێرە مایەوە. لەڕاستیدا ماڵی کەریم شێرە خزمەتێکی باشی دایکی قادریان کردبوو, ئەو هەر جارێک بچووبایە بەغدا لای ئەوان دەمایەوەو ئەوانیش لە خزمەتکردنی درێغیان نەدەکرد. من نامەکەیترم گەیاندە مام جەلال کە ئەو کاتە لەهوتێلی شیمال دەخەوت. مام جەلال سێ نامەی نووسی: یەکیان بۆ ڕائید فەتاح میران, یەکیان بۆ جەوهەر هیرانی, ئەویتریان ناوەکەیم بیر نەماوە. ئیتر چوومە کەرکوک و نامەکانم گەیاندە جەوهەر هیرانی و گەڕامەوە هەولێر. کاتێ قادر شۆڕش درایە دادگای سەربازی سەرۆکی دادگا ناوی قاسم قەیسی بوو. من و مەلا عەولڵا ( مەلا ماتۆڕ ) چووین بۆ لای قاسم مەلا ئەفەندی و نامەیەکمان لەلایەن ئەوەوە گەیاندە سەرۆکی دادگا. بەڵام نامەکە سوودی نەبوو و قادر 10 ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە.

هەروەها بەڕێز شێخ لەتیف بەرزنجی هەر لەم بارەیەوە دەڵێ: چووینە لای پارێزەر زەیدی ئەحمەد عوسمان بەمەبەستی یارمەتیدانمان. زەید ئامادەیی خۆی دەربڕی و ڕەتی کردەوە کەپارەمان لێ وەرگرێ. هەروەها بەڕێز فازیل پیرداود دەگێڕێتەوە: دایکی کاک قادر زۆر چالاکانە لەدوای ئازادکردنی قادر شۆڕش بوو, دەیگوت : ئێوە خەریکی کوردایەتی خۆتان بن, بەردانی قادر بۆ من لێگەڕێن.

دەمگوت بائەوانە تێمان نەگەن و نەزانن کەوا ئێمە دوو بەشین، کارمان لێبکەن و ناوی سیاسەت سوک بێت. زۆریش خۆم دەپاراست کە لەگەڵیان تووشی قڕەو شەڕ نەبم، بەڵام ئەوان گوێیان بەوە نەدەدا.

رۆژێکیان یەکێک لەبەندییەکان کەناوی حەمدی بوو تورکمانی کەرکوک بوو بانگی کردم بۆحەوشەی بەندینخانەکەو پرسیاریکردو گوتی: "تۆ شیوعی نیت؟" گوتم: "بۆچی دەپرسیت؟" گوتی: " لەبەر ئەوەی ئەمرۆ عوسمان بەکر کەلێپرساوی سیاسیەکانە (سیاسیەکان مەبەستی ئێمە بوو) لەژوورەکەی ئێمە گوتی کەتۆ شیوعی نیت و لە پارتێکی کوردی کار دەکەیت، ئێوە دژی تورک و عەرەب و هەموو نەتەوەیەکن وە ئەگەر لە دەستتان بێت هەموو تورکمان و عەرەب و ئاسوریەکان سەر دەبرن، ئایا عوسمان بەکر راست دەکات؟!"، کە ئەمەم بیست ناچار بووم هەموو شتێک بۆ ئەو برادەرە تورکمانە روون بکەمەوە، لە بارەی شیوعیەتی و رەفتاریان، لەبارەی پارتیمانو پەیرەو و پرۆگرام و هەڵوێستی پارتی بەرامبەر بەکەمە نەتەوایەتیەکانی کوردستان، هەروەها بۆم روونکردەوە کەوا پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی خەڵکی کوردستانە بە هەموو نەتەوەکانیەوە.جا کە ئەم شتانەم بۆ روونکردەوە، برادەرە تورکمانەکە گوتی: "ئەوانە درۆزنن و لەگەڵ خۆشیان خائینن، ئێمە ئاگادارین عوسمان بەکر لەگەڵ فلان خەریکی کاری خراپن و شتی تریش". منیش بەرگریم لە عوسمان بەکر کردو گوتم: "شتی وا نییە ئێمە سیاسین" کابرا گوتی: "تۆ پیاوی باشی و بێ خەبەری، ئێمە باش دەزانین چی لە گۆڕێیە، دواییش هەموو شتێک بۆ تۆش روون دەبێتەوە".

بەبیستنی ئەمە زۆر پەست و نیگەران بووم، لەولاش کاک عوسمان بەکر لەلای بەندە ناسیاسیەکان دابەزیبووە سەر پارتی و بە پیاوخراپ ناوی منی بردوو.

چوومەوە ژوورەکەمان کە (9) نۆ شیوعی و منی تێدا دەنوستین، دیم هەموویان لەسەر جێگاکانیان پاڵیان دابۆوە، عوسمان بەکری لێپرساویش لەبەرامبەر ئاوێنە راوەستابوو و سەری شانە دەکرد. بە دەنگێکی بەرز و تووڕەییەوە گوتم: "پارتی دیموکراتی کوردستان بەقسەی ناحەزو بەکرێ گیراوان ناو بەد نابێ و لە خەبات ناوەستێ، سەری زۆر لە بەکرێ گیراوان پان دەکاتەوەو رێگای سەختی خەبات دەبڕێ، گەل دەگەیەنێتە ئاوات و ئامانجی خۆی، منیش زۆر شانازی بە خۆمەوە دەکەم کە کوردم و لەسەر کوردایەتی گیراوم! " برادەرە شیوعیەکان بەمە سەریان سوڕماو بەسەر سوڕمانێکەوە پرسیان: "کاک قادر ئەم قسانە چییەو مەبەستت لەم قسانە چییە؟" گوتم: "لە کاک عوسمانی مەسئولتان بپرسن چی گوتووە". عوسمان بەکر هاتە وەڵام گوتی: " چیم گوتووە! لەلای زیندانیەکان گوتوومە قادر شیوعی نییە پارتییە! " منیش چی گوتبوو هەموویم بۆ برادەکانی گێڕایەوە، گوتیان: "ئەگەر وای گوتبێ راست نییە" گوتم: "وای گوتووەو لەو رۆژانەش راستی کاک عوسمانتان بۆ دەردەکەوێ!".

دوای نیو سەعات دوانیان هاتن بۆ لام و گوتیان: "ئێمەش لە عوسمان بەکر رازی نین، بەڵام تۆ گوتت راستی عوسمانتان بۆ دەردەکەوێ، مەبەستت چی بوو، چی لێ دەزانی؟" گوتم: "بەڵێ عوسمان بەکر لەگەڵ فلان شتی بێ ئابڕویان لە نێواندا هەیە، خۆشتان سۆراخی بکەن". گوتیان: "راستە ئێمەش هەستی پێ دەکەین، وا چاودێریشی دەخەینە سەر وە لە ئێستاوە لەگەڵ حزبی شیوعی نامێنین و خۆمان بە دۆستی راستی پارتی دەزانین".

دوای چەند رۆژێک ئەوە ئاشکرا بوو کەوا عوسمان بەکر و برادەرەکەی شتی خراپیان کردووە. عوسمان بەکر لەلامان دەرکرا و زۆربەی خەڵکی کەرکوکیش تێگەیی عوسمان بەکر چی کردوە.

هەر لەبەندینخانەی کەرکوک بوو، رۆژێکیان عوسمان مستەفا خۆشناویان بۆ بەندینخانە هێنا. ناوبراو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی و لێپرساوی سلێمانی بوو، برادەرانی خۆی ئیعترافیان لەسەر کردبوو و گیرابوو. ئەو کە گەیشتە

زیندان، شیوعیەکان پێیان گوت کەوا من لەگەڵیان نیم و شیوعی نیم. کاک عوسمان مستەفا رووی تێکردم و گوتی: "برادەر با پیاسەیەک بکەین! " من زانیم مەبەستێکی هەیە لەم پیاسەیە. دەستمان بەپیاسە کرد، لێی پرسیم خەڵکی کوێم و چ هۆزێکم، گوتم: "خەڵکی هەولێرم و خۆشناوم" گورج گوتی: "کاکە منیش خۆشناوم، هەر لە دەرگای زیندان هاتمە ژوورەوەو چاوم پێت کەوت خۆشم ویستی و زانیم تۆ کورێکی باشی، بۆیە حەز دەکەم هەندێک قسەت بۆ بکەم". منیش لەدڵی خۆمدا بڕیارمدا گوێی بۆ شلکەم، چی دەڵێ بلێم وایە تا بە باشی لە نیازی و بۆچوونی ئەوو حیزبەکەی دەگەم. کاک عوسمان دەستیکرد بەپێداهەڵگوتن و بەرزکردنەوەی حیزبی شیوعی، خەباتیان دژی ئیمپریالیزم، سەرمایەدار، دەرەبەگو کۆنە پەرستەکان، پاشان هاتە سەر چالاکی خۆی لە سلێمانی و گیرانی برادەرەکانی، توندی ئازاردانیان لە زیندان و خۆڕاگریان بەرامبەر بە پۆلیسەکانی ئەمن. منیش سەرم بۆی دەهەژاند و دەمگوت ڕاستدەکەی، برادەر کاک عوسمان وردە وردە دابەزیە سەر پارتیمان و سەرکردایەتیەکەی بە سیخوڕ و دەرەبەگ تاوانبار کردو چی بە خەیاڵدا هات گوتی، من هەموویم بۆی سەلماند تا لە پیاسەکەمان بووینەوە، چووینە ناو برادەرانی شیوعی دانیشتین. هاورێ عوسمان بەبرادەرەکانی خۆی ڕاگەیاندو گوتی: "وا کاک قادریش گەیشتە ڕاستی و باوەڕی بەشیوعیەت هێناو وازی لەپارتی دەرەبەگو بەکرێ گیراو هێنا! " برادەرەکانی هەموویان هەڵسان تەوقەیان لەگەڵ کردم! من تا ئێرە هیچم نەگوت و لەناوەوە دەکوڵام، چیتر خۆم پێڕانەگیرا، گوتم: "نەخێر کاک عوسمان بەهەڵەدا چووە! من باوەڕم تەنیا بەکوردو وەرگرتنی مافی کورد هەیە، ئەو کوردانەش بە بەکرێگیراو و هەڵخەڵەتاو دەزانم کەلەگەڵ پارتێکی نا کورد کاربکات، پاشان جەنابی کاک عوسمان کەباسی پارتی دەکات بەدەرەبەگو بەکرێگیراوی دادەنێ، حیزبی شیوعیش بەنیشتمانی دادەنێ، ئەمە زۆر ناڕاستە، چونکە کەکوردێک بۆ خەڵکی کوردستان خەبات نەکاو بەگەڵ حیزبێکی بێگانە بکەوێ بە نیشتیمان پەروەری نازانم، بەڵکو بە نۆکەری دەزانم، هەروەها "هاورێ عوسمان" باسی قارەمانیەتی خۆی و برادەرەکانی دەکات بەرامبەر بە ئەمن و پۆلیس! ئەی بۆ چی لە(8) هەشت کەس (6)شەش کەسیان ئیعترافیان لەسەر خۆی و (40)چل کەسیتر کرد، هەموو ماڵ و شوێنەکانی حیزبیان لە سلێمانی بە ئەمن نیشاندا! " زۆر شتی تریشم پێ گوتن. کاک عوسمان واقی وڕما و گوتی: "برادەر تۆ ئەم قسانە بۆ دەکەی، ڕازی نابم هێرش بکەیتە سەر هاورێیانمان، تۆ مێشکت بە بیرو باوەرێکی تەسکی قەومی ئاو دراوە، بەلام کە گواسترانەوە بۆ (باقوبە) لەوێ برادەرانمان دەتوانن باشتر تێت بگەیەنن کەوا تۆ بە هەڵەدا چووی، ئینجا دەگەڕێیتەوە سەر ڕێگای ڕاست و ئەوکاتە دەزانی کە حیزبی شیوعی حزبی خۆتە! "

عوسمان مستەفا خۆشناو بەر لە ڕۆیشتنی برادەرەکانی خۆی هان دەدا کە مانبگرنو داوا بکەن بگوازرێنەوە بۆ باقوبە.

ڕۆژی دواتر برادەر عوسمان ڕۆیشت، وە لەگەڵ ڕۆیشتنیدا، هەندێ پارەمان هەبوو کە کۆمان کردبۆوەو لای یەکێک لە برادەرە شیوعیەکان بوو، کاک عوسمان ئەویشی برد! ڕۆژی دوای ڕۆیشتنی ناو براو، شیوعیەکان کەوتنە سەر باسی مانگرتن. من هاتمە ناو باسەکەیان و گوتم: "کاکی خۆم هەر چۆنێک بێت بەندینخانەی کەرکوک لە باقوبە خۆشترە، لێرە لەهەموو ڕوویەکەوە سەربەستیەکی تەواومان هەیە، پیاوی چاک بن خۆتان تووشی ڕەزالەت مەکەن". برادەرانی شیوعی بەوەلامێکی لە خۆباییانەوە گوتیان: "تۆ ناتوانی ئێمە قەدەغە بکەیت لە مانگرتن، تۆش شیوعی نیت، بۆیە ناتوانی لەگەڵ ئێمە مانبگری، چونکە مانگرتن بە مرۆڤی خاوەن باوەڕ دەکرێت! " من بە بیستنی ئەمە زۆر توڕە بووم و گوتم: "من لە مانگرتن ناترسم و خۆم لە ئێوە بە باوەڕتر دەزانم، بەلام مانگرتنەکە لە جێگای خۆی نییە". دوای ئەم دەمەتەقێیە، هەرچەندە ڕام لەسەر ئەوە نەبوو بەلام بڕیارمدا مانیان لەگەڵ بگرم، ئیتر دەستمان کرد بە مانگرتن.

بەڕێوەبەری بەندینخانە جابیر مونیر هات بۆ لامان و گوتی: "بۆ مانتان گرتوە، ئەوەی دەتانەوێ بۆتانی دەکەم" ئێمەش گوتمان: "لە تۆ ڕازین و سوپاست دەکەین، داوا کاریمان ئەوەیە کە بگوازرێینەوە بۆ باقوبە" گوتی: "کاکی خۆم زیندانی باقوبە

زۆر ناخۆشە، ژوورەکانی جیان و ئینفرادین، لێدان و ئازاردان زۆرە، ئێرە بۆ ئێوە خۆشترە، وا ڕێگامان داوە رادیۆتان هەبێت، رۆژنامەتان بۆ دێت، بزانم چیتر داوا دەکەن من بۆتانی دەکەم". گوتمان: "هەر ئەوەیە و تەواو، دەمانەوێ بگوازرێینەوە باقوبە! " گوتی: "کەیفی خۆتانە، من بۆ ئێوەمە"و ڕۆیشت.

بەڕێوەبەر هەموو ڕۆژێک دەهات و دەیگوت: "خۆزگە ئەو مانگرتنەتان وازدەهێنا، کتابم بۆ هاتووە لێتان بدەم، بەڵام من نامەوێ ئێوە ئازار بدەم". ئێمە گوێمان پێ نەدەدا تا ڕۆژێک ناردی بۆ لامان کە ئەگەر توانای ڕۆیشتنمان هەیە، یەکێکمان بچین بۆ لای بەڕێوەبەر. برادەرە شیوعیەکان هەموویان کەوتبوون، کەڵکی ئەوەیان نەبوو لە سەر پێ بووەستن، من تەندروستیم لە هەموویان باشتر بوو، لەگەڵ پاسەوانێک چووم بۆ لای بەڕێوەبەر. کەچوومە ژوورەوە لەبەرم هەستاو گوتی دانیشە. منیش دانیشتم، نووسراوێکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و دای پێم و گوتی بیخوێنەوە. دیار بوو نووسراوەکە لەلایەن وەزیری ناوخۆ سەعید قەزازەوە بوو ئاراستەی موتەسەریف و قائیدی فیرقە کرابوو وە وێنەشی هاتبوو بۆ بەڕێوەبەری زیندان. تیایدا نووسرابوو: "ئەو (9) نۆ بەندەی کە لە بەندینخانەی کەرکوک مانیان گرتووە، لێیان بدەن تا یەک دوانێکیان دەمرن، نابێ داواکەیان پەسەند بکرێت. هەرچەندە ئەو جێگایەی کە داوایان کردوە زۆر ناخۆشترە".

کەنووسراوەکەم خوێندەوە، کاکی بەڕێوەبەر گوتی: "من ئازارتان نادەم و نەشم ویستووە ئازارتان بدەم، بەڵام بزانن ئێمە باشین و لەگەڵ بەرژەوەندی ئێوە داین". منیش سوپاسم کردو گەڕامەوە لای برادەران و هەموو شتێکم پێگوتن، برادەران بروایان بەم قسانە نەکردو گوتیان: "بەڕێوەبەر درۆ دەکا، با بێن لێمان بدەن، چۆن دەتوانن لێمان بدەن! " هەندێک قسەی تریشیان کردو گوتیان: "کاک عوسمان بەکری بەرپرسمان چووە بۆ دادگا، تاکو ئەو نەیەتەوە ئێمە مان گرتن بەتاڵ ناکەین و واز ناهێنین! "

عوسمان بەکر لەپێنجەمین ڕۆژی مانگرتنەکەوە چوو بۆ دادگا بۆ (کوت) تا گەڕایەوە مانگرتنەکەمان بوو بە(19) نۆزدە ڕۆژ. کاتێ هاتەوە مانی شکاندبوو! پێمان گوت: "تۆ گوتت مان ناشکێنم، بۆ شکاندت؟" گوتی: "برادەران پێیان شکاندم، ئێستاش لەگەڵ ئێوە دەست بەمانگرتن دەکەمەوە! "

ڕووم تێکردو گوتم: "جەنابی کاک عوسمان، ئێمە وا(19) نۆزدە ڕۆژە نانمان نەخواردوەو مانمان گرتووە، نیوەی برادەکانت وا خەریکە دەمرن، هەندێکیان وا لە نەخۆشخانە کەوتوون، تا (10)دە ڕۆژیتر هەموویان دەمرن و "جەنابیشت" سەلامەت دەردەچیت!؟ " گوتی: " دەباشە ئێوەش مانەکە بشکێنن" ئیتر بەو شێوەیە مانەکەمان شکاند. (20) بیست ڕۆژ دوای مانگرتنەکە تا ڕادەیەک هاتبووینەوە سەر خۆمان و تەندروستیمان باش بوو، ئاگاداریان کردین کەوا خۆمان ئامادە بکەین، بەیانی دەمان نێرن بۆ بەندینخانەی باقوبە.

ڕۆژی دوایی دوای نیوەڕۆ، ئێمەیان بردو سواری شەمەندەفەریان کردین، بۆ بەیانی گەیشتینە باقوبە، لەوێ دابەزین و بەپێیان بە پێشە خۆیاندابن و بەرەو بەندینخانەیان بردین. لە وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە تا بەندینخانە نیو سەعات ڕێ دوور دەبوو. نیو کیلۆمەترێ مابوو بگەینە بەندینخانەکە کەیاساوڵ و پۆلیسەکان بە تف وشەق و تێهەڵدان بە پیرمانەوە هاتن، ڕاپێچیاندابن بەرەو زیندان، لە حەوشی بەندینخانە ڕایانگرتین تا بەڕێوەبەری بەندینخانە (عەلی زەینەل عابیدەین) هات، جا یەکە یەکە بانگی ژوورەوەیان کردین، لەلای بەڕێوەبەر دەستیان کرد بە لێدانمان، دارکاریەکی بێ ویژدانانەوخراپیان کردین، ئەوەندەیان بەدار لە بنی پێماندا، خوێنی لێ دەچۆڕایەوە. دوای دارکاریەکە سەروسمێڵی هەموومانیان تراشی و زنجیریان لە پێ کردین و هەریەکەیان فڕێدابنە ژوورێکی جیا.

شەو لە ناو شەمەندەفەر کەم خەوتبووین کەگەیشتینە بەندینخانە زۆرمان لێدرا، بۆیە کە فرێیان داینە ژوورەکانەوە زوو چاومان چووە خەوەوە تا ئێوارە. کاتێ نانیان بۆ هێناین هەڵیان ساندین، هەندێک تف و جوێنمان پێدرا. شەو خەوتین بۆ بەیانی مەئمور مەرکەزێک و سێ لە پاسەوانەکانی زیندان هاتنە ژوورەکانمان یەکە یەکە، کەگەیشتنە ژوورەکەی من باغەڵ و نوێنەکەمیان پشکنی، زللەیەکیان لێمداو رۆیشتن. ئیتر ماوەیەک ئەمە ژیانی رۆژانەمان بوو.

پاشان گواسترایینەوە بۆ بەندینخانەی مەوقیف عام لە (بەغدا)، کە گەیشتینە ئەوێش بەخێرهێنانمان هەندێک دارکاری بوو، دوای ئەم بەخێرهێنانە، ئەو لێفەو بالیف، کراس و بیجامە، کەوچک و قاپەی کە پێمان بووو لەگەڵ خۆمان هێنابوومان، لێیان سەندین و هەریەکەمان یەک بەتانی خراپ، یەک پارچە بەتانی بۆ راخسین لەگەڵ جامێکی سفر ئەوەش بۆ خواردن و خواردنەوە.

ئەم جامە سفرانە هی سەردەمی ئینگلیز بوون، ئەوەندە پیس و ژەنگاوی بوون، کەس لە ماڵەوە ئاوی تێدا نەدەدایە مریشک، هەرچەندی دەمان شوشت زیاتر سۆر هەڵدەگەڕاو سپی نەدەبۆوە، کە خواردنمان تێ دەکرد بە دوو دەقە تامی خواردنەکەی دەگۆڕی، هەرکە نانیشمان تێدا دەخوارد، دەبوایە زوو بیشۆین، چونکە چایەشمان لە ناو دەخواردەوە، ئەوە ژیانمان بوو تا ماوەی ساڵێک، تاکو لە مانگی 3⁄1956 لە زیندان ئازاد کرام و هاتمەوە هەولێر.



ساڵی 1956، بەندینخانەی بەغدا (مەوقیف عام).
لەلای راستەوە: قادر شۆڕش، کەریم بارزان، محەمەد.



نەورۆزی 1956 لە بەستۆرە ، لە لای راستەوە قادر شۆڕش دووەم کەسە.[7]

## کرێکاری و کاری ڕێکخستن

مانگێـک دوای ئازاد بوونم لە بەندینخانە، پارتی بە دوایدا ناردم کە بچم بۆ کەرکوک، منیش چووم بۆ ئەوێ و چاوم کەوت بە هەڤاڵێـکی کۆمیتەی ناوەندی، ئەو هەڤاڵە هەندێ پرسیاری لێـکردم لە بارەی گیرانم و هەڵوێستم لەبەندینخانە، پاش ئەوە داوایکرد ماڵەکەم ببەم بۆ کەرکوک* بەمەبەستی کارێـکی تایبەتی ریـکخستن. پەسەندی داواکەم کردو بەڵێـنمدا بچم، هاتمەوە بۆ هەولێـر و رۆژی دواتر ماڵەکەم لە پەستێکی کۆن بارکرد بۆ کەرکوک.

لەکەرکوک ژوورێـکم بەکرێ گرت مانگی بە (1) یەک دینار، بارودۆخی دارایم باش نەبوو، هیچ پارەم نەبوو بۆ خەرجی ماڵەوە، پارتیش هیچی پێـنەدام، هەر دەیانگوت کارێـکت بۆ دەدۆزینەوە، تا ماوەی مانگێـک بێـکار مامەوە.

فەردە ئاردێـکمان هەبوو، هەمووماں خوارد، زۆر رۆژان پاقلەمان دەکڕی، دەمان کوڵاندو دەمان خوارد. دوای ئەوە کارێـکیان بۆ دۆزیمەوە وەک چاودێـر (مراقب) رۆژی بە (400) فلس. ئەم کارەم هەر دوو مانگی خایاند، پاشان لەکارەکە لابردرام، هەرچەندە ئەندازیاری هەرێم برادەری خۆمان بوو، بەڵام دەترسا لەسەر ئەم کارەم زۆر بهێـڵێـتەوە نەوەک ئاشکرا بێت. لە پارتیشەوە هیچ یارمەتیەکی دارایم نەبوو، ئیتر نەبوونی کارو نەبوونی یارمەتی لەلایەن پارتیەوە بوونە هۆی خراپ بوونی

---

[7] لە نەورۆزی 56 هەندێـک لە ئەندامانی چالاکی پارتی لە شاری هەولێر بڕیاری ئەوە دەدەن کـەوا ئاهـەنگی نـەورۆز بەیەکـەوە بگـێـڕن، دەچنـە بەسـتۆرەو لـەوێ ئاهەنگەکـە دەگێـڕن. ئەوانەی کەوا بەشداری ئەو نەورۆزەی بەستۆرە بوون نزیکەی 20 کەسێـک دەبوون لە ناویاندا : حەسـەن مسـتەفا، فازیـل پـیرداوود، عەبدولـڕەحمان گۆمەشـینی، عـەریف سلێـمان، یەحیا بەرزنجی، شێـخ لەتیف بەرزنجی، قادر شۆڕش، مەلا بەشیر مەلا حوسێـن، ئەحمەد بێـکەس، جەلال مەلا حەسەن خۆشناو، عەبدولقادر بیرێـژی و هەندێ کەسیتر.

* خێـزانەکەیان ئەوکاتە دایکی، قادر شۆڕش خۆیی و حەلیمەی خوشکی بوون.

بارودۆخی ژیانم. داوام لە هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی کرد کەوا بچمەوە بۆ هەولێر، ئەوان ئەمەیان لا خۆش نەبوو، بەڵام دەیانزانی من بەم شێوەیە ناتوانم بژیم، کارێکی پارتیش نەبوو بەمن بکرێت، بۆیە پەسەندی داواکەمیان کردو گوتیان باشە.

ئەو شتومەکانەی پارتی کە لام بوون، لەگەڵ هەڤاڵێکیتر بردمان بۆ شوینێکی دیارکراو کە پارتی دیاریکردبوو بۆمان. برادەران دینارێکیان داپێم، منیش دام بە کرێی گواستنەوەی ماڵەکەم بۆ هەولێر. لەو کاتەی کە گەڕامەوە بۆ هەولێر کۆمیتەی ناوچەی هەولێر نەمابوو و تێکچوو بوو، چونکە برادەرانمان فەرمانی گرتنیان دەرچوو بوو، ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەی کەوا خێزانی برادەری بەرپرس زمانی لە مێردەکەی دابوو[**]. لەو سات و کاتەدا هەندێک برادەری شیوعی هاتبوونە ریزی پارتی، لە ناویاندا حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری دیار بوون. لە پارتیەوە داوامان لێکرا کە بە هاوکاری چەند هەڤاڵێک کۆمیتەی ناوچە دروست بکەینەوەو هەڤاڵ ساڵح حەیدەریش ئەندامی کۆمیتەکە بێت. کۆمیتەکەمان پێک هێناو کەوتینە چالاکی و پارتایەتی، کاک ساڵح حەیدەریش رۆڵی دیاری هەبوو لە بەرەو پێشەوە بردنی کارەکانی رێکخستن.[8]

دوای چەند رۆژێک چاوم کەوت بە ئەفسەری خانەنشین حەمە شەریف هەمەوەندی، کە لە سەربازیەوە برادەر بووین، کاک حەمە شەریف دۆستێکی باشی پارتی بوو. گوتی: "ئەگەر بێکاری تا بە پاسەوانی کۆمپانیای ( کیوپتس ریمە) داتبمەزرێنم" ئەو کۆمپانیایە سەربازگەی بۆ سوپا دروست دەکرد، گوتم: "باشە". بەیانی رۆژی دواتر چووم بۆ لای کۆمپانیاکە و دایانمەزراندم بە پاسەوان مانگی بە (10) دە دینار، بۆ ماوەی سێ مانگ ئەم کارەم کرد. کە لەوێ کارم تەواو بوو، خزمێکم دوکانێکی هەبوو دای پێم، منیش وام بە باش زانی بیکەم بە چایەخانە، کاتی کارکردنم لە چایەخانەکە هەمیشە چاودێری ئەمنی رژێمم لەسەر بوو ئەویش بە هۆی ناسراویم بوو رژێم گومانی لێ دەکردم، ناوە ناوەش لەلایەن ئەمنەوە بانگیان دەکردم بە تاوانی ئەوەی گوایە لە چایەخانە ئێستگەی دەنگی عەرەب (سەوتول عەرەب ) دەکەمەوە، بەڵام بەهەر شێوەیەک بوایە خۆم لە دەستیان رزگار دەکرد.

هەرچۆنێک بوایە کاری رێکخستنیشم ئەنجام دەدا، چایخانەکەشم باش بوو و هەرمێنی هەبوو رۆژی (500) فلسێکی قازانج بوو.

---

[*] بەرپرس ئەوکاتە حەسەن مستەفا بوو(سەیری بیرەوەرییەکانی عەریف سلێمان بکە لاپەڕە56-58)

[8] لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەڕێز حەسەن مستەفا، ئەو باسی هاتنی ئەو برادەرە شوعیانە دەکاو دەڵێ: " ئەوانە خەڵکی زیرەک و خوێندەوار بوون بۆیە زۆری نەبرد پلەی لێپرسراویەتیان پێ سپێردرا، سالح حەیدەری کرا بە لێپرسراوی هەولێر، دوای ماوەیەک لە 1959 هەندێک لەوانە بوونە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، بەڵام ئەوانە کۆمەڵێک بوون دەیانویست پارتی بەلای حیزبی شیوعیدا ببەن، سەرکردایەتی پارتی لێیان کەوتە گومان و وەک کودەتا کودەتایەکیان لەسەر کرا لە بەغدا. زۆر عەشایەرانە مۆری حیزبیان لێ سەنرایەوە و لە بارەگا دەرکران. ئەوانە: سالح حەیدەری ، حەمید عوسمان، خەسرەو تۆفیق و هەندێکیتر بوون، لە کۆنگرەی (5) بە بڕیاری پارتی لە پارت دەرکران.

## دامەزراندی کـتێبخانەی شۆڕش*

لە ڕێکخستنەوە بڕیاری ئەوە درا کتێبخانەیەکی سەر بە پارتی دابنرێ هەروەها بیریش لەوە کرایەوە کەوا یەکێکی بڕوا پێکراو لەسەر کتێبخانەکە دابنرێ. برادەرانی ڕێکخستن زۆربەیان قادر حەمەد قەراسنجی هەڵدەبژێرن بۆ ئەو ئەرکە. جا لەسەر داوای برادەرانی پارتی قادر حەمەد قەراسنجی چایخانەکەی دەگۆڕێ و دەیکاتە کتێبخانە.[9] کتێبخانەکەش ناو دەنێن شۆڕش، ئیتر بە هۆی ناوی کتێبخانەکەوە قادر حەمەد قەراسنجی دەبێتە قادر شۆڕش واتە ناز ناوی شۆڕش بە هۆی ئەو کتێبخانەیەوە هاتووە. کتێبخانەی شۆڕش دەکەوتە نزیک چاپخانەی کوردستان، چاپخانەکەی مامۆستا گیو موکریانی. بڕیاردان و دامەزراندنی ئەو کتێبخانەیە لە ساڵی 1958 کەمێک دوای شۆڕشی 14ی گەلاوێژ دەبێ.

ئەم کتێبخانەیە ڕووە ئاشکراکەی کتێبخانەیەکی ئاسایی بووە، ڕووەکەیتری خاڵی بەیەک گەیشتنی ئەندامانی ڕێکخستن، نامە گۆڕینەوەو گەیاندنی پۆستی حیزب بووە.

---

* ئەم باسەی دانانی کتێبخانەی شۆڕش لەلایەن نووسەرەوە زیادکراوە.

[9] بەڕێز ئەحمەد بێکەس دەربارەی ئەو دوکانەی قادر شۆڕش دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "من گواسترامەوە دەربەندیخان، ئەو دوکانە هی من بوو، قادر شۆڕش ئەو دوکانەی لە من وەرگرت بە شێوەیەکی کاتی وە گوتی دەیکەمە چایخانە کە تۆ لە دەربەندیخان گەڕایتەوە دەتدەمەوە، ئەو چایخانەکەی لەسەر داوای برادەرانی پارتی کردە کتێبخانە بە ناوی کتێبخانەی شۆڕش. کابرایەکی بەناو مستەفا جاف لەگەڵ خۆی دەکاتە شەریک لە دوکانەکە. قادر شۆڕش لەبەر کاری پارتایەتی ئاگای لە دوکانەکە دەبڕێ، دوای ماوەیەکی کەم مستەفا جاف دەربارەی خەرجی و داهاتی دوکانەکە حساب لەگەڵ قادر شۆڕش دەکاو زۆر قەرزاری دەکاتەوەو داوای پارەیەکی زۆر لە قادر شۆڕش دەکا، ئەویش ئەو پارەیەی نەبوو بیداتەوە، ئەنجام دوکانەکەی من بە هەموو شتومەکەوە لە جیاتی قەرزەکە یا زیانەکە دەداتە مستەفا جاف و لە دوکانەکەی دەردەچێت، دیارە مەبەستی مستەفا جافیش هەر ئەوە بوو. کاتێک کە من گەڕامەوەو ئەو لەو دۆخەی خۆی و مستەفا جاف ئاگاداری کردمەوە، من پێم وابوو کەوا مستەفا جاف ڕاست ناکاو زیانی نەکردوە بۆیە داوام لە قادر شۆڕش کرد کەوا ئەگەر ئەو رای لە سەر بێ من دوکانەکەی نادەمێ، چونکە دوکانەکە لەسەر ناوی من بوو، بەڵام دیار بوو ئەو پێی خۆش نەبوو دوکانەکە لە مستەفا جاف وەرگرمەوە.

## سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول و گیرانم

له1958/7/14 شۆڕش بەسەر رژێمی پاشایەتیدا کرا بەسەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم. زۆربەی خەڵکی عێراق بە کوردو عارەبەوە پشتگیری شۆڕشی چواردەی گەلاوێژیان کردو خۆشی کەوتە دڵی خەڵکەوە.[10]

زۆر بەسەر شۆڕشدا تێنەپەڕی کە لەلایەک ململانێی نێوان حزب، گروپی سیاسی و خەڵکی سیاسی، لەلایەکیتر دەستی وولآتانی دراوسێ و دوور، وردە وردە وڵاتیان بەرەو ئاژاوە، کوشتار، ڕفاندن و تۆقاندن برد. عەبدولکەریم قاسم هەندێک سەرشێت و لە خۆرازی بوو، گوێی نەدەدایە کەس، ئەمانەو گەلێ هۆی تریش وایان کرد کەوا عەبدولکەریم لە ڕێبازی شۆڕشی 14ی گەلاوێژ لابدات، هەروەها لەو بەڵێنانەش پاشەگەز بێتەوە کە بە گەلی کوردی دابوو. دوای ئەو گۆڕانانە رژێم پەیتا پەیتا دەستیکرد بە گرتن و ڕاونانی ئەندامانی پارتی، شیوعیەکانیش[11] هاوکاری تەواوی رژێمیان دەکرد لە گرتنی ئەندامانی پارتی و بەگرتنی ئەندامانی پارتی دڵخۆش بوون.[12] لە ئەنجامی توند و تیژی هەڵسوکەوتی ملهوڕانەی عەبدولکەریم قاسم، زۆر لە ئەندامانی پارتی ناچاری ئەوە بوون کە خۆیان بشارنەوە یا پەنا ببەنە بەر چیاکانی کوردستان. لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا هەندێک ئاغاو دەرەبەگ بە مەبەستی سوود وەرگرتن لەو بارو دۆخە دەستیان کرد بەکۆکردنەوەی چەکدار، دەرچوون لە شارو شارۆچکەکانان، ڕوویانکردە شاخ و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ شەڕکردن لە دژی رژێم، بەڵام ئاغاو دەرەبەگەکان ئەوەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و مەبەستی خۆیان هەبوو. پارتی هەستی بەو بارودۆخەی ئاغاکان کرد، بۆیە هەندێ لە ئەندام و کادیرە

---

[10] لەگەڵ شۆڕشی 14ی گەلاوێژی خەباتی کوردایەتیش گۆڕانی بەخۆیەوە بینی، پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دانی پێنرا و ئیتر خەباتی پارتی بووە خەباتێکی ئاشکرا لەهەموو شارەکانی کوردستان. چالاکیەکانی پارتی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، بۆ نمونە لە چاوپێکەوتێکدا لەگەڵ بەڕێز شێخ لەتیف بەرزنجیدا دەگێڕیتەوە و دەڵێ: "توانیمان بۆ یەکەمجار یادی 19ی حوزەیران یادی چوار ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکەی کورد: عزەت عەبدولعەزیز، محەمەد قودسی، خەیروڵلا عەبدولکەریم، مستەفا خۆشناو بە ئاشکرا بکەینەوە، لەبەردەم بارەگای ئەوسای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێپێوانێک ڕێکخرا کە بریتی بوو لە جەماوەرێکی زۆری شاری هەولێر، کرێکار و کاسبکارو قوتابی و هتد.. ئەم هەموو خەڵکە بەرێکەوتین بەرەو گۆڕستانی شەهید خەیروڵلا لە گەڕەکی تەیراوە.

سەرپەرشتی کردنی ئەو ڕێپێوانە سپێردرابوو بە حەسەن مستەفا، قادر شۆڕش، من و چەند کەسێکیتر. لەسەر گۆڕستان ئاهەنگێکی ماتەمینیمان گێڕا.

[11] لە چاوچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەڕێزان، حەسەن مستەفا، محەمەد ئۆمەر، فازیل پیرداود، عەلی حەسەن، شێخ لەتیف بەرزنجی هەموویان ئەوە دووپات دەکەنەوە کەوا پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیری شۆڕشی 14ی گەلاوێژیان کردوەو زۆربەیان پێیان وابووە کەوا لە سایەی شۆڕش گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی خۆی دەگا. ئەو بەڕێزانە دەستنیشانی چەند دیاردەیەکی پۆزەتیڤ دەکەن لە سەرەتای شۆڕش و هاتنی عەبدولکەریم قاسم لەوانە: پارتی وەک پارتێکی سیاسی ڕێکەی پێدرا کە بە ئاشکرا کار بکات و هەروەها دانپێنانی نەتەوەی کوردو هاوبەشی لە خاکی عێراق لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە. بەڵام دوای ماوەیەک عەبدولکەریم قاسم دەستیکرد بە پاشگەزبوونەوە لەو بەڵێنانەی کە بە کوردی دابوو، وردە وردە ناکۆکی لە نێوان حکومەتی عەبدولکەریم قاسم و پارتی پەرەی سەند، ئەنجام ڕاوە دوونانی کادیرانی پارتی و ناچارکردنیان بۆ بەرەو ڕووبوونەوە و شۆڕش.

ئەوبەڕێزانە دەستنیشانی رۆڵی چەوت و خراپی شیوعیەکان دەکەن لەتێکدانی نێوانی عەبدولکەریم قاسمو پارتی، هەروەها دژایەتی و کۆسپ دروستکردن بۆ پارتی. هەموویان ئەوە دووپات دەکەنەوەو دەڵێن: "شیوعیەکان حکومەتی عەبدولکەریم قاسمیان هاندەدا دژی پارتی، یارمەتی حکومەتیان دەدا لە گرتن و ڕاونانی کادیرانی پارتی کەچی زۆری نەخایاند عەبدولکەریم قاسم کەوتە ڕاوەدوونانی شیوعیەکان خۆشیان".

[12] بەڕێز عەلی حەسەن سۆربەشی دەگێڕیتەوەو دەڵێ: "جارێکیان کۆبوونەوەمان هەبوو قادر شۆڕش لێپرساوی شانە بوو سەرپەرشتی کۆبونەوەکەی دەکرد، ئەوکاتە پەیوەندیمان لەگەڵ حزبی شیوعی خراپ بوو، شیوعیەکان لەگەڵمان زۆر خراپ بوون و غەدریان لێدەکردین.

بڕیاری ئەوکاتەی پارتی ئەوە بوو کەوا هێمنی ڕابگیرێ و ئەندامانی پارتی خۆ بپارێزن لە تێکهەڵچوون لەگەڵیاندا. حەسەن کارەبا کەوا ئەندامی حزب بوو لە کۆبوونەوەکە بەشدار بوو، پیاوێکی لەسەرو توڕەو توند بوو. حەسەن زۆر بە توندی ڕەخنەی لە بڕیارەکەی پارتی گرت و کردیە هەراو پێی وابوو نابێ لە هەڵسوکەوتی ناڕەوای شیوعیەکان بێدەنگی بکرێ. کاک قادر شۆڕش لەسەرخۆ وەڵامی دایەوەو گوتی کاک حەسەن ڕەخنەکەت لەسەر سەر بەڵام ئەوە بڕیاری حیزبەو نابێ لەبڕیاری حیزب دەربچین. حەسەن یەکسەر سوور هەڵگەڕاو بەگەرمی هاتە وەڵام و گوتی: "کورە ژنی حیزب بگێم، ئەوە کەی بڕیارە".

پێشکەوتووەکانی خۆی نارده ناو چەکدارەکان و هەوڵیدا سەرپەرشتی ئەو چەکدارانە بگرێتە دەست. پارتی هەر لە یەکەم رۆژەوە گرنگی نەدا بە سەرکردایەتی کردنی ئەو چەکدارانە، ئەوەش لەبەر ئەوەی پارتی بڕوای بەوە نەبوو و لاشی ڕاست نەبوو کەوا شۆڕش دەست پێبکرێ، چونکە میللەت ئامادە نەکرابوو، هەروەها نەخشەی شۆڕش نەکێشرابوو. سەرهەڵدانی ئەو رووداوانەو هەندێ هۆکارو دیاریدەیتر بوونە هۆی ئەوەی شۆڕش دەست پێبکات، بەواتایەکی تر شۆڕشمان بەملداهات و ناچار بووین پارێزگاریو سەرکردایەتی ئەو جوڵانەوە چەکداریە بکەین.

بە چەند رۆژی بەر لەوەی شەڕ دەست پێ بکا، لەلایەن پارتیەوە فەرمانمان پێدرا کەوا لە رۆژی 6/9/1961 لە هەولێر مان بگیرێت، ئەو مان گرتنەش بە بۆنەی یادکردنەوەی رۆژی شەشی ئەیلولی ڕەش ( ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە ساڵی 1930) بوو. ئێمە ئەوانەی هەڤاڵ و دۆستانی خۆمان بوون لەم بارەیەوە ئاگادارمان کردن، بەڵام وا دیاربوو مان گرتنەکە بە چاکی ئەنجام نەدرا، جا بە مەبەستی زیاتر بە هێزکردنی مانگرتنەکەو خۆنیشاندانێکی زیاتر، کۆمیتەی ناوچەی هەولێرو لێپرساوی هەولێر بڕیاریاندا کەوا هەندێک لە پێشمەرگەکانی پارتی کۆبکەنەوە بۆ گرتنی ڕێگاکانی نێوان هەولێرو کەرکوک، هەولێرو موسل، وە ڕێگا نەدەین ئۆتۆمبیل هاتوو چۆ بکەن. لە هەمان رۆژ هەڵساین بە گرتنی ڕێگاکان، هەوڵیشماندا تا دەتوانین و لە تواناداِ بێت تەقە نەکرێت. هەندێک ئۆتۆمبیلمان ڕاگرت و گێرایەوە، ئیتر هاتووچۆی ئۆتۆمبیل برا، هەندێک لە هێزەکانی پۆلیسی رژێم هاتن بۆ شوێنی ڕێگا گرتنەکان، هەندێک تەقەش بوو، بەڵام زیان لە هیچ لایەک نەکەوت. بارودۆخەکە لە گەرم بوون و هەڵچووندا بوو، هێزەکانی پارتی لە زۆر جێگاو ڕێگا سەنگەریان گرتبوو، بەڵام هێشتا تەقە دەستی پێنەکردبوو.

من ئەو رۆژە لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیترم لەلایەن رژێمەوە دەستگیرکراین ، هەر ئەو رۆژە ئێوارەکەی هەوڵی خۆ دەربازکردنمدا لە دەست پیاوەکانی ئەمن و پۆلیس، خۆم ڕاپچراند و ڕامکرد، بەڵام دەرنەچووم و گیرامەوە. بردمیان بۆ سەرا و بەند کرام، هەندێکیان لێکۆڵیمەوە لە بارەی مانگرتن و پاشان ڕاکردنم لە دەست پۆلیسەکان. دوو رۆژ لە زیندان مامەوە پاشان بە کەفیل بەردرام، واتا لە 6 تا 8/11/1961.

رژێم هێزەکانی کۆکردەوەو پەلاماری چەکدارەکانی ئێمەیدا، پەلاماری رژێم لەزەوی و ئاسمانەوە بوو، شەرێکی قوڕس و خوێناوی بەرپا بوو، ئەوەی هێزی هۆزو سەر بە ئاغاکان بوو خۆیان لەبەر ئەم پەلامارەی رژێم ڕانەگرت، هەموویان رایانکرد و خۆیان شاردەوە، تەنها هێزەکانی پارتی لە گۆڕەپانی شەڕ مانەوە کەبریتی بوون لە ئەندام, دۆستان و پاڵێوراوانی پارتی، ئەوانە بە باوەرێکی بتەوەوە بەرامبەر ئەو هێرشە گەورەیەی حکومەتی عبدولکەریم و شیوعیەکان وەستان، رۆژانە بەسەدان موشەک، ناپاڵم و گوللە تۆپی هەمە چەشنە ئاراستەی گوندو سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکرا.

من لەبەر ئەوەی بە کەفیل بەردرابووم ئازادی تەواوم نەبوو، لە رۆژی 12/9/1961 کەفیلەکەم هاتە دوام گوتی: "لە ئەمن پێیان گوتووم گەر قادر شۆڕش نەهێنیتەوە تۆ دەگرین". گوتم: "باشە کاکە، هیچ غەمت نەبێ تۆ برۆوە، من دەچم بۆ دائیرەی ئەمن"! نانم خواردو دوو بەتانی و بالیفێکم هەڵگرت، بەرەو سەرا کەوتمە رێ، کە چووم دیم دەپازدە کەس لەبەر دەرگای ئەمن وەستابوون. چاویان پێم کەوت گوتیان: "ئەو نوێنەت بۆ هێناوە؟" گوتم: "بۆ بەندینخانەم هێناوە! " گوتیان: " بۆ دەمانگرن، ئێمە چیمان کردوە!؟ " گوتم: "وا شەڕ لەگەڵ پارتی یەو ئێمەش پارتین بۆیە دەمانگرن! ".

زۆری پێ نەچوو گوتیان: " کاکە فەرموون بۆ ژووری بەندینخانە! " لە ژوورەوە دانیشتین، زۆریان لە برادەران و خەڵکی تریش گرت و هێنایان، بۆ بەیانی رۆژی دواتر وای لێهات جێگەمان نەدەبۆوە.

هەندێک لە گیراوەکان خەڵکی کۆیە بوون، کاکە زیادی کۆیەشیان لەگەڵ بوو.

رۆژی 1961/9/14 سەد (100) کەسیان جیاکردەوەو بردنیان بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، لەوێ کەلەپچەیان لەدەست کردین، پاشان دوو دوو بەیەکەوەیان بەستینو لەکورسیەکانی شەمەندەنەفەر توندیان کردین. کاکە زیاد بە تەنیا مایەوە، بەزنجیرێک لەپەنجەرەی شەمەنەفەریان گرێدا.

سریەیەک پۆلیسی چەکداریان لەگەڵ دانایین، شەمەندەنەفەر کەوتە جووڵە. شەو کە ئەمانویست بچین بۆ ئاودەست دەستیان نەدەکردینەوە، دەبوایە یەکێکمان لەبەر دەرگا بووەستین و یەکێکیشمان بچینە ژوورەوە، هەندێک لە بەندەکان لە ڕکان نەدەچوون بۆ ئاودەست و توڕەیی خۆیان دەردەبڕی بەرامبەر بە پۆلیسەکانی قاسم. بەیانی زوو گەیشتینە بەغدا بۆ مەوقفی سەرایان بردین، مەئـمور مەرکەزێکی زۆر ناپیاو و خراپی لێ بوو ناوی مەحمود بوو. زۆری جوێـن پێماندا، یەکدوو زلەشی لە هەندێکماندا.

هەموو ژوورەکانی بەندینخانە پڕبوون لە گیراو، کە زۆربەیان کورد بوون، جێگا بۆ ئێمە نەبوو بۆیە ئێمەیان لە کۆڵانێکی پشت مەوقیفی سەرا خڕکردەوە و دانا. پۆلیس لە بەرامبەرمان وەستان. ئەو رۆژە تا ئێـوارە هیچمان نەخوارد، لای ئێـوارە دیمان کابرایەک پەقرەجێک و فەردەیەک سەمونی بەدەستەوە بوو بەرەو لای ئێمە هات ، ئەو کابرایە بۆ (77) کەس یەک نیوە پەقرەج شلەی باینجانی بۆمان هێنابوو، شلەکە ئاوێکی ڕەش و هیچیترنا لەگەڵ هەریەکە و سەمونێک بەبێ کەوچک. ئێمە سەمونەکەمان وەرگرت و گوتمان ئەو شلەیە ناخۆین. کابرا توڕە بوو و گوتی : "چۆن نایخۆن ئەوە بڕیاری حکومەتە کە ئێواران شلە بۆ بەندەکان دەهێنم ". گوتمان:"یابە قاپ و کەوچکمان پێ نییە بۆ خۆت ببەە، هیچ گلەییمان نییەو خواحافیزت بێت!".

یابەی نەفام هەر قسەی دەکردو پرتە و بۆرەی بوو، کاک ساڵح شێرەش کە لەگەڵمان گیرا بوو، رووی قسەی لە کابرا کرد و گوتی: "یابەی سەگباب خۆ وراغ نین سەر لە ناو پەقرەجەکە بنێین، خۆ لە لاچکە کورتەکیشمان ناکەین تا بەسەرماندا بڕژێ و هەموو ئالاتمان بسوتێ!" یابە گوتی ئەوە چی دەڵێت؟"

ئێمەش بە عارەبی یابەمان تێگەیاند، یابە بە توڕەییەوە رۆیشت و وازی لێ هێنایین. دوو رۆژ لە سەرای بەغدا ماینەوە پاشان ناویان خوێندینەوەو هەر هەندێکمان بۆ بەندینخانەی شارێک بەرێکراین. ئێمە (30) کەسێک بووین بۆ بەندیخانەی بەسرا بەرێکراین و خراینە ناو شەمەندەفەر[13] ئەوانەی بۆ ناسریەش ڕەوانەکران لەگەڵ ئێمە لە ناو شەمەندەفەرەکەدا بوون، کە شەهید مەمون دەباغ و عەبدول ڕەحمان گۆمەشینیان لەگەڵدا بوو. لەرێگا ئەو پۆلیسانەی ئێمەیان دەبرد بۆ بەسرا، ناوە ناوە داوای پارەیان لێ دەکردین، ئێمەش (50) پەنجا فلسمان دەدا پێیانو بێدەنگ دەبوون تا قۆناغێکیتر، ئیتر تاگەیشتینە بەسرا، ئەمە حاڵمان بوو. لە بەسرا ئێمەیان برد بۆ بەندینخانە، لە بەندینخانە شوێنێکی گەورەو تایبەتیان دا پێمان. بەڕێوەبەری بەندینخانەکە ناوی ساڵح جەڕاح بوو، زۆر لەگەڵمان باش بوو، ریگایدا هەموو رۆژ رۆژنامەمان بۆبێت، ڕادیۆی تایبەتی خۆمان هەبوو، هەرکاتێ خزم و کەس و کارمان بهاتبان بۆ سەردانمان ڕێگایان دەدان چاویان پێمان بکەوێت.

---

[13] بەڕێز عەلی حەسەن سۆربەشی دەگێڕیتەوەو دەڵێ: "ئێمەیان ڕەوانەی شاری (نەجەف) کرد، ئێمە ساڵح شێرەشمان لەگەڵدا بوو، ئێمە وەک دوورخراوە لەوێ بووین، چایەخانەیەک لە نەجەف هەبوو کوردەکانی لێ کۆدەبۆوە، رۆژێکیان لە چایخانەکە دانیشتبووین، دیمان کابرایەکی عارەب هات بۆ چایخانەکە سەگێکی گەڕی لەگەڵدا بوو، سەگەکە زۆر لێمان نزیک بووەوە، هەر ئەوە بوو خۆی لێمان نەخشاند، منیش لێم خوڕیەوەو گۆتم: چەغە، چەغە! کابرای عارەب هاتە وەڵام گۆتی ئەوە لە کوردی ناگا، منیش گۆتم دەزانم ئەوە عارەبەو لە کوردی ناگا!

هەر لەو چایخانەیە رۆژێکیان دانیشتبووین لەگەڵ ساڵح شێرەو هەندێ کەسیتر، باسی نالەباری ژیانی خۆمان دەکرد، سێ چوارێکیتر لە کوردەکان هاتنە ئەوێ و چاک و چۆنیان کردو ڕوویان کردە ساڵح شێرە کەوا بە ماتی دانیشتبوو، دەستیان کرد بە قسەو گوتیان:"کاک ساڵح خوا کەریمە، خوا لەگەڵمانە، خوا پشتیوانمانەو بێئاگا نییە، بە پشتیوانی خوا بەم زوانە دەگەڕێینەوەو ئازاد دەبین. ساڵح شێرە لیان هاتە وەڵام گوتی: کورە ئەنگۆ لۆ ئەوەندە کەرن! لەو کەندەی پشت ئەو چایەخانەیە داکی حەسەن و حوسێنیان گا، خوا لەسەریان بە جواب نەهات و پشتیوانی لێ نەکردن، ئەوجا پشتیوانی لەنگۆ دەکا!

ناوە ناوەش گیراویتر بۆ بەندیخانەکەمان دەهێنران، تا ژمارەمان گەیشتە (54) پەنجاوچار کەس. کاک ئەحمەد حەمەدەمین دزەییش گیراو هێنایان بۆ لامان. ژیان لەگەڵ ناوبراو خۆشە ئەگەر لە بەندینخانەش بێت. بەڕاستی چەندە بلێی ووردو ژیرو پیاوە، زۆر ڕێزی خەڵکی لایەو لە خزمەتی برادەرانی خۆی ماندوو نابێت.

بۆ ماوەی (3) سێ مانگ لەبەندیخانەی بەسرا ماینەوە، پاشان ئەوە بوو هەوڵی کوشتنی عەبدوکەریم درا بەڵام بەرنەکەوت، جا بە بۆنەی جەژنی سەلامەتی عەبدولکەریم قاسم حەفووکراین، بەردراین و گەڕاینەوە هەولێر.



ڕێپێوان بەبۆنەی یادی ماتەمینی 19ی حوزەیران لەساڵی 1959.

بەلای چەپەوە: قادر شۆڕش، شێخ لەتیف بەرزنجی، عەزیز هەرکی(پۆلیسەکە)، مەلا خالید مورتکەیی، ئافرەتەکە ساڵحە خان خێزانی شەهید خەیروڵلا کەوێنەی شەهید خەیروڵلای بەدەستەوەیە، ساڵح شێرە، حەسەن مستەفا کەدروشمەکەی بەرزکردۆتەوە.

**دەستکردنەوە بەکاری ڕێکخستن و دیسان گیران**

وەک پێشوو کەوتمەوە کار بۆ راپەڕاندنی کارەکانی رێکخستن، ئەوکاتە ئەندامی ناوچەو لێپرسراوی کرێکاران بووم.کارەکانی رێکخستن بەباشی بەرێوە دەچوون، تا رۆژێکیان هاتنە سەرماڵەکەم بە مەبەستی گرتنم، بەڵام چوار پێنج دەقیقە بەرلەوەی بگەنە ماڵەکەم خوالێخۆشبووی کاکم بە پەلە هاتە ماڵەوە گوتی: "وا پۆلیس و ئەمن لە کۆڵانەکەی ئێمە جموجۆڵیانە، لەوانەیە بەسەرمان دابدەن بۆ گرتنت! هەستە واز لەم کارەی بەردەستت بێنە، ئەو رۆنیۆیەش باش بشارەوە با لێرە نەگیرێت و منداڵەکانیشمان هەموو بەند بکرێن".

منیش بە پەلە ئەو نووسراوانەی چاپم کردبوو لە پەڕۆیەکم لوولدا و بردم لە ژووری سەربانەکەمان دامنا، رۆنیۆیەکەم بردە ژوورێکیتر، لەو ژوورەی کەوا قۆرتم بۆ رۆنیۆیەکە لە پشت سندوقی نوێنەکان لێدابوو، رۆنیۆیەکەم خستە ناو قۆرتەکە و هەندێک خۆرم بەسەردا دا، بە تەواوی دانەپۆشرا بوو کە پۆلیسەکانی ئەمن لە دەرگایاندا. ئیتر کاتی زیاتر مانەوە نەما، لەگەڵ کاکم یەحیا بە سەربانیدا هەڵاتین، من چووم بۆ ماڵی هەڤاڵێک لە گەڕەکی گڵکەند، کاکیشم لەبەر ئەوەی نەناسراو بوو و گومانیان لێی نەدەکرد چووە چایەخانەیەک. بۆ ئێوارە سۆراخمان کرد، دەرکەوت کەوا هیچیان لە ماڵەکەمان نەدۆزیبۆوە. ئەو ژوورەی نووسراوەکانی تێدابوو، دەرگاکەی قفل درابوو، پیاوەکانی ئەمن بۆیان نەکرابۆوە و وازیان هێنابوو، کەچووبونە ژووری ئێمەش کەرۆنیۆیەکەی تیادا شاردرابووە، خێزانەکەم[14] پاڵێکی بە نوێنەکانی سەر سندوقەکەوە نابوو، نوێنەکانی خستبووە سەر ئەو شوێنەی کە رۆنیۆیەکەی لێ شاردرابۆوە، نوێنەکان شوێنە گومان لێکراوەکەیان بە تەواوی داپۆشیبوو وە بەپیاوەکانی ئەمنی گوتبوو: "فەرموون حەزدەکەن نوێنەکانیشمان ببەن، ئێوە هەموو رۆژ ماڵەکەمان دەپشکنن، ئێمە چیمان لەماڵەوە هەیە؟!" پۆلیسەکانی ئەمنیش کەئەمەیان دیبوو، ئیتر وازیان لەپشکنینی ژوورەکە هێنابوو و رۆیشتبوون.

جا کەبیستم هیچ لەماڵەکەم نەگیراوە زۆر دڵخۆش بووم، گوتم: "جا ئەگەر خۆم بشگیرێم باکم نییە". رۆژی دوایی بۆ ئێوارە رۆنیۆ و بڵاوکراوەکانم گواستەوە بۆ ماڵی هەڤاڵێک کە نەناسراو بوو و گومانی لەسەر نەبوو لەلایەن رژێمەوە. لەوێ دەستم کردەوە بە چاپکردنی بڵاوکراوەکە کە بریتی بوو لە بەیانی نەورۆزی 1962.

هەموویم تەواو کردو بردم بۆ هەڤاڵی لێپرسراو*. رۆژێک پێش نەورۆز، بەیانەکەمان بەسەر شانەکانی پارتیدا بڵاو کردەوە، هەندێ کاری تریشمان بە بۆنەی نەورۆزەوە پێ سپێردرابوو شەوی نەورۆز ئەنجاماندا.

---

[14] خێزانی قادر شۆڕش (سولحیە محەمەد خدر) دەگێڕێتەوە: ((من ئەندامی بەشی ئافرەتان بووم لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر ئافرەتیتر بەیەکەوە کاری پارتایەتیمان دەکرد، هەندێ لەو ژنانەی کاریان دەکرد: ساڵحەخانی خێزانی شەهید خەیرۆڵلا، فاتمە حەمەد مەحمود، خانێ خوشکی ئەبو سەباح، زەینەبەی شێخ عەبدولکەریم ، خەجەی مەلا ماتۆر، خەجەی عەلی فانۆسچی، کچەکانی مەلا سەعید و زۆریتر. ئێمە هەرجارەی لەماڵی یەکێک کۆدەبوینەوە.
چالاکی ئێمە یارمەتیدان بوو لە گواستنەوەی چەک، ئامێری چاپ، نامە، بڵاوکراوەو بەیاننامەی حیزب، ماڵ گواستنەوە هتد. ئەوسا ماوە ماوە ماڵی یەکێک دەکرایە ماڵی حیزب لەوانە: ماڵی مەحمود سەلمان کە شەهید بوو، ماڵی مەلا ماتۆر، ماڵی مەجیدە سۆر، ماڵی حەسەن بەنزینخانە، ئەوانە ماڵی حیزب بوون لەکاتی جیاجیادا.
من زۆر جاران تایپێکی بچوکی پارتی هەبوو بە نهێنی لە ژێر عەباکەم دەنا و دەمبرد بۆ ماڵی کەسانێکیتری سەربە پارتی، بە تایبەتی ماڵی خوالێخۆشبوو میرزا عەبدولکەریم.
من زیاتر بە کاری نامە گواستنەوە هەڵدەسام هەروەها یارمەتیشم بۆ پارتی کۆدەکردەوە واتە یارمەتی وەرگرتن لە دۆستانی پارتی.
ئەو کاتەی عەریف عوسمان و ئەوان دەرچوون و شۆڕش دەستپێکرد، ماڵی حیزب کە لە خوار گەڕەکی جوولەکان بوو من گواستمەوە و شمەکەکانم هێنایە لای خۆم.
زۆر جاران ئەندامانی پارتی دەهاتنە ماڵی ئێمە کۆبونەوەیان دەکرد زۆر جاران بەچەند رۆژ دەمانەوەو خەریکی کاری حیزبی بوون، کەسیش پێی نەدەزانی، ئەوکاتە خەلک زیاتر نهێنی پارێز بوو و خەڵکەکەش پاکبوون. ئێمە ماوەیەک ئەم رۆنیۆیەمان لە ماڵەوە بوو، باوکی کامەران و ئەوانیتر بەیاناتی پارتیان پێ چاپدەکرد)).
بەرێز ئەحمەد بێکەس لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "رۆنیۆیەکمان هەبوو ماوەیەک لە ماڵی فاتم حەمەد مەحمود خوشکی قادر شۆڕش دامانابوو، هەر جارێک بڵاوکراوەی پارتیمان بۆ بهاتبایە ئەماندا بە خوالێخۆشبوو میرزا عەبدولکەریم کە ئەوکاتە بەرێوەبەری تەسویەی هەولێر بوو، ئەو لە دائیرەی خۆی بە نهێنی لە ستێنسڵی دەداو دەیگەڕاندەوە بۆ قادر شۆڕش ئەویش بە هاوکاری سەید مەجید لە ماڵی فاتم حەمەد مەحمود لە رۆنیۆیان دەداو پاشان بڵاومان دەکردەوە".

* عەلی عەبدوڵڵا ئەوکاتە لێپرسراوی هەولێر بوو.

پاش ماوەیەک لەلایەن لێپرساوی کۆمیتەی ناوچەوە ئاگادارکراین کەوا مەکتەبی سیاسی ڕوونوسی ڕۆژنامی خەباتی ناردوە و دەبێ بە ڕۆنیۆ چاپیان بکەین. ئێمەش ڕوونوسەکەمان برد بۆلای هەڤاڵێکیتر کە شارەزابوو لە ستێنسل چاپکردن. تایپێکی پارتیمان هەبوو لە گەڕەکێکی دوور لە لای هەڤاڵێک. بەخێزانەکەم تایپەکەم گواستەوە کە لەژێر حەباکەیدا شاردبوویەوە بۆ ماڵی هەڤاڵی شارەزا، ئەو هەڤاڵەش بە شەو و ڕۆژێک توانی زۆر بەهێمنی 14 چاردە ستێنسل چاپ بکاو بۆمان ڕەوان بکا، تایپەکەش هەر بە شێوەی پێشوو گواستمانەوە بۆ شوێنێکیتر.لەگەڵ هەڤالێکیتر دەستمان کرد بە چاپکردنی ڕۆژنامەی خەبات، ماوەی سێ ڕۆژ لە ماڵێک بووین، خەریکبوو ئاشکرا بین. ناچار ڕۆنیۆو کاغەزەکانمان گواستەوە بۆ گەڕەکێکیترو لەوێ چوار ڕۆژ ماینەوەو خەریکی چاپکردن بووین تا تەواومانکرد کە فەردەیەکی پڕ لەرۆژنامە بوو، ڕۆژنامەکە (14) چاردە لاپەڕە بوو. تەتەرێکی زۆر هێمن و باشمان هەبوو، ئەو هەڤاڵە* نیو فەردەی بۆ سلێمانی, کەرکوک و بەغدا برد، هەروەها بۆموسل و شوێنەکانی تریشمان نارد. ئیتر بەوشێوەیە خەریکی خەبات و کاری ڕێکخستن بووین، وازمان لەهەموو کارێکی تایبەتی هێنابوو، شەوو ڕۆژ دایک، خێزانەکانیشمان خستبوەکار بۆ چاکتر ڕاپەڕاندنی کارەکان. پارتی مانگی (7) حەوت دیناری پێ دەداین.ئەو پارەیەش بەشی ئەو هەموو جموجۆڵەی ڕێکخستن و خەرجی ماڵەوەی نەدەکرد، بەڵام هەرچۆنیبا ئەژیاین.ئێوارەی 1962/5/31 لە ماڵی هەڤاڵێکی پارتی ئەمویست بچم بۆلای دوو هەڤاڵیتر** بەمەبەستی نەخشەکێشانی کارێک، لەدوای نوێژی شێوان چوومەدەرەوە. لەگەڕەکی تەیراوە لەکۆڵانێکدا کەوتمە ناو پیاوەکانی پۆلیس و ئەمن، ڕایان گرتم و لەشیان پشکنیم، دەمانچەیەکی کۆڵتی گەورە***و (20) فیشەکم لێ گیراو گرتمیان.

بردمیان بۆ دائیرەی ئەمن، بەڕێوەبەری ئەمن، ئەفسەرو پۆلیسەکانی ئەمن، هەشت نۆ کەس دەوریاندام، دیسان هەموو لەشیان پشکنیم، دەمانچەو فیشەکەکانیان لەسەر مێزێک دانابوو. بەڕێوەبەری ئەمن دەهات و دەچوو ناوە ناوە پەنجەی ئاراستەی دەمانچە و فیشەکەکان دەکرد و دەیگوت : "هازە مین جوملە قە تلە ". هەندێکیان لێدام و بردمیان بۆ بەندینخانە، پاش کەمێک هاتن گوتیان: "خۆت ئامادە بکە بچین ماڵەوەتان بپشکنین". خستمیانە ناو ئۆتۆمبیل و بەرەو ماڵەوەیان بردم، ئیتر کەوتنە پشکنینی ماڵەوە، هەندێک نووسراویان دۆزیەوە بەڵام هەمووی پەیوەندی بەخۆمەوە هەبوو، نووسراوێکیان دۆزیەوە هەندێ ناوی تیا نوسرابوو، بەڵام توانیم باوەڕیان پێ بێنم کە ئەوانە پارتی نین. پاشان بردمیانەوە بەندینخانەو وازیان لێ هێنام. ئیتر ماوەیەک بێ لێپرسینەوە مامەوە.

دوای بیست ڕۆژ، ئێوارەیەک براکەمیان بە کەلەپچەکراوەی هێنا بۆ زیندان، لە ژوورێکی تایبەتی بەزنجیر لە پەنجەرەیان بەستەوە. لە پاسەوانەکانم پرسی کە بۆچی ئەو برایەی منیان گرتوە، لە وەڵامدا گوتیان: " ئەمشەو پیاوێکی ئەمن کوژراوە، گوایە بەر لە مردن گوتوویەتی برای قادر شۆڕش لێیداوم، کەس ئەمەی نەدیوە، براکەشت لە ماڵەوە بووە، ئاگاداری ئەم کوشتنە نییە!"[15] ئەم ڕووداوە زۆر نیگەرانی کردم.

---

* تەتەری حیزب ئەو کاتە قادر حەمشین بوو.

** مەبەستی ئەوە بووە بچێتە ماڵی مەجیدە سۆر کە ئەوکاتە ماڵی حزب بوو.

*** ڕێکخستنی پارتی لە شاری هەولێر ئەو کاتە ئەو دەمانچەیەیان هەبووە.

[15] ئەو پۆلیسی ئەمنەی کەوا هەڵسابوو بە گرتنی قادر شۆڕش ناوی فەیسەل عومەر بوو. دوای گیرانی قادر شۆڕش پارتی بڕیاری ئەوەیدا کەوا فەیسەل عومەر بکوژرێ، بەم مەبەستە مەفرەزەیەک ڕەوان دەکا بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە. مەفرەزەکە بەسەرپەرشتی خوالێخۆشبوو فارس باوە دەبێ، فارس باوە زۆر زیرەکانە شەو لەباغەڵی ژنەکەی نیشانی لێدەگرێ و دەیکوژێ. ئەم چالاکیە دەنگی زۆری دایەوە. دوای کوشتنی ئەو پۆلیسە، حکومەت هەڵدەسێ بەگرتنی خوالێخۆشبوو یەحیا حەمەد برای قادر شۆڕش بە تاوانی کوشتنی فەیسەل عومەر. شێوەی گرتنی یەحیا حەمەد بەم جۆرە دەبێ:

شەوێکی هاوین ئەو کاتە خەڵک لە سەربان دەخەوتن، یەحیاش لەسەربان خەوتبوو، کاتێ پۆلیسەکانی ئەمن ئەو شەوە دێن بۆ گرتنی، ئەو زوو لە مەبەستیان دەکاو بە مەبەستی ڕاکردن خۆی داوێتە ماڵەکەی پشتیان کە ئەو کاتە ماڵی موحسین برای حەسەن کارەبا لەوێ دەبێ، یەحیا ویستوویەتی بەوێدا ڕابکا، بەڵام موحسین ڕێگای ناداو پێی دەڵێت:

بۆ بەیانی پۆلیسێکی ئەمن کە موحەقیق بوو بۆ لێپرسینەوە بانگیکردم گوتی: "ئەوە براکەتە گرتوومانە، چونکە شەوی ڕابردوو بە دەمانچە پۆلیسێکی ئەمنی کوشتوەو تۆش ئاگاداری ئەم تاوانەی!" وەڵامم دایەوەو گوتم: "برای من کەسی نەکوشتوەو دەمانچەشی نی یە، خەڵک بکوژێ منیش ئەوا لە بەندیخانەم و ئاگاداری هیچ نیم، ئێوەش بۆ خۆتان چی بەباش دەزانن وا بکەن، من ئامادەم ئەگەر شتێکمان لەسەرەو یاسا ئەمانگرێت حوکممان بدەن، بەڵام یاسای چی! تەنها تۆقاندن و ئازاردان لای ئێوە یاسایە، بۆیەش هیچ قسەیەکم نییە، چی دەنووسن بینووسن!" کە وام گوت کابرای ئەمن کە موحەقیق بوو بە پیاوێکیتری ئەمنی گوت کە لەوێ وەستابوو: "دەستی بکەرەوەو برۆ دەرەوە" ! کابرایتر دەستی کردمەوەو چووە دەرەوە، کاکی موحەقیق کە ناوی ناجی بوو گوتی: "دانیشە!" دانیشتم ، گوتی : "قادر بە موقەدەساتم، بەقەومیەتم کەعارەبە، بەشەرەفم من دژی پارتی و کورد نیم، بەڵام کە مەئمورمەرکەزو موحەقیقی ئەمنم لێرە, تووشی هەندێک کردەوەی خراپ دەبم بە دەستە خۆم نییە، چونکە کارەکە وایە، بۆیە داوای لێبووردنت لێ دەکەم ئەگەر هەندێک ئازاریشت دیوە لە دەستمان، لەمەودواش درێغی ناکەم بۆ بەردانتان. پشتبەخوا بەم زووانە بەڵکو عبدولکەریم رژێمەکەی دەڕوخێ، ئەوکاتە دونیا بە ئارەزووی هەموو لایەکمان دەبێت!". زۆر هەوڵیدا بۆبەردانم، بەڵام چی بۆنەکرا چونکە(3) سێ ماددەم لەسەر بوو، هەمووی سەر بەدادگای سەربازی بوو.

وا مایەوە تا کودەتاکەی(14) ڕەمەزان کە حیزبی بەعس بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کردی. برادەرەکەی ئەمن هاتە بەر دەرگای بەندینخانە و تەوقەی لەگەڵ عبدوڵلا سەلوم سامەڕایی کرد کە ئەویش لامان بەند بوو، وە بەمنی گوت "کاکە قەدم عەریزە"، منیش هەر ئەو رۆژە داوانامەیەکم دایە بەرپێوەبەری ئەمن, برادەرەکەم هەر ئەو رۆژە هەمووی جێبەجێکرد و ناردی بۆ بەغدا.

لە رۆژی جەژنی ڕەمەزان وەڵامی بروسکەکە هاتەوە کە بە کەفیل بەربدرێم. من بەربووم بەڵام کاکم یەحیا هەر مایەوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵی بەردەوام بوو.

کە دەرچووم لە بەندینخانە بۆم ڕوون بۆوە کە کابرای سیخوڕ بە فەرمانی پارتی لەلایەن دوو پێشمەرگەی ناو شار کوژراوە.

براکەی من بێتاوان بوو لە کوشتنی سیخوڕەکەو کەسیش نەیدیبوو، کەچی لە دادگای گەورەی هەولێر (حاکم قەدۆ) بەبێ شاهیدو بەبێ بەڵگە (20) ساڵ زیندانی بۆ برایەکەم بڕیەوە. زۆرمان هەوڵدا و کێشەکەمان نوێکردەوە بەڵام بێسوود بوو.

کاکم (20) ساڵەکەی بۆ بڕایەوە بەبێ ئەوەی ئاگاداری کوشتنی کابرا بێت.[17] کاکم (8) هەشت ساڵ لەبەندینخانە مایەوە، لەگەڵ بەیانی (11)ی ئازاری 1970 بەردراو گەڕایەوە ناو ماڵ و منداڵەکانی خۆی. لە 10/4/1974 رۆژێک لەناکاو کەوتوو، نەگەیشتە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد. ئەمە ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو و تووشی غەم و پەژارەو نیگەرانیەکی زۆر گەورەی کردم. منداڵەکانی کە خێزانەکەی و سێ کچ بوون، بەهەناسە ساردی و داماوی مانەوە. ژیانیان باش نەبوو، منیش هەر ژیانم باش نەبوو، چونکە ئەو لە زیندان بوو, منیش لەبەر پارتایەتی کەسابەتێکم نەکردبوو، ئەوەی پارتی دەیدامێ هەر ئەوە بوو، ئەویش بە سەختی پێی دەژیام. بۆیە لە هەموو لایەکەوە تووشی پەژارەیی ببووین. پارتی هەندێ پارەی پێدام کە

گەر تۆ بەماڵی مندا ڕابکەیت من دەگرن. بۆیە یەحیا ناچار دەبێ بگەڕێتەوەو خۆی بداتە دەست پۆلیسی ئەمنەکان. موحسین ئەو کاتە ئەندامی پارتی بووە.(چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد بێکەس)

[17] بەدرەدین عەلی کە ئەو کاتە موتەسەریفی هەولێر بوو، پیاوێکی عەرەبی نەتەوە پەرست و دژ بە کورد بووە، بەدرەدین عەلی زۆری هەوڵداوە و فشاری خستوەتە سەر دادگای هەولێر کەوا یەحیا حەمەد لە سێدارە بدرێ، بەڵام دادگای هەولێر بە گوێی ئەوی نەکرد و بیست ساڵ زیندانی بۆ بڕیەوە!

گوایە ئەو بەدرەدین عەلی یە لە 60 شێستەکان لە دەوروبەری بەغدا کوژراوە.

خەرجی پرسە و سەرەخۆشیەکەم پێکرد. پاشان بەپێی توانا مانگی هەندێ پارەم دەدایە منداڵەکانی کاکم، تا خانەنشینی فەڕاشیەکەی بۆ دەرچوو لە میریەوە.

یەحیا حەمەد مەحمود



### دوو بەرەکییەکەی 64

من کە لە ساڵی 1963 لە بەندیخانە دەرچووم ئەندامی ناوچە بووم، داوام لە پارتی کرد کە ئیتر توانای کارکردنم لە ناوشار نەماوە، چونکە ناسراوم لەلایەن رژێمەوەو هەمیشە گومانم لەسەرە وە داوام کرد لە ئەندامەتی ناوچە ببووردرێم و بگوازرێمەوە بۆکۆمیتەی ناوچەی جوتیاران وەک کادیرێک. داواکەم پەسەند کراو گواسترامەوە ناوچەی جوتیاران. لەم ئەرکە نوێیەمدا بەباشی رۆڵی خۆم دەبینی چ لە کاتی شەڕ چ لە کاتی ووتوێژی پارتی و رژێم. رێکخستنێکی پارتی باشم دروستکردبوو هەروەها جێگای خۆم لە ناو دڵی خەڵکی ناوچەکە بە چاکی کردبۆوە، زۆرخۆشیان دەویستم.[18]

کارەکانی رێکخستن و پارتایەتی لە گەشە کردنێکی بەردەوامدا بوو تا ساڵی 1964 کە دووبەرەکی لە نێوان مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفا دەستی پێکرد. لەو ململانێیەدا ڕام لەگەڵ حیزبدا بوو و بڕوام بە رێکخستن و پارتایەتی هەبوو.

لە کادیری گواسترامەوە بۆ ناو شار، ئەندامی کارگێری ناوچەی هەولێر بووم، کۆمیتە ناوچەیەکی باشمان هەبوو.[19]

لێپرسراوی کۆمیتەی ناوچە مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل بوو*. رۆنیۆو تایپمان هەبوو، گۆڤاری تیشکمان بە رێکوپێکی مانگی جارێک دەردەکرد. هەرچەندە ناوە ناوەش ڕاو دەنراین لەلایەن رژێم و پێشمەرگەکانی مەلا مستەفا، بەڵام ئەمە نەیتوانیبوو کاری پارتایەتیمان لاواز بکات و رێکخستنێکی زۆر باشمان هەبوو، هەموو مانگێک دەمانتوانی هەندێک پارە بدەینە خێزانی شەهیدو ئەو پێشمەرگانەی کەوا لەساڵی 1965 چووبوون بۆ ئێران.

کار وا مایەوە تا ئەو کاتەی پێشمەرگەو سەرکردەکانی کە لە ئێران بوون گەڕانەوە بۆ خوارووی کوردستان. لەگەڵ مەلا مستەفا رێککەوتینەوە، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانی بوو مەلا مستەفاو چەکدارەکانی بەردەوامبوون لە ئاژاوە نانەوە، چ بە بڵاوکراوە چ بە قسەو پروپاگەندە، درێغیان نەدەکرد لە گۆتەی بێکەڵک و دووبەرەکی نانەوە.

بارودۆخی سیاسی ئەوکاتە بەو شێوەیە بوو کاتێ ئێمە هەندێکمان چووین بۆ دەرەوە بۆ ناو ریزی پێشمەرگە، من یەکێک بووم لەوانەی کە چوونە دەرەوە. من لە رۆژی 1965/5/8 چوومە دەرەوە، بووم بە پێشمەرگە لە هێزی سەفینی عەریف عوسمان. بۆ ماوەی شەش مانگ لەوێ مامەوە، رۆژێکیان لە هێز بە دوایاندا ناردم. ئەوکاتە ڕەشید سندی فەرماندەی هێزبوو. کە چووم بۆ هێز گوتیان: "لێرەبە ئیشمان پێت هەیە!" هەفتەیەک مامەوە، پاشان چەکیان کردم و بەندکرام**. ماوەی (10) دە رۆژ لە بەندینخانەی هێز مامەوە پاشان بەرێکرام بۆ مەکتەبی سیاسی، لەوێوەش ناردرامە گەڵاڵەو خرامە بەندیخانە، لەلایەن

[18] بەڕێز حەسەن مستەفا دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ئێمە کۆمەڵێک کادیر بووین لەوانە: مەلا بارام و عەلی سۆر قازیخانە لە دەشتی هەولێر کادیر بووین، قادر شۆڕش، مەلا حەسەن، خدر فەڕاش لە ناوچەی بەڕانەتی کادیر بوون، عەلی حەسەن، مەحمود سەلمان، ئەحمەد مەحمود لە کەندێناوە کادیر بوون، کادیرانیتر هەبوون وەک: تۆفیق عومەر، مەغدید عومەر بە ناوی مەلا کەریم، عزەدین سەید کەریم، حەمە سوور هتد...(حەسەن مستەفا خۆی لێپرسراوی ناوچەی جوتیاران بوو).

[19] دوای جیابوونەوەکەی مەکتەبی سیاسی لە سەرکردایەتی بارزانی، بەشی مەکتەبی سیاسی کۆنفراسێکی ناوچەیی لە گوندی قونیان دەبەستێ بۆ رێکخستنەوەی ناوچەکان و کاروباری حیزب، لەو کۆنفراسە قادر شۆڕش بە زۆربەی دەنگ هەڵدەبژێردرێ بە ئەندامی کارگێڕی ناوچە. ئەم کۆنفراسە لە هاوینی1964 بوو .

* مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل ناسراو بە مەلا ماتۆڕ.

** قادر شۆڕش بە گومانی پەیوەندی هەبوون بە لایەنی سەر بە ( م . س ) یەوە گیرا.

* مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل ناسراو بە مەلا ماتۆڕ.

** قادر شۆڕش بە گومانی پەیوەندی هەبوون بە لایەنی سەر بە ( م . س ) یەوە گیرا.

سەرکردایەتی پارتییەوە فەرمانی کوشتنم بۆ دەرکرا. هەندێک کۆنە برادەرم هەبوون داوایان لە کوڕەکانی بارزانی کردبوو کە بکوژرێم، هەشیان بوو هەوڵی بەردانی دەدام.

رۆژێکیان یەک لەو برادەرانە هاتە لام و داوایکرد شتێک بنووسم بۆ م.ع ، م.س و بارەگای بارزانی، وە گوتی: "منیش قسەیان لەگەڵ دەکەم بەڵکو لە کوشتنەکە رزگارت دەبێ". منیش چیم بە باش زانی نووسیم و ناردم، دوای دوو رۆژ بە هۆی دڵسۆزێکەوە ئاگاداری کردمەوە کەوا لە کوشتنەکە رزگارم بووە، منیش زۆر سوپاسم کرد.

لە بەندینخانەی گەلاڵە کابرایەکی ئاکرەیی ناو جەمیل فەرماندەی پاسەوانی زیندان بوو، ئەو پیاوە چەندە بلێی کابرایەکی سەرسەری و بێئابڕۆ بوو، بەندەکانی زۆر ئازار دەداو شەو و رۆژ سەرخۆش بوو و خەریکی قومارو داوێن پیسی بوو. کە ناوی م.ع ، م.س دەهات جوێنی پێدەدان و دەیگوت: " تەنها بارەگای بارزانی دەناسم ئەوانیتر لای من پیاو نین!"

ماوەی نۆ مانگ لە بەندیخانەی گەلاڵە مامەوە، تا رۆژێک کاک عەلی عەبدوڵلا هاتە لامان بۆ بەندینخانە گوتی: "من زۆر بەداخەوەم کەوا ئێوە لێرە دەبینم، بۆیەش هاتوومە کەوا قسەتان لەگەڵ بکەم. کە ئەگەر هاوکاریمان بکەن بەرتان دەدەین". ئێمەش هەندێ گلەییمان لێیان کرد، گوتی: "ڕاستە، بەلام ئەگەر ئێوە بێن و کارمان لەگەڵ بکەن ئەم کەم وکوڕیانەش نامێنێ، چونکە بەنەبوونی ئێوە پیاوی خراپ دەبێتە کار بەدەست و کردەوەی خراپ دەکات." ئێمەش بەڵێنماندا کەوا کاریان لەگەڵدا بکەین. دوای (10) دە رۆژ ئازاد کراین و هەندێک خەرجیان داپێم و پێیان ڕاگەیاندم کەوا لە هەولێر پەیوەندی بەهەڤاڵ عەلی عەبدوڵلاوە بکەم کە دەبین بە کۆمیتەی ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی حەوتەمی پارتی.

هاتمەوە بۆ هەولێر کاک عەلی عەبدوڵلا لە دوای ناردم کەوا بە کاری خۆم هەستم، وەلامم دایەوە کە پێم ناکرێت و نایکەم! ئیتر چیتر بە دوایاندا نەناردم و وازیان لێم هێنا. دووبارە لەگەڵ مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل و پارتی خۆمان پەیوەندیم کردەوە، ئیتر کەوتمە کاری پارتایەتی و دژایەتی مەلا مستەفا و پارتەکەی.

لە بەهاری 1967 رۆژی نەورۆز لە کەلار کۆنگرەمان بەست، ئاواتی سەرەکی و گرنگی من لە کۆنگرە ئەوە بوو کەوا گرنگی و جەخت بخرێتە سەر باسی یەکبوونەوەمان لەگەڵ مەلا مستەفا، بەلام بەداخەوە باسی لێنەکرا. لەکاتی کۆنگرە لەگەڵ یەکدوو هەڤالیش ئەم باسەم هێنایە گۆڕێ. گوتم: "با پێشنیاری ئەمە بکەین، گوتیان: کەڵکی باسکردنی ئەم بابەتە نییە، چونکە هەڤالانی سەرکردە رایان لەگەڵ ئەمە نییە، بەتوندیش بەرپەرچی ئەم پێشنیارە دەدەنەوە!" من ئەم بابەتەم زۆر لا گرنگ بوو، کەچی باس نەکرا.

دوای کۆنگرە هەر بۆ ئەم مەبەستە چووم بۆ بەغدا، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی چاوم کەوت بە مام جەلال و چەند هەڤاڵێکیتر، پێم گوتن: "بۆ لەگەڵ مەلاو پارتەکەی رێک نەکەوین ئایا بەرژەوەندی کورد لەوەدا نییە؟ گوتیان: " بەڵێ بەرژەوەندی لە یەکێتی دایە، بەلام مەلا یەکێتی ناوێ و دڵسۆزی کوردیش نییە"! گوتم: "من بەباشی دەزانم لەگەڵ ئەم هەموو کەموکوڕیانەی مەلا، وەک پێشمەرگەیەک بچینە ناو شۆڕش"، گوتیان: "شۆڕش نەماوەو مەلا شەڕناکاتەوەو بەم زووانە هەموو شتێک دەبڕێتەوە". گوتم ئەگەر شەڕ بۆوە لەنێوان مەلا مستەفاو حکومەتی عەبدولسەلام ئێمە هەڵوێستمان چی دەبێت و شەڕ لەگەڵ کێ بکەین؟"، گوتیان: " چەک هەڵناگرین و شەڕ لەگەڵ کەس ناکەین!". گوتم: "باشە ئێمە بەخۆمان دەڵێین پارتی و پێشڕەوی کورد، لەبەر چاوی ئێمە کورد بکوژرێ، خانوی جوتیاری کورد بسوتێ و دەنگ نەکەین ئەوە کەی پێشڕەوی کوردین!؟" مام جەلال گوتی: "واز لەم قسانە بێنە، ئەگەر شەڕ بۆوە ئەوکاتە پارتی هەڵوێستی خۆی دیار دەکات". من بەم قسانەیان دڵم ئاوی نەخواردەوەو شتێکم بۆڕوون نەبۆوە، بۆیە لەلایەن خۆمەوە بڕیارمدا کەواز لەسیاسەت بێنم و دوورکەومەوە لەپارتی. نووسراوێکم بۆ لقی هەولێر نووسی، تیایدا ئەوەم ڕوونکردەوە کەوا " باوەڕم بەم هەڵوێست و

سیاسەتەی ئێستای پارتی نییە، هەر بۆیەش لەگەڵ نووسینی ئەم نامەیە خۆم بەبێ لایەن دەزانم". مامۆستا مەلا عبدوڵڵا زۆر بەتوڕەیی وەڵامی دامەوەو هەندێک هەڕەشەشی بۆم نووسیبوو، منیش دووبارە وەڵامم بەتوندی دایەوە، ئیتر دەنگ نەماو وازم هێنا.[20]

[20] بەڕێز ئەحمەد بێكەس لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ئێمە چەند کەسێک بووین دانیشتین و بەبڕیارو سیاسەتی حیزب رازی نەبووین. ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووین کەوا بەچەک بەرهەڵستی لایەنی سەر بە بارزانی بگرێ، ئەمە بڕیارێک بوو لە کۆنفراسی گوندی تیمار درابوو و لە کۆنگرەی کەلار دووپات و پەسەندی ئەو بڕیارە کرایەوە. ((وا پێدەچێ ئەو کادیرانە نەک هەر لەگەڵ بەرهەڵستی چەکدارانەی لایەنی سەر بەبارزانی نەبوون بەڵکو مەبەستشیان بووە کەوا هەوڵی لەیەکتر نزیک بوونەوە و یەکگرتنەوە بدرێ، کاتێ کە هەوڵەکەیان سەری نەگرتووە، بڕیاری وازهێنانیان داوە)).

## دەستکردنەوە بە کوردایەتی

دوای وازهێنانم لەلایەنی سەر بە مەکتەبی سیاسی، ماوەیەک لە سیاسەت دوورکەوتمەوە، بەڵام بۆم دەرکەوت کە بەبێ کوردایەتی هەڵناکەم بۆیە وام بە پەسەند زانی کەوا نووسراوێک بۆ پارتی سەربە بارزانی بنووسم، هەموو شتێکیان بۆ ڕوون بکەمەوە لە بارەی چۆنیەتی وازهێنانم لە پارتی سەر بە مام جەلال. نووسراوەکەم نووسی ئەوانیش وەڵامیان دامەوەو داوایانکرد کە کاریان لەگەڵ بکەم، منیش بەڵێنم پێیاندا کە کار بکەم. ئەوان دەیانویست لە هەولێر کار بکەم، بەڵام من لەبەر هەندێ هۆ بەباشم زانی لەدەرەوەی هەولێر کار بکەم. ئەوەیان پەسەند کردو داواکرام بۆ کۆمیتەی ناوچەی جوتیاران* وەک کادیر.

ئیتر وەک کادیر مامەوە تا ساڵی 1969. لە 69 کۆنفراس بۆ کۆنگرەی (8) بەسترا، لەو کۆنفراسە بە ئەندامی ناوچە هەڵبژێردرام. بارودۆخی دارایشم باشتر کرا، یارمەتیەکەم لە (9) نۆ دینار کرایە (12) دوازدە دینار. لە ساڵی 1970 گفتوگۆ لە نێوان سەرکردایەتیمان و حکومەتی عێراق دەست پێکرا. ئەوە بوو لە (11) ی ئازاری ئەم ساڵە حکومەت دانینا بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

بارەگاکان هێنرانەوە ناو شارەکان هەروەها بارەگاکەی ئێمەش کەکۆمیتەی ناوچەی جوتیاران بووین.

لە ڕێکەوتی 10/1970 کرام بە بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی کۆیە[21] و یارمەتیەکەم زیادکرا بوو بە (30) سی دینار، ئەو یارمەتیە تەنها سەرچاوەی داراییم بوو و هیچ دەسکەوتێکی ترم نەبوو، ئەو کاتە (11)یازدە سەر خێزان بووین.

لە ڕێکەوتی 24/2/1973 گواسترامەوە بۆ شەقڵاوەو ئەرکی لێپرسراویەتی لاوانی شەقڵاوەم پێ سپێردرا.

* ئەو کاتە لێپرسراوی ناوچەی جوتیاران خوالێخۆشبوو عەلی هەژار بوو.

[21] بەڕێز سولیحە محەمەد خدر دەگێڕێتەوە: ((ئەو کاتەی باوکی کامەران لە کۆیە بەرپرسی ناوچە بوو، ماڵەکەشمان گواستەوە ئەوێ. موچەی باوکی کامەران دەکاتە (30) دینار بوو، ئێمە بە هۆی ئەوەی میوانمان زۆر بوو و خەڵکمان زۆر بەسەرەوە بوو ئەم پارەیە بە حاڵ بەشی دەکردین. دیارە خەڵک زۆر دەهاتنە لای باوکی کامەران بۆچارەسەری گرفتەکانیان ئەم گرفتانە زیاتر لەسەر مەسەلەی زەوی و زارو ژن و ژنکاری بوو.

جارێکیان دوو بنەماڵە لەسەر زەوی کڕین و فرۆشتن نێوانیان تێکدەچێ، خراپ لە یەکتر توند دەکەن و هەڕەشەی کوشتن لە یەکتر دەکەن. ناکۆکیەکەیان لەسەر (30) دینار دەبێ، گوایە یەکێکیان (30) دیناری ئەویتری خواردوە و نایداتەوە. بەرێککەوت ئەو کاتە سەرە مانگ دەبێ، بۆ چارەسەری ئەم ناکۆکیە باوکی کامەران (30) دیناری موچەکەی وەردەگرێ و ئەیداتە ئەوان.

من کە بەمەم زانی دەستمکردە گلەیی و بۆڵەبۆڵ و گوتم: "تۆ پیاوێکی زۆر سەیری، ئێمە بە هەزار حاڵ بەم 30 دینارە دەگینە سەری مانگ، ئێستا تۆ چووی ئەم پارەیەت داوەتە خەڵکێکی نەدیت و نەناس، ئەی ئێمە ئەو هەموو خێزانە بەچی بژین !؟"

ئەو بە پێکەنینەوە گوتی: "من سەیرنیم، من بەو 30 دینارە خوێنڕشتن و ماڵ وێرانیم ڕاگرتووە، ئێمەش هەرچۆنی بێ ئەم مانگە دەبەینە سەر!" )).



ساڵی 1972، کۆیە، بەبۆنەی پەردەهەڵدانەوە لەسەر پەیکەری شاعیری کورد
حاجی قادر. قادر شۆرش لەناوەڕاستدا.



قادرشۆڕش, کۆیە, یەکی ئایاری 1972



قادرشۆڕش, کۆیە، نەورۆزی 1972

## شەڕ دەستپێکردنەوەو کارەساتی هەرەس

سەرەتای ساڵی 1974، وتوویژی پارتی و حکومەتی بەعس لەمەڕ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ئازار ڕوو لە قۆناغێکی سەخت و ئەستەم بوو، ڕژێم نیازی پاک نەبوو بەرامبەر خاڵە گرنگەکانی ڕێککەوتنامەکەو کرژی و ئاڵۆزی تا دەهات زیاتر خۆی دەخستە ڕوو. ئەوە بوو لەرۆژی 10/3/1974 شەڕ دەستی پێکردەوە، لەلایەن پارتی یەوە فەرمانمان پێکرا کەوا بارەگاکانمان ببەینە دەرەوە، ئێمەش بارەگای ناوچەی شەقڵاوەمان لە شەقڵاوەوە گواستەوە بۆ گوندی ئاقوبان. هەڵگیرساندنەوەی شەڕ بارودۆخێکی ئاڵۆز و نالەباری هێنایە ئاراوە، بەڕادەیەک کە لە کەنترۆڵ کردن بەدەربوو، ئەمە بووە هۆی سەرلێشێواوی و سەرگەردانی خەڵک وە وایکرد کەوا خەڵکێکی زۆر لە شارو گوندەکان ڕووبکەنە دەرەوە.

من بە هاتنەپێشی ئەم بارودۆخەی خەڵک زۆر نیگەران بووم وپێم وابوو کەوا زۆربەی ئەو خەڵکە دەتوانێ لە شار و دێیەکانی ژێر دەستی رژێم بمێننەوە بێ ئەوەی تووشی هیچ زیانێک بن. هەربۆیەش لەلایەن خۆمەوە زۆرم لەگەڵیان هەوڵدا کەوا بگەڕێنەوە، توانیمان هەندێک لە فەرمانبەر، پۆلیس، قوتابی و کاسبکار بنێرینەوە کە هیچیان لەسەر نەبوو و بەرژەوەندی لەوەدا نەبوو بێنە دەرەوە، کاریان بەجێ بهێڵن، ماڵ و منداڵیان تووشی ناخۆشی و نەهامەتی ببێت.کەچی لەلایەکیترەوە زۆر لە کاربەدەستانی پارتی خەڵکیان هاندەدا بێنە دەرەوە بۆ ناو شۆڕش. ئەم کاربەدەستانە کە پێکهاتبوون لە پاراستن و پیاوە تایبەتەکانی مەلا مستەفا، پڕوپاگەندەیان بڵاودەکردەوەو بەخەڵکیان دەگوت: "گوندەکان چۆڵ بکەن، ماڵەکانتان ببەن بۆ ئێران، ئێران هەموو پێویستیەکی ژیانی بۆمان ئامادە کردوە"! هەروەها هەندێ دەیانگوت: "هەرکەسێک ماڵی نەبات بۆ ئێران جاشە و سیخوڕە"! ئەمە بووە هۆی ئەوەی کەوا خەڵکێکی زۆر ماڵەکانیان باربکەن و ڕووبکەنە دەرەوە. من پێم وابوو هاندان و دەرپەراندنی خەڵک جێگای گومان و لەبەرژەوەندی شۆڕشدا نەبوو.

لە کاتی شەڕ دژی رژێمی بەعس، گومان نەدەکرا لە قارەمانیەتی، ئازایەتی و چاونەترسی پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگدا. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و نیگەرانی بوو ئەوە بوو مەلا مستەفا بارزانیەکانی بەسەر هەرێمە گرنگەکانی کوردستان بە زۆر سەپاندبوو، ئەمەش بەمەبەستی سیخوڕی و چەوساندنەوەی خەڵکی هەرێمەکان، ئەوانە چیان بویستایە بەو خەڵکە هەژارەیان دەکردو پێچەوانەی نەبوو، ماڵی خەڵکیان دەخوارد، ماڵی شۆڕشیان دەخوارد، خەڵکیان دەکوشت، ژنیان ڕائەکێشاو گەلێ شتی تریش. ئەو کاربەدەستانەی کە خەڵکی باوەڕپێکراوی مەلا مستەفا بوون لە ناویاندا حەسۆ میرخان لە قەڵادزە، عەلی شەعبان لە هەرێمی ڕانیە و شەقڵاوە، مەلا ئەمین لە هەرێمی رەواندوز، عەلی خەلیل لە هەرێمی ئاکرێ، ئەسعەد خۆشەوی و عیسا سوار لە هەرێـمی زاخۆ و دهۆک. ئەوانە دەراریش بوون بۆ مەلا، لە کڕینی مەڕ و ماڵات، ئەسپ و ماینی باش و پڕوپاگەندەکردن بۆ ماڵی بارزانی.

ئەوە بوو کەوا بە پیلانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، وڵاتانیتر و ئەمریکا، لە بەهاری 1975 رێککەوتننامە شومەکەی جەزائیر لە نـێوان عێراق و ئێران مۆرکرا. ئێران لە بری ئەودەستکەوتانەی چنگی کەوتبوو بەڵـێنیدا کەوا چیتر پشتگیری و یارمەتی شۆڕش نەکا. ئەو رێککەوتنەی بووە هۆی ئەوەی کەوا مەلا مستەفا فەرمانیدا شۆڕش بوەستێ و پێشمەرگە بڵاوەی لێبکاو هەڕەشەشی لەوانە کرد کە ملکەچی بڕیارەکەی نەبن و لە قسەی دەربچن. مەلا مستەفا بۆ خۆدەربازکردن لەو هەڵوێستەی کە تـێیکەوتبوو دەستیکرد بە پاکانەکردن، بیانوو هێـنانەوە، تاوانبار کردنی ئێران و ئەمەریکا و خەڵکیتر لەم کارەساتە، گوایە ئەو گوناحی نییە، رۆژ وا سوڕاو زۆر شتیتری لەم بابەتە.

لەوکاتەی "مەلا ڕوخا" من رۆژێک پێشتر مۆڵەتم وەرگرتبوو بەمەبەستی سەردانی ماڵەوە. ئەوکاتە بارەگای ناوچەی شەقڵاوە لە دۆڵی بالیسان لە گوندی (مەلەکان) بوو*. ئەو رۆژەی کە مۆڵەتم وەرگرت کاروباری ناوچە ئاسایی وەک رۆژانیتر دەچوو بەڕێوە و دەنگوباسێکی ئەوتۆ نەبوو، بڕیارمدا کەوا رۆژی دواتر بەیانی زوو بەرێکەوم. بۆ بەیانی بارەگای ناوچەم بەجێهێشت و بەرەو گەڵاڵە کەوتمەرێ، ئەو رۆژە دوای نیوەڕۆ گەیشتمە خوار گوندی (دەرگەڵە)، دیم ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە لەلای گەڵاڵەوە بەرەو دەرگەڵە دەهاتن، کە گەیشتم پێـیان زۆریانم ناسی، سەرنجم دا تۆزی تووڕەیی و غەم لەسەر دەم وچاویان نیشتبوو، منیش سڵاوم لێـیان کردو پرسیم: "ئەوە کێـوە دەچن، بۆ وا غەمبارن"!؟ تەماشایان کردم، دەستیان بە چاویانەوە ناو گریان، گوتم: " ئەوە چییە بۆ دەگرین!؟" گوتیان: " شۆڕش نەماو لێپرسراوەکانمان پێـیان گوتین بۆ کوێ دەڕۆن

* قادر شۆڕش ئەوکاتە لێپرسراوی ناوچەی شەقڵاوە بوو.

بڕۆن، کەس بەرپرسی کەس نییە، جا ئەوا ئـێمەش دەچین بۆ مردن، دەچین خۆمان دەدەینە دەست رژێم، خۆ ئەگەر بشمان کوژێت لەوە باشترە لەگەڵ سەرکردە خۆفرۆشەکانمان بچین بۆ ئێران وەک ئەوان ببین بەنۆکەری خەڵک"!

کەئەمەم لێیان بیست، خۆم بۆ نەگیراو لەگەڵ ئەوان دەستم کرد بەگریان. ئیتر ئەوان بەرەو خوار منیش بەرەو سەروو، لەبەر گریان و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە نەمانتوانی ماڵئاوایی لە یەکتر بکەین لەیەکدابڕاین و ڕۆیشتین.

دوای بیستنی ئەم کارەساتە، وەک شێت دەڕۆیشتم و ڕێگام دەکرد، ئاگام لە خۆم نەمابوو. لە ڕێگا تووشی گەلێ دەستەی تری پێـشمەرگە بووم، سڵاویان دەکرد نەم دەتوانی وەڵامیان بدەمەوە.

کە گەیشتمە ناوچەی گەڵاڵەو چۆمان، لە هەمووڵایەکی ئەو هەرێمە هەرابوو، گریان بوو و تەقەبوو. یەکێک هەموو گوللەکانی دەتەقاندو چەکەکەی فڕێ دەدایە ناو ئاو، یەکێ چەکەکەی ئەشاکاند، هەندێکش فیشەک و چەکەکانیان فڕێدەداو جوێنیان بە سەرکردایەتی و بارزانی دەدا. لە هەندێک جێگا کۆگاکانی تەقەمەنی، خواردەمەنی و کەلوپەلیتری شۆڕش لەلایەن پێشمەرگەوە دەسوتێنران و ئاگرودووکەڵ بەرز دەبۆوە.

لەلایەکیتر بەسەدان ئۆتۆمبیلی سەربازی ئێرانی و پیاوەکانی مەلا مستەفا، تۆپ و بۆمبا، چەک و تەقەمەنی، خواردەمەنی و شتیتری شۆڕشیان دەکێشایەوە بۆ ئێران. هەندێک کەسیش بەم ماڵوێرانیە پێدەکەنین و ترومبێلەکانیان خستبووە گەڕ بۆ کێشانەوەی کەلوپەلی خەڵک و شۆڕش بەرەو شارەکانی سنوورو فرۆشتیان بەهەرزان. ئەو تاڵان و ڕاو و ڕووتە لە بەرچاوی پیاوانی مەلا مستەفاو دەوڵەتی ئێران ڕووی دەدا، کەچی ئـێستاش بەو خەڵکەیان نەگوت ئەم ڕاو و ڕووتە بۆ دەکەن. ئەم ئاشبەتاڵە لە 1975/3/21 ڕوویدا.

لە ڕۆژی نەورۆز واتە 1975/3/21 لە سنوور ئاوا بووم بۆ لای منداڵەکانم کە لە شارۆچکەی خانە خانووم بۆ گرتبوون.

کە گەیشتمەوە ماڵەوە سەیرم کرد خێزان و منداڵەکانم بە پەژارەیی دانیشتبوون، کە چاویان پێم کەوت هەندێ دڵخۆشبوون، بەڵام ئەم دڵخۆشیە چەند چرکەیەک زیاتر نەبوو، ئەم بزەیەی سەرلێویان زەردەخەنەی دڵدانەوەی کارەساتەکە بوو. ئیتر بە ماتومەلوولی بەیەکەوە دانیشتین و دەنگ لە هیچ لایەکمانەوە نەهات، پاش کەمێک دیم دایکی کامەران و کچە گەورەکەم ژیان ئاو بەچاویاندا هاتەخوارەوەو بە گریانەوە گوتیان: "ئەوە چیبوو بەسەر کورد هات، خوا سەبەبکاری کورد بگرێت". منیش لەبەر غەمباری و دڵتەنگی هیچم بۆ نەگوتراو وەڵامم پێنەدرایەوە، دیسان داماوی و بێدەنگی باڵی کێشایەوە سەرمان، پاشان ویستم هەندێک قسەیان بۆ بکەم و هێوریان بکەمەوە، دیاربوو ئەوانیش هەمان مەبەستیان هەبوو، ئەوانیش دەیانویست دڵی من بدەنەوە و ئەوەندە غەم نەخۆم، بەڵام بێسوود بوو، دڵی کەس بەکەس نەدەدرایەوە.

کەگەڕامەوە (خانە) واتە لای منداڵەکانم بارودۆخی داراییم باش نەبوو، چونکە هەندێک پارە قەرزار بووم و ئەو پارەیەی هەشم بوو کەم بوو تەنها بەشی چەند ڕۆژێـکی خەرجی ماڵەوەی دەکرد، بەڵام باش بوو یارمەتیەکیان بۆ خەرجکردم (50) دینار بوو دامەوە قەرز. پاشان بەهۆی هەندێک هەڤاڵ، مەکتەبی سیاسی (25) دینار یارمەتی پێدام، بەڵام ژیانم هەر باش نەبوو.

من ژیانی دارایم بەو جۆرە بوو کەچی دەمدی زۆر لە برادەرانم گوزەرانیان لەمن باشتر بوو و باشتر دەژیان، هەندێکیان بە هەزاران دینارو ئۆتۆمبێلیان هەبوو، هەرکاتێک پێـویستیان با دەیانتوانی لە بارەگای بارزانی پارە وەربگرن.

ئەو ماوەیە واتە لە 1975/3/21 تا 1975/4/14 وەک مرۆڤێکی بێگیان دەسوڕامەوە، دیارە بەسەدان و هەزاران کەس لە ئۆردوگاکان و شارەکانی کوردستان و ئـێران وەک من سەرلێشێواو و سەرگەردان دەسوڕانەوە. ئەو خەڵکە بیریان لەم

رۆژە ڕەشەی کە کوردی تـێکەوتبوو دەکردەوە، بیریان لە باری ژیانی خۆ و میللەت، ئەنجام و دوا ڕۆژ دەکردەوە، تروسکاییەک دیار نەبوو.

ڕۆژێـک گوتیان: "ئەوا مەلا مستەفاو چەند کەسێکیتری سەرکردایەتی چوون بۆ تاران، چەند پێشنیارو داوایەکیان هەیە بۆ حکومەتی ئێران و ئەنجامی چارەنووسمان بۆ دێننەوە". دوای ئەمە ڕۆژانە بە سەدان کەس دەچووینەوە بەرامبەر چادرەکانی بارەگای بارزانی دەوەستاین و تێکدەسوڕاینەوە، دەتگوت بازاڕی قەسابانە، ئەو خەڵکە چاوەڕوانی وەڵامێک بوو، بەڵام هیچ ئەنجامێکیان دەست نەدەکەوت ، پۆل پۆل بە ناڕەزایی دەرپرین بەرامبەر بە مەلا مستەفاو سەرکردایەتییە ڕوخاوەکەمان دەگەڕاینەوە. بەسەدان ئەفسەر، فەرمانبەر، بەرپرسانی پارتی و شۆڕش و خەڵکیتر لەو ناوە دەسوڕانەوە، ئەم خەڵکە دەتگوت خۆڵیان بەسەرداکراوە، چەندە بڵێی دیمەنـێکی خەمناک بوو.

ڕۆژی 1975/4/10 ئەوانەی لەگەڵ مەلا مستەفا چووبوون بۆ تاران گەڕانەوە. مەلا مستەفا ڕێـکەی نەدرا بوو بگەڕێتەوە بۆ نەغەدە، کە ماڵی لە نەغەدە بوو، ڕۆژی دوایی ماڵ و منداڵەکەیان بۆ بردو ئاگاداری ئەو خەڵکەیان کرد کە لە نەغەدە بوون گوتیان: "ئێـوارە کاتژمێـر (5) ئەنجامی چوونەکەی تارانمان بۆتان باس دەکەین". ئـێوارە لەکاتی دیاریکراو خەڵکێـکی زۆر کۆبووەوە.

دکتۆر مەحمود و ئیدریس بارزانی هاتن بۆناو خەڵکەکە، ئیدریس لەپێشدا گوتی: "زۆر تکا دەکەم مناقەشەمان لەگەڵ مەکەن و پرسیاری وامان لێ مەکەن تووشی مناقەشە ببینو لەیەکتر تووڕەبین، ناگەینە ئەنجامیش". لەدوای ئەو دکتۆر بەڕەنگ زەردی و هەناسە سواریەوە گوتی: "ئێـمە ئەو داوایانەمان لە حکومەتی ئێران کردو ئەمەش وەڵامی ئەوان بوو:

***داواکاریەکانمان:***

2. بەپەنابەری سیاسی وەربگیرێین.
2. ڕێکخستنمان یاخود ڕێکخستنی پارتایەتیمان لەناو ئەو کوردانە هەبێت کە پەنامان هێناوەتە بەر ئێران.
3. بەڕێوەبردنی ئۆردوگایەکانمان بەدەست خۆمانەوە بێت.
3. خوێندن لە ناو کوردە پەنابەرەکان بە کوردی بێت.

*بەڵام حکومەتی ئـێران ئەم داواکاریانەی ئێمەی پەسەند نەکرد، وەڵامیان ئەوە بوو:*

1. بە پەنابەری سیاسی وەرناگیرێین .
2. ڕێکخستنی پارتیش قەدەغەیە.
3. خوێندنتان با بە کوردی بێت تا لە ئۆردوگان.
4. بەڕێوەبردنی ئۆردوگاش هەردوولامان دەبین. بەڵام ئۆردوگا زۆر بمێـنێ (3) سێ مانگیتر دەمینێ.

هەروەها گوتیان: "ئەوانەی کە لە ئێران دەمێـننەوە ئەوا بە گوێرەی توانای خۆیان کاریان بۆ دەدۆزینەوە، بەمەرجێک لە شارەکانی کوردستان ناتان هێڵین و لە ناو شارەکانی فارس بڵاوتان دەکەینەوەو ناسنامەی ئێرانیتان پێ دەدەین، وەک خەڵکی ئـێران بۆ خۆتان بژین. وە تا بڵاوەپێکردنتان لە ئۆردوگاکانەوە بە چاکی ئەتان ژیـێنین"!.

خەڵکەکە کە ئەمەی بیست هێندەیتر نائومێد بوو، ئیتر هەرکەسەو کەوتە بیری ئەوەی چی بکات. ئێمە بەتایبەتی هەموو ئەوانەی کە پارتی بووین و پێشتریش لە ڕەفتاری بارزانی و سەرکردایەتیمان بێزار بووین بڕیارماندا بگەڕێینەوە کوردستانی بندەستی عێراق. هەرچەندە لە ئێران ژیانمان باشبێ و نازانین ڕژێمی عێراق ڕەفتاری چۆن دەبێ لەگەڵمان! زۆر لە خەڵکیکەش هەمان رایان هەبوو. ئەوکەسانەش کەوا پیاوی بارزانی بوون دەیانگوت: "ئێمە ناگەڕێینەوە عێراق بەعس بمانکوژێ، لێرە هەرنەبێ دەژین و لەخۆمان ناترسین بمانکوژن". هەروەها هەندێ پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کەوا ڕژێمی عێراق بە دەیان کەسی بەندکردوە، ئەو خەڵکە بەندکراوانەش زۆربەیان بێتاوانن، هەر دە ڕۆژ جارێک هەندێکیان لە سێدارە دەدەن، وە دەیانگوت: "ئێمە خەباتمان دژی ڕژێم کردوەو بە دەستی ئێمە زیانیان پێکەوتووە، گەر بچینەوە ڕۆژی دەمانکوژێت".

من بڕیارمدا بگەڕێمەوە، پێم وابوو ئەگەر بشکوژرێم خۆ هەرنەبێ منداڵەکانم بە کوردی دەمێننەوە، لە وڵاتی خۆیان و لەلای خزم وکەسی خۆیان دەژین.

### گەڕانەوە بۆ هەولێر

هەروەک بڕیاری گەڕانەوەمدا، ئەوەبوو لەرۆژی 14/4/1975 ئۆتۆمبیلێکی تایبەتم گرت کەوا لە شاری نەغەدەوە بمان گەیەنێتە سەر سنوور. سوکە ماڵێکمان هەبوو بارمانکرد، لەگەڵ خێزان و منداڵەکانم سواری ئۆتۆمبیلەکە بووین و بە کاتی (5) ی بەیانی بە ڕێکەوتین بۆ (7) حەوت گەیشتینە سەر سنوور. لە سەر سنوور سەربازو ئەفسەرە عێراقیەکان بەخێرهاتنیان کردین و پاش کەمێک بە ئۆتۆمبیلێکی تایبەت ناردنیان بۆ هەولێر بۆ دائیرەی ئەمن. ئەمن ڕەفتاری لەگەڵمان خراپ نەبوو، دوای هەندێک وەستان ڕێکەی ڕۆیشتنیان داین، ئیتر گەڕاینەوە کۆنە خانوەکەی خەزورم کە پێشتریش هەر لەو خانوەی خەزورم بووین. واتە هەر ئەو ڕۆژەی لە نەغەدە هاتین بۆ ئێوارە سەعات (5) گەیشتینەوە خانوەکەی خۆمان.

لە دوای هەفتەیەک لە ( ئیستخباراتی عەسکەری ) لە دوایان ناردم هەندێ پرسیاریان لێکردم، پرسیارەکان لە بارەی چۆنیەتی پارتی، جوڵانەوە و چالاکیمان، شوێنی کۆگاکانی چەکی شۆڕش و ئەو چەکانەی بەکارمان دەهێنا، ژمارەی کوژراوەکانمان، پاراستن و گەلێ پرسیاری تریش، دوو ویّنەیان لێوەرگرتم و بەرێیان کردم.

دەفتەر نفوسم نەمابوو، بە پێویستم زانی دەفتەر نفوسەکەم دەربهێنم و چووم بۆ دائیرەی نفوس سکاڵایەکم پێشکەش کرد، ئیتر مانگێک هاتوو چۆم کرد تا ناسنامەکەیان دامێ. ڕۆژانە بێ ئیش و کار دەسوڕامەوە، خاوەنی (11) سەرخێزان و خەرجیش ئەوەندە گران. سەری هەندێ برادەری کاربەدەستمدا بەمەبەستی کارپەیداکردن، دەیانگوت: "بەسەر چاو بەڵام جارێ کارمان نییە".

باری قورسی ژیان و بێکاری ناچاریان کردم کەوا بچمە لای هەندێ لە کۆنە برادەرەکانی پارتیم، ئەوانەی کەوا کاربەدەست و خاوەنی پارت و کۆمەڵ بوون، ئەوانیش دەیانگوت: "بەڕاستی جێگای داخە تۆ بێکاری، دڵسۆزی و پاکی خۆت کارێکت بۆ دەدۆزێتەوە!" دیاربوو هەر قسە بوو و چیتر نا. تەنها کەسێک کە پەرۆشیی نیشاندا، شێخ لەتیف بەرزنجی بوو، گوتی: "سکاڵایەک بنووسە من دەیبەم بۆ لای پارێزگار". تا ڕادەیەک ئەوەی لە دەستی هات و پێویست بوو کردی، پارێزگار لەسەر سکاڵاکەی نووسیبوو بیکە چاودێر(مراقب)، سکاڵاکەمی نارد بۆ لای تێبینکەری ئەنجومەن، چوومە لای ئەو فەرمانبەرە

بەمەبەستی دامەزراندنم بە چاودێر گوتی: "جارێ کارمان هەمووی ڕاگیراوە گەر کارەکانمان دەستی پێکردەوە ئەوا داتدەمەزرێنین!" بەڵام وادیاربوو کارەکانیان وا زوو دەستی پێ نەدەکردەوە!

زۆر سەیرە خەڵکی دڵسۆز بە خەباتەوە ماندوو بوو خەڵکیتر بە ناوی حوکمی زاتی دەیخوا، کارێکمان پێیان دەبێت چەندی پێیان بکرێت کۆسپ دەخەنە بەردەممان. ئەو خاوەن پارت و کۆمەڵانەش کەوا دوێنێ هەڤاڵی یەکتر بووین، هەر خەریکی خۆیانو خۆ دەوڵەمەندکردنن هەروەک نەمان ناسن وایە، ئەوانە گەر کەمێک گیانی کوردایەتی و هەڤاڵەتیان تیامابوایە دەیانتوانی کارێکمان بۆ بدۆزنەوە.

نزیکەی ماوەی دوومانگ لەهەولێر بەبێکاری سوڕامەوە، سەری گەلێ شوێنمدا بەمەبەستی کارپەیداکردن، بەڵام بێسوود بوو. پارەو سەرمایەکیشم نەبوو کرین و فرۆشتنێکی پێ بکەم، ڕۆژانە چ بۆ سەردانی خزم و ناسیاو بوایە یا سۆراخی کار پەیداکردن بوایە بەپێ لە گەڕەکی ئیسکانەوە تا گەڕەکی تەیراوە یا شوێنیتر دەچووم.

کوڕە گەورەکەم ( کامەران ) تەمەنی (15) ساڵ بوو و قوتابی بوو، هەستی بە ناگزوری ژیانمان و بێ پارەییمان کرد، بەمەبەستی یارمەتیدان و بووژانەوەمان، لەگەڵ چەند برادەرێکی دەچوو بۆ کرێکاری لە بەستۆرە، چاوەکانیشی حەساسیەیان هەبوو و لەگەڵ ئەم کارەی نەدەگونجان بۆیە سوور هەڵدەگەران و بە ئازار دەکەوتن، کە ئێواران دەهاتەوە دەست و چاوی دەشوشت و دڵۆپێ دەرمانی لە چاوەکانی دەکرد تا بەیانی لێی دەکەوت، بەیانیانیش لەگەڵ دەنگی مەلا هەڵدەسا و نانی بەیانی دەخواردو ئەرۆیشتەوە بۆ کرێکاریەکەی. گەلێجار پێم دەگوت: " کوڕم واز لەم کرێکاریە بێنە، پێت ناکرێ، دەترسم چاوەکانیشت لەسەر دانێی و بەجارێ نائومێد ببی". دەیگوت: "نا بابە کارم پێدەکرێ، ڕۆژانە قەترە لە چاوم دەکەم و خراپتر نابێت". منیش هەناسەیەکم هەڵدەکێشاو و بێدەنگ دەبووم. بیرم لە ژیانی خۆم، کوردایەتی خۆم و ئەو خەڵکە دەکردەوەو خەمم دەخوارد، گەلێجار بیرم لەوە دەکردەوە بۆ منیش وەک خەڵکیتر سوودم لە پارتایەتی وەرنەگرت و خۆم دەوڵەمەند نەکرد. لەبەرچی هەردەم بەژەوەندی خۆم و ماڵ و منداڵم لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و پارتی خستە ژێرپێ. هەر بۆ خۆم بە خۆم دەگوت: "نەخێر ئەوەی من کردم ڕاست بوو، لەگەڵ پارتی و گەل درۆم نەکرد، دزیم نەکردو بەپاکی خەباتم کرد، ئێستاش سەرم بەرزەو کارێکیش هەر دەدۆزمەوە خێزانەکەمی پێ بژیێنم. با هیلاک و ماندووبم، خۆ کەس پێم ناڵێت بە دزی دەوڵەمەند بووە. دیارە بەمەش ناحەزان دڵخۆش دەبن و دڵسۆزانیش پەرێشان دەبن. هەر ئەو خەڵکە دڵسۆزەش گەلێجار پێیان دەگوتم: "تۆش وەک هەندێ خەڵکیترت کردبا ژیانی باش و خانوی خۆشت دەبوو! ئەو دڵسۆزیەی بۆ کورد نواندت کێ منەتی پێبوو، بزانە ئەوانەی دوێنێ هەڤاڵت بوون و ئەمڕۆ دەوڵەمەندو کاربەدەستن کارێکت بۆ دەدۆزنەوە، خۆیان لە تۆ دەگەیەنن؟!" بەڵام دیارە ئەوانیش لە داخاو بە تەوسەوە ئەمەیان دەگوت، چونکە ئەوانیش بڕوایان بە ڕاستی و پاکی هەبوو.

ئەمڕۆ کەوا 25/6/1975 گەلی مۆزەنبیق بەسەربەخۆیی خۆی گەیشت و مۆزەمبیق بووە کۆمار، ئەو وولاتەی (500) ساڵ لە ژێر چنگی ئیمپریالیزمی پورتوگالی چەوسایەوە، ئەو گەلەی نزیکەی (16) ساڵ خەباتی چەکداریان کرد، ئەوا گەیشتن بە ئاوات، پڕ بەدڵ پیرۆزباییان لێدەکەم و خۆزگەمان بە خۆیان.

بەباشم زانی هەڵ لەو بێکاریەم وەربگرم و خۆم بە دەرهێنانی ڕەگەزنامەی عێراقیەوە خەریک بکەم، سکاڵایەکم پێشکەش کرد بۆ دائیرەی جنسیە تاڕادەیەک مامەلەکەیان ڕواند و سکاڵاکەم برد بۆ دائرەی نفوس لەوێ هەندێ کۆسپیان بۆم دروستکرد، سێ ڕۆژی خایاند تا سوڕەت قەیدیان بۆ تەواوکردم. هەمووی کاری تەنیا یەک سەعات بوو، گەڕامەوە دائیرەی جنسیە لەوێ ناردمیان بۆ لای قازی بەمەبەستی دەرکردنی قەسام شەرعی باوکم و برام، بۆیە سکاڵایەکم بۆ ئەم مەبەستە دایە قازی. دوای

(8) رۆژ ئەوجا جەنابی قازی کارەکەی تەواوکردم، هەر رۆژەی کۆسپێکی بۆ دروست دەکردم بەبێئەوەی هیچ هەڵەیەک لە سکاڵاکەدا بێت. پاشان چوومە دائیرەی جنسیە بە دوو رۆژ کارەکەیان تەواوکرد ناردیان ڕەگەز نامەکەم بۆ بێت.

دیارە تا ئەو کاتە هەر بێکار بووم، ئەوە بوو پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر لــــــە 1975/12/22 دائیرەی ئیدارەی محەلی لە هەولێر بەچاودێر (مراقب) وەریان گرتم. کارەکەم چاودێریکردنی کاربەڕێوەچونی قوتابخانەیەک بوو لە گوندی ( دارەتوو ). رۆژانەکەم 650 فلس بوو کە بەتەنیا بەشی خۆمی نەدەکرد، یازدە سەر خێزانیشم لەسەر بوو بیان ژیێنم. دوو مانگ وەک چاودێر مامەوە، پاشان بۆم دەرکەوت بەم پارەیە ناژیم، ناچار دەستم کردە چەکوچێک و دەستم کرد بەبەرد چاکردن. هەرچەندە ئەو کارە بۆ من تازە بوو، رۆژی لە رۆژان ئەم کارەم نەکردبوو، لە کارەکەش زۆر ماندوو دەبووم و شەوانە لەبەر ئێش و ئازاری لەشم خەوم لێ نەدەکەوت، بەڵام ناچار بووم ئەو کارە هەر بکەم چونکە رۆژانەکەی باش بوو، ئێ کاریشم نەکردبایە رەزیل دەبووم و نە دەژیام. ئیتر لەم کارەم بەردەوام بووم, وردە وردە لەگەڵ کارەکە ڕاهاتم و فێری بەرد شکاندن بووم تاوای لێهات بووم بە نەقارێکی باش و رۆژانەیەکی باشیشم وەردەگرت، ژیانم ڕووی لە باشتر بوون کردو پارەی زیادیشم لە گیرفان ئەدی.

ئەم بەرد چاکردنەشم بە هۆی یارمەتی و پشتگیری برادەرێک بوو بە ناوی کەریم عەبدوڵڵا ناسراو بە وەستا کەریم. وەستا کەریم ئەرکی دروستکردنی قوتابخانەکەی لەسەر بوو مقاول بوو منیش چاودێری کارەکەی ئەوم دەکرد، دیارە ناسیاوی یەکیش بووین، رۆژێک پێی گوتم: "تۆ بەم رۆژانەیە ناژی، وەرە ئەوە من چەکوچم هەیە، بۆ وردە وردە خەریکی بەردچاکردن نابی، وەک ئەو نەقارانە نازانی!؟" گوتم: " بەڵێ نەم کردوە بەڵام فێربوونی بەرد چاکردنم لاسەخت نییە". ئەوە بوو بەیارمەتی و هاندانی ئەو دەستم بەم کارە کردو بووم بە بەرد شکێنەرێکی چاک.



هەولێر 1978, قادر شۆرش یەکەم کەس لەلای ڕاست

## کورتەیەکی ژیانی حەمەد مەحمود

حەمەد مەحمود کاکە عەود، واتە باوک و باپیرانی قادر شۆڕش، ئەوانە سەر بەبەرەی میر محەمەرین، میر محەمەری یەکێکە لە بەرەو بنەچەکانی میرانی سۆران.

مەحمود بەگ کەدەکاتە باپیری قادر شۆڕش دانیشتووی گوندی (بالیسان) بووە، خاوەنی باغ و باخچەو سەروەت و سامان دەبێ، بەڵام بەهۆی کەوتنەوەی ناکۆکی لەنێوان مستەفا بەگ و ئامۆزاکانی وە بەهۆی گواستنەوەو رۆیشتنی مستەفا بەگ کەئامۆزای مەحمود بووە، مەحمود بەگ لەگەڵ مستەفا بەگ بالیسان بەجێ دەهێڵێو دێن لە گوندی (دەربەندی گۆمەسپان) جێگیر دەبن. هەرچەندە مەحمود بەگ لە ناکۆکیەکە سەر بە هیچ لایەکیان نەبووە بەڵام دیارە سۆزی بۆ مستەفا بەگ هەبووە هەروەها لەبەر ئەوەش کەوا مستەفا بەگ هەرزەکار و نەشارەزا بووە بۆیە مەحمود بەگ بڕیاری ئەوە دەدا لەگەڵ ئەو بگوازێتەوە بەمەبەستی چاودێری و هاریکاری. دوای چەند ساڵێک مستەفا بەگ گۆمەسپان بەجێ دەهێڵێ و دەگوازێتەوە بۆگوندی (داڵداغان). واتە مەحمود بەگ بەتەنیا لەگوندی گۆمەسپان دەمێنێتەوە.

مەحمود بەگ پیاوێکی بەرچاوفراوان، میوان دۆست و خێرخواز بووە. بەهۆی ئەو بەرچاوفراوانی و خێرخوازییەی یەکێ لەدەستەڵاتدارانی ئەو سەردەمە دەربەندی گۆمەسپان و ئاقارەکانی دەوروبەری گۆمەسپان لەسەر مەحمود بەگ تاپۆ دەکا.

مەحمود بەگ ئەو زەوییە دابەش دەکاتە سەر حەمەدی کوڕی کە تاقانە بووە، مستەفا بەگ کە ئامۆزای بووە هەروەها خورشید بەگ کە خزمی بووەو دانیشتووی گوندی ( قەراسنج ) بووە.

کاتێ مەحمود بەگ کۆچی دوایی دەکا، حەمەدی کوڕی منداڵ بووە. خورشید بەگ خۆی بە پشت و میراتگری ئەو زانیوەو حەمەدی گرتوەتە خۆی، بەڵام دیارە خورشید بەگ چاوی لەو سەروەت و سامانە بووە کەوا بۆ حەمەد بەجێماوە، ئەمە بە هەڵ دەزانێ و دەست بەسەر هەموو ئەو سەروەت و سامان و زەویەدا دەگرێ و دەیانخاتە سەر ناوی خۆی. حەمەد ئامۆزایەکی هەبووە بە ناوی شێخ محەمەد ناسراو بووە بە "مام پرچک". مام پرچک لەو بارودۆخەی حەمەدی تێدابووە نیگەران دەبێ، بۆیە هەرچۆنی بێ و بە هەر رێگایەک بێ حەمەد دەباتەوە بالیسان. دوای ماوەیەک وا رێکدەکەوێ کەوا مام پرچک ژن دەهێنێ و ژنەکەشی خەڵکی گوندی قەراسنج دەبێ بۆیە دێتە گوندی قەراسنج و لەوێ نیشتەجێ دەبێ ( وا پێدەچێ ئەو ژن هێنانەی مام پرچک بە مەبەستی ئەوە بووە حەمەد بگەڕێنێتەوە قەراسنج لای دایکی کەوا زڕدایک بووە لەبەر دوو هۆ:

1 - چاوی لەوە بووە حەمەد سەروەت و سامانی لەوێ هەبووە، واتە ئەو سەروەت و سامانەی خورشید بەگ زەوتیکردبوو، بەڵکو حەمەد بتوانێ لە دوارۆژ بیگەڕێنێتەوە بۆخۆی.

2- بۆ ئەوەی چاوی لە حەمەد بێ. مام پرچک رێگای ئەوە دەدات کەوا حەمەد لای خورشید بەگ گەورە بێت. حەمەد کوڕێکی بڕوا بەخۆ و چاپوک دەبێ، بەچاوی رێزەوە سەیری خورشید بەگی کردوەو خۆی بەیەکێک لەکوڕەکانی ئەو زانیوەو هاوکاری تەواوی ئەوی کردوە، دەگێڕنەوە جارێکیان لەگەشتێکیاندا بۆئێران لەگەڵ خورشید بەگدا، لە رێگادا تووشی بەفر و زریان دەبن، خورشید بەگ ئەسپەکەی لە شاخ هەڵدەدێرێ و دەکەوێتە ناو زەندۆڕێکی پڕ لە بەفر، ئەوانەی کە لەگەڵیدا دەبن خەریکی ڕزگارکردنی گیانی خۆیان دەبن و جێی دەهێڵن، بەڵام حەمەد بەجێی ناهێڵێت و لەژێر بەفر دەری دەهێنێت، بەکۆڵی خۆی هەڵیدەگرێ و ژیانی لە مردن ڕزگار دەکا. کەچی خورشید بەگ لەگەڵیدا ڕاست نەبووە، بەچاوی جیاواز سەیری ئەوو کوڕەکانی خۆی کردوە.

کاتێ حەمەد ژن دەهێنێ و ماڵ و خێزان دادەمەزرێنێ، خورشید بەگ هاریکاریەکی ئەوتۆی ناکاو ئەو زەویانەشی ناداتەوە کەوا کاتی خۆی زەوتیکردبوون. حەمەد بە هۆی ئەوەی کەوا چاوتێرو بڕوا بەخۆ بووە، دیارە دەسەڵاتی خورشید بەگیشی

نەبووە، بە دوای ئەم کێشـەیە ناکەوێ و ملی کار و جوتیاری دەنێ، وەک جوتیارێکی ئاسایی دێ ژیان دەباتە سەر. کاتێ حەمەد مەحمود کۆچی دوایی دەکا، ژنێک و دوو کوڕو سێ کچی لە دوادا بە جێدەمێنێ. (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز حەلیمە حەمەد مەحمود).

## کورتەیەکی ژیانی حەبیبە خدر (دایەحەبیب)

حەبیبە خدر لەگوندی سماقولی سەروچاوە لەدایک بووە، باوکی ناوی خدر، دایکی ناوی فاتم بووە. حەبیب تەمەنی 14 – 15 ساڵان دەبێ باوکی کۆچی دوایی دەکا.

چەند ساڵێک دواتر لەلایەن حەمەد مەحمودەوە خوازبێنی دەکرێ، چارەنوس بەیەکیان دەگەیەنێ و خێزان پێکدەهێنن. لەگوندی قەراسنج ژیانێکی ئاسایی و جوتیارانە بەسەر دەبەن.

دوای کۆچی دوایی حەمەد، حەبیب بەمەبەستی پاراستنی خێزانەکەی و دوارۆژێکی رووناکتر بۆمنداڵەکانی، دەگوازێتەوە شاری هەولێر. هەرچەندە دەست کورت و هەژار دەبن بەڵام بروا بە خۆیی حەبیب و زیرەکی کورەکانی لە گوزەران و کارکردن، دەبنە هۆی بەردەوامی و زندوویی ئەم خێزانە. وەک هەر دایکێکی دڵسۆز، خاوەنی دڵێکی گەورە بووەو بەرژەوەندی کچ و کورەکانی زۆر لا مەبەست بووە.

دەست تێکەڵاوکردنی قادر شۆڕش لە خەباتی کوردایەتی، گیرانە یەک لە دوای یەکەکانی و مانەوەی بە ساڵ لە زیندانەکانی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا، دەبنە هۆی ماندوویی و شەونخونیەکی بێ پسانەوە بۆ ئەو دایکە دڵ گەورەیە. هەموو هەوڵ و زیرەکی خۆی بەکار هێناوە بۆ رزگارکردنی کورەکەی لە زیندان و هەمیشە بەر دەرگای ئەم زیندان و ئەو زیندانی کوتاوەتەوە. هەرچەندە زمانی عارەبی نەزانیوەو هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆی دەربارەی شارەکانی وەک کەرکوک، بەسرا، باقوبەو بەغدا نەبووە، بەڵام ئەو سڵی لەوە نەکردووەتەوە کەوا بە نەخوێندەواری و نەشارەزایی رووبکاتە ئەو شارانە بەمەبەستی بەلایەنی کەم چاوپێکەوتنی کورەکەی.

حەبیب ئافرەتێکی زیرەک لە گفتوگۆو قسە رەوان بووە، دەگێرنەوە جارێکیان ئەوکاتەی کەوا قادر شۆڕش لە بەندینخانەی بەغدا بەند دەبێ، حەبیب بۆ چاوپێکەوتنی و ئازادکردنی مانگانە سەردانی بەغدا دەکا. هەواڵی ئەوە دەبیستێ کە وەزیرێکی کورد بەناوی (سەعید قەزاز ) خەڵکی سلێمانی ماڵەکەی لە بەغدا دەبێ، حەبیب گەلێجار سەردانی ماڵی ئەو وەزیرە دەکا، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی دەست ناکەوێ. رۆژێکیان حەبیب روو لە وەزارەت دەکاو دەچێتە ژوورەکەی وەزیر، وەزیر بەسەرسورماوی و تورەییەکەوە دەڵێ: "ها پیرێژن چیت دەوێ و بۆ یەخەمان بەرنادەیت؟!"

ئەویش دەڵێت: "یەخەت بەردەم! چۆن یەخەت بەردەم! جارێ لێم گەرێ با قسەی خۆم تەواو بکەم جا پاشان حەزدەکەی بمکوژەو لە سێدارەم بدە!" وەزیریش دەڵێ: "باشە فەرموو بزانم چیت هەیە". حەبیب دەست دەکاتە قسەو دەڵێ: "جارێ پێش هەموو شتێک جەنابت لەسەر حسابی کورد بوویتە وەزیر"! وەزیر دەڵێ : "باشە تۆ ئەمە لەکوێ دەزانی!؟" ئەویش دەڵێ: "چۆن نازانم، پاشان تۆ کوردی، منیش کوردم، تۆ یارمەتیم نەدەیت کێ یارمەتیم بدا، نەیەمە لای تۆ بچمە لای کێ، ناگەمە لای خواش ئەگینا دەچوومە لای خوا! بۆیە هەتا کورەکەم ئازاد نەکەی یەخەت بەرنادەم!"

دیارە ئەو قسانەی کاریگەیان لەسەر وەزیر دەبێ بۆیە بەڵێنی پێدەدا کەوا لە هەوڵی ئازادکردنی کورەکەی درێغی نەکات.

حەبیب لەگەڵ ئەوەی بەهۆی کوردایەتیەکەی قادر شۆڕش زۆر ئازاری چەشتووە، بەڵام نەیویستووە رێگای خەبات بە قادر شۆڕش بگرێ و هەردەم پشتگیری کردوەو یارمەتی داوە.

دیسان گیرانی قادر شۆڕش لە ناوەراستی ساڵی 1962 دەبێتە هۆی نیگەرانی زۆری حەبیب، بەڵام ئەوەی هەربەجارێ فشاری بۆ دێنێ و دەیخاتە گێژاوی غەم و نائومێدی، گیرانی کورەکەی تریشی (یەحیا) دەبێ. گیرانی قادرو یەحیا، دیارنەبوونی چارەنووسیان کارەساتێکی پرلە ئازارو بێ بەزەیی دەبێ بۆ دڵی دایکێکی شەکەت و ماندوو. بیرکردنەوەی هەمیشە لەچارەنووسی کورەکانی، شەونخونی و خۆ خواردنەوەی زۆر، پیری و بێهێزی، هەموو ئەوانە زۆری بۆ دێنن، چۆکی پێ دادەدەن

و تووشی نەخۆشی شـێرپەنجەی دەكەن. چەند مانگـێک لەسەر جێگا دەكەوێ، لەسەر جێگاو بە نەخۆشیەوەش بیری هەر لای كوڕەكانی بووە. بۆیە هەمیشە بەناڵەناڵەوە ناوی كوڕەكانی لەسەرزار بووە، هەر بە ناڵین و ناوهێـنانی كوڕەكانیشیەوە دڵـە گەورەكەی لە لێـدان دەكەوێ و حەزو خۆزگەكانی ئەو دایكەش وەک هەزاران دایكیتر دەچێتە ژێـرگڵ.(چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێـز حەلیمە حەمەد مەحمود).

شایەنی باسە چەند مانگێک دوای كۆچی دوایی حەبیب، كوردستان كچی یەحیا كەمنداڵێكی تەمەن هەشت نۆ ساڵان دەبێ، تووشی نەخۆشی دەبێو دڵـە بچكۆلانەكەی لەلێـدان دەكەوێ.

دەگێـڕنەوە كوردستان منداڵێكی ژیرو وریا بووەو باوكی زۆر خۆشویستووە، بۆیە بەهۆی گیرانی باوكی زۆر خەم دەخوا، دەڵێـن رۆژانە گۆرانی بەسەر باوكیدا هەڵگوتووەو چاوەڕوانی هاتنەوەی باوكی كردووە، بەداخەوە مەرگ نایەڵێ بەدیداری باوكی شادبێـتەوە.

# چەند ووشەیەك لەلایەن هەندێ هەڤاڵی دێرینەوە

## چەند ووشەیەك لەلایەن بەڕێز حەسەن مستەفا

من لە ساڵی 1953وە قادر شۆڕشم ناسیوە، ئەو کاتە من لەگەڵ ساڵح شێرە سەرباز بووین لە سەربازگەی هەولێر، قادر شۆڕش نایب عەریف بوو.

ئێمەو چەند برادەرێک ئەوکاتە لە ڕێکخستنی پارتی بەشی سەربازی کارمان دەکرد. ساڵەکانی دواتر پەیوەندیمان زۆر زیاتر بوو بە هۆی گەشەکردنی ڕێکخستنەوە، ئێمە ئەوانی لەناو شار پارتایەتیمان دەکرد کۆمەڵە خەڵکێکی بە ژمارە زۆر نەبووین لەوانە: تۆفیق عومەر، سەید مەجید، حەمە سوور، قادر شۆڕش، محەمەد ئۆمەر، عەبدولقادر محەمەد بیریێژی، محەمەد ئیسماعیل ناسراو بە عەوێنە، فازیل پیرداود، ساڵح شێرە، حەسەن کارەبا، مەلا عەوڵڵاو هەندێ کەسیتر.

ڕێکخستن لە شانەی سەرەکی ئاسایی پێک هات، بۆنمونە بەشی جوتیاران هەبوو کە مەلا عەوڵڵا لێپرسراوی بوو، بەشی کاسبکاران هەبوو کە قادر شۆڕش لێپرسراوی بوو، من لێپرسراوی کرێکاران بووم، یەکیتر لێپرسراوی قوتابیان بوو، بەم جۆرە ئەوانە شانەی سەرەکیان دروست دەکرد. شانەی سەرەکی پێکدەهات لە (7) کەس، ئەو حەفت کەسە هەریەکە دوو سێ شانەی هەبوو، هەر کەسەی بەگوێرەی توانای خۆی. سەرۆک شانەکان ڕاپۆرتی خۆیان دەنووسی و هەفتەی جارێک لەگەڵ سەرۆک شانەی سەرەکی کە ئەندامی ناوچە بوو کۆدەبوونەوەو ڕاپۆرتی خۆیان دەدایە ئەو، ئەویش واتە لێپرسراوی شانەی سەرەکی ئەو ڕاپۆرتانەی وەردەگرت، ڕاپۆرتی خۆی دەنووسی بۆ کۆبوونەوەی ناوچە...

کە شۆڕشی (14) ی گەلاوێژ ڕوویدا، ڕێگا درا بە پارتە سیاسیەکان بە ئاشکرا کار بکەن، ئێمە 18 کەس بووین کەوا ئیجازەی پارتی دیموکراتی کوردستانمان وەرگرت لە شاری هەولێر.

ئەوە بوو لەلایەن پارتی یەوە بڕیاردرا کتێبخانەیەکی سەر بە حیزب دابنرێ، کە کاک قادر شۆڕش هەڵبژێردرا بۆ سەرپەرشتی ئەو کتێبخانەیە لەبەر ئەوە بوو ئێـــمە هەموو ئەندامانی پارتی پێمان وابوو کەوا ئەو مرۆڤێکی هێمن، دڵسۆزو دەست پاکە. کتێبخانەکە ناونرا کتێبخانەی شۆڕش. کاک قادر بە هۆی ناوی کتێبخانەکەوە نازناوی شۆڕشی پێوەلکا.

## چەند ووشەیەك لەلایەن بەڕێز ئەحمەد بێكەس

لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شێستەکان ئێمە چەند کادیرێک بووین بە هۆی کاری ڕێکخستنەوە زۆر لەیەکتر نزیک بووین. ئەو کادیرانە: قادر شۆڕش، سەید مەجید، تۆفیق عومەر ناسراو بە ئازاد، سەید حەسەن و من بووین. ئێمە گەلێجار لە ماڵی خوشکی بەڕێز فاتمە حەمەد واتە خوشکی قادر شۆڕش خۆمان دەشاردەوەو کاری ڕێکخستنمان ئەنجام دەدا. فاتمە حەمەد لەساڵی 1958 وە هاتبوە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشتریش لەگەڵ سالحە خان خێزانی شەهید خەیروڵڵا ئەندامی ئافرەتان بوو. لە ڕاستیشدا ماڵی فاتمە ببوە ماڵی حیزب و ئەو ئافرەتە زۆر ڕوو خۆشانە یارمەتی دەداین و خزمەتی دەکردین.

سەردەمێک قادر شۆڕش کادیر بوو لە ناوچەی بەڕانەتی، یارمەتی مانگانەی ئەو(8) دینار بوو، من یارمەتیەکەم (12) دینار بوو. ڕۆژێکیان لە کۆبوونەوەی لقی دوو کەمن ئەوکاتە ئەندامی لق بووم، داوام لەئەندامی کارگێڕی لق خوالێخۆشبوو کاک ئازاد کرد، کەوا یارمەتیەکەی کاک قادر زیاد بکەن.

کاک ئازاد گوتی: "با کاک قادر داواکاریەک بنووسێ تاکو یارمەتیەکەی بۆ زیاد بکەین". منیش بە کاک قادرم گوت کەوا داواکاریەک بنووسێ بەڵکو یارمەتیەکەی بۆ زیاد بکەن. کاک قادر لە وەڵامدا گوتی: "پێشمەرگە بە شەش مانگ (5) دینار

وەردەگرێت، من مانگی (8) دینارم هەیە، داوای زیادەش بکەم، من یارمەتی زیاترم ناوێ!" ئەوە نیشانەی دڵسۆزی ئەو مرۆڤە بوو.

## چەند ووشەیەك لەلایەن بەڕێز شێخ لەتیف بەرزنجی

لە ناوەراستی پەنجاکانەوە کاک قادر شۆڕشم ناسیوە، ئەو لە خەتی کرێکاران و کاسبکاران کاریدەکرد، ئێمە لە قوتابیان بووین.

ئەوانەی لە پەنجاکاندا لە شاری هەولێر بە نهێنی کاریان دەکرد: مەلا عەوڵڵا، حەسەن مستەفا، قادر شۆڕش، عەریف سلێمان، فازیل پیرداود، مەئمون دەباغ و کۆمەڵێ خەڵکیتر بوون. پەیوەندیم لەگەڵ کاک قادر بە هۆی رێکخستنەوە بوو، سەردەمێک ئێمە بلاوکراوەو پۆستی پارتیمان بەهۆی ئەوەوە پێ دەگەیشت و دەمان گەیاندە شوێنیتر. ئەو بلاوکراوانە لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتییەوە رەوانە دەکران بۆ کاک قادر ئەویش دەیگەیاندە موسڵ و لەوێشەوە بۆ سوریا دەچوو.

ئێمە گەلێک چالاکیمان بەیەکەوە ئەنجام داوە لەوانە، جارێکیان ئەرکی یادکردنەوەی شەهیدانی 19 ی حوزەیرانمان پێ سپێردرا، ئەوانەی کەوا سەرپەرشتی ئەو رێ پێوانەیان کرد: حەسەن مستەفا، قادر شۆڕش، من و هەندێ خەڵکیتر بووین. توانیمان ئەو یادە پیرۆزە، یادی چوار ئەفسەرە شەهیدەکە بۆ یەکەمجار لە دوای شۆڕشی 14ی گەلاوێژ بە ئاشکرا بکەینەوە، سەرکەوتوانە کارەکەمان ئەنجامدا و کاک قادر رۆڵی دیاری هەبوو تیایدا.

کاک قادر شۆڕش چاوی لە پارەو پول نەبوو، سەربازێکی وون بوو بۆ کوردایەتی .

ئەم پارچە شیعرە پێشکەشە بە هەڤاڵی نەمر و تێکۆشەر قادر شۆڕش :

*شۆڕش نەبەز بوو لە هەوڵ و خەبات*
*دڵسۆزی رێکەی میللەت و وڵات*
*درێغی نەکرد ئەو لە مەیدانا*
*هەتاکو مردن لە تێکۆشانا*

## چەند ووشەیەك لەلایەن بەڕێز عەلی حەسەن سۆربەشی

من لە ناوەڕاستی پەنجاکان قادر شۆڕشم ناسیوە، من پەیوەندی رێکخستنم زیاتر لەگەڵ ساڵح شێرە بوو. هەرچی پەیوەندیم لەگەڵ قادر شۆرش هەم لە رێگای پارتیەوە بوو، هەم وەک برادەر. کاتێ ئەو کتێبخانەکەی شۆڕشی هەبوو پەیوەندیمان زیاترو بەهێزتر بوو. قادر شۆڕش پیاوێکی دەست پاک، رێک و پێک، ئێمە هەمووڵایەک سوێندمان بە سەری ئەو دەخوارد.

جارێکیان لەگەڵ ساڵح شێرە بەیەکەوە بووین، سابیر ئاغا کەئەندامی حیزب بوو هاتە لامان، پیاوێکی لەگەڵدا بوو ناوی حەمەد بوو، ئەو پیاوە چەندی بلێی رەزاگرانو ناشرین بوو! سەرگەورە، دەم و لوت گەورە، لچولێو ئەستوور، چاوزەق و شرو شەپرێو. سابیر ئاغا بە ساڵح شێرەی گوت: "بابچینە ژوورەوە کارم پێتە!" چووینە ژوورەوە، سابیر ئاغا رووی لە ساڵح شێرە کردو گوتی: " ئەم پیاوەم هێناوە دەیەوێت پەیوەندی بە پارتیەوە بکات!" ساڵح شێرە سەیری سەرو سیمای کابرای کرد،

سەرێکی باداو گوتی: "پەکو، سابیر ئاغا ئەوە چییە لۆمنت هینایە؟! سابیر ئاغا کە ئەمەی گوێ لێبوو زۆر توڕە بووو چووە دەرەوە. ساڵح شێرەش هەر لەگەڵ چوونە دەری ئەو گوتی: "سەگباب وەدەزانی سەنعانە گۆجم!!" سەنعانە گۆج پیاوێک بوو لە بازاڕی ئاژەڵان ڕەشەوراغ و مەڕو ماراتی دەکری و دەفرۆشت. سابیر ئاغا ڕۆیی‌و لەڕکان ڕاست چوو بووە شیوعی!

## چەند ووشەیەك لەلایەن بەڕێز فازیل پیرداود

من کاک قادر شۆڕشم بە هۆی عەبدولقادر محەمەد ناسی، ئەوان لە ڕێکخستنی سەربازی کاریان دەکرد. ئێمە ئەوانەی کە ئەو کاتە بەهۆی ڕێکخستنەوە لە یەکتر نزیک بووین: عەریف سلێمان، عبدولقادر محەمەد، حەسەن مستەفا، ئەحمەد بێکەس، سابیر ئاغا، سەید حەسەن، قادر شۆڕش، شەمسەدین موفتی، ساڵح شێرەو هەندێ کەسیتر بووین.

قادر شۆڕش کادیرێکی ماندوونەناس بوو بۆ نمونە لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول، شۆڕش لاواز بوو و باری دارایی خراپ بوو، بۆیە ئێمە ئەندامانی پارتی هەڵساین بە کۆکردنەوەی یاتاغ و شمەکی خەوتن، ئەمە بەمەبەستی کۆمەککردن بە شۆڕش. ئێمە ئەو شمەکانەمان کۆدەکردەوە و ئەماندایە کاک قادر، ئەویش ئەو یاتاغانەی دەگەیاندە شوێنی مەبەست. نمونەیەکیتر ڕۆژنامەی خەبات بۆ ئەو دەهات، ئەویش دەبوایە ئەو ڕۆژنامانە بگەیەنێتە شارکانیتر. ڕۆژنامەکانی هەڵدەگرت و گەراج بە گەراج دەگەڕا، بە شوفێرە ناسیاوەکان ڕۆژنامەکانی ڕەوانە دەکرد.

هەروەها قادر شۆڕش مرۆڤێکی هێمن و هۆشمەند بوو، بۆنمونە لە دوای شــــۆڕشــی

14ی گەلاوێژ نێوانمان لەگەڵ شیوعیەکان خراپ بوو، گەلێجار دەبووە مشتومڕو دەمەتەقێی گەرم لە نێوانماندا، بۆیە زۆرجار نزیک بوو لەیەکتر بدەین، بەڵام ئەو مرۆڤێکی نەرم ونیان بوو، ئەو بە گفتوگۆ و بەهێمنی قسەی لەگەڵ دەکردن و دەیویست کێشەکانیان بۆ بسەڵمێنێ.

## چەند ووشەیەك لەلایەن بەڕێز مامۆستا حەیدەر هەمزە

شارەزایی من دەربارەی خەباتی کاک قادر شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی پەنجاکان. ئەو ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەوسەردەم. کاک قادر شۆڕش و هەڤالانیتری ناوچەی هەولێر ، تێکۆشەران: حەسەن مستەفا، مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل، ساڵح شێرە، ڕەیس عورەفا عەبدولقادر محەمەد هەروەها من کە ئەو کاتە لێپرسراوی کەرتی قوتابیان بووم، پەیوەندی ڕێکخستنمان بەیەکەوە هەبوو. لەو کاتەی ئەو کتێبخانەی شۆڕشی هەبوو، پەیوەندی ڕێکخستنمان زیاترو بەتینتر بوو. ئەم کتێبخانەیە بنکەی گرنگی بەیەکگەیشتنی هەڤالانی پارتی بوو.

کاک قادر شۆڕش نەک تەنها ئەندامێکی چالاکی ناو ڕێکخستنی پارتی بوو، بەڵکو ڕۆڵی دیاری هەبوو لەچالاکی نواندن لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردستانیەکاندا.

ئێمە ئەو کاتە بەهۆی ئەوەی خوێندکار بووین دەچووینە لای ئەو بۆکتێب و بلاوکراوە لێوەرگرتن، ئەو ئامۆژگاری دەکردین کەوا نەک بە تەنها لە خەباتی کوردایەتی و ڕێکخستندا چالاکی بنوێنین، بەڵکو ئامۆژگاری زۆری دەکردین کەوا گرنگی زۆر بدەین بە خوێندن و خوێندنەوە، بۆ ئەوەی ببینە ئەندامێکی بە سوودی کۆمەڵ، بۆ ئەوەی گرنگی بە لایەنی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنخوازی بدرێ. ئەو دەرکی کردبوو بە دەردی کوشندەی نەخوێندەواری، بە تایبەتی ئەو سەردەم زۆربەی زۆری خەڵکی کۆمەڵی کوردەواری نەخوێندەواربوو.

کاک قادر شۆڕش دەستێکی سەخیانەی هەبوو لە یارمەتی خوێندکاران، ئەم یارمەتییە جارجار منیشی دەگرتەوە، ئەو یارمەتی دەدام بۆ دابینکردنی هەندێ پێداویستی خوێندن. کارگەیشتە ئەوەی وەکو براگەورە و برا گچەکەمان لێبێ، من لە کاتی پشووی هاوینان ئیشم دەکرد، ئەو پارەیەی لەم چەند مانگەدا دەستم دەکەوت لای ئەوم دادەنا، کەوا ئەو لە کاتی خوێندن مانگانە، مانگی (3) دینارم بداتەوە, ئەمە وەکو ئەمانەت. ئەو لەوانەیە ئاگاداری بژێوی خوێندکارانی تریش بووبێ، چونکە ئەو بایەخێکی زۆری بە خوێندکاران دەدا.

کاک قادر شۆڕش دەیتوانی وەک هەندێ کادیر و کارگێڕی پارتی پاداشت وەربگرێ، بەڵام ئەو ڕووی لە کرێکاری و بەردشکاندن کرد.

ئەو هەمیشە ئاواتی ئەوە بوو کەوا هەموو ڕێکخراو و توێژەکانی کۆمەڵ لە ژێر سایەی ڕێکخراوێکی دیموکراتیانە کۆببنەوە، بە هەستێکی دیموکراتیانە خەباتی خۆیان یەک بخەن بۆ سەرخستنی شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان. تەنها مەبەستی ئەو سەرکەوتنی ئەو ڕێبازە و گەیشتنی گەلی کورد بە مافی ڕەوای خۆی، مافی چارەی خۆنووسین، ئەو هیچیتری بەلاوە گرنگ نەبوو.

تێکۆشەری کورد کاک قادر شۆڕش مرۆڤیکی ئێجگار ڕاستگۆ، دەست پاک، ڕەوشت بەرز، بەڕاستی نمونەیەکی ڕاستەقینەی تێکۆشان و خەباتی کوردایەتی بوو.

## چەند ووشەیەك لەلایەن بەڕێز محەمەد ئــۆمەر

من لە ساڵەکانی 1954 و 1955 دا کاک قادر شۆڕشم ناسی. لە 1957 و 1958 کارمان بەیەکەوە زۆرتر پەرەی سەند.

ئێمە لە ڕێکخستنی پارتی کارمان دەکرد، کاک قادر شۆڕش زۆرکات لێپرسراوی من بووە. ئەو لێپرسراوی شانەی سەرەکی بوو و چەند شانەیەکی هەبوو. سەردەمێک مەحمود مەلا، ئەحمەد غەفور، مەلا عەوڵلای گعێتلی هەروەها من سەرۆکی شانە بووین و کاک قادر بەرپرسمان بوو. ئێمە راپۆرتی خۆمان دەدایە ئەو، ئەویش راپورتی خۆی بۆ سەرووتر دەنارد.

کاک قادر شۆڕش مرۆڤێک بوو حەزی بە کاری ڕاست و دروست بوو, لە کاری ناڕاستو چەوت بێـدەنگ نەدەبوو. بۆ نمونە جارێکیان کاک حەمە سوور کە ئەو کاتە لێپرسراوی کاک قادریش بوو، هەندێ پارەی لە یارمەتی حزب بۆ خەرجی خۆی گـێڕابۆوە، کاک قادریش بەمەی زانیبوو. کۆبوونەوەمان هەبوو و کۆمەڵێک لێپرسراوی شانە دانیشتبووین: کاک ئازاد، کاک مەغدید، ئەحمەد بێکەس، قادر شۆڕش، مەلا عەوڵلا, کاک حەمە سوور و من. کاک حەمە سوور ڕاپۆرتەکانی دەخـوێندەوە، کاتـێ گەیشتە ڕاپۆرتی کاک قادر، گوتی: "ئەم ڕاپۆرتە هی قادر شۆڕشە". کە ڕاپۆرتەکەی خوێـندەوە، ڕەنگـی گـۆڕاو گوتی: "ئەوە ڕاستە، بەڵام قادر شۆڕش غەدرت لـێـم کردیـە!" کاک قادر گوتی: "باشە بۆمانی ڕوون بکەوە چۆن؟" کاک حەمە سوور گوتی :" دەبوایە پێت بگوتمایە ئەوە مەکە چونکە من لە ناچاری ئەوەم کردیە!" کاک قادر وەڵامی دایەوەو گوتی: " لەکاری حیزبایەتی ئەوە نابێ بکرێ". کاک حەمە سوور بانگی خێزانەکەی کردو گوتی: "من بەخۆم و ماڵ و منداڵەوە سێ شەو و سێ ڕۆژان بە برسیەتی دانیشتیمە. من یارمەتیەکەم 4,750 فلسە. ڕاستە مـن (2,500) دوو دینار و نیوم لە یارمەتی حیزب دەرهێـناوە، بەڵام من مەبەستم ئەوە نەبووە بیخۆم، من لە ناچاری ئەوەم کردیە!" کاک قادر شۆڕش وەڵامی دایەوە: "تۆ لە خۆتەوە و بێ بڕیاری حزب ناتوانی هەڵسوکەوت بە یارمەتی حزب بکەیت، دەبوایە بە بڕیاری حیزب بێ و حیزب ئاگاداری ئەمەبێ". مەلا عەوڵلا هاتە ناو قسەکانیان و گوتی: "کاکە ئەوەندەی نایێنی، با ڕای برادەران وەربگرین و دەنگی لەسەر بدەین".

هیچ کەسێـک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لایەنگری کارەکەی کاک حەمە سوور نەبوون، هەموویان لایەنی کاک قادریان گرت. کاک حەمە سوور پڕی چاوی ئاو بوو, گوتی: "من بە هەڵەدا چوویمەو داوای لێبوردن دەکەم، حیزب چیم بۆ دادەنێ وادەکەم!" لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کاک قادر شۆڕش چاوپۆشی لە کاری چەوت نەدەکرد.

## چەند ووشەیەك لەلایەن بەڕێز مەلا خدر

من لە ساڵی 1958 ـەوە کاک قادر شۆڕشم ناسیوە.

جارێکیان لە کۆبوونەوە دەگەڕاینەوە، لە بناری سەفین تووشمان بوو بە هێـزی جاشو سەربازی دوژمن, بووبە شەرێکی گەرم، شەڕەکە (3) کاتژمێـری خایاند. لە ئەنجامدا دوژمن شکاو زیانەکانی: کوژرانی دوو جاش و یەک سەرباز بوو، پێشمەرگە بێ زیان بوو. ئێـمە (9) نۆ کەس بووین، دوای شەڕەکە زۆر شەکەت و ماندوو بووین، بەرە بەری نیوەڕۆ بوو بۆیە زۆریشمان برسی بوو، چووینە بن سێبەری دارێـک و دانیشتین، برادەران گوتیان: "ئەرێ برسیمانە چی بکەین؟!" کاک قادر شۆڕش وەڵامی دایەوە گوتی: "خۆبگرن من داوەتتان دەکەم!" تومەز ئەو لەناو تورەگەکەی (9) نان و (20) هەنجیری پێ بوو، بەڵام ئەو نەیگوت چۆن و بەچی داوەتمان دەکا.

کاتێ کە تەق و تۆق نەما و دڵنیابووین لە کشانەوەی دوژمن، برادەران پرسیان: "شۆڕش کوا داوەتی ئێمە؟" ئەو گوتی: "بابچینە سەر ئاوا" چووینە سەر ئاوێک، تورەگەکەی کردەوە، نان و هەنجیرەکانی دەرهێنا، هەریەکەو یەک نان و دوو هەنجیری پێدایین.

هەروەها جارێکیان لە ناوەڕاستی مانگی 3⁄1975 بوو، لە بارەگای ناوچە دانیشتبووین، کاک قادر بەرپرسمان بوو، گوتی: "من ماوەیەکی زۆرە سەردانی ماڵەوەم نەکردوە، حەزدەکەم مۆڵەتم بدەن". ئێمە گوتمان: " فەرموو بۆ خۆت مۆڵەت بۆ خۆت بنووسە!" دیار بوو(10) رۆژی بۆ خۆی نووسی بوو، ئێمەش بۆمان کرد بە(20) رۆژ و بەرێمان کرد. بارودۆخ وا سوڕا هەموومان لە کوردستانی ئێران یەکترمان بینیەوە.

لە شاری خانە لەگەڵ ئەو و هەندێ برادەریتر، خۆمان ئامادە کردبوو بۆ گەڕانەوەو پێکهێنانی "شتێک".

**بەشی دووەم**

# کۆڵنەدان و هەڵکشـــان

**نووسین و ئامادەکردنی**
**شاخەوان شۆڕش**
**ساڵ** 2000

**بـــەرایــی**

بەشی دووەمی ئەم کتێبە بریتیە لە ژیان و خەباتی سیاسی قادر شۆڕش لە دوای ساڵی 1975 تا ڕۆژی کۆچی دوای کردنی لە 1983/6/11.

لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵێک چاوپێکەوتن هەروەها زانیاری کۆکردنەوە بەنامە لەلایەن هەڤاڵانی نزیکی قادر شۆڕش ئەم بەشە ئامادەکراوە و نووسراوەتەوە. بۆیە بابەت و باسەکانی ئەم بەشە پوختەی ئەم زانیاریانەن کە بەهۆی چاوپێکەوتن یا نامە کۆکراونەتەوە. بەواتایەکیتر گێڕانەوەوباسەکان ڕاو بۆچوونی ئەو کەسانەن کەوا ڕاستەوخۆ بەشداریان لە ڕووداوەکان کردووەو ئەکتەری سەرەکی ناو ڕووداوەکانن. ئیتر ئەوان وا باسەکان دەگێڕنەوەو وای بۆدەچن، بۆیە ئاساییە مرۆ لەگەڵ هەندێ لە ڕاو بۆچوونەکان تەبا نەبێت. دیارە بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکان سوود لە هەندی سەرچاوە وەرگیراوە.

لەبەر ئەوەی ژیانی سیاسی قادر شۆڕش دوای ساڵی 1975 پەیوەندی نزیکی بە دروستبوونی بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە هەروەها گەشەکردنی بزوتنەوە لە ساڵانی دواتر بۆیە بە کورتی باسی چۆنیەتی لەدایک بوونی بزوتنەوەو قۆناغەکانی دواتر کراوە .

لێرەدا پێویستە بگوترێت هەندی لەو بابەتانەی لێرەدا باسکراون پێویستیان بە باس و ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، ئەوەی لێرەدا کراوە تەنها هەوڵێکی بچوکە بە مەبەستی تیشک خستنە سەر هەندێ لایەنی بابەتەکان.

ئاگادار کردنەوەم لەزانیاریو سەرنج و تێبینییەکانتان جێگای سوپاسی زۆرەو هیوادارم چاپی داهاتووی ئەم کتێبە زانیاری زیاتر بگرێتە خۆی. ببوورن لەهەر کەموکوڕیەک ...

نوسەر

## سەرهەڵدانی بیرۆکەی بزوتنەوە

لە ڕێکەوتی 1975/3/6 دا ڕێککەوتننامەی جەزائیر مۆردەکرێ، ئەو ڕێککەوتننامەیەی بوو بەهۆی تێکچونی شۆڕشی ئەیلول، ئەوەبوو مەلا مستەفا بارزانی بڕیاری وازهێنانی لە شۆڕشدا.

بڕیاری وەستاندنی شۆڕش لەلایەن بارزانی یەوە بووەتە هۆی دەمەتەقێ، مقومقۆو نارەزایی لە نێوان کادیران و کەسانی هۆشیاری ئەوسای پارتی لە هەموو ئاستێکدا. هەندی لە کادیرانی پێشکەوتووی ئەوسا هەوڵی ڕزگارکردنی جوڵانەوەی کورد لەم نسکۆیە دەدەن. هەر بۆ ئەم مەبەستە بیر لە گەلێ ڕێگا چارە ئەکرێتەوە، بەڵکو لەلایەن هەندی کەسەوە هەندێ هەنگاوی بچوکیش ئەنرێ بە مەبەستی بەردەوامی بەرگریو شۆڕش. هەندی لەو کادیرە پێشکەوتووانەی کە بڕوایان بە درێژدان بە شۆڕش هەبووە لە نێوانیاندا: سەیدا ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی هەژار هتد..

بۆ نمونە سەیدا ساڵح یوسفی لە دوا کۆبوونەوەیدا لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی پێشنیاری درێژەدان بە خەبات دەکا، بەڵام داواکەی پەسەند ناکرێ. ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: "کاتێ پێویست بوو شەرنەکەین شەرمان کرد، کە پێویستمان بە بەرگری و شۆڕشە دەڵێین شەڕ لە بەرژەوەندماندا نی یە![1]

کاتێ سەیدا ساڵح یوسفی بێ ئومێد دەبێت، بڕیاری گەڕانەوە بۆ عێراق دەدا، بە هیچ جۆرێک ئامادە نابێت بچێتە ئێران چونکە ئەو هەر لەبنەڕەتەوە بڕوای بەپەیوەندی نێوان پارتی و حکومەتی ئێران نەبووە.

---

[1] عبدالسلام علي، صفحات من نضال الشهيد صالح اليوسفي ص25.

*نمونەی هەندێ لەو هەولانەی کە باسیان دەکرێ بەمەبەستی درێژدان بە شۆڕش :*

نزیکەی هەفتەیەک دوای ڕاگەیاندنی مەلا مستەفا بارزانی بەوازهێنان لە شۆڕش، عەلی هەژار و هەندی کادیریتر بڕیاری بەرگری و بەرخۆدان دەدەن بۆ ئەم مەبەستە کۆمیتەیەک دروست دەکەن بەناوی کۆمیتەی سەرپەرشتی بەرخۆدان (مقاوەمە)، ئەمانە شەرێکی گەورە لەکۆشی سپی ئەنجام دەدەن دژی هێزەکانی ڕژێم و زیانێکی زۆر بەدوژمن دەگەیەنن. لە کاتێکدا ئێران بڕیاری کشانەوەی یەکجاری هێزەکانی خۆی دابوو.

لەکۆبوونەوەیەکدا لە نێوان کادیرانی سەروو و خواروو (ئەم کۆبونەوەیە لە شاری نەغەدە دا کراوە) کادیرانی پلە دوو زیاتر، پێشنیاری بەستنی گۆنگرە دەکرێ. ئەمەش چونکە ئەوان پێیان وابووە کە بڕیاری شۆڕش ڕاگرتن لەلایەن مەلا مستەفاوە بووە وەکو سەرۆکی گشتی پارتی و تاکە کەسێک، بەڵام بڕیاری لەم شێوەیە دەبێ پارت بیدا ئەمەش لە کۆنفراس یا کۆنگرەیەکدا ئەمە بەپێی پەیڕەوو پرۆگرامی حیزب، بەواتایەکیتر دەبێ کۆنگرە بڕیاربدا هەنگاوی داهاتووی پارتەکە چی دەبێ، ئایا ئەو پارتە خۆی سڕ دەکا، بڕیاری درێژدان بە خەبات دەدا، خۆی هەڵ دەوەشێنێتەوە هتد.. دیارە جگە لەم هەولانەی کە باسکران، باس لە هەوڵێتریش دەکرێ، بەڵام هەموو ئەو هەولانە لەلایەن سەرکردایەتی بارزانییەوە ڕەت دەکرێنەوە تاڕادەیەک هەڕەشەش لەو خەڵکە دەکرێ.

دوای سەرنەگرتنی ئەم هەولانە هەرەس هێنانی شۆڕش دەبێتە ڕاستییەکی ڕاشکاو، ئەوە بۆتە هۆی زیاتر بێزاری و نائومێدی زۆری خەڵکە هۆشیارەکەی ناو پارتی.

ئەوە بوو خەڵکێکی زۆر ڕوو لە شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەن بەتایبەتی شارەکانی (خانە و نەغەدە) بەمەبەستی زانینی چارەنووسیان، دیارە لەهەمان کاتدا خەڵکێکی زۆریش لە ئۆردوگاکانی ئێران بوون و چاوەڕوانی بڕیاری چارەنووسیان کردوە. کۆمەڵێ لە کادیرانی هۆشیار بە تایبەتی کادیرانی پلە دوو لە شاری نەغەدە کۆدەبنەوە. ئەمانە دەست دەکەن بە کۆبوونەوە، یەکتربینین و باسکردن لە کارەساتی هەرەسەکە. وردە وردە کۆبونەوەکانیان زیاتر دەبێت و شێوەی جموجۆڵێکی سیاسیانە بەخۆیەوە دەگرێ. ئەوانەی کە بەشداری ئەو کۆبوونەوانە بووینە ژمارەیان لە نێوان 100 - 150 کەس دەبێ. لە نێوانیاندا عەلی هەژار وەکو ئەندامی سەرکردایەتی پارتی هەروەها کادیرانی پلە دوو وەکو مەلا ناسیح، ڕەحمان گۆمەشینی، سەید مەجید، قادر شۆڕش، بەکر عەلی، نوری عەبدولڕەحمان، دکتۆ خالید، مەلا عومەری چل هەوێزەو زۆریتر، ئەوانە خەڵکی شارەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکـوک، دهۆک و زاخۆ بوون.[2]

دیارە خڕبوونەوەو جموجۆڵی ئەو خەڵکە لەلایەن ساواکی ئێران و پاراستنی پارتی یەوە تاڕادەیەک چاودێری کراوە.

بابەتی باس و سەرەکی ناو کۆبوونەوەکان پرسیاری ئەوە دەبێ *"چی بکەین"* ؟

لە ئەنجامی چەند کۆبوونەوەیەکدا، بەشداران ڕێکدەکەون لەسەر چەند بڕیارێک کە دەکرێ بکرێنە دوو بەش.

*بەشی یەکەمی بڕیارەکان :*

1. بەهیچ جۆرێک ناچینە دەرەوەو هەندەران.
2. بەهیچ جۆرێک لە ئێران نامێنینەوە.
3. دەگەڕێینەوە خوارووی کوردستان.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا ناسیح.

4. هەوڵ بدرێ  زۆرترین کادیر و خەڵکیتر بنێردرێنەوە خوارووی کوردستان، چونکە کوردستانی بندەستی عێراق شوێنی خەباتی ئێمەیە.

*بەشی دووەمی بڕیارەکان:*

1. بەردەوامی پەیوەندی هەبوون بە یەکتر دوای گەڕانەوە بۆ ناو ڕژێم.

2. دوای گەڕانەوە ڕێکخراوێکی سیاسی دروست بکرێت. ڕێکخراوێکی فراوان بێ، هەردوو باڵی کۆنی پارتی بگرێتە خۆی، واتا " مەلایی و جەلالی"، ئەمەش بە مەبەستی چارەسەری ناکۆکیەکەی نێوان ئەو دوو باڵە دوای جیابونەوەکەی 1964 هەروەها دوورکەوتنەوەی یەکجاری لە شەڕی براکوژی. بەواتایەکتر ڕێکخراوێک خاوەنی ڕێکخستنێکی وەکو ئەو ڕێکخستنەی پارتی پێش 1964 بێت، ناکۆکی و دووبەرەکی لەبیر بکرێت.

دیارە ئەو کاتە حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی ڕاگەیاندوە، ئەوخەڵکە سوود لەم لێبووردنە وەردەگرن و زۆربەیان دەگەڕێنەوە.

ڕژێمی عێراق هەڵدەسێ بە دوورخستنەوەی زۆربەی ئەوانەی پلەی حیزبی و پێشمەرگایەتیان بەرزبووە. دوورخستنەوەکەش بۆ شارەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق دەبێ.

*ئەو کادیرانە دوای گەڕانەوەیان بۆ ناو ڕژێم پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دروست دەکەنەوەو لەسەر ئەمانە ڕێکدەکەون:*

1. پەلەنەکردن لە دروستکردنی ڕێکخراوی سیاسی ئەوەش لەبەر :

ا) چاودێریکردنی مەبەست و پیلانەکانی ڕژێمی عێراق بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، بە واتایەکیتر پەلە نەکردن بە مەبەستی تێگەیشتن لە نیازی ڕژێمی عێراق بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان.

ب) بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەو دەرکەوتنی مەبەستی ڕاستەقینەی ئەوانەی  ویستی خەباتکردنیان هەیەو سەر ڕاستیان لەمەڕ کارکردنەوە.

2- خۆدەرنەخستن و وریایی هەروەها خۆ دوورخستنەوە لەهەنگاوی بەپەلەو تاووتوێ نەکراو.

بەشێکی ئەو کادیرانە چالاکانە درێژە بە پەیوەندیەکانی نێوان خۆیان دەدەن، هەروەها پەیوەندیش بە سەیدا ساڵح یوسفی دەکەن لە بەغدا کە ئەوکاتەلە ژێر چاودێری ڕژێمدا بووە. ئەوکادیرانەی بەشێوەیەکی  چالاکانە یەکتریان بینیوەو پەیوەندیان بەیەکترەوە هەبووە لە ناویاندا: عەلی هەژار، ڕەسول مامەند، تایەرعەلی والی، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، مەلا ناسیح ، کاردۆ گەلالی، سەعدی گچکە، عومەر دەبابە، نورەدین عبدولڕەحمان، سەید کاکەو هەندێکیتر. ئەوانەی کەپەیوەندیان بە سەیدا ساڵح یوسفییەوە کردوە، چوونەتە ماڵەکەی و لەگەڵ ئەو کۆبوونەتەوە. بەلام پەیوەندی کردنی ئەوانە لەگەڵ یەکتر بەزۆری لە شاری بەغدا لە چایەخانەو گازینۆکانی ئەوێ بووە، ئەمەش لەبەر نهێنی پارێزی و دڵنیایی. گەلێک لەوکادیرانە دوورخراوەبوون لە شارەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق. بۆ نمونە عەلی عەسکەری دوورخرابۆوە بۆ (ڕەفاعییە)، عەلی هەژار دوورخرابۆوە بۆ (سەماوە)، تایەر عەلی والی بۆ (ڕومادی) دوورخرابۆوە هتد.. ئەوانەی تریش  کە لە بەغدا بووینە یا هاتوونەتە بەغدا بەهۆی کاری تایبەت و خوێندنەوە دەبێ. بۆ نمونە ڕەسول مامەند لە کۆلیژی یاسا خوێندویەتی لە بەغدا، کاردۆ گەلالی لەکۆمەڵەی کۆڕی زانیاری کورد کاری کردوە، مەلا ناسیح بە ئیش و کاری تایبەت سەری بەغدای داوە ئیتر بەمجۆرە.

چەند مانگێک دوای هەرەسەکە ڕژێمی بەغدا زۆر بە فراوانی دەستدەکا بە تێکدانو خاپوورکردنی گوندەکانی سنوور، ڕاگواستنی خەڵکەکەو بەزۆر خڕکردنەوەیان لەئۆردوگای زۆرەملێ هەروەها ڕاونان، زیندانیکردن، کوشتن و لەسێدارەدانی

هەرکەسێ کەچالاکی سیاسی هەبووبێ یا گومانی دژایەتی رژێمی لێکرابێ. بەرزبوونەوەی رادەی بەعارەبکردنی ناوچە گرنگو ستراتیژیەکانی وەک کەرکوک، خانەقین، مەخمور، ژەنگارو ناوچە سنورییەکانیتر، واتە ئەوناوچانەی کەسنووریان لەسنووری ناوچە عارەبیەکان نزیکە.

بەکورتی رژێم دەستی کرد بە پیادەکردنی سیاسەتی لەناوبردنی نەتەوەی کورد، گۆرینی شوێنەواری جوگرافی و دیمۆگرافی ( سەرژمێر، قەوارە وستروکتوری دانیشتوان) کوردستان. رژێم ئەم سیاسەتی لەناوبردنە بەئاسانیو بێ بەرهەڵستکاری بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو پلان بۆ دانراو پیادە دەکات.

ئەمەش بەرادەیەکی زۆر بەهۆی نەبوونی هیچ رێکخراوێک یان پارتێکی بەرهەڵستکار کەخاوەنی هێزێکی چەکداربێ و بتوانێ پێش بەم سیاسەتی راگواستنو رەشکردنەوەیە بگرێت.

**لەدایکبونی بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان**

لەکۆتایی ساڵی 1975 و سەرەتای ساڵی 1976 دا ئەو کادیر و خەڵکەی کە پەیوەندیان بە یەکترەوە بە بەردەوامی هەبووەو جموجۆڵێکیان بووە بەهۆی ئەم بارە ناهەموارەی کوردستان و سیاسەتی دڕندانەو بەربەریانەی رژێم دەکەونە خۆ و چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەیدا ساڵح یوسفی دەکەن. لە کۆبونەوەکاندا بەووردی و بە درێژی باسی گرفت و کێشەکان دەکەن.

ئەوان پێیان وابووە کە نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان کەوتونەتە بەردەم هەڕەشەو مەترسی لەناوچوون، بۆیە وەکو پێویستیەکی مێژوویی، پێویست هەبووە بۆ لەدایکبوونی یان دروستکردنی رێکخراوێکی سیاسی کە خۆی لە خۆیدا دەبێتە بەرپەرچدانەوەیەکی گونجاو لەدژی سیاسەتی پاکسازیانەی رژێم. هەروەها نیشاندانی زیندوویی نەتەوەی کورد و بەرخۆدانی خەڵکی کوردستان.

لە یەکێ لە رۆژەکـانی مانگی یەکی 1976دا کۆبوونەوەیەکی گرنگو یەکلاکەرەوە دێتە ئاراوە ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەی رێکخستن و یەکخستنی بیرو ڕاو بۆچوونەکان لە چوارچێوەیەکی سیاسیانەدا دەبێ، ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەی دامەزراندنی رێکخراوی بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان دەبێ. ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە شەش کەس دەبن کەوا بە دەستەی دامەزرێنەران ناسراون ئەوانە: سەیدا ساڵح یوسفی، ڕەسول مامەند، نورەدین عەبدولڕەحمان، عەلی هەژار، تایەر عەلی والی، مەلا ناسیح .

لە رێکەوتی 1976/4/7 دا یەکەم بەیانی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی بزوتنەوە دەردەچێ و بڵاودەکرێتەوە[*]. بزوتنەوە رێکخراو دەبێ واتە پارت نەبووە هەروەها سەیدا ساڵح یوسفی بەڕابەری بزوتنەوە هەڵدەبژێردرێ.

---

[*] هەرچەندە بزوتنەوە لە مانگی یەک دامەزراوە بەڵام یەکەم بەیانی ڕاگەیاندن دواخراوە تا مانگی چوار.

## پراکتیک** و ئایدۆلۆژیای بزوتنەوە

**گرنگترین خاڵە پراکتیکی و بنەڕەتیەکانی بزوتنەوە ئەمانەی خوارەوە بوون:**

1. پشت بەستن بە سەرکردایەتی بە کۆمەڵ هەروەها ڕێگا نەدان بەکاری تاکڕەوانە.
2. حەرامکردنی شەڕی براکوژی، هەروەها کۆکردنەوەی کەسانی سەر بەهەردوو باڵە کۆنەکە (جەلالی و مەلایی) لەناو ڕێکخراوی بزوتنەوە، ئەمە وەکو هەوڵێک بۆچارەسەرێکی گونجاوو بنەڕەتیانە بۆ ناکۆکیەکەی دوای 1964.
3. دارشتنی بەرنامەیەکی زانستیانە کەپشت ببەستێ بەبنەما دیموکراسیەکان.
4. جەخت کردنەسەر لایەنی چۆنایەتی ڕێکخستن واتە کەمی و پوختی ڕێکخستن.
5. خۆ دوورخستنەوە لە کاری هەرزەکارانەو خۆدەرپەڕاندن.
6. هەڵوێست وەرگرتن و بەرپەرچدانەوەیەکی توند بەرامبەر سیاسەتی تەعریب، ڕاگواستن و تۆقاندنی ڕژێمی بەغدا.
7. پەیوەندیەکان.
   - ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە پەیوەندیەک لەگەڵ وڵاتانی ئێران، تورکیا، سوریا لەسەر حسابی نەتەوەی کورد بەگشتی و پارچەکانیتر بەتایبەتی.
   - پەیوەندی برایانە و هاوکارانە لەگەڵ پارتە کوردستانیەکان.
   - دروستکردنی پەیوەندی هاوکاریانە هەروەها پشتگیری خەباتی گەلانی ژێر دەستە.
8. بزوتنەوە درێژەپێدەری سروشتیانەی پارتی دیموکراتی کوردستانە هەروەها هەوڵی زیندووکردنەوە و جێبەجێکردنی گیانی کراوە و پێشکەوتوخوازانەی ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار دەدا.

هەرچی ئایدۆلۆژیای بزوتنەوەیە، بەپێی باسی کادیرانی بزوتنەوە، بزوتنەوە نەیویستوە خۆی ببەستێتەوە بە ئایدۆلۆژیایەکی تەسک و سنووردار، چونکە بزوتنەوە هەوڵیداوە چوارچێوەکەی فراوان بێ و بتوانێ خەڵک لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بگرێتە خۆی. بزوتنەوە خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بەیەکەوە گرێداوەو بەچاوێکی ڕیالیستانە لەخەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی ڕوانیوە هەروەها نەیویستووە بکەوێتە ژێر کاریگەری دروشمی بریقەدارو تاووتوێ نەکراو. دیارە ئایدۆلۆژیای بزوتنەوە بەشێوەیەکی سەرەکی بڕواو بۆچوونەکانی سەیدا ساڵح یوسفی دەردەبڕێ بۆیە چاکتر وایە گەوهەری تێگەیشتنی سەیدا لەمەڕ ئایدۆلۆژیای بزوتنەوە بخەینە ڕوو.

سەیدا ساڵح یوسفی بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان بە بزوتنەوەیەکی ڕاستکردنەوەو باشترکردن ناسیوەو داناوە. ئەو بە چاوێکی ڕیالیستانە سەیری کێشە چینایەتی و نەتەوایەتیەکانی کردووە، دژی هەموو شێوەیەکی توندرەوی و پەڕگیری بووە جا چ چەپی توندڕەو یا ڕاستی توندڕەو. سەیدا پێی وابووە ئەم توندڕەویە وا لەڕووی ڕیالستیانەی کوردستان و تایبەتمەندیەکانی نەتەوەی کورد دەکات کە ببێتە زەمینە خۆشکەرێک بۆمەبەستی تەسک و کورت بینانە. ئەو پێی وابووە سۆسیالیزم هەڵقوڵاوی متمانەیە بە بڕواو مۆراڵێک کە تیایدا مرۆڤ بە بوونەوەرێکی پیرۆز دەزانێ لەسەر زەوی، لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەوە بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان ڕەتی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەک دەکاتەوە، جا ئەم چەوساندنەوەیە نەتەوایەتی بێ، کۆمەڵایەتی بێ، ئابوری بێ، ئاینی بێ یا ئێتنیکی بێ.

** دیارە خاڵە پراکتیکی و تاکتیکیەکانی بزوتنەوە زۆر لە مانە زیاترن، ئەوەی لێرەدا نوسراون گرنگەکانن.

سەیدا پێی وابووە قۆناغی مێژوویی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، بارودۆخی ناوچەیی و نێو نەتەوەیی ئەوە دەخوازن کەوا سوود وەربگیرێ لە هەموو ئەو تیئۆر و بیرۆکانەی کەهەن وەکو تیئۆر و بیروباوەڕی سۆسیالستی، دیموکراتی، ناسیونالستی و بیروڕایتر. بەواتایەکیتر سوود لە لایەنی باش و پۆزەتیڤی ئەو بیرو ڕا جیاجیایانە وەربگیرێ، ئەو لایانانەی کە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن و ژیانی کۆمەڵ خۆشتر و باشتر دەکەن، ئەو لایەنە باشانەی کە بە بەڵگەو و تاقیکردنەوە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا. ڕوانینی ئەو تیئۆر و بیرۆکە جیاوازانە بەجۆرێ کە ببێتە هۆی تێگەیشتن و دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی و چینایەتی بەشێوەیەکی هۆشمەندانە و گونجاو. لەبەر ڕۆشنایی ئەم جۆرە تێگەیشتنە عەدالەی کۆمەلایەتی یا کۆمەڵی خۆشگوزەر و هەماهەنگ (welfare-society) بە باشترین ڕێگا چارە دادەنرێ بەبڕوای بزوتنەوەی سۆسیالست. کۆمەڵی هەماهەنگ لە ژێر سایەو پیادەکردنی دیموکراسیەت دێتە کایەوە و گەشە دەکا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسەی سەرەوە دەکرێ بگوترێ کە بزوتنەوەی سۆسیالست جۆرە ڕێبازێکی سۆسیال دیموکراتانەی هەڵبژاردوە ئەم ڕێبازەش پوختەی دەربڕینی بیروباوەڕی سەیدا ساڵح یوسفی بووە.[3]

شایانی باسە سەیدا بەهیچ جۆرێک لەگەڵ کاری توندڕەوانە نەبووەو بیروباوەڕی سۆسیالستی زانستی و مارکسیزمی ڕەت کردووەتەوە، بەهیچ جۆرێک لەگەڵ سیستەمی یەک پارت، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو بیروباوەڕی داسەپێنەرانە نەبووە. ئەو پێی وابووە سیستەمی سۆسیالستانە و هاتنەکایەی ئەم جۆرە سیستەمە وەکو مارکسیزم پێشنیاری دەکا لەبەرژەوەندی نە نەتەوەی کورد نەهیچ نەتەوەیەکیتری ژێردەستەدایە، چونکە نەتەوەی ژێردەست لە سایەی سیستەمێکی ئاوادا کە سیستەمێکی دیکتاتۆریانەیە ناتوانێ ئازادبێ و ڕێگای ئەوەشی پێ نادری.

ئەگەر بێتوو بەکورتی واتا و پێناسەی ئایدۆلۆژیای سۆسیال دیموکرات بخەینە ڕوو ئەو کاتە چاکتر لە شارەزایی و تێگەیشتنی بۆچوونەکانی سەیدا دەگەین لەمەڕ ئەو ڕێبازەی کە هەڵیبژاردوە.

سۆسیال دیموکرات[4] ڕێگایەکی ئایدۆلۆژیانەیە لە ناو چوارچێوەی ترادیشیۆنی سۆسیالستیدا کە خۆی جیا دەکاتەوە لە سیستەمی ئابوری داسپێنەرانەی مارکس، خۆی جیا دەکاتەوە لە شۆڕشی خوێناوی توند و تیژ هەروەها خۆی جیا دەکاتەوە لە بڕواهەبوون بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. سۆسیال دیموکراتەکان بڕوایان هەیە بە پیادەکردنی گەمە دیموکراتیەکان لە هەمان کاتدا کار دەکا بۆ بە دیموکراسیکردنی پرۆسیسی بڕیاردان لە بەشەجیاجیاکانی کۆمەڵ لەڕێگای ڕیفۆرمی کۆمەلایەتی. سۆسیال دیموکرات چەمکی یەکسانی لا گرنگە بە شێوەیێ و لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا هەوڵی کەمترکردنەوەی جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵ دەدا. سۆسیال دیموکراتەکان بڕوای تەواویان هەیە بە خاوەنداریەتی تاک، ئازادی ، دیموکراسی، پلورایزم، پەرلەمانتاریزم ... هتد.

سۆسیال دیموکراتەکان پشت دەبەستن بە ئابوری تێکەڵ واتە سیستمێکی ئابوری کە پێکهاتوە لە دەزگای(sector) یا خاوەنداریەتی تایبەت و خاوەنداریەتی هاوبەش. ئەرکی لە پێشی سوسیال دیموکراتەکان ڕاگرتن و بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵی خۆشگوزەرە (welfare- society) .*

هەروەک لەمەوبەر باسکرا سەیدا وەکو سۆسیال دیموکراتەکان ڕەتی مارکسیزم و هەموو جۆرە توندڕەویەک و پەڕگیریەک دەکاتەوە.

---

[3] عبدالسلام علي، صفحات من نضال الشهيد صالح اليوسفي ص27-28

[4] leksikon i statskenndsksb s. 217.

دیارە سەیدا  لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەو ئەزموونی زۆرەوەیە کەوا هەمیشە لەگەڵ چارەسەرێکی ئاشتیانە بووە بۆ کێشەی کورد، حەزی لە جولانەوەی چەکداریو کوشتن و بڕین و ماڵویرانی نەکردوە.

پێویستە بگوترێ کەوا ئەو نووسراوانەی لە سەیداوە بۆمان  ماوەتەوە و لە بیروڕا سیاسییەکانی ئەو دەدەوێن  زۆرکەمن و زیاتر بریتین لە چەند نامەیەک. شایانی باسە سەیدا لەو نووسراوانەدا زیاتر جەخت دەخاتە سەر کێشە نەتەوایەتیەکان و زیاتر گرنگی بە کێشەی نەتەوایەتی دەدا، بۆیەش ناتوانرێ وەکو پێویست هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری لەمەڕ بۆچوونە چینایەتیەکانی ئەو بکرێ، ئەوە نەبێ کەوا سەیدا ڕەتی سۆسیالستی زانستی و مارکسیزم دەکاتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ  ئەو ڕەتی بۆچوونە چینایەتیەکانی ئەم تیئۆرەی کردۆتەوە.

---

* لە سیستەمێکی دیموکراسیانەی خۆشگوزەردا  (welfer-state) کە کۆمەڵی خۆشگوزەر دێنێتە ئاراوە دەوڵەت پشت دەبەستێ بە ئابووری تێکەڵ تیایدا دەوڵەت هەڵدەستێ بەلەئەستۆگرتنی بەرپرسیەتی بەشێکی بەرفراوانی بوارە کۆمەڵایەتیەکان. لەم سیستەمەدا میری پشتگیری و مسۆگەری دڵنیایی بوارە کۆمەڵایەتی، تەندروستی، ئابووری  هەروەها خوێندنی دانیشتوانان دەکا. لە سیستەمێکی ئاوادا دەوڵەت لەرێگای یاسادانانەوە بەرپرسیەتی ئەوە هەڵدەگرێ کەوا خۆشگوزەرانی دانیشتوانان بپارێزێ و بەرەوپێش ببا.

ناوک و لایەنی گرنگی ئەم سیستەمە ئەوەیە دەوڵەت لەرێگای یاساوە مسۆگەری و پارێزگاری داهات،  یارمەتی و خزمەتگوزاری بۆ تاک و خێزان دەکات بەتایبەتی لەکاتی زیان پێکەوتن لە کاردا، نەخۆشی، بێکاری، پیری و پەککەوتەیی . هتد. ( leksikon I statsknndsksb  s. 244 )

## بزوتنەوەو بەشداریکردن لەنیمچە بەرەی ینك

دوای دامەزراندنی رێکخراوی بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان زۆر ناخایەنێ بزوتنەوە هەندێ لەکادیرە سەربازیە پێشکەوتووەکانی دەنێرێتە چیا بە مەبەستی دروستکردنی جولانەوەیەکی چەکداری کە دەربڕی بەرخۆدانی گەلی کورد بێ دژی سیاسەتی پاکسازیانەی رژێمی بەغدا هەروەها وەکو پەناگەیەک بێت بۆ ئەوکەسانەی بواری مانەوەیان لە ناو شارەکاندا نامێنی. ئەو کادیرانەی کە بۆ یەکەمجار چوونە شاخ و ئاگری شۆڕشیان لە رۆژی 1976/8/8 دا هەڵگیرساند لە نێویاندا: *عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، سەعدی گچکە، سەید کاکە، قادر عەزیز، تایەر عەلی والی، رەسول مامەند، یاسین قادرو هەندێکیتر دەبن.*

*شایانی باسە کاتێ بزوتنەوە ئەو کادیرە پێشکەوتووانە رەوانەی شاخ دەکات، بڕیار دەدەن دوو سەرکردایەتی دروست بکەن:*

- **سەرکردایەتی دەرەوە بەسەرپەرشتی عەلی عەسکەری.**
- **سەرکردایەتی ناوەوە بەسەرپەرشتی سەیدا ساڵح یوسفی**

کارکردنیان بەجۆرێک دەبێ کەوا هەردوو سەرکردایەتی دەتوانن بڕیار لەسەر هەر هەنگاوێک بدەن کە لە بەرژەوەندی بزوتنەوە دابێ و دژی سیاسەتی بزوتنەوە نەبێ واتە سەرکردایەتی دەرەوە و ناوەوە هەریەکەیان بە جیا مافی ئەوەیان دەبێ بڕیاربدەن بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و سیاسەتی بزوتنەوە.

هاوکات لەگەڵ دەرچوونی ئەو کادیرانە بۆ شاخ کێشەی بەشداریکردن لە نیمچەبەرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان " ینک " دێتە ئاراوە. هۆکاری هاتنە پێشەوەی بەشداریکردن لە ینک بە پێی باسی هەندێ لە کادیرانی بزوتنەوە دەگەرێتەوە بۆ:

1-چوونی عومەر دەبابە بۆ سوریا بە مەبەستی چاوپێکەوتنی جەلال تاڵەبانی. لەوێ جەلال تاڵەبانی پێشنیاری بەشداربوون لە نیمچەبەرەی ینک لە عومەر دەبابە وەکو نوێنەری بزوتنەوە دەکا. عومەر دەبابە ئەمە بە پەسەند دەزانێ وەکو نوێنەری بزوتنەوە مۆری بەشداربوونەکە دەکا.

2- عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید کە لە شاخ دەبن بەشداربوونی خۆیان لە ینک رادەگەیەنن.

زۆربەی کەسانی سەرکردایەتی بزوتنەوە حەز بەم بەشداریەی نیمچە بەرەی ینک ناکەن. ئەویش لەبەر ئەوەی:

1- یەک لە خاڵە بنچینەیی و گرنگەکانی دامەزراندنی بزوتنەوە ئەوە بووە کەوا چارەیەکی ناکۆکی نێوان " مەلایی و جەلالی" بکرێ و بەهیچ جۆرێک تێکەڵی ئەم ناکۆکی یە نەبنەوە.

2- گەلێ لە کادیرانی بزوتنەوە پێیان وانەبووە کەوا کارکردن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ئاسان بێ، لایان وابووە جەلال تاڵەبانی حەز لەخۆزاڵکردن و تاکرەوی دەکا.

بەڵام هەرچۆنی بێ بزوتنەوە پەسەندی ئەم بەشداربوونە دەکا. دەتوانرێ هۆکارەکانی ئەم پەسەندکردنە لە چەند خاڵێکدا کۆبکرێنەوە:

1- دوژمن واتە رژێمی بەغدا بەهێز دەبێ بۆیە دژایەتی و خەباتکردن دژی رژێمی بەغدا پێویستی بەیەکێتی و یەکگرتن هەبووە.

2- خەباتی چەکداری پێویستی بەتوانای دارایی، چەک و تەقەمەنی هەیە، ئەمەش لای جەلال تاڵەبانی و ینک ڕەچاودەکرا، چونکە ینک بەشدار بوو لە تەجەموعی عێراقی (تجمع العراقی) کە لەلایەن سوریا و لیبیاوە پشتگیری دەکراو بەڵێنی یارمەتیان بەینک دابوو.

3- عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید کەوا ئەندامی دیارو پێشکەوتووی بزوتنەوە بوون پەسەندی بەشداریەکەیان کردبوو.

4- بەهۆی ئەوەی بزوتنەوە لەناو ینک زۆربە بوون پێیان وابووە دەتوانن سەربەخۆیی بزوتنەوە بپارێزن.

بە کورتی بڕیاری بەشداریکردنی بزوتنەوە لە نیمچە بەرەی ینک بڕیارێکی بەکۆمەڵی سەرکردایەتی بزوتنەوە نەبووە، بەواتایەکیتر پێش بڕیاردان لە بەشداریکردنەکە پێشنیارێک لەم بارەیەوە نەبووە کەوا کۆبوونەوەی تایبەتی بۆبکرێو هەڵسەنگاندنێک بۆ بابەتەکە بکرێ ئەوجا لەکۆتاییدا بڕیاری بەشداربوون یان نەبوون بدرێ. بۆنمونە عومەر دەبابە دوای ئەوەی ئیمزای بەشداریکردنەکەی کردوە بێ پرسکردن بە سەرکردایەتی بزوتنەوە ئەوجا پەیڕەووپرۆگرامەکەی ینکی بۆکادیرانی بزوتنەوە لەناو ڕێکخستن ناردوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا ناسیح)

شایانی باسە دوای ئەوەی بزوتنەوە (سەرکردایەتی دەرەوە) چوونە ناو نیمچە بەرەی ینک. لە پەیڕەوکردنی ڕێبازو بەرنامەی سۆسیال دیموکرات دوورکەوتوونەتەوەو ڕوویانکردوەتە پەیرەوکردنی ڕێبازی سۆسیالستی زانستی "مارکسیزم - لینینیزم" هەروەها خۆیان بەبزوتنەوەی کرێکاران، جوتیاران و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان زانیوە.

لێرەدا پێویستە بگوترێ کە سەیدا ساڵح یوسفی ڕابەری بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان بەهیچ جۆرێک پشتگیری ئەم هەنگاوەی سەرکردایەتی دەرەوەی نەکردوەو هەرگیز لایەنگری سۆسیالستی زانستی نەبووە. سەیدا بەتوندی ڕەخنەی لەم تیئۆرە گرتووە کەدواتر دێینە سەرباسی.

جێگای خۆیەتی لێرەدا بەکورتی واتاو مەبەستی ئایدۆلۆژیای سۆسیالستی زانستی بخەینە ڕوو.

ئایدۆلۆژیای سۆسیالستی زانستی واتە سۆسیالیزم بە سوود وەرگرتن لە زانستە سروشتیەکان و دارۆینیزم ، وشەی زانستیەکەی بەخۆیەوە گرتوە واتە بەهۆی ئەم زانستانەوە وشەی " زانستی " بە وشەی سۆسیالستەکەوە لکاوە. ئەم ئایدۆلۆژیایە دەربڕی مارکسیزمە. ئەم تیئۆرە سیاسییە لەبنچینەدا سەرچاوەدەگرێ لەڕەخنەگرتن لەکەپیتالیزم بەهۆی ئەو نایەکسانی و جیاوازیە نابەرابەرەی نێوان چینەکان کەگەشەکردنی پیشەسازی هێنایە کایەوە لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا. بۆیە چەمکی دیارو ناسراوی ئەم ئایدۆلۆژیایە یەکسانییە.

ئەم ئاراستە تیئۆریە بنچینە ئابورییەکان و پەیوەندی بەرهەمهێنان بەخاڵی دەستپێکردن یان سەرچاوەی گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵ دادەنێ، هەروەها پێی وایە شێوەی بەرهەمهێنان بڕیاری شێوەی پێکهاتنی کۆمەڵ دەدەن یا بە واتایەکیتر بڕیاری دروستبوونی فۆرمی کۆمەڵ دەدەن.

ئەم ئایدۆلۆژیایە پێشبینی گۆڕانی قۆناغە مێژووییەکانی کۆمەڵ دەکا و پێی وایە لە دوای قۆناغی کەپیتالیزم، سۆسیالیزم دێ وەکو کۆمەڵێکی بێ چین و یەکسان پاشان قۆناغی کۆمۆنیزم دێ کە تیادا هەموو کۆمەڵ دەگاتە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و دیموکراتی کەوا دەبێتە هۆی نەمان و پووکانەوەی وردە وردەی دەوڵەت (ستات) کە ئەویش هاتنەکایەی کۆمەڵی کۆمەنیزمە کە تیایدا خەڵک چالاکیەکانی خۆی لەسایەی دامەزراوە دیموکراسیەکان جێبەجێ دەکاو ڕێک دەخا.

مارکس چەوساندنەوەی کرێکاران بەکێشەیەکی ئەنتەرناسیونال دەزانی، چارەسەریش لای ئەو خەباتێکی ئەنتەرناسیونالانەی کرێکارانە.[5]

لە قۆناغی دامەزراندنی سیستەمێکی سۆسیالستی کە تیایدا چینی کرێکاران دێتە سەرکار، ئەم سیستەمە پشت دەبەستی بە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاو جیاوازی چینەکانی ناو کۆمەڵ هەڵدەوەشێنێتەوە واتا کۆمەڵێکی بێ چین دروست دەکا.

لەم سیستەمەدا دەوڵەت وەکو ناوەندێکی بەهێزی دەسەلآت وایەو کۆنترۆڵی هەموو جموجۆڵە ئابوری، سیاسی، کەلتوری و ئایینیەکان دەکا. ئەم سیستەمە پشت دەبەستێ بە خاوەنداریەتی گشتی و ئابوری هاوبەش هەروەها سیستەمی یەک پارت و ناوەندی دیموکراسی.

لەم سیستەمەدا چەمکەکانی وەکو ئازادی، دیموکراسی، پلورایزم، ناسیونالیزم، پەرلەمانتاریزم، مافەکانی مرۆڤ هتد.. بەواتا رۆژئاواییەکانیانەوە رەتدەکرێنەوە.

نمونەی ئەم سیستەمە سیاسی و ئابوریە سۆڤیەتی کۆن و ئەوروپای رۆژهەلآت کە وازیان لەم سیستمە هێنا. هەروەها چین، کۆریای سەروو و کوبای ئەمرۆ.

شایانی باسە لە سایەی ئەم سیستەمە سۆسیالستانەیەی ئەو وڵآتانەی کۆن و ئێستا هیچ نەتەوەیەکی ژێردەست بە مافی ئازادی و رزگاری نەگەیشت.

بەشداریکردنەکەی بزوتنەوە لەنیمچە بەرەی ینک نزیکەی 3 ساڵ دەخایەنێ. لەم ماوەیەدا بەهۆی ئەوەی بزوتنەوە زۆرترین پێشمەرگەی هەبووە لەناو ینک، رۆڵی دیاریان هەبووەو گەلێ چالآکی کەم وێنەیان ئەنجام داوە .

شایانی گوتنە بزوتنەوە بە هۆی داستانی دەشێو، هەروەها کارەساتی هەکاری ژمارەیەک لە چاکترین کادیری پێشکەوتووی خۆی لەدەست داوە کە بۆتە هۆی لاوازکردنی بزوتنەوە بەشێوەیەکی بەرچاو.

لە ساڵی 1979دا بزوتنەوە بڕیاری هاتنە دەرەوە دەدا لەناو نیمچە بەرەی ینک. دەکرێ هۆیەکانی هاتنە دەرەوەی بزوتنەوە لەم خالآنە کۆبکرێنەوە:

1- نەگونجان لەگەڵ یەکتر لە نێوان رێکخراوەکانی ناو ینک، واتە نەگونجان لە نێوان بزوتنەوەو کۆمەڵە هەروەها وردە وردە زیادبوونی دژایەتیکردنی یەکتر.

2- بەڕای کادیرانی بزوتنەوە، جەلال تاڵەبانی زیاتر بەلای کۆمەڵەیدا شکاندۆتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ناکۆکی لەنێوان بزوتنەوە و جەلال تاڵەبانی خۆی.

3- سەرهەڵدانی ناکۆکی و شەڕ لەنێوان ینک و سەرکردایەتی کاتی پدک( قیادەی موەقەتە). هەروەها وەرگرتنەوەی مۆرکی "جەلالی و مەلایی" واتە ناکۆکیە کۆنەکە. ئەمە لەگەڵ بزوتنەوە نەگونجاوە، چونکە بزوتنەوە نەیویستووە لایەن بێ لەم شەڕە.

4- فشار خستنە سەر سەرکردایەتی بزوتنەوە لەشاخ لەلایەن سەرکردایەتی رێکخستن لە ناو شارەکان بەتایبەتی عەلی هەژار، ئەوان لایان باشتر بووە لەینک بێنە دەرەوە.

5- هێرشکردنە سەر سەرکردایەتی کاتی پارتی لەلایەن جەلال تاڵەبانی و کۆمەڵەوە کە بووەتە هۆی هەراسانکردنی کەسانی بزوتنەوە.

---

[5] ل. 218-217 leksikon i statskundsksb

6- مەترسی پەیداکردن لەلایەن سەرکردایەتی بزوتنەوە کەوا ئەو گرفتانە بەتایبەتی ناکۆکی نێوان ینک و سەرکردایەتی کاتی( قیادەی موەقەتە) ببێتە هۆی ناکۆکی پەیدابوون لەناو بزوتنەوە خۆشیان، چونکە بزوتنەوە پێکهاتبوو لەو کەسانەی کە لە پێشوودا سەر بەلایەنی جەلالی یان مەلایی بوون.

7- هاندانی بزوتنەوە بۆ هاتنە دەرەوە لە ناو ینک لەلایەن کۆمیتەی ئامادەکردنەوە (ئەوان لەناو ینک نەبوون بەڵام بارەگاکانیان لە نزیک ئەوان بوو) ئەمە بەڕای لایەنگرانی ینک.

8- جیاوازی و نا تەبایی لەسەر دروشمی ینک کەوا ینک دروشمی ڕوخانی ڕژێمیان هەڵگرتبوو، هەرچی سەرکردایەتی بزوتنەوە بوون لەگەڵ ئەم دروشمە تەبا نەبوون و لایان وابووە ئەمە لە توانای گەلی کورد نییەو کاری کورد نییە.

9- هەوڵدان بۆ گۆڕینی نیمچە بەرەی ینک بۆ ڕێکخستنێکی یەکگرتوو و تواندنەوەی لە ناو یەک پارتدا لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە.

هەروەها دوای ڕوودانی کارەساتی هەکاری ساردی لەنێوان بزوتنەوەو جەلال تاڵەبانی زیاتر بووە، بەڵکو هەندێ لەکەسانی سەرکردایەتی بزوتنەوە گومانیشیان لەجەلال تاڵەبانی پەیدا کردوە لەمەڕ چۆنیەتی ڕوودانی ئەم کارەساتە.

هەموو ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باسکران بوونەتە هۆی زیاتر بوونی جیاوازی نێوان ڕێکخراوەکانی ناو ینک، ئەمە وایکردوە گەیشتنەیەک و تەبا بوون لەسەر پێشنیارو کێشەکان زۆر ئەستەمبێ. **ئەنجام بزوتنەوە بڕیاری هاتنە دەرەوە لەناو ینک دەدا.**

لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ کەوا "ینک" نیمچە بەرە بووەو پێکهاتووە لە سێ ڕێکخراوی جیا کە : بزوتنەوە، کۆمەڵەو هێڵی گشتی دەبن. بزوتنەوە بەشداریکردەوە لەم نیمچە بەرەیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان "ینک" و پاشان هاتووەتە دەرەوە لەناو ینک، واتە ینک یەک پارتی سیاسی و خاوەن یەک ڕێکخستن نەبووە، بزوتنەوە لێی جیابووبێتەوە.

لە پەیڕەووپرۆگرامی یەکەمی ینک هاتووە کە ینک پارت نییە و بەرە نییە بەڵکو نیمچە بەرەیە. چەند باڵێکی جیا واتە ڕێکخراوی جیا دەگرێتە خۆی کە ئەمانەن: کۆمەڵەی مارکسی لینینی، بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان، هێڵی گشتی. ئەو ڕێکخراوانە دەتوانن خۆیان بکەن بەحیزب، کە ئەوە ڕوویدا ئەوکاتە نیمچە بەرەی ینک دەبێتە بەرەی ینک.[6]

## یەکگرتنی بزوتنەوەو کۆمیتەی ئامادەکردن

کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوێک بوو لەلایەن هەندێ کادیری پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستانی کۆن دروست کرابوو کەسانی دیاریان ئەوانە بوون: دکتۆر مەحمود عوسمان، شەمسەدین موفتی، عەدنان موفتی، قادر جەباری و هەندێکیتربوون.

هۆی دامەزراندنی کۆمیتەی ئامادەکردن دەگەڕێتەوە بۆ:

1- پەسەند نەکردنی یا لاڕاست نەبوونی وازهێنان لە شۆڕشی ئەیلول لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر. ئەوان لەگەڵ بڕیاری وازهێنانی مەلا مستەفا نەبوون بۆیەش کارەساتی هەرەسی شۆڕشی ئەیلولیان بەشێوەیەکی سەرەکی دەخستە ئەستۆی

6 چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا ناسیح.

مەلا مستەفا بارزانی و کوڕەکانی بارزانی. کۆمیتەی ئامادەکردن پێی وابوو دەکرا شۆڕش درێژەی پێ بدرێ لەبەر ئەوەی توانای دارایی، چەک و تەقەمەنی هەروەها ئامادەیی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان بۆ بەردەوامی بەرگری و شۆڕش تا ڕادەیەکی باش هەبووە.

2- ئەوان بڕوایان وابووەو هەوڵیان داوە پارتی دیموکراتی کوردستان وەک پارتێکی شۆڕشگێر و پێشکەوتوو دروست بکەنەوە. واتە پارتێک خاوەنی ڕێکخستنێکی بەهێزو ڕێکوپێک کە بنچینە بگرێ لە سەر بنەما دیموکراسیەکان. خاوەن هێزێکی چەکداری ملکەچی پارت و بەرنامەی پارت، پارتێک پشت ببەستێ بە سەرکردایەتی بە کۆمەڵ، پارتێک خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی زانستیانە بێت.. هتد. (لێرەدا نامانەوێ زیاتر باس لە هۆکار، چۆنیەتی و مەبەستی کۆمیتەی ئامادەکردن بکەین. زانیاری زیاتر لەمەڕ کۆمیتەی ئامادەکردن بە درێژی لە نامیلکەی " تقييم مسيرة الثورة الكردية وانهيارها والدروس والعبر المستخلصة منها" باسکراوە و ڕوونکراوەتەوە).

بە کورتی مەبەست و هۆکاری دروستبوونی کۆمیتەی ئامادەکردن تاڕادەیەکی زۆر گەر یەک نەبێ لەگەڵ هۆکار و مەبەستەکانی دروستبوونی بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان ئەوا زۆر لەیەکتر نزیکن*.

بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان لە مانگی ئازاری 1979 لەناو ینک واتە نیمچە بەرەی ینک هاتە دەرەوە. بارەگای کۆمیتەی ئامادەکردنیش لەم ناوچەیەدا دەبێ

( بارەگاکان ئەوکاتە لە گوندی گۆڕەشێر دەبن ).

سەرکردایەتی بزوتنەوەو کۆمیتەی ئامادەکردن لەگەڵێ لایەن بۆچوونی لەیەکتر نزیکیان هەبووە و لە یەکتر گەیشتن لە نێواندا هەبووە، بۆ نموونە هەڵوێستیان بەرامبەر ینک تا ڕادەیەک وەکو یەک بووە، هەردوولا کادیرانی کۆنی شۆڕشی ئەیلول بوون، هەڵوێستیان لەمەڕ ناکۆکی نێوان ینک و سەرکردایەتی کاتی پارتی لە یەکتر نزیک بووە، هەروەها هەردوولایان لەسەر ئەوە ڕێکبوون بەیەکەوە خەباتەکەیان باشترو کاریگەرتر دەبێ.

بۆ ئەم مەبەستە کۆمیتەیەکی هاوکاری لە نێوان هەردوو سەرکردایەتی پێک دەهێنرێ. کاری سەرەکی ئەم کۆمیتەیە : بینینی بەکردەوەی لایەنی باش و خراپی پرۆسیسی بەیەکەوە کارکردنیان، واتە بەکردەوە بینینی ڕادەی گونجانی بۆچوون و بیرو ڕاکان، بەڕێوەبردن و کارکردن لەگەڵ یەکتر. ئەم کۆمیتەیە ماوەی پێنج مانگ دەمێنێتەوە واتە لە مانگی 3 ی 1979 تا مانگی 8 ی 1979. دوای ئەم چەند مانگە هەردوولا ئەنجامی بەیەکەوە کارکردنەکەیان پێ گونجاو دەبێت و بڕیاری یەکگرتن دەدەن.

لە سەرەتای مانگی 8 ی 1979 کۆنفراسێک دەبەستن لە گوندی (دۆڵەتوو).

لە ڕۆژی 8/8/1979 دامەزراندنی حیزبی سۆسیالستی یەکگرتووی کوردستان ڕادەگەیەنن. لەکۆنفراسەکەدا کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرن هەروەها سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی حیزبەکە دەسپێرن بە: تایەرعەلی والی، د. مەحمود عوسمان، ڕەسول مامەند.[7]

---

* مەبەست سەرەتای دروستبوونی بزوتنەوە لە ساڵی 1976 دا.

[7] چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان.

## ڕەخنەی سالح یوسفی لەسۆسیالستی زانستی

دوای یەکگرتنەکەو دامەزراندنی حیزبی سۆسیالستی یەکگرتووی کوردستان، هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەتایبەتی هەندێ لەوانەی بزوتنەوە تا ڕادەیەکی زۆر خۆیان دەبەستنەوە بە ڕێبازی سۆسیالستی زانستی و پیادەی ئەم تیئۆرە دەکەن.

سەیدا ساڵح یوسفی ئەم ئاراستە توندڕەوانەیەی لا پەسەند نابێ، هەر لەبارەی ئەم بابەتە و هۆشیار کردنەوەی هەوادارانی ئەم ئاراستەیە، نامەیەکی ڕەخنە ئامێز[8] بۆ سەرکردایەتی حسیک دەنێرێ، جێگای خۆیەتی هەندێ لایەنی گرنگی ئەم ڕەخنانەی سەیدا لێرەدا بخەینە بەردەم.

سەیدا ڕەخنەکەی ئاراستەی سەرکردایەتی بزوتنەوە دەکا و دەڵێ : "ئەوەی جێگای ڕەخنەی توندی منە، لێدانەوەو و جوینەوەی سۆسیالستی زانستی و بەزۆر سەپاندنی ئەم تیئۆرەیە. هەرچەندە هەر لە سەرەتای دروستبوونی بزوتنەوەوە باس لەم بابەتە کراوەو بە ڕای زۆربەی کادیران لەسەر ئەمە ڕێککەوتین کەوا ئەم تیئۆرە بە زۆر دانەسەپێنین. نازانم هۆی ئەم پێداگرتن و لێدانەوەی ئەم دروشمە دیراسەت نەکراوە چییە. ئەم دروشمە بەڕای من بۆنی مزایەدەی لێدێ و لەگەڵ قۆناغی مێژوویی جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان ناگونجێ. داسەپاندنی ئەم ئاراستەیە کە زۆربەیەکی ڕاکشاو لە ڕۆشنبیرانمان لایەنگری نین دەبێتە هۆی ڕاڕایی و لەباربردنی یەکێتی بیروڕا و پاشان پارچە پارچە بوونی حیزب. ئێمە پێویستە هەست بە ڕۆڵی خۆمان بکەین و سیاسەتمەداری واقیعی بین، شوێنی خۆمان و گەلەکەمان لە هەموو لایەنێکەوە بناسین."

پاشان سەیدا ڕووی پرسیار لە سەرکردایەتی بزوتنەوە دەکاو دەڵێ:

" ئێمە ئەگەر ئەم دروشمەی سۆسیالستی زانستیمان لا پەسەندەو بڕوامان پێی هەیە لەبەرچی ناچینە پاڵ کۆمەڵەی مارکسی، قیادەی موەقەتە یان حیزبی شیوعی، خۆ ئەو حیزبانە هەموویان پیادەی ئەم هێڵە دەکەن!

بەڵام ئایا کێشەکە بڕوایە یا مەسەلەی شەخسیە ؟

باشتر وایە ئەوانەی بە ڕاستی بڕوایان بەم دروشمە هەیە یەک ودووی لێ نەکەن و بچنە ناو حیزبی شیوعی کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم دروشمەیە.

ئایا تاکە ڕووداوێک یان نمونەیەک لە جیهاندا هەیە گەواهی ئەوە بدا کەوا نەتەوەیەکی ژێر دەست و ناسەربەخۆ کە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە سەردایە لە وڵاتێکی یەکگرتوو، توانیبێتی لە سایەی ئەو دروشم و ئاراستەیە گەیشتبێتە مافە ڕەواکانی خۆی!؟ ئەو دروشمەی کەهیچ بایەخێکی گرنگو ستراتیژی بەکەسایەتی نەتەوەو تایبەتمەندیەکانی نادا. هەرگیز ناکرێ بتوانی نەتەوەیەکی ژێردەست لەچنگ نەتەوەیەکی چەوسێنەر لە وڵاتێکدا ڕزگار بکەیت کە پیادەی ئەم تیئۆرە بکا. هەر هەوڵێکی رزگاری نەتەوایەتی لە وولاتی ئاوادا دەخرێتە ژێرپێی پارتی دیکتاتۆری دەسەڵاتدارو بە هیچ جۆرێکیش نەتەوەی ژێردەست بواری مافی چارەی خۆنووسینی نادرێتێ.

لەگەڵ ئەوەی تیئۆری سۆسیالستی زانستی تایبەتە بە حیزبە شیوعیەکان، بەڵام ئایا ئەزانن هەموو حیزبە شیوعیەکانی ئەوروپا و جیهانی سێیەم هەوڵی دوورکەوتنەوە لە پیادەکردنی ئەم تیئۆرە دەدەن و داوای سۆسیالستی موتلەق یا سۆسیال دیموکرات دەکەن! ئایا بەڕاستی بڕواتان بە دیکتاتۆیەتی پارت هەیە کە ئەوە ئەنجامێکی سروشتی ئەم تیئۆرە و ئەم سۆسیالستەیە!؟ ئەگەر خەڵکێک بڕوای بەمە هەیە، باشتر وایە ئەمە بۆ خاوەنە ڕاستەقینە و ناسراوەکەی لێبگەرێ یا بچێتە ناو پارتە ڕاستەقینەکەی.

---

[8] عبدالسلام علي، صفحات من نضال الشهيد صالح اليوسفي ص 81-85

ئایا بڕواتان بە چەند پارتی، بەرەی نیشتمانی ڕاستەقینەو جوڵانەوەی دیموکراتی هەیە لە عێراق؟ ئەگەر نا، ئەم پێداگرتنە عەفەویانە چییە لەسەر ئەم جۆرە تیئۆرەو سۆسیالستیە داسەپێنراوەکەی."

دوای ئەم پرسیارانەو پرسیاریتر، سەیدا لە کۆتاییدا دەڵێ: " داوای لێبووردن دەکەم کە ئەم پرسیارانەم کرد، چونکە جوینەوەو لێدانەوەی ئەم دروشمە هەراسانی کردووم. تکا دەکەم واز لەم جۆرە دروشمانە بهێنن ئەگەر نا من سوورم لەسەر ڕای خۆم کەوا هەڵقولاوی بڕوایەکی پاکە بە بەرژەوەندی گەلەکەمان. بۆ هەمووتان ڕوونە ڕای من لەمەڕ ئەم بابەتە چییە. پیادەکردنی ئەم ئاراستەیە دەبێتە هۆی دروستکردنی جیاوازی و پەرش وبڵاوی بێ هیچ بەرژەوەندییەک. ئەوەی لە پێشدا ڕوویدا هەڵە بوو، نەگونجاوە لەگەڵ تایبەتمەندیەکان و بەرژەوەندی جوڵانەوەی گەلەکەمان، وە ئەوەی لێرەدا پێویستە، هەستکردن بە هەڵەکەیەو ڕاستکردنەوەیەتی تا کات بەسەر نەچووەو کار لە کار نەترازاوە".

شایانی باسە سەیدا لەڕوانگەی ژێردەستی نەتەوەکەیەوە سەیری ئەم تیئۆرە سیاسیەی کردوە، چونکە ئەو چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بەکێشەی سەرەکی و لەپێشی خەبات زانیوە. مەبەستی سەرەکی سەیدا لە ووتەکانیدا ئەوەیە کەوا نەتەوەی کورد بە پیادەکردنی تیئوریی سۆسیالستی زانستی ناگاتە ئامانج و ئاواتەکانی هەروەها هاتنەکایەی سیستەمێکی سۆسیالیستانە لەبەرژەوەندی نەتەوەی کورددا نییە و نەتەوەی کورد بە ئازادی ناگەیەنێ بەڵکو پێش بەهەر هەنگاو و هەوڵێکی ئازادی نەتەوایەتی دەگرێ چونکە ئەم سیستەمە سیستەمێکی دیکتاتۆرانەیە.

دیارە گرنگی ئەم بۆچوونانەی سەیدا ساڵح یوسفی لەوەدایە گەر بزانین ئەو ئەم نامەیەی لە ساڵی 1979دا ئاراستەی سەرکردایەتی بزوتنەوە کردوە. دیارە پێشبینیەکانی سەیدا چ دەربارەی حیزبی سۆسیالست یا وڵاتانی کۆمۆنیست و سۆسیالیستی ڕاست دەرچوون. ڕوخانی دیواری بەرلین لە ساڵی 1990 دا و کەوتنی یەک لەدوای یەکی سیستەمی سۆسیالستی و کۆمۆنیستی لە وولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا باشترین بەڵگەی سەڵماندنی ڕاوبۆچوونەکانی سەیدان.



**سەیدا سالح یوسفی**

## ئاگاداری قادر شۆڕش لە جموجۆڵە سیاسییەکانی دوای هەرەس

قادرشۆڕش وەک یەکێک لە کادیرەکانی پارتی بڕیاری وازهێنان لە شۆڕش یا زەقتر ئاشبەتاڵەکەی سەرکردایەتی بارزانی پێ ناگونجاو و ناشیاو دەبێ. سەیرکردنی ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی پارتی و بارزانی بە چاوی ڕەخنەوە بۆ ئەو کارێکی زەحمەت نەبووە ئەوەش چونکە لەلایەک ئەزموونی چەندین ساڵ خەبات، لەلایەکیتر ئەو لە گەلێ هەڵسوکەوت و بڕیاری بارزانی نارازی بووە، ئەمە بەتایبەتی لە کاتی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لەگەڵ ڕژێمی بەغدا، هەروەک خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا هێمای بۆ دەکا.

ئەوە بوو ئەو مۆڵەتی وەرگرتبوو بۆ سەردانی ماڵەوە کاتێ هەرەسەکەی شۆڕش ڕوویدا. ئەو ماڵەکەی لە شاری خانە بوو، پاش ماوەیەک ماڵەکەی گواستەوە بۆ شاری نەغەدە. جا ئەو کاتەی ئەو هێشتا لە شاری خانە بووە لەگەڵ گەلێ هەڤاڵیتری باسیان لەم کارەساتە کردوە، دیارە باسیش لەوە کراوە کەوا هیوایان هەبێ بە دروستکردنەوەی شتێک هەروەک بەڕێز مەلا خدر ئاماژەی بۆ دەکا.

باسکردنی ڕۆژانەی ئەم هەرەسە و ناتەبایی سەرکردایەتی بارزانی لەگەڵ ئەوانەی کە ویستیان درێژە بە خەبات بدەن (ئەوە بەپێی گێڕانەوە و باسی گەلێ لە کادیرانی پارتی) وایکردوە زیاتر دەنگی ناڕەزایی ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی بەگشتی و بارزانی بەتایبەتی بکرێ. دیارە لەو ڕۆژانەدا سەرکردایەتی بارزانی هێندە خۆشەویست نەبوون لە لایەن خەڵکانی پارتی یەوە، چونکە " بە گوێرەی گێڕانەوەکان" خەڵک ئەم هەرەسەی لە کوڕەکانی بارزانی و خودی بارزانی خۆی زانییوەو بە تاوانباریان داناون. بۆ نمونە قادر شۆڕش کوڕی بچوکی ناوی بارزان بووە، کاتێ ئەم هەرەسە ڕوو دەدا، ئەو هەڵدەستێ بە گۆڕینی ناوی کوڕەکەی و ناوی دەنێ " نەبەز "، دەڵێ: "بارزانی بەزیووە خۆ نەتەوەی کورد نەبەزیووە!" ئیتر زۆربەی خەڵک وای بۆچووەو واتێگەیشتووە، جا بارزانی و کوڕەکانی بارزانی چەند تاوانبارن یان چەند تاوانی ئەم هەرەسەیان دەکەوێتە ئەستۆ ئەمە بۆ مێژوو و خەڵکانی شارەزا لێدەگەڕێین.

گەلێ لە کادیران و کەسانی هوشیاری ئەو سەردەمەی پارتی ئەم بڕیارەی مەلا مستەفا بارزانیان لا ڕاست نەبووە هەر وەک لەمەوبەر باسمان کرد. دەمەتەقێ و باسی زیاتر لە سەر کێشەکە، جموجۆڵی هەندێ کادیری چالاکی ئەوێ وردە وردە چوارچێوەیەکی سیاسیانەی ڕێک و پێکتری بەخۆیەوە گرتووە. ئەوەبوو وەک لەمەوپێش باسکرا چەند کۆبوونەوەیەک لە شاری نەغەدە کرا. بابەتی گرنگی ئەو کۆبوونەوانە زیاتر جەختکردن بووە لەسەر دوارۆژی ئەم خەڵکەو پرسیاری ئەوە چی بکەین؟ وەک دەگێڕنەوە لەم کۆبوونەوەکاندا دووپاتکراوەتەوە کەوا دەبێ شتێ بکرێ، دیارە زۆربەی ئامادەبوان لەسەر ئەمە تەبا بوون و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە هەروەها بڕیاریان داوە بگەڕێنەوە خوارووی کوردستان. جا قادر شۆڕش بەشداری ئەم کۆبوونەوانە بووە یان نەبووە، ئەو خۆی باسی نەکردوە. بەڵام بوونی ئەو لەو کاتەدا لە شاری نەغەدەو بێزاری ئەو لە بڕیارەکەی سەرکردایەتی پارتی و بارزانی زیاتر هێما بۆ ئەوە دەکەن کەوا بەشداری هەبووبێ. لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ مامۆستا مەلا ناسیح، مامۆستا دەڵێ: قادر شۆڕش یەکێ بوو لەوانەی ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆخەباتی داهاتوو وە بەشدار بووە لەجموجۆڵەکانی ئەوکاتە. ئەوەی ئاشکرایەو پێویستی بەبەڵگە هێنانەوە نییە، قادر شۆڕش بڕیاری ئاشبەتاڵی لا ڕاست نەبووەو بڕیاری گەڕانەوەی داوە.

تێبینی: لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبە "بیرەوەریەکانم" کەقادر شۆڕش خۆی نووسیویەتەوە باس لەهیچ جۆرە کۆبوونەوەو چالاکیەکی سیاسی دوای هەرەسەکە ناکا، واتا نەباس لەکۆبوونەوەکانی نەغەدە، نەباس لەجموجۆڵ و چاوپێکەوتن

لەگـەڵ کەس دەکا. وا پێـدەچێ ئەو نەیویستووە بەهیچ جۆرێک باس لەهیچ جموجۆڵـێکی سیاسی یان شێوە سیاسی دوای هەرەس بکات، دیارە ئەمەش بەمەبەستی نهـێنی پاراستن بووە. بەداخەوە بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانی کەلە ژیانی پێشمەرگایەتیدا نووسیبوویەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆی ساڵی 1983 لەناو چوو، ئەگینا وەڵامی گەلێ پرسیارمان بەئاسانی دەست دەکەوت.

## بزوتنەوەو چۆنیەتی پێکهاتی ڕێکخستن

لەیەکێ لە ڕۆژەکانی مانگی یەکی ساڵی 1976 یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەبەسترێ. ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە شەش کەس دەبن کەوا بە دەستەی دامەزرێـنەران ناسراون ئەوانە: "سەیدا ساڵح یوسفی، ڕەسول مامەند، نورەدین عەبدولڕەحمان، عەلی هەژار، تایەر عەلی والی، مەلا ناسیح" . بەڕێز مامۆستا مەلا ناسیح دەڵێ: "ئەم شەش کەسە بووین".*

هەر دوای کۆبونەوەکە پەیوەندی دەکرێ بە زۆر لەو کەسانەی پـێشتر ئامادەیی خۆیان دەربڕیبوو بۆ کارکردن. یەکی لەو کەسانە قادر شۆڕش دەبێ کەوا لەلایەن عەلی هەژارەوە پەیوەندی پێـوە دەکرێ. دیارە ئەویش پەسەندی ئەنجامی کۆبوونەوەکە دەکاو ئامادەیی خۆی دووپات دەکاتەوە.

وەک دەگـێڕنەوە خەڵکیتریش ئامادەیی ئەوەی هەبووە بەشداری کۆبوونەوەی دامەزراندن ببێ. بەڵام بۆ ئەوکاتە ناگونجاو و جێگای مەترسی بووە، بۆیە نەتوانراوە خەڵکی زیاتر کۆبکرێتەوە. وەکو باسمان کرد ئەو خەڵکە لەدوای کۆبوونەوەی دامەزراندن لەناو ڕێکخستنەکانی بزوتنەوە ڕێکخران.

شێوەی ڕێکخستنەکەیان بەجۆرێ ڕێکخستوە کەپێکهاتبوو لەکۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخستن، بەشی ڕێکخستنی سەروو، بەشی ڕێکخستنی خواروو واتە کۆمیتەی سەرکردایەتی سەرپەرشتی هەردوو بەشەکەی کردوە. بەشی ڕێکخستنی خواروو بەغداو شارەکانیتری عێـراقی گرتـۆتەوە، هەرچی بەشی ڕێکخستنی سەروو بووە هەموو شارو شارۆچکەکانی خوارووی کوردستانی گرتـۆتەوە. هەر شارێک کۆمیتەی تایبەت بەخۆی هەبووە. قادر شۆڕش ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی شاری هەولێـر دەبێ. ڕێکخستن لەساڵەکانی سەرەتای دامەزراندنی بزوتنەوە شـێوەیەکی زنجیرەیی هەبووەو لەسەر بنچینەی هێـڵ شۆڕبۆتەوە خوارەوە، واتە تاکە کەس پەیوەندی بەتاکە کەس کردوەو بەشێـوەی زنجیرە لەیەکترگرێدراون. ئەمەش بەمەبەستی زیاتر نهـێنی پارێـزی و دڵنیایی، بە واتایەکیتر زۆر گرنگی بە نهـێنی پاراستن دراوە. بۆ نمونە لەگەڵ هەرگومان پەیداکردنێک چاوپـێکەوتن لەگـەڵ یەکتر بۆماوەیەک نەکراوە هەروەها ناوی نهێنی لەکاتی پێـویست گۆڕدراوە. بەهەموو جۆرێک کاری هەرزەکارانەو خۆدەرپەڕاندن ڕەتکراوەتەوە، ئەو شوێـنانە بۆ کۆبوونەوە دیاری کراون کە کەمتر جێگای گومان بووینە.

ئەرکی سەرەکی ڕێکخستن هۆشیارکردنەوەو ڕێکخستنی خەڵکی کوردستان بووە، زۆرتر گـرنگی دراوە بەچۆنایەتی ڕێکخستن نەک چەندایەتی ڕێکخستن، واتە بڕوایان بەزۆری و بۆری نەبووە.

شـێوەی پێکهاتنی یا ستروکتوری ڕێکخستن لە ساڵەکانی دواتر گۆڕدراوەو شـێوەیەکی هەڕەمی وەرگرتووە واتە لە سەرەوە بۆ خوارەوەو لق و پۆپی زیاتر کەبەم جۆرە بووە: کۆمیتەی ڕێکخستن، کۆمیتەی ناوچەی شار، ڕێکخراو، شانە سەرەکی و شانە سەرەتاییەکان.

* چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا ناسیح

سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی سەروو وخواروو تا ماوەیەکی زۆر بە عەلی هەژار دەسپێردرێ. بەر لەبڕیاری دەرچونی عەلی هەژار بۆشاخ، عەلی ڕەسول هەڵدەبژێردرێ بەلێپرسراوی ڕێکخستنی خواروو. هەندێ لەکەسانی ناسراوی ئەوسای ڕێکخستنی شاری هەولێر ئەمانە بوون: عەلی هەژار، مامۆستا مەلا ناسیح، کاردۆ گەلاڵی، قادر شۆڕش، سەلیم ئاغۆک، مامۆستا عەبدوللا ئیسماعیل، مامۆستا ئەمین، سەعد عەبدوللا، عەلی ڕەسول، مەلا عومەری چل هەویزە، موحسین عوسمان، ئەنوەر عومەر ساڵح، قادر مەلا سابیر" بێکەس"، ئەبووبەکر سۆربەشی"دیار"، مەلا خدر، عەبدوللا ڕەشید، نەوزاد حەمە عەلی، عەبدوللا ئەحمەد داود ناسراو بەمامە، مامۆستا حەمەدەمین، سەلام گۆمەشینی، شێخ کەریم هیرانی، محەمەد مەنگووڕیو زۆریتر.

یەکێک لەهێڵە هەرە چالاکەکانی ڕێکخستن، هێڵی قوتابیان دەبێ کەکاردۆ گەلاڵی سەرپەرشتی کردوە.

قادر شۆڕش کە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی ناو شار دەبێ، هەندێ خەڵکی لەناو شارو لەدەرەوەی شار هەبووە واتە پەیوەندی ڕێکخستنی پێیانەوە هەبووە. خەڵکی لەشارەکانی وەکو کۆیە، شەقلاوەو ناوچەیتر هەبووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەو لەخەباتی پێشوویدا لەو ناوچانە پارتایەتی کردوە.

ئەو کەسانەی ئەو پەیوەندی پێوە کردوون لەدەرەوەی هەولێر بەژمارە زۆر نەبووینە، ڕەنگبێ ئەو گرنگی بەلایەنی چۆنایەتی دابێت واتە کەمی و پوختی.



قادر مەلا سابیر ( بێکەس )، قادر شۆڕش هەولێر 8/4/ 1979.

## گۆڕینی ناوی بزوتنەوە

بە ماوەیەکی کەم دوای دامەزراندنی بزوتنەوە بۆچوون و بیروڕای لە یەکتر جیا وردە وردە خۆیان دەخەنەوە ڕوو، دەکرێ ئەو و بیروڕا جیایانە دابەش بکرێن بەسەر چەند هێڵێکدا ئەوانیش: چەپ، مامناوەنجی، ڕاست. (لێرەدا پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە تێگەشتنی ئەم چەمکانە "چەپ یان ڕاست " لە ناو بزوتنەوە دەکرێ دەمەتەقیی لەسەری بکرێ، واتە دەربارەی ڕاستی یا نا ڕاستی ئەم تێگەیشتنە. ئەوانەی بە ڕاست دانراون زیاتر لەبەر ئەوەبووە کە بڕوایان بە مارکسیەت نەبووە!)

ئەم جیاوازی بیروڕایەی ناو بزوتنەوە زیاتر خۆی خستە ڕوو کاتێ پێشنیاری گۆڕینی ناوی بزوتنەوەکرا و داواکرا وشەی "دیموکراتی" لابردرێ. هێڵی چەپی ناو بزوتنەوە، ئەوانەی زیاتر کاریگەری مارکسیەتیان لە سەر هەبوو یان خۆیان بە مارکسی دەزانی لەگەڵ لابردنی وشەی دیموکراتی بوون و نەیان دەویست بزوتنەوە هیچ ڕوواڵەتێکی سۆسیال دیموکراتانە بەخۆیەوە بگرێ، چونکە ئەوان سۆسیال دیموکرات بە لادەر و دەستی سەرمایەدار تێدەگیشتن. هەرچی بۆچوون و بیروڕاکانیتر بوو دژی وشەی دیموکراتەکە نەبوون.

ئەنجام وشەی دیموکراتەکە لادەبردرێ ئەمەش بەهۆی لەلایەک بەهێزی چەپەکانی ناو بزوتنەوە، لەلایەکیتر هەڕمێن و باوی بیروڕاو تیئۆری مارکسیەت لە کوردستان بەتایبەتی و ناوچەکە بە گشتی.

بەڵام ئایا قادر شۆڕش بیروڕای چی بوو و خۆی لە کام لا دەدۆزیەوە؟

بە گوێرەی گێڕانەوەی هەندێ لە هەڤاڵانی ئەو، قادر شۆڕش زیاتر لایەنی ئەو بۆچوون و بیروڕایانەی دەگرت کە لەگەڵ واقیعی کوردستان و نەتەوەی کورد دەگونجان، بەواتایەکیتر ئەو هەمیشە لایەنی خەڵکی چەوساوە و ستەمدیدەی گرتووە، هەروەها بڕوای تەوای بە خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد هەبووە.

دەربارەی گۆڕینی ناوی بزوتنەوە و لابردنی وشەی دیموکراتی، ئەو پێی باش نەبووە وشەی دیموکراتەکە لابردرێ واتە ئەو وشەی "دیموکراتی" بە گونجاو زانیوە.

لە ڕاستیدا لادانی وشەی "دیموکراتی" دەتوانرێ بەیەکەم هەنگاوی بە کردەوەی چەسپاندنی بیروڕای سۆسیالستی زانستی دابنرێ لەناو ڕێکخستنی بزوتنەوەدا.

## هۆی دەرچونی قادر شۆڕش بۆ چیا

لەریکەوتی 9/4/1979 عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی لەلایەن رژێمی داگیرکەرەوە دەستگیرو شوونبزر دەکرێن.

لەم کات و ساتەی گیرانی ئەوان و دوای گیرانیان رژێم دەکەوێتە بەدواداگەڕان و چاودێری هەندێ کەسیتری ناو ریکخستن، ئەوانە: عەلی ڕەسول، سەعد عەبدوللاو قادر شۆڕش دەبن. سەعد عەبدوڵلا رۆژی پێش گیرانی عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی لەلایەن رژێمەوە دەستگیر دەکرێ و بۆ رۆژی دواتر بەردەبێ، هەروەها بەماوەیەک دوای گیرانیان عەلی ڕەسول لەلایەن رژێمەوە دەگیرێ و شوونبزر دەکرێ. هەر لەو دەوروبەرو رۆژانە پۆلیسەکانی ئەمن دەچنە ماڵی قادر شۆڕش و پرسیاری دەکەن، بەلام خۆشبەختانە ئەو لەماڵ نابێ.

لەلایەکیتر دوای جیابوونەوەی بزوتنەوە لە ینک، مەکتەبی سیاسی بزوتنەوە بڕیاری ئەوەیداوە کەوا عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی و سەعد عەبدوڵلا شار بەجێ بهێڵن و بچنە شاخ، چونکە سەرکردایەتی ئەوسای بزوتنەوە پێویستی بە کادیری سەرکردایەتی هەبووە، ئەمە بە ماوەیەکی کەم بەرلە گیرانی عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی.

قادر شۆڕش چ لەلایەن هەڤاڵانی ریکخستنەوە چ لەلایەن دۆستانیەوە تارادەیەک ئاگادار کرایەوە لەوەی کە رژێم گومانی لێی هەیە و ناوی هێنراوە لە دائیرەی ئەمن. هەر لەو دەوروبەرە رۆژێکیان موختاری گەڕەک کە " فەخریە کۆر " بوو (فەخریە کۆر یەکێک بوو لە موختارە ناو زڕاوەکانی شاری هەولێر) لەگەڵ پۆلیسکی ئەمن کە ڕانکوچۆغەی لەبەر دابوو و دوموچاوی خۆی دەمامک دابوو هاتبوون بۆ سۆراخی قادر شۆڕش. قادر شۆڕش ئەو رۆژە نزیک لە ماڵەکەی خۆیان خەریکی وەستایی بوو و بناغەی خانوێکی دادەمەزراند. ئەو زوو زانی مەبەست لە هاتنیان چییە، بەلام ئەوان قادرشۆڕشیان واپێدەچوو پێشتر نەدیبێ و نەناسیبێ، گومان لە کابرای دەمامکدراو دەکرا کە ئەو بناسێ. ئەو خۆی نەشێواند و لەکارەکەی بەردەوام بوو. فەخری هاتە پێش، لەوەستا (قادر شۆڕش) نزیک کەوتەوەو پرسیاری ئەوەیکرد کە ئایا زەوی باش و هەرزان لەو ناوە هەیە، پاشان پرسیاری ناوی وەستای کرد! ئەویش وەڵامی دایەوە: " ناوم سەعیدە". کابرای تری ئەمنیش کەمێک دوورتر وەستابوو، سەیری ئەوانی دەکرد، هەر ئەم چەند پرسیارەیان کرد و رۆیشتن. بە ماوەیەک دوای ئەمە قادر شۆڕش شاری بەجێهێشت و چووە ناو ریزەکانی پێشمەرگە. واتە ئەو لەهاوینی ساڵی 1979 چووە چیا، هەر لەم دەوروبەرە " سەعد عەبدوڵلا و مامۆستا ئەمین" یش دەردەچن و خۆیان دەگەیننە ریزەکانی پێشمەرگە. گوایە سەرکردایەتی بزوتنەوەش بڕیاری ئەوەی هەبووە ئەم چەند کادیرەو هەندێکیتر شار بەجێ بێڵن و بچنە دەرەوە.

کاتێ قادر شۆڕش ریکخستنی شار بەجێ دەهێڵێ، ئەندامی کۆمیتەی ریکخستنی شار دەبێ، ئەوکاتە مامۆستا عەبدوڵلا ئیسماعیل* و عەبدوڵلا مامەش ئەندامی ریکخستنی کۆمیتەی شار بوون.

دوای گیرانی عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی، پاشان دەرچوونی قادر شۆڕش، مامۆستا ئەمین و سەعد عەبدوڵلا، ریکخستن تووشی شەڵەژان دەبێ و تا ماوەی چەند مانگێک چالاکیەکانیان رادەگرن. پاشان لەلایەن سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستانەوە چەند کادیرێک ڕەوانی شار دەکرێن بەمەبەستی بەکارخستنەوەی ریکخستن.

* عەبدوڵلا ئیسماعیل مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو.

## گیرانی عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی

سەرەتا پێویستە ئەوە بگوترێ کە باسی گیرانی عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی لەم باسە زۆر زیاتر هەڵدەگرێ و پێویستی بە لێکوڵینەوەی وردتر و زیاتر هەیە. ئەمەی لێرەدا باسی لێکراوە زیاتر بەمەبەستی ڕوونکردنەوەیەکی بچوک و پێدانی هەندێ زانیارییە لەمەڕ ئەم بابەتە بە خوێنەری ئازیز.

پارێزەر عەلی هەژار کادیرێکی پێشکەوتووی شۆڕشی ئەیلول کە تیایدا بە پلەی ئەندامی سەرکردایەتی گەیشتووە یەکێ لەو کەسانە بووە دژی بڕیاری وازهێنان لەشۆڕش بووە لە ساڵی 1975 دا هەروەک لەمەوبەر باسمان کرد. یەکێ لە کەسە سەرەکیەکانی دروستکردنی بزوتنەوە بووە و زۆر چالاکانە کاری بۆ کردوە. هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ ئەودا کاریان کردوە گەواهی ڕۆڵی چالاکانەی ئەو دەدەن و هیوای زۆریان پێی هەبووە. هەرچی نووسەر و پارێزەر کاردۆ گەلاڵی یە کادیرێکی چالاکی شۆڕشی ئەیلول، مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ و چاونەترس، بەهەمان شێوە ڕۆڵی دیاری لەبزوتنەوەدا هەبووەو زۆر چالاکانە لەخەباتی ژێرزەمینی بزوتنەوەدا کاری کردوە. توانیویەتی کۆمەڵێکی زۆر لە لاوان و خوێندکاران لەڕیزەکانی ڕێکخستن کۆبکاتەوە هەروەها ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پەروەردەکردن و هوشیارکردنەوەی ئەو لاوانە. شایانی باسە ئەو هێڵەی کاردۆ گەلاڵێ سەرپەرشتی کردوە بە یەکێ لەهێڵە هەرەچالاکەکانی ناو ڕێکخستنی بزوتنەوە دانراوە. جگە لە خەباتی سیاسی کاردۆ گەلاڵێ چالاکی لە هونەرو وێژەی کوردیدا هەبووە، لەکۆڕی زانیاری کورددا کاری کردوەو بەچەند نووسین و پەڕتووکێکی وەکو عەلی شونهەڵگر، زێدەبایی و هیتر مشتێ زانیاری بەنرخی خستووەتە سەر خەرمانی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی.

دوای هاتنەدەرەوەی بزوتنەوە لە نیمچە بەرەی ینک، سەرکردایەتی بزوتنەوە بڕیاری هاتنەدەرەوەی چەند کادیرێکی سەرکردایەتی لە ناو ڕێکخستنەکانی شارەکانەوە داوە، ئەوانەش: عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی و سەعد عەبدوڵلاو هەندێکیتر دەبن.

بەپێی باسی هەندێ لە کادیرانی بزوتنەوە هۆکاری ئەم بڕیارەی سەرکردایەتی بزوتنەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ:

1- سەرکردایەتی بزوتنەوە پێویستی بەکادیری سەرکردایەتی هەبووەو بۆشایی کەمیی کادیر لە سەرکردایەتیدا هەبووە.

2- سەرکردایەتی گومانی ئاشکرابوونی ئەو کادیرانەی هەبووە، ئەمەش بە هۆی هاتنە دەرەوەیان لە ینک.

عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی و سەعد عەبدوڵلا پەسەندی ئەم بڕیارەی چوونە دەرەوەیان دەکەن و پەیوەندی خۆیان بە شیرازەی ڕێکخستنەوە دەپچڕێنن. ئەوان بە هەر هۆیەک بێ دەرچوونەکەیان چەند جارێک دوا دەخەن .

ئێوارەی 1979/4/8 سەعد عەبدوڵلا لەلایەن پۆلیسەکانی ئەمنەوە دەسستگیر دەکرێ. ئەوانەی کەوا لەهێڵی ڕێکخستندا پەیوەندیان پێشتر بەسەعد عەبدوڵلاوە هەبووە، بەم گیرانەی ئەو زۆر نیگەران دەبن و بە زووترین کات هەواڵی گیرانی سەعد عەبدوڵلا بەعەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی دەگەیەنن، واتە عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی بەم گیرانەی سەعد عەبدوڵلایان زانیوە.[9] ڕۆژی دواتر سەعد عەبدوڵلا ئازاد دەکرێ. هەر ئەو ڕۆژە واتە 1979/4/9 عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی تاکو کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆ لە دادگای هەولێر دەبن، ئیتر دوای ئەوە بزردەبن، پاشان دەردەکەوێ کە لەلایەن ڕژێمەوە گیراون و ڕفێنراون. گوایە عەلی هەژار ئەو ڕۆژە پیلانی هەبووە لەگەڵ خێزانەکەی بگەڕێتەوە بەغدا، چونکە ماڵی لەوێ بووە.

---

[9] چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێکار ئەحمەد.

چۆنیەتی و هۆی گیرانەکەیان تا ئێستا دیار نییە و ڕوون نەبۆتەوە. ئەمە بووەتە هۆی هێنانە کایەیی گەلێ پرسیاری بێ وەلام، گومانکردن لە گەلێ کەس بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی نزیک و ڕاستەوخۆیان بەوانەوە هەبووە هەروەها باسکران لە گەلێ هۆکاریتر کەدەکرێ هۆی ئاشکرا بوون و گیرانیان بووبن.

هەندێ لەو کەسانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی هەبووەو لە دەرچونیان ئاگادار بوون، ناوەکانیان خراونەتە بەر پرسیارو هەندێکیان کەم یا زۆر گومانیان لێکراوە. شایانی باسە باس لەهەندێ دیاردەو هۆکار دەکرێ کە دەکرێ هۆی گیرانەکەیان بووبن لەوانە:

1- عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی کەسانی ناسراوی شۆڕشی ئەیلول بوون ئەمە وایکردوە رژێم چاودێری بەردەوامی لەسەریان هەبێ، بەلام ئەوان زۆر گوێیان بەمە نەداوە. بەڵکو ئەوان چالاکی سیاسیان زۆر بووەو بە گەلێ کاری ڕێکخستن هەڵساون.

2- پەیوەندیان بە خەڵکی دەرەوەی ڕێکخستن زۆر بووە، ئەمە وایکردوە کەخەڵکی دەرەوەی ڕێکخستن هەست بە جموجۆڵی سیاسیان بکەن. بۆ نمونە هەندێ لە کەسانی ڕێکخستن پێیان وایە ئەوان جموجۆڵی سیاسیان ئاشکرا بوو.

3- هەڵسانی ئەوان بە گەلێ کاری ناگرنگی ڕێکخستن، بەلام جێگای مەترسی زۆر. بۆ نمونە گەیاندنی پۆستی حیزب لە شارێکەوە بۆ شارێکیتر، ئەمەش بە هۆی بێباکی ئەوان و کەمتەرخەمی ڕێکخستن.

4- هاتووچۆکردنی خەڵکێکی تارادەیەک گومان لێکراو.

5- ململانێ و ناکۆکی نێوان لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، ئەمە پاڵنەرێ بووە بۆ یەکتر تاوانبارکردن و ناو و ناتۆرە لە یەکتر نانەوە.

بۆ نمونە گەلێجار ڕستەی "ڕەسول و عەلی هەژاری عەمیل" لە دەمی سەرکردەکانی ینک بیستراوە. ئەمە لە کاتێکدا عەلی هەژار خەباتەکەی نهێنی بووە ( ئەمە بەپێی باسی هەندێ لە کەسانی بزوتنەوە ).

بە کورتی هۆکاری گیرانیان هەرچی بووبێ، ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێ، گیرانی ئەو دوو کادیرە چالاک و بەتوانایە یەکێ لە زیانە هەرە کوشندەکان بوو کە بە بزوتنەوە کەوت.

## طواستنةوةي خةبات بؤ ضيا

له هاوینی 1979 قادر شۆڕش شوێنی خەباتی له ڕێکخستن و خەباتی نهێنییەوە دەگوازێتەوە بۆ خەباتی ئاشکراو پێشمەرگایەتی لە شاخ.

بەیانیەکی زوو ترومبێلێکی تایبەت بەکرێ دەگرێ، لە هەولێرەوە بۆ گوندی (سماقولی سەروچاوە). لەوێوە پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی بزوتنەوە دەکاو بەرەو سەرکردایەتی دەچێ. سەرکردایەتی بزوتنەوە ئەوسا لە گوندی (گۆڕەشێر) دەبێ. بەرێز موحسین بایز بەم شێوەیە باسی هاتنی قادر شۆڕش دەکا:

(( لە گوندی گۆڕەشێر لە مانگی 6 ی ساڵی 1979 مام قادر شۆڕش بۆ یەکەمجار هاتەلامان. من نەم دەناسی، لەگەڵ کۆمەڵێک کادیرو پێشمەرگەیتر پێشوازی و بەخێرهاتنمان کرد. مرۆڤێکی بە سالاچوو، قسە خۆش، هێمن و لەسەرخۆ بوو. دوای کەمێک دانیشتن باسی خەباتی کوردایەتی لە چل و پەنجاکان، پارتە جۆراوجۆرەکانی ئەوسا، شۆڕشی ئەیلول و پاشان پەیوەندیکردنی بەرێکخستنی بزوتنەوە بۆ کردین. ئێمە تازە دەهاتینە دونیای سیاسەتەوە، ئەو ئەوەندە بە ڕێکوپێکی و ئارامی باسەکانی دەگێرایەوەو ئەدوا هەموومانی سەرسام کردبوو.

بارو دۆخی داراییمان زۆر خراپ بوو ئەمە ببووە هۆی کەمی و خراپی خواردەمەنی و کەرستەی خواردن. ئەو گوتی: " خەم مەخۆن هەمووومان بەگیا پوونگ ئەمساڵ بەسەر دەبەین! ئەوەبوو بۆ نیوەڕۆ گوتی: "وەرن با بچین هەندێ پوونگ بکەین" پوونگەکەمان هێنا لەگەڵ ئاوی تەماتە و کەمێک برنج کە نیو کیلۆ نەدەبوو، کردمان بە شۆربای برنج. ئێمە زیاتر لە(10)دە کەس دەبووین، هەموومان خواردمان و بەشی هەمووانی کرد، زۆر خۆش و بەتام بوو. ناوی ئەم چێشتەمان نابوو شیوەکەی مام قادر، زۆر ئاسان بووو هەمووکاتێکش دەست دەکەوت.

ڕۆژێک سلاوم لێ کرد، وەلامی دایەوەو بەپێکەنینەوە گوتی: " برا ئەم حیزبەی ئێمە بۆتە حیزبی قادری!" گوتم : بۆ؟! کە چووم دیم قادر مستەفا، قادر جەباری و مام قادر شۆڕش لەوێ بوون.

گوتی: " بۆیە وا دەڵێم لە قادر بەولاوە کەسیترمان لانی یە!")).

دوای گەیشتنی قادرشۆڕش بۆ سەرکردایەتی لە مەکتەبی ڕێکخستن هەندێ کاری پێ دەسپێردرێ. دوای ئەوە بە ماوەیەک دەکرێ بە لێپرسراوی ناوچەی باڵەک لە دۆڵی ڕۆست کەوا بارەگای هەرێمی (9) بە فەرماندەی ئەحمەد فەقێ ڕەش لەوێ دەبن. لەم بارەیەوە بەرێز موحسین بایز دەگێرێتەوە: ((کە ئەم هەواڵەمان زانی گوتمان: "بەخوا مام قادر ئەوها بە ئاسانی نایگەیتێ، لێرەوە بۆ ڕۆستێ بە پیادە (9) ڕۆژە ڕێیەو ڕێگا پڕە لە بۆسەو سەربازگەی دوژمن!" ئەو بە پێکەنینەوە وەلامی دایەوە " کوڕینە من بەدوو ڕۆژیتر لە بارەگای هەرێمی (9)نۆم لە ڕۆستێ !".

مام قادرشۆڕش کۆمەڵێ گۆڤار و بلاوکراوەی حیزبی هەڵگرت و بە ئۆتۆمبیل تا شارۆچکەی ( دیانە ) چووو لەوێشەوە خۆی گەیاندبووە ناوچەی ڕۆست. چوونەکەی ئەو بۆ ئەوێ بەم شێوەیە بەکەم کەس ئەکرا)).

قادرشۆڕش ماوەی سێ چوار مانگ لە ناوچەی باڵەک دەمێنێتەوە، پاشان بە بڕیاری سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان (کەوا چەند مانگێک بوو دروست ببوو) دەگەڕێتەوە سەرکردایەتی. گەڕانەوەی بۆ سەرکردایەتی لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگەی هەرێمی (9) نۆ دەبێ بە سەرپەرشتی محەمەد سیاسی جێگری فەرماندەی هەرێم. لە ڕێگا لە نێوان چۆمان و گەلاڵە ئەکەونە بۆسەیەکی دوژمن. دوای چەند کاتژمێرێ شەڕ لە بۆسەکە دەرباز دەبن. لەم شەڕەدا محەمەد سیاسی بریندار دەبێ، بە برینداری محەمەد سیاسی ڕزگار دەکەن و دەیگەیەننەوە سەرکردایەتی.

بەڕێز موحسین بایز دەگێڕیتەوە: ((لە ساڵی 1980 لە سەرکردایەتی بووین، نووسراوێک لە شامەوە بۆ حیزب هاتبوو، نووسراوەکە سێ چوار لاپەڕە دەبوو. مام قادر شۆڕش خەریکی خوێندنەوەی بوو، دیاربوو هەواڵی خۆشی تیابووو زەردەخەنەی ئەهاتێ. ئەمە سەرنجی سەیدکاکەی ڕاکێشاو گوتی: "بەدەنگی بەرز بۆمان بخوێنەوە!" دیاربوو ئەو هەر بۆخۆی ئەیخوێندەوەو گوێی پێ نەدا. دیسان خاڵە سەید کاکە گوتی: " دەنگ هەڵبڕە!"مام قادر لەسەرخۆ سەری هەڵبڕی و گوتی: قوربان ئەمە ڕاپۆرتی حیزبە, خۆ شانامە نییە بەدەنگ بیخوێنمەوە!))



ساڵی 1980، دۆڵە توو. لە لای ڕاستەوە: شـێرکۆ شێـخ عەلی، قادر جەباری، قادرشۆڕش, سەلام گۆمەشنەیی.

## چوون بۆلقی هەولێر

دوای گەڕانەوەی قادرشۆڕش بۆ سەرکردایەتی. بە بڕیاری سەرکردایەتی ئەرکی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی لقی هەولێری پێ ئەسپێردری. بەرلەوەی ئەو بکرێتە بەرپرسی لقی هەولێر، سەعد عەبدوڵلا بەرپرسی لقی هەولێر دەبێ. گەڕانەوەی سەعد عەبدوڵلا بۆ سەرکردایەتی و دانانی قادر شۆڕش بە بەرپرس لە شوێنی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک (بەپێی گێرانەوەی هەندی لە کادیرانی ئەوسا):

1- هەبوونی کێشەو ناڕێکی لە نێوان بەرپرسی لق و هەرێمەکان.

2- قسەو گومان هەبوون لەسەر جۆرە پەیوەندی هەبوونێکی بەرپرسی پێشوو سەعد عەبدوڵلا بە چوونەوەی سەرباز ئەحمەد و سەید عەبدوڵلا کەردزی بۆ ناو رژێم.

3- شارەزایی و خاوەن ئەزموونی قادرشۆڕش لە بواری ڕێکخستن هەروەها شارەزایی ئەو لە ناوچەی هەولێر.

■ بەڕێز موحسین بایز لە بارەی چوونی قادر شۆڕش بۆ ناوچەی هەولێر دەگێڕێتەوە: ((کە ئەو کرا بەلێپرسراوی لقی هەولێر ئێمە کە هەرێمی 14 بووین لەگەڵی هاتین تا گوندی (جەلی). لە ڕێگا دوو پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو لە گوندی (پیرانە ڕەشان) بووین. بۆ نانخواردنی ئێوارە دابەشی سەرمالاّن بووین، من و مام قادر و دوو پێشمەرگەکە چووینە ماڵێک. ماڵەکە شۆربایەکی ڕووتیان بۆ هێنایین لەگەڵ نان. یەکێ لە پێشمەرگەکان گوتی: " من نان ناخۆم و ناتوانم نان بەم شۆربایە بخۆم !" مام قادر شۆڕش هاتە وەلاّم گوتی: " کوڕم ئێرە چێشتخانەی مەسیف نییە، ئەگەر نەیخۆی تاکو بەیانی لە برسان ووشک ئەبیەوە!" ))

ئەو کاتەی قادرشۆڕش هاتە ناوچەی هەولێر، لقی هەولێر کۆمەڵێک هەرێمی سەربازی و ناوچەی سیاسی دەگرتەخۆ کە ئەمانە بوون: هەرێمی دەشتی هەولێر بە فەرماندەی قادر مستەفا، هەرێمی 9 ی باڵەک بە فەرماندەی ئەحمەد فەقێ ڕەش، هەرێمی 10ی سەفین بە فەرماندەی ئەحمەد خان، هەرێمی 11ی باواجی بە فەرماندەی سەلیم کێشکەیی، هەرێمی 12ی سۆران بەفەرماندەی عەولڵا بۆر، هەرێمی 14 بە فەرماندەی عەوڵلا سوور، هەرێمی 15 بە فەرماندەی حەمە سوور، هەرێمی 17 بە فەرماندەی بورهان بلەیی. ئەم هەرێمانە کاری سەرەکیان خۆنیشاندانو چالاّکی سەربازی بوو. ناوچەکان کەبەئەرکی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و ڕێکخستنەوە هەڵدەستان ئەمانەبوون: ناوچەی دەشتی هەولێر بەسەرپەرشتی موحسین عوسمان، ناوچەی کۆیە بەسەرپەرشتی سەلام گۆمەشینی، ناوچەی شەقلاوە بەسەرپەرشتی غازی قادر ئاغا، ناوچەی ڕەواندوز بەسەرپەرشتی مامۆستا ئەمین، هەروەها ناوچەی ڕانیەو ناوچەی باڵەک. جگە لەوە لقی هەولێر بەرپرسی هەموو ڕێکخستنە نهێنیەکان لە شارو شارۆچکەکان بوو، ئەوانەی دەکەوتنە سنووری پارێزگای هەولێر. کارێکیتری لق و ناوچەکان چاودێریکردن و هۆشیارکردنەوەی هەرێم و کەرتە سەربازیەکان لە کاتی سنوور بەزاندن و کاری نابەجێ، هەروەها ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی ئەم هەرێم و کەرتانە. ئەمە کارێکی سەخت و پڕ لە سەرئێشە بوو بۆ کادیرە سیاسیەکان کەوا گەلێجار دەبووە هۆی دروستبوونی کەشێکی سارد لە نێوان کادیرە سیاسیەکان و هەندێ لە فەرماندەی هەرێم و کەرتەکان. لەڕاستیدا ڕادەی باشی و خراپی پەیوەندی نێوان کادیرە سیاسی و هێزە سەربازیەکان بە شێوەیەکی سەرەکی دەکەوتەسەر ڕادەی ملکەچی فەرماندە سەربازیەکان بە بڕیارەکانی حیزب.

■ لەمەڕ ئەم بابەتە بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا کە دواتر بوو بە بەرپرسی ناوچەی شەقلاوە دەڵێ: (( هەرێم و کەرتە سەربازیەکان زۆرجار فشاری زۆریان بۆ دەهێنایین. بەتایبەتی مام قادرشۆڕش گەلێجار تووشی کێشەی گەورە دەبوو لەگەڵیان،

بەڵام ئەو بەشارەزایی و پشوودرێژی خۆی گرفتەکانی لەگەڵدا چارەسەر دەکردن. بەڕاو قسەی ئێمە بوایە دەمانکردە شەڕە تەقە لەگەڵیان)).

■ هەروەها بەڕێزان موحسین عوسمان و بەڵێن عەبدوڵڵا هەردووکیان ئەوە دەسەلمێنن کەوا هەرێم و کەرتە سەربازیەکان کەموکوڕیان هەبوو، جارجارە هەڵگرتنی سەرپێچیەکانیان لە ووزەدا نەبووە، بەڵام ئەوانیش خۆیان، واتە کادیرە سیاسیەکان کەموکوڕیان هەبووە لەمەڕ مامەلەکردن لەگەڵ فەرماندە سەربازیەکان. ئەمەش لەبەر کەم ئەزموونی و خوێن گەرمی کادیرە سیاسیەکان. دیارە ئەم گرفتەی لەسەرەوە باسکرا یەکێکە لە تەنگوچەڵەمەکانی خەباتی چەکداری بەشێوە کلاسیکیەکەی.

لەگەڵ ئەم کەموکوڕی و لاوازی باری دارایی حیزب، کەمی چەک و تەقەمەنی حیزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە بوارەکانی سەربازی و رێکخستنەوە.

■ بەڕێز دکتۆر مەحمود عوسمان هۆکارەکانی ئەم گەشەکردنەی حسیک دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند خاڵێک:

1- خەڵک بێزاربوو لە شەڕی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و قیادەی موەقەتە.

2- پێشمەرگەی کۆنی شۆڕشی ئەیلول کەمتر دەچوون بۆلای یەکێتی، چونکە وەک "جەلالی" سەیریان دەکردن.

3- خەڵکە پەڕگیر و توندڕەوەکانی ناو یەکێتی بەتایبەتی کۆمەڵە هەروەها ناو پارتی بەتایبەتی سامی و ئەوان کە هەردوولایان خۆیان بە مارکسی ئەزانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵک خراپ بوو، لەخەڵکیان دەدا، خەڵکیان دەکوشت، ئەمە ببووە هۆی نارەزایی و بێزاری خەڵک لێیان.

لەبەر ئەم هۆیانە خەڵک نەدەچوو بەملا یا بەولا. ئەگەڕان بەدوای لایەنێ کەوا توندڕەونەبێ، بۆنێکی شۆڕشی ئەیلولی لێبێ. خەڵک ئەوەیان لەم سۆسیالستە ئەدۆزییەوە و دەبینی.

قادر شۆڕش خۆیی و دووسێ پێشمەرگە لە ناوچەکانی خۆشناوەتی، کۆیە و دەشتی هەولێر دەسوڕایەوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی کاروباری رێکخستن. گوێدرێژێکی سپی پەیداکردبوو، گۆڤارو بڵاوکراوەی حیزبی لێ باردەکرد، جارجارەش کە خۆی بێتاقەت دەبوو لە رۆیشتن بۆ سواری بەکاری ئەهێنا.

■ مامۆستا سەلام گۆمەشینی کە ئەوسا بەرپرسی ناوچەی کۆیە دەبێ دەگێڕیتەوە:

(( دوای رۆیشتنی مام قادر شۆڕش بۆ لقی هەولێر منیش ئەرکی لێپرسراوی ناوچەی کۆیەم پێ سپێردراو چوومە خوارەوە. لەگەڵ هەڤاڵ قادر شۆڕش زۆر بەیەکەوە دەسوڕاینەوەو دڵمان بەیەکتر زۆر خۆش بوو، هەڤاڵ قادر شۆڕش هەرچەندە تەمەنی لەسەر بوو بەڵام لە رۆیشتن لەش سوک و چالاک بوو و هەستی بە ماندوو بوون نەدەکرد. وەک پێشمەرگەیەکی ئاسایی بەشداری پاسەوانی و کارەکانیتری رۆژانەی دەکرد، چونکە ئەو خۆی لە پێشمەرگەی ئاسایی بە گەورەتر نەئەزانی. لە کۆبونەوەکاندا ئەو زۆر دیموکراتیانە مامەلەی لەگەڵ بابەت و کێشەکان دەکرد، پرسی دەکردو ڕای ئامادەبووانی وەردەگرت ئەوجا بڕیاری دەدا. گەلێجار دەیگوت: " گەر ئێوە بڕیارێکی منتان بەدڵ نەبوو رەخنەم لێبگرن!" چونکە ئەو زۆر گرنگی دەدا بە رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن. ئەو زۆری لاگرنگ بوو پێشمەرگە هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکاندا باش بێت، دەیگوت: "ئێمە هاتووین گیانی خۆمان دەبەخشین بۆئەوەی گەلە چەوساوەکەمان لە ژێردەستی رزگار بکەین، چۆن دەبێ گەل ئازار بدەین!" )).

■ بەڕێز موحسین عوسمان بەم شێوەیە باسی قادر شۆڕش دەکا: ((مام قادر شۆڕش مرۆڤێکی سادە و ساکار و چاوتێر بوو، هەموو سەرمایەی ئەو ئەدەبیات و بڵاوکراوەی حیزب بوو. دۆست و خۆشەویستی هەژار و جوتیارانی ناوچەکان بوو، ماڵە هەژارێک لە هەر گوندێک بووایە سەردانی دەکردن و لەم ماڵە میوان دەبوو، لەگەڵ کێشەکانیان یارمەتی دەدان )).

■ هەروەها موحسین بایز دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ((مام قادرشۆڕش هەمیشە بەخۆیو دووسێ پێشمەرگە دەسوڕانەوە، زۆرجاران تفەنگێکی تۆمێک "هەشت خۆری" هەڵدەگرت، دەیگوت پیاوی حیزبی دەبێ بەهەموو چەکێ ڕازیبێ ( تۆمێک M.1 چەکێک بوو لە جەنگی جیهانی دووەم بەکار هاتبوو، شێوەی لە تفەنگی برنۆ دەچوو بەڵام کەمێک لە برنۆی درێژ کورتترو ئەستوورتر بوو، فیشەکەکانی وەک هی برنۆ گەورە بوون بەڵام جیابوون. ئەم چەکە هەموو پێشمەرگەیەک پێی رازی نەدەبوو ). جارێکیان مام قادر و دوو پێشمەرگەی لق لەگەڵ پێشمەرگەکانی هەرێمی (8) لە ناوچەی دەشتی هەولێر دەسوڕێنەوە، لەرێگا پێشمەرگەکانی هەرێمی (8) دوو گوللە ئارپیجی فرێدەدەن، مام قادریش دوو گوللە ئارپیچیەکان هەڵدەگرێتەوە لە گوێدرێژەکەی باریان دەکا. بۆ بەیانی لە گوندی (نێرەگین) تووشی شەڕ دەبن لەگەڵ کۆپتەرو سەرباز و جاشی دوژمن. ئەم دوو گوللە ئارپیچیەی لای مام قادر دەبێ زۆر بەکەڵکیاندێ و بەهۆیانەوە کۆپتەرەکان لێیان دوور ئەکەونەوە )).

لە بارەی سوڕانەوەی قادرشۆڕش بە دووسێ پێشمەرگە لە ناوچەکاندا بەڕێز موحسین عوسمان دەڵێ: (( من چەندین جار پێم دەگوت و ئامۆژگاریم دەکرد کەوا چۆن دەبێ ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی لق لەم بار ودۆخە ئاڵۆز و پڕ مەترسیە بە یەک یا دوو پێشمەرگە بسوڕێتەوە، ئەگەر ڕۆژێک تووشی شتێکی خراپ بوویت! بەڵام ئەو وەڵامی ئەوە بوو: هەرچیم لێ بکەن ناتوانن بیروباوەڕەکەم زەوتکەن و لێ بسەنن")).

■ هەروەها بەڕێز مامۆستا سەلام دەگێڕیتەوە: ((هەڤاڵ قادر شۆڕش بیروهۆشی هەمیشە لای حیزبایەتی و چالاکی زیاتر بوو، خاوەنی باوەڕێکی بەهێز بوو ئەمە وایکردبوو زۆر بێباک بێ، هەربۆیەش لای ئاسایی بوو لەگەڵ یەک دوو پێشمەرگە لە ناوچەکەدا بسوڕێتەوە. لەڕاستیدا من زۆر دەترسام شتێکی بەسەربێ، بۆیە دڵم هەمیشە لای ئەو بوو. بەڵام ئەو هەردەم دەیگوت: " ئێوە وریای خۆتان بن غەمی منتان نەبێ! " ڕۆژێکیان لە سنووری ناوچەی کۆیە دەگەڕاینەوە، زۆر شەکەت و ماندوو بووین، هاتین بۆ گوندی (کرۆژ) کە دەکەوێتە بناری باواجی. نیوەڕۆ گەیشتینە ئەوێ، دوای نانخواردن و پشوودان خۆمان ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتن، دیاربوو هەڤاڵ قادر شۆڕش حەزی دەکرد شەو لە کرۆژ بمێنینەوە. من مانەوەم لەم گوندە پێ باش نەبوو، چونکە لە دوژمن نزیک بوو و جێگای مەترسی بوو، بۆیە بە هەڤاڵ قادر شۆڕشم گوت: " لەم گوندە بڕۆین باشە، دوژمن پێ بزانێ بەسەرمان دادەدا و تووشی زیان دەبین!" بەڵام ئەو هێندە بێباک بوو حیسابی بۆ دوژمن نەدەکرد گوتی: " من دەمینێمەوە! " منیش وەڵامم دایەوە: " دەباشە ئەوە ئێمە دەڕۆین ئەوجا ئەتۆش هەر لێرە بمێنەوە!" ئێمە ژمارەمان (12) کەس بوو و ڕۆیشتین، ئەویش لەگەڵ چوار پێشمەرگە مایەوە. ئێمە تەواوێک لە گوندەکە دوور کەوتبووینەوە کاتێ دیمان هەڤاڵ قادر شۆڕش و ئەوانیتر بەرەو لای ئێمە بەرێگاوەن. کە گەیشتن پێم گوت: "باش بوو هاتی، دڵم خەبەری داوە مانەوە لەم دێیە باش نییە!" مام قادر شۆڕش لەسەر ڕوباری سماقولی گەیشتە ئێمە، ئەوکاتە زستان بوو و مانگی یەک بوو، زۆر ساردبوو و ڕووبارەکەش هەستابوو. مام قادر کە سواری کەرە سپیەکەی ببوو گوتی: "وەرە لە پشت من دانیشە و بەسواری کەر دەتپەڕێنمەوە!" گوتم: " باشە! " کەرەکە گەیشتە ناوەڕاستی ئاوەکە چۆکی دادا، من بۆ ئەوەی مام قادر نەکەوێتە خوارەوە، دەستم لەو بەردا و کەوتمە ناو ئاوەکە، تەوژمی ڕوبارەکە زۆر بەهێز بوو و چەند هەنگاوێک بەم لاو بەولای دادام. ئیتر بەو سەرمایە هەموو گیانم بووە جل، وەک مریشکی ڕووتاوەم لێهاتبوو و لەسەرمان هەڵدەبەزیم، خەریک بوو لە سەرمان ڕەق ببمەوە تا گەیشتینە گوندی (سماقولی گرتک ). ڕۆژی دواتر هەواڵیان بۆ هێنایین کەوا شەوی ڕابردوو هێزێکی زۆری دوژمن کە بریتی بووە لە جاشەکانی قاسم ئاغا و نەوزاد ئەنوەر بەگ و جاشیتر، چواردەوری گوندی کرۆژیان گرتووە. دیارە

مەبەستەکەشیان ئێمە بوو. رووم لە هەڤاڵ قادر شۆڕش کرد و گوتم: " باش بوو دڵت نەرم بوو، ئەگینا خوا دەزانێ چی رووی دەدا!" ئەو بەپێکەنینەوە گوتی: " دەزانم شێخی، باوەڕم پێت هێناوە!")) 

یەکێ لە پێشمەرگەکانی قادر شۆڕش ناوی سەردار یونس دەبێ (دواتر شەهید بوو) خەڵکی هەولێر بووو شێوەی قسەکردنەکەی کەمێک دەچۆوە سەر تورکمانەکانی هەولێر، کە هەواڵی هاتنی جاشەکانی دوژمن دەبیستێ بۆ سەر گوندی کرۆژ دەڵێ: مام قادر حەموو دەمێ کرۆژ سێنان ، کرۆژ سێنان، رۆژەک دێ دەمان گرنەوە بەدەستی!"

■ بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا سورانەوەی قادرشۆڕش بە چەند پێشمەرگەیەک و هۆی هەڵسوکەوتی ئەو بەم شێوەیە باس دەکا: ((من هەرگیز مام قادر شۆڕشم نەدیوە لەچەند پێشمەرگەیەک زیاتری لەگەڵدابێ، ئەمەش هۆکەی ئەوەبوو ئەو بڕوای بە شەڕی براکوژی نەبوو، ئەو پێی وابوو دەبێ دیموکراتیەت هەبێ، دەبێ بیروڕا ئازادبێ و برایەتی هەبێ لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، بە کورتی ئەو بڕوای بە ململانێیەکی شەریفانە هەبوو. ئەمە وای کردبوو کە بەهیچ جۆرێک بڕوای بەوە نەبێ وەک هەندێ لێپرسراوی حیزبەکانیتر 50 - 60 کەس بۆ پارێزگاری خۆی تەرخانکا یا بە کۆمەڵێکی زۆری پێشمەرگە بسوڕێتەوە)).

وەکو باسمان کرد سۆسیالست گەشەکردنی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە، دیارە ئەم گەشەکردنە چالاکی زیاتری لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لەمەر ئەم گەشەکردنە بەڕێز مامۆستا سەلام گۆمەشینی دەگێڕێتەوە: (( حیزبی سۆسیالست لە گەشەکردنێکی باش دابوو، خەڵک زۆر دەهاتن بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە. بڕیارماندا چالاکیەک ئەنجام بدەین، هێزێکی (35) کەسیمان پێک هێنا لە لقی هەولێر، ناوچەی کۆیەو شەقلاوە، هەرێمی سەفین و باواجی. بڕیارماندا چالاکیەکە لەسەر رێگای هەولێر- کۆیە ئەنجام بدەین. رۆژێکی ساردی زستان بوو، بە کاتی دوو و نیوی دوای نیوەڕۆ چووین لە نزیک گوندەکانی (پیرەر و باوەقوب) لە نێوان سێ ڕەبایەی سەربازی دوژمن کەمینمان داناوەو جادەکەمان گرت. ئەمە یەکەم جار بوو جادەی کۆیە - هەولێر لەلایەن پێشمەرگەوە دەستی بەسەردا دەگیرا. لەبەر تەم و مژەکە سەربازی ڕەبایەکان ئێمەیان باش نەدەدی، بۆیە تەم و مژەکە یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ ئێمە. ئەوانەی چووینە سەر جادە (8) کەس بووین: بەکر حەمە، باپیر گورزەیی، غازی قادر ئاغا، سابیر فەقێیانی، من و هەندێ پێشمەرگەیتر. مام قادر شۆڕش و پێشمەرگەکانیتر لەسەرووتر لەقەد چیا بەرامبەر ڕەبایەکان دابەشکران و دامەزران بەمەبەستی پارێزگاری ئێمە و پشت قایمی بۆ کاتی کشانەوەمان. بۆ ماوەی دوو سەعات و نیو جادەکەمان گرت، خەڵکێکی زۆرمان ڕاگرت و قسەمان بۆ کردن. هەر لەو کاتەدا توانیمان ئوتۆمبیلێکی دوژمن بەچەند جاشێکی چەکدارەوە بگرین کە بریتی بوون لە مستەفا ئاغای پشتدەر و سێ جاشیتر. لە کاتی کشانەوەماندا ڕەبایەکانی دوژمن هەندێ تەقەیان لێ کردین بەڵام بێ زیان دەرچووین. ئەوە بوو پاشان گیراوەکانمان ڕەوانەی سەرکردایەتی کرد)).

**چەککردنێکی ناڕەوا**

ڕۆژێکی هاوینی ساڵی 1980 قادرشۆڕش لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی زرار دوای ئەوەی نانی بەیانی لەگوندی سماقولی سەروچاوە دەخۆن، ڕوو دەکەنە یەکێک لەگەریەکانی نزیک گوندەکە بەلای ڕۆژهەڵاتەوە.

دەچنە ئەوێ بەمەبەستی پشوودان و جێبەجێکردنی کاروباری ڕێکخستن. لەژێر سێبەری داربەڕوویێک دائەنیشن، چەکەکانیان لە تەنیشت خۆیانەوە بە بەردێک هەڵئەواسن و خەریکی چایە لێنان دەبن، دوای نزیکەی کاتژمێرێک کۆمەڵێک پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهەرچواردەوریاندا دێنە خوارەوە. قادرشۆڕش ئەیان بینێ مشەوەشن بۆیە دەڵێ: " ئەوە بۆ وا مشەوەشن، فەرموون دانیشن چایەتان بۆ تێکەم!"

ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن : " نا هیچ شتێک نییە تۆزی ماندوین ".

پاشان لێیان دەچنە پێشەوەو هەندێکیان دائەنیشن، لە ناکاو پەلاماری چەکەکانیان دەدەن، لێیان ڕائەکێشن و فەرمانیان دەدەن فیشەکدانەکانیان لە پشت خۆیان بکەنەوە. قادر شۆڕش بەمە زۆر توڕە دەبێ و دەڵێ: " بۆ چەکمان دەکەن؟" ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە: " ئەمە فەرمانی سەرکردایەتییەو دەبێ ئێوە چەک بکرێن!".

ئەویش بە توڕەییەوە فیشەکدانەکەی لە پشت دەکاتەوەو فڕێی دەداتە پێشیان و دەڵێ: " ئەگەر شۆڕشەکەی ئێوە بەم دوو چەکەی ئێمە سەردەکەوێ فەرموون ئەو چەکانە با پیرۆزی ئێوە بن!" پاشان دەست بۆ باغەڵی ئەبا پێنووسەکەی دەرئەهێنی و پێیان دەڵێ: " ئەم پێنووسە چەکی منە، من بەو پێنوسە بیروباوەڕی خۆم بڵاودەکەمەوە. باشە ئەوە چەکەکانیشتان بردین، ئەی چی لە بیروباوەڕەکەمان دەکەن، ئەم چەکانە تەنها بۆ بەرگری لە خۆکردنمانە!".

ئیتر ئەوان فیشەکدانەکان هەڵدەگرن و دەڕۆن.

قادر شۆڕش بەم کارەی پێشمەرگەکانی ینک زۆر نیگەران دەبێ، بەڵام هێندە بەسەرخۆی ناهێنێ و هەوڵی دڵدانەوەی زرار دەداو پێی دەڵێ : "خەم مەخۆ بەم کارەیان هەرخۆیان ڕیسوا دەبن!"

بۆ ئێوارە بۆ نانخواردن دەچنەوە گوندی سماقولی سەروچاوە.

یا حەسیبە خێزانی مام ڕەسول هاتنی قادرشۆڕش و زراری پێشمەرگە بۆ ماڵی ئەوان بەم جۆرە گێڕایەوە: ((ئێوارە بوو دیم مام قادر و زرار بێچەک بەرەو ماڵەکەی ئێمە هاتن. منیش بەخێرهاتنم لێکردن و گوتم :" فەرموون وەرنە ژوورەوە دانیشن !" ئەوانیش زۆر بە ماتی و غەمباری چوونە ژوورەوە. پرسیم: "مام قادر ئەی چەکەکانتان؟ کوا چەکەکانتان!؟" مام قادر وەڵامی دایەوە: "پێشمەرگە پاڵەوانەکانی یەکێتی چەکیان کردین!"، کەوای گوت زۆرم سك بۆسوتا)).

بەڕێز موحسین عوسمان لەم بارەیەوە دەڵێ: (("هەواڵی چەککردنی مام قادرشۆڕش هەواڵێکی ناخۆش و دڵتەزێن بوو. تەنانەت هەندێ لە کادیرانی کۆمەڵەش شەرمیان لە خۆیان دەکردەوە کەباسی ئەو چەککردنەی مام قادر دەکرا)).

هەروەها بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا دەگێڕێتەوە: ((دوای چەککردنەکە بەدرەنگەوە مام قادر شۆڕشم بینی، پرسیاری ئەم چەککردنەیم لێکرد، گوتی: " خۆ ئەگەر بهاتبان و داوای چەکەکانیان کردبا بۆ چالاکیەک دژی ڕژێم، ئەوکاتە گەر خۆشم لەگەڵیان نەچووبام چەکەکانم دەدانێ"))

پێش ئەو چەککردنەی قادرشۆڕش و دوای ئەمەش کەشی شەڕی براکوژی لە ئارادا هەبوو. شێوەی تێکهەڵچوونەکان پچڕپچڕ بووەو نەبۆتە هۆی شەڕێکی براکوژی سەرتاسەری. بەپێی باسی هەندێ لە کادیرانی ئەوسای حسیک "حیزبی سۆسیالستی

یەکگرتووی کوردستان"، حسیک بە هیچ جۆرێک بڕوای بە شەڕی براکوژی نەبووە، بڕیاریش لە سەرکردایەتییەوە هەبووە کەوا خۆبەدووربگرن لەشەڕی ناوەخۆ، پشوودرێژبن بەرامبەر بە هەرکارێکی شەڕفرۆشانەی ینک و تەنها بیر لە بەرگریکردن بکەنەوە.

بەڕێز دکتۆر مەحمود عوسمان لە بارەی شەڕی براکوژی و شەڕی نێوان ینک و قیادەی موەقەتە دەڵێ: (( ئێمە حسیک کە دروست بووین یەکەم هەنگاومان ئەوە بوو خۆمان جیابکەینەوە لە سیاسەتی یەکێتی، چونکە ئێمە لایەنی ئەو شەڕەمان نەدەگرت و پێمان خراپ بوو. ڕامان وابوو ئەو شەڕە بە گفتوگو چارەسەربکرێ. ئێمە دوای کارەساتی هەکاری دروست بووین بۆیە چاکتر لامان ڕوون بوو ئەم شەڕە شەڕی زەعامەت بوو. ئێمە دژی ئەم کوشتوکوشتارە بووین هەربۆیەش زۆر هەوڵماندا وردە وردە پەیوەندیش لەگەڵ پارتی دروستکەین، ئەوکاتە قیادەی موەقەتە نەمابوو، کۆنگرەی نۆهەمیان گرتبوو و ببوون بە پارتی و ڕێکتربوون. زۆر هەوڵماندا پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیش دروستبکەین )).

بەپێی باسی ئەو کادیرانە نە سەرکردایەتی نەپێشمەرگەی بزوتنەوە دواتر حسیک بڕوایان بە شەڕی براکوژی نەبووە هەروەها هەر دوای هاتنە دەرەوەی بزوتنەوە لەناو ینک پێشنیاری ئاشتی و پەیوەندی دۆستانە کراوە لەگەڵ ینک.

یەکەم شەڕی نێوان ینک و بزوتنەوە کە ڕوویدا لەبناری کۆسرەت لەگوندی (شوشکە) لە 5 /7/1979دا دەبێ، کەوا هێزێکی ینک بە فەرماندەی شەفیق زاهیر بۆسەیەک بۆ دەستەیەک پێشمەرگەی بزوتنەوە بەفەرماندەی شێرکۆ شێخ عەلی و سەرباز ئەحمەد دادەنێن و لێیان دەدەن. لەئەنجامدا دوو پێشمەرگەی بزوتنەوە دەکوژرێن و کۆمەڵێک پێشمەرگەیتر بریندار دەبن و چەکدەکرێن ( سەید کاکە 1997، ل. 122 ).

کادیرانی بزوتنەوە یەکێتی بەتاوانبارو دەست پێشخەر ئەزانن لەو شەڕانەی دوای هاتنە دەرەوەی بزوتنەوە لەنیمچە بەرەی ینک هەروەها هۆکارەکانی ئەم شەڕانە دەگەڕێننەوە بۆ چەند خاڵێک:

1- هاتنەدەرەوەی بزوتنەوەیان بەجیابوونەوە ئەزانی و سەربەخۆیی بزووتنەوەیان لا گران و بۆ قوت نەدەچوو. بزوتنەوەیەکی تریان لە ناو ینک دروستکردەوە و کەوتنە دژایەتی بزوتنەوە.

2- سیاسەتی پاوانکردنیان پیادە دەکرد، خەڵکی خۆیان بەم سیاسەتە پەروەردە دەکرد، هەوڵی نەمان و لاوازکردنی بزوتنەوەیان دەدا.

3- یەکگرتنی بزوتنەوە لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەکردن ئەم دژایەتیەی یەکێتی زیاترکرد، چونکە یەکێتی حەزی بە بەهێزبوونی بزوتنەوە نەدەکرد.

4- پەیوەندی ئاشتیانەی نێوان بزوتنەوە (دواتر حسیک) لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی دواتر پدک. ئەمە ببووە هۆی بەهێزترکردنی دژایەتیەکەی نێوان حسیک و ینک.

5- هەبوونی کەشی شەڕی براکوژی لە کوردستان بەهۆی شەڕی نێوان ینک و پدک.

## طیران و ئاوارەبوون

پۆلیسەکانی ئەمن و موختاری گەرەکی ئیسکان دوای دەرچوونی قادرشۆڕش  لە ساڵی 1979 و پاشان چەندین جار دەچنە ماڵەکەی لە گەڕەکی موفتی بەمەبەست پرسیارو هەراسانکردنی خێزان ومنداڵەکانی.

لە ناوەڕاستی مانگی 10ی 1980 پشتیوان قادرشۆڕش لەلایەن پۆلیسەکانی ئەمنەوە دەگیرێ و شوونبزر دەکرێ. گیرانەکەی نزیکەی (4) مانگ دەخایەنێ، پاش ئازاردان و ئەشکەنجەدانێکی زۆر هیچیان لە پشتیوان دەستناکەوێ و ئازادی دەکەن.

لەسەرەتای ساڵی 1981 رژێمی داگیرکەر دەست دەکا بەگرتن و ڕاونانی خزم و کەسوکاری پێشمەرگە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان. ئەمە بەمەبەستی فشارخستنە سەر پێشمەرگە و خۆبەدەستەوەدانیان.

لە رۆژی 16/3/1981 دا سولحیە محەمەد خدر  واتە خێزانی قادرشۆڕش لەلایەن پۆلیسەکانی ئەمنەوە دەستگیر دەکرێ و بەر ئەو گیرانە بە کۆمەڵە دەکەوێ. ئەو خۆی  وا باسی گیرانەکەی دەگێڕێتەوە: ((چێشتان بوو کە لە دەرگایاندا، چوومە بەر دەرگا دیم  مەلا عومێرە (موختاری گەڕەکی ڕۆناکی)و ئەمنێک بەناوی مەردان کە کورد بوو لەبەر دەرگا وەستابوون گوتیان: " لەگەڵمان وەرە بۆ دائیرەی ئەمن هەندێ پرسیارت لێ دەکەین". بەیەکێک لە منداڵەکانم گوت عەبایەکم بۆ بێنی و پاشان سواری تورمبێل بووین. چووینە گەڕەکی کۆماری، لەوێ ئەمیرەخان خێزانی کانەبی ساڵح یشیان هێنا. تێگەیشتین ئەوان  بۆ گرتنمان هاتبوون. کە چووین بۆ دائیرەی ئەمن، بەڕێوەبەری ئەمن هات و گوتی : " ئەمە چییە بۆ منتان هێناوە؟ من کامەرانو پشتیوانم دەوێ بۆم بێنن! بەیانی ئەو ژنە بەردەن!" پۆلیسی ئەمنەکە مەردان کە منی گرتبوو رێگای بەردانی نەدام ئەگینا بەردەبووم.

کەئێمەیان برد بۆ سەرا دیم کۆمەڵێک خەڵکیتریان گرتبوو: دایکی عەوڵلا بۆر، نەجیبەی خێزانی مامۆستا موحسین، کابان و بەسێ هەردوو خێزانەکەی غەفور، کاک مەجید شێرە و کۆمەڵێک خەڵکیتر. بۆ رۆژی دواتر ئێمەیان برد بۆ زیندانی فەزیلە (فظیلة) لە بەغدا. ئێمە ئەوانەی منداڵمان لانەبوو لەوێ ماینەوە ئەوانیتر کەوا منداڵیان لەگەڵدا بوو بردران بۆ (عەرعەر). ئێمە ئەوانەی بەر ئەو گیرانە کەوتبووین بەسەدان کەس دەبووین و لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە خەڵک هێنرابوو.

بۆ ماوەی سێ مانگ چاوپێکەوتنمان نەبوو پاشان خزم و کەس هاتن بۆ بینینمان. ئێمە سێ نەورۆزمان کرد لە بەندینخانە پاشان حەفوودرا و ئازادکراین)).

لەو کاتەی خێزانی قادرشۆڕش دەستگیر دەکرێ، منداڵەکانی خانووەکەیان جێ دەهێڵن و خۆیان لەبەر چاو وون دەکەن. چەند رۆژێ دواتر کامەران و پشتیوان دەردەچنو دەچنە چیا. دوو سێ هەفتە دواتر مناڵەکانیتریشی شار بەجێ دەهێڵن و ئاوارەی ناوچەی خۆشناوەتی دەبن و لەگوندی (نازەنین) پاشان (سماقوڵی سەروچاوە) نیشتەجێ دەبن.

کۆنـطــرة

گەشەکردن و گەورەتر بوونی قەوارەی حیزبی سۆسیالستی یەکگرتووی کوردستان هەروەها گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەکە پێداویستی بەستنی کۆنگرەیان زیاتر هێنایە پێشەوە.

ڕووداوێکی گرنگ بەچەند مانگێک بەر لەبەستنی کۆنگرە هاتەکایەوە، ئەویش دامەزراندنی بەرەکانی جوقدو جود بوو. ئەو ڕووداوە پەیوەندی گرنگی بەکۆنگرەوە هەیەو خاڵێکی دیاری دەمەتەقێ و مشتومڕی ناو کۆنگرە دەبێ.

بۆیە جێگای خۆیەتی بە کورتی باسێکی ئەو دوو بەرەیە بکەین و بزانین ئەو بەرانە چین. بەرەی جەوقد (جوقد) کە کورتکراوەی ناوی (الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية) یە، ئەم بەرەیە پێکهاتبوو لە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حیزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراقی، پارتی سۆسیالستی عێراق، پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالست، بزوتنەوەی عەرەبی سۆسیالست، ڕێکخراوی سوپای ڕزگاری گەلی عێراق، سەرکردایەتی وڵاتی عێراق. ئەم بەرەیە لە ڕێکەوتی 12/11/1980 لەسوریا دامەزرا. دکتۆر مەحمود عوسمان وەکو نوێنەری حسیک بەشداری سۆسیالستی مۆرکردوە.

ئامانجەکانی ئەم بەرەیە: ڕوخاندنی ڕژێمی بەغدا، عێراقێکی دیموکراتی و مسۆگەرکردنی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدا دەبێ.

لەم بەرەیەدا ڤیتۆ* خراوەتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، دژی بەشداری و هاوکاری پدک بووینە. حیزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان لە ئەمینداریەتی گشتی ئەم بەرەی جوقدە شوێنی نەدراوەتێ.

هەرچی بەرەی جودە، کە کورتکراوەی ناوی (الجبهة الوطنية الديمقراطية) یە پێکهاتبوو لە: پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان، (دواتر پارتی سۆسیالستی کورد"پاسۆک" هاتنە ناو بەرەکە). ئەم بەرەیە لەرێکەوتی 28/11/1980 لە کوردستان دامەزرا.

ئامانجەکانی بەرەی جود: ڕوخانی ڕژێمی بەغدا، دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتی کەوا مافی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ گەلی کورد دابین بکات.

بەرنامەکانی هەردوو بەرەی جوقد و جود پڕە لە دروشم و چەمکی چەپ و سۆسیالستانە هەروەها هێرشکردنە سەر زایۆنیزم و ئیمپریالیزم. بەرەی جود بەهەوڵ و کۆششی زۆری حیزبی شیوعی و پارتی دروستکرا. ڕەسول مامەند و تایەر عەلی والی وەکو نوێنەری حسیک بەشداریان لە بەرەی جود مۆرکردوە.

بەرەی جوقد لەلایەن سوریا و لیبیاوە پشتگیری دەکرا، هەرچی بەرەی جود بوو لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری کراوە.

با بگەڕێینەوە سەر کۆنگرە. هۆکارەکانی بە پێویست زانینی بەستنی کۆنگرە بەپێی باسی هەندێ لە کادیرانی حسیک ئەگەڕێتەوە بۆ:

1- گەشە کردن و گەورەتربوونی قەوارەی حسیک وە پێویستکردنی ڕێکخستنەوەی ستروکتوری حیزب .

2- پێویست هەبوون بە هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکی نوێ.

3- داڕشتنی یا سەقامگیرکردنی بەرنامەیەکی زانستیانە بۆ حیزب.

* ڤیتۆ لەلایەن ینک و حیزبی بەعسەوە خرابووە سەر پدک.

4- گۆڕانکاریە یەک لەدوای یەکەکانی ناوچەکە، پێویستکردنی هەڵوێست وەرگرتن‌و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریەکان، بەتایبەتی ئەوکاتە شەڕی نێوان عێراق و ئێران بە گەرمی هاتبووە ئاراوە.

لەسەرەتای بەهاری 1981 لە هەموو ناوچەکانی خوارووی کوردستانەوە واتە سنووری لقەکانی هەولێر ، سلێمانی، کەرکوک. پێشـمەرگەیـەکی زۆر بەرەو سـەرکردایـەتی حسیک کەئەوسا لە (دۆڵەتوو) دەبێ دەچن. لە ناویاندا ئەندامانی کۆنگرە واتە ئەوانەی بەکردەوە بەشداریان لە پرۆسیسی کۆنگرە دەکرد. ڕێکخستنی نهێنی شارەکان و ڕێکخستنەکانی دەرەوەش بەپێی توانا نوێنەر دەنێرن بۆ کۆنگرە. چەند کەسێکیش بەناوی بازنەی ڕۆشنبیری (حەلقەی سەقافی) کە پێشتر سەربە قیادەی موەقەتە بوون، هاتبوونە ناو حسیک، ڕێکەیان دەدرێ لە کۆنگرە بەشداری بکەن، ئەوانە خۆیان بەچەپ و مارکسی زانیوە.

ڕۆژی 1981/5/12 دیار دەکرێ بۆ بەستنی یەکەم کۆنگرەی حیزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان. ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە یان بەشدارانی کۆنگرە 112 کەس دەبێ. لە ڕۆژی دیاریکراو لە " دۆڵەتوو" کۆنگرە دەست دەکا بەکارەکانی.

ڕەسول مامەند بەخێرهاتنی ئەندامانی کۆنگرە دەکا و ڕاپۆرتی سیاسی بۆ ئامادەبووان دەخوێنێتەوە کە تیایدا باس لە گرنگی بەستنی کۆنگرە دەکاو هێما بۆ ڕۆڵی گرنگی سۆسیالست دەکا لە گۆڕەپانی خەباتدا بە بەڵگەی قوربانیدانێکی دیار لە کادیرانی پێشکەوتووی حیزب. هەروەها ئاماژە بۆ ئەنجامی باشی یەکگرتنی هەردوو ڕێکخراو بزوتنەوە و کۆمیتەی ئامادەکردن دەکا. پاشان کەمێ دەگەڕێتەوە دواوە و باس لە ڕێککەوتننامەی جەزائیر دەکا کە بووە هۆی خۆبەدەستەوەدانی سەرکردایەتی خێڵەکی پارتی، هەروەها دروستبوونی بزوتنەوە وەکو پێداویستیەکی مێژوویی و وەڵامدانەوەیەکی گونجاو بەرامبەر سیاسەتی پاکسازیانەی ڕژێمی بەغدا.

پاشان دێتە سەرباسی گۆڕینی ناوی بزوتنەوەو فرێدانی وشـەی "دیموکراتی" لە ناوی ڕێکخراوی بزوتنەوە، چونکە بزوتنەوە ڕێبازەکەی سۆسیالستی زانستی، دیموکراتی و گەلییە بۆیە پێویست بوو بزوتنەوە خۆی دووربخاتەوە لەزاراوەی سۆسیال دیموکراتی لادەر و گومان لێکراو.

لەکۆتاییدا دووپاتدەکاتەوە کەجولانەوەی ئازادیخوازی کورد چەکی دەستی چینە زەحمەتکێشەکانە چونکە ئەوە مەرجێکی پێویستە بۆ ئەوەی جولانەوەکە شوێنی سروشتی پێشکەوتنخوازی خۆی لە دەست نەدات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، بەمجۆرە کۆتایی بەڕاپۆرتەکەی دەهێنێ[10] و کۆنگرە هەنگاو بۆ کارەکانیتری دەنێ.

پاشان کۆمەڵێک کۆمیتە هەڵدەبژێردرێن بۆ کارەکانی:

سەرپەرشتیکردن، ڕێکخستن، پێشمەرگە، دارایی، پەیڕەوپرۆگرام، هەندێ ئەرکیتر. کۆمیتەی سەرپەرشتیکردن دەسپێردرێ بە ئەحمەد فەقێ ڕەش، قادر شۆڕش، عادل موراد. کۆمیتەکانی تریش خەڵکی تریان بۆ دیار دەکرێ.

هەر لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەدا دوو بابەت دەکەونە بەرباس و دەمەتەقێی زۆر، ئەم دوو بابەتەش:

1- جود یان جوقد؟

2- ئایدۆلۆژیای یا ڕێبازی داهاتووی حیزب.

لە ڕاستیدا مشتومڕو باس لەسەر ئەم دوو خاڵە بەر لە دەست پێکردنی کۆنگرەش لە ئارادا بووە. ڕێکەوتن و تەبابوون لەسەر ئەم دوو بابەتە سەخت و ئەستەم دەبێ. هەندێ لە ڕاو بۆچوونەکانی مەڕ دوو بابەتەکە جیاوازیان بەڕادەیەک بووە، ڕێکەوتن

---

[10] دەقی وتارەکەی ڕەسول مامەند لاپەڕە 98-103 لە کتێبی ڕەسول مامەند 50 ساڵ تەمەن 33 ساڵ خەبات.

لەسەریان نەکراوە. بەپێی باسی هەندێ لە بەشدارانی کۆنگرە دوو هێڵی بیروڕاو بۆچوون هەبوون کە بە دوو شێوەی جیاواز سەیری ئەم بابەتانەیان کردوە.

هێڵێکیان بەسەرپەرشتی ڕەسول مامەند کەوا لایەنی بەرەی " جود و ئایدۆلۆژیای سۆسیالستی زانستی " گرتووە، هێڵەکەیتر بەسەرپەرشتی د. مەحمود عوسمان کە لایەنی بەرەی " جەوقدیان " گرتووەو لەگەڵ ئایدۆلۆژیای " سۆسیالستی زانستی" نەبوون.



ساڵی 1981 دەرگەڵە, لەلای راستەوە: کامەران قادر شۆڕش, قادر شۆڕش, مامۆستا ئەمیـن لە ڕێگای چوونیان بۆ کۆنگرە.

باشتر وایە بێینە سەر هەردوو بابەتەکەو بزانین هەندێ لەبەشدارانی کۆنگرە چۆن باسیان دەکەن. خاڵی یەکەم جود یاجەوقد؟ واتە دەمەتەقێ و باس لەسەر ئەوەی بەشداریوگرنگی بەکام بەرە بکرێ و بدرێ هەروەها لایەنی باش و خراپیان.

بەڕێز د. مەحمود عوسمان لە بارەی جودو جەوقد دەڵێ: (( جوقد لە 1980/11/12 دروست بوو لە سوریا. جوقد ئێمەی تیابووین، یەکێتی و شیوعیشی تیابوو، بەڵام یەکێتی و حیزبی بەعسی سوریا ڤیتۆیان لە سەر پارتی هەبوو. پارتی و حیزبی شیوعی بە پێچەوانەی جوقد جودیان دروستکرد. نێوانی جود و جوقد دوو هەفتە بوو مەبەست دروست بوونەکەیان. جود لە 1980/11/28 دروست بوو. کە جود لە کوردستان دروست بوو حسیکی ئێمەش چوونە ناویەوە. لە ڕاستیدا جود شیوعی و پارتی ڕۆڵیان تیا هەبوو. بەڕای من هەڵەکە لەوەدا بوو لە جوقد ئەوسا یەکێتی ڤیتۆی لەسەر پارتی هەبوو، حیزبی بەعسی سوریاش لایەنگری یەکێتیان دەکرد، ئەگەر هەر لەسەرەتاوە ئەو ڤیتۆیەی ئەوان نەبوایەو پارتیش بهێنرایە ناو بەرەی جوقد، جود دروست نەدەبوو. ئەوکاتە یەک بەرە دەبوو، باشتربوو و ئەبڕایەوە. لەمەوە دەتوانین بڵێین دروستکردنی ئەو دوو بەرەیە

هیچ پێویست نەبوو، زۆر خراپ بوو، لەگەڵێ لایەن زیانیش بوو. بەتایبەتی ئێمە لە هەموویان زیاتر زیانمان پێکەوت. حیزبی شیوعی لە جودیش بوو لە جوقدیش بوو "رۆڵێکی هەبوو".

ئێمە زیانمان زۆرکرد، چونکە جوقدەکەشمان لەکیس چوو، وە لەجودیش رۆڵێکی ئەوتۆمان نەبوو، جود شیوعی و پارتی بوون ئەوانەی ئێمەش خۆیان تێکرد، هەقیش نەبوو وا بکەن. بۆیە ئەم دوو بەرەیە خراپ بوو و دەبوو لەسەرەتاوە پارتیش لەگـەڵ جوقد بوایە. بوونی ئەم دوو بەرەیە بووە هۆی رِک بەرکی و دژایەتی یەکتر تاماوەیەکی زۆر، زۆریش زیانی هەبوو)).

هەروەها بەرێز بەڵێن عەبدوڵلا کەوا لە هێڵەکەیتردابوو، واتە ئەو هێڵەی رەسول مامەند لایەنگری بوو لەم بارەیەوە دەڵێ: ((پێش کۆنگرە بەرەی جوقد و جود دروست بوون، ئێمە لە هەردوو بەرە بەشداربووین. بەرەی جوقد هەڵوێستی دوژمنانەی لە بەرەی جود وەرگرت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەڵوێستی جود بەرامبەر بە جوقد زۆر دۆستانەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی لە بەیانی کۆتایی نووسیبووی ئێمە ئامادەی گفتوگۆ و دانیشتنین بۆ ئەوەی هەردوو بەرەکە بکەین بەیەک بەرە. تەنها ئێمەو حیزبی شیوعی لە هەردوو بەرەکەدا بەشداربووین، حیزبەکانیتر یا لە جوقد یان لە جود بەشداربوون. بەتایبەتی ینک تەنها لە جوقد بەشداربوو پارتیش تەنها لە جود بەشداربوو. دەتوانم بڵێم ململانێی ئەم دوو حیزبەش بوو کە وایکرد ئەو دوو بەرەیە دروستبێ. ئەمە راستەوخۆ کاریکردبووە سەر حیزبی ئێمەش مەبەستم هەڵوێستی حیزبی ئێمە لەمەڕ ئەم دوو بەرەیە. هەڵوێستی ناحەزانەو خراپی جوقد بەرامبەر جود کاری زۆری کردبووە سەر راوبۆچوونی کادیرانی ئێمە لەهەموو ئاستەکاندا. کۆمەڵە خەڵکێک لەناو حیزبی ئێمە بەرگریان لە بەرەی جوقد دەکرد، لەڕاستیدا ئەوان زۆر دژی جودیش نەبوون، بەڵام بەرگری ئەوان لە جوقد گرفتێکی گەورەی بۆ ئێمە دروستکرد، لە پێش کۆنگرەو لە سەرەتای دەست پێکردنی کۆنگرە. کارگەیشتە ئەوەی کە ئایا ئێمە لایەنی پارتی یا یەکێتی دەگرین کە لە راستیدا حیزبی ئێمە لایەنی هیچ یەکێک لەو حیزبانەی نەدەگرت. بەرای من ئەمە سیاسەتی حیزب نەبوو، بەتایبەتی سەرکردایەتی ناوەوە، بەتایبەتیش سەیدا ساڵح یوسفی کە ئەو کاتە مابوو، ئەو بە هیچ شێوەیەک ئەمە رای نەبوو مەبەستم لایەن گرتنی ئەم حیزب یا ئەو حیزب. ئەوانەی بەرگریان لە جوقد دەکرد، دەتوانم بڵێم کاک د.مەحمود کەسی دیاربوو کەخۆی ئیمزای جوقدی کردبوو.

ئەمە وایکرد کەوا ئێمە رووبەرووی گـەلێ پرسار ببینەوە، بۆیە ئێمە کادیرانی سلێمانی و هەولێر داوای کوبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ د.مەحمود. لە کۆبوونەوەکەدا پرسیاری ئەوەمان کرد:

1- ئایا هەڵوێستی ئێمە چییە لەجوقد، لە کاتێکدا جوقد بەرەسمی دژایەتی جود دەکا؟

2- بۆ ئێمە (حسیک) لە ئەمینداریەتی گشتی جوقدا نین؟

3- هەڵوێستی ئێمە دەربارەی ئەو ئینزارەی لە جوقد بۆ ئێمە هاتبوو کە ئەگەر ئێمەی حسیک لەجود دەرنەچین، ئەوا لە جوقد دەردەکرێین. ئەوەش بوو پاشان ئێمەیان سڕکرد لە جوقد و نەماین لەو بەرەیە؟

کۆمەڵێک پرسیاری لەم شێوەیە روبەرووی دکتۆر مەحمود کرایەوە. بەرای ئێمە وەڵامەکانی دکتۆر موقنیع نەبوون. پێم وایە دکتۆر هەستی بۆ ئەوە چوو کە ئـێمە گۆشکراوین بە دژایەتیکردنی ئەو، من پێم وانییە کە ئەمە وابوو، مەسەلەکە وانەبوو. بەپێچەوانەوە ئەمە بۆچوونی خۆمان بوو. بۆ مێژوو دەیڵێم ئێمە کە چووینە سەرکردایەتی بۆکۆنگرە کەسێک نەهات لەگەڵ ئێمە دانیشێ و تەوجیهات بداتە ئێمە. خۆنزیک کردنەوەی ئەوان لە جوقد غەدرێکی گەورە بوو لە حیزب دەکرا، ئەو تاوانبارکرنەی گوایە ئێمە زیاتر بەلای پارتیدا ئەڕۆین و گرنگی زیاتر بە جود دەدەین ناهەق بوو. هەڵوێستی ئێمە لە ئەنجامی ئەوە بوو جوقد غەدری لە ئێمە دەکرد. جوقد خەڵکێکی بردبووە ئەمینداریەتی گشتی ئەسلەن نەفەریان نەبوو. سۆسیالستیش

بەم هەموو خەڵک و قورسایی، شەهید و قوربانیدانەی ڕۆژانە لە گۆڕەپانی خەبات ئەیدا هەروەها ئەو توانا زۆرەی ئـێمە هەمان بوو، کەچی ئەوان پێـیان ناڕەوا بوو سۆسیالست بچێتە ئەمینداریەتی گشتی جوقد.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێـمە دژی پارتی یا یەکـێتی نەبووین، بۆیە ئەم تاوانبارکردنەی ئەوان لەسەر هەڵوێستی ئێـمە ناڕەوا بوو)).

خاڵی دووەمی مشتومڕو باسی کۆنگرە، دەمەتەقێ لەسەر ئایدۆلۆژیای داهاتووی حیزب، پرسیاری ئەوەی ئایا ئایدۆلۆژیا و ڕێـبازی حسیک چییە؟ بەواتایەکیتر یەکلاکردنەوەو سەقامگیرکردنی ڕێـبازی داهاتووی حیزب.

دەمەتەقێ لە مەڕ ئەم بابەتە بووەتە هۆی هێـنانەکایەی جیاوازی زیاتر لە نێـوان دوو هێـڵەکەی ناو کۆنگـرە هەروەها ناو لە یەکترنان.

بەرێـز د.مەحمود عوسمان لەم بارەیەوە دەڵێ: ((جیاوازی بیروڕا هەبوو، بەڵام چۆنیەتی ئەم جیاوازی و ململانێیە لەلایەک بەڕادەیەکی زۆر هی نەزانی بوو، لەلایەکیتر حیزبەکانی دەرەوەی حسیک کاریگەریان هەبوو. بۆ نمونە برادەرانێـک هەبوون لەناو بزوتنەوە خۆیان پێ چەپ و مارکسی بوو، حیزبی شیوعی کاریگەری زۆری بە سەریانەوە هەبوو. ئەوان ئێـمەیان ( کۆمیتەی ئامادەکردن ) بەڕاست ئەزانی بەتایبەتیش من. لەڕاستیدا لەوەدا زیانیان دەکرد من لایەنگریان نەبم یا بەیەکەوە نەبین، چونکە ئێـمە سوودمان ئەوە بوو بەیەکەوە کاربکەین. ئیتر بە جۆرێـک خستبویانە مێـشکیان کەگوایە ئەوان چەپن و ئێـمە ڕاستین.

هەروەها هەندێ برادەر بەم دواییە هاتن (ئەوسا) لەوانە کاک عەزیز عەقراوی، عەبدولخالق زەنگەنە و وریا مستەفا. ئەوانیش مەیلی یا پەیوەندیان لەگەڵ حیزبی شیوعی هەبووو کاریگەری خراپیان هەبوو.

لەلایەکیتر کۆمەڵێـکمان لێ پەیدابوو بە ناوی حەلقەی سەقافی کەوا مەیلی حیزبی شیوعیان هەبوو، کۆمەڵێـکی سەرلێـشێـواو بە کۆمەڵێ کتابی سـوور و مارکسـیەوە. هەروەها لە یەکێـتیشەوە هەندێ هان دەدران بەجۆرێ، کە گوایە یەکێـتی سۆسیالستی زانستین و ئەوان (حسیک) زانستی نین. هەروەها سەعد عەبدوڵلا و ئەوان ئەوکاتە چەپی زۆر تـۆخ بوون، کاک قادر عەزیز چەپێـکی تـۆخ بوو، کاک ڕەسول مامەند زۆریان کارتێـکردبوو. ئەم جۆرە شتانە کاریگەریان هەبوو، ئەمە وایکردبوو کەوا کەشـێـکی خراپ دروستبێ لە کۆنگرەکەدا. ئەمە گەیاندیە ئەوەی کەئەوان پێـیان وابوو کۆمیتەی ئامادەکردن قەوارەی بچوکەو هاتووە قەوارەیەکی گەورەتر بۆخۆی دروستکا یا بیرمە دەیانگوت د.مەحمود بەخۆی و پێـنوسێـکەوە هاتووە دەیەوێ حیزبەکەمان لێـبەرێ یا قسەیتری لەم بابەتە.

لە ڕاستیدا لە کۆنفراسی یەکەمی دروستکردنی حسیک، ئەو شتانە نەبوون. بەبێ تەنگوچەڵەمە ڕێـکەوتین و سەرکردایەتیەکە کاک تایەر و کاک ڕەسول و من بەیەکەوە بە هاوبەشی کارمان دەکرد. بەڵام تا گیشتینە کۆنگرە دیاربوو لەم ماوەیەدا زۆر ئیشی تیاکرابوو. کاتێ کۆنگرە ئەم کادیر و خەڵکەی هێـنابوویان زۆریان لەم چەپانە بوون.

لە ڕاستیدا ڕای ئێـمە، هەروەکو ڕای کاک ساڵح یوسفیش وابوو، ئەمانویست حیزب سۆسیالست بێ و دیموکراتیخواز بێ واتە موعتەدیل بێ، نەک سۆسیالستی زانستی کە ئێـمە بە توندڕەو و پەڕگیرمان دەزانێ.

لە کۆنگرەدا ئەوەی چەکدار و پێـشمەرگە بوو هەمووی لایەنی ئێـمەیان دەگرت، ئەو خەڵکە کوردایەتی دەویست، چەپی چی و ڕاستی چی!؟ لە لایەکیتر وەکو ئاشکرایە کاتێ دوو ڕێـکخستن یەک دەگرن هەندی حەساسیات هەرهەیە چ دەربارەی ئایدۆلۆژیا چ دەربارەی ژمارەو چەندایەتی)).

هەر لەم بارەیەوە بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا دەڵێ: ((كە چووینە ناو كۆنگرە، ئەندامانی كۆنگرە زیاتر ئەو كەسانە بوون كە لە شاخ بوون. نوێنەری ڕێكخستنی نهێنی شارەكان كەم هاتبوون. ململانێكە لە كۆنگرە زیاتر قووڵكرایەوە كەوا كێشە تیئۆریەكانیشی دەگرتەوە. دەمەتەقێ لەسەر بابەتی سۆسیالست و سۆسیالستی زانستی هەروەها باس و دەمەتەقێ لەسەر ئەوەی ئەم حیزبەی ئێمە سیفەتی چییە؟ حیزبێكی نەتەوەییە، لیبراڵە، دیموكراتە، دیموكراتی شۆڕشگێڕە، ماركسییە چییە؟ ئەم بابەتە كێشەیەكی گەورەی هێنایەكایەوە. لە ڕاستیدا من بەڕاكشاوی دەیڵێم، ئێمەمانان، كادیرانی ژمارە دوومان، ئێمە تازە بووین لە تێكۆشان و خەبات، ئەزموونێكی ئەوتۆمان نەبوو. ئێمە ئەوەندە شارەزاییمان لەمەڕ بیروباوەڕی سۆسیالستی نەبوو تەنها ئەوە نەبێ یا ئەوەی كاری كردبووە سەرمان بەرەنگاری ئێمە بوو بەرامبەر بە كارەساتی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لەسەر دەستی سەرمایەداری واتە ئەمەریكا، ئێران و ئیسرائیل. ئەمەبوو بەرەنگابوونەوەو بەرپەرچدانەوەیەكی گەورەی بەرامبەر وولاتانی سەرمایەداری لای ئێمە دروست كردبوو. بۆیە بوون بە چەپ و ماركسیەتی ئێمە عەتفی بوو. ئێمە وەكو هەرزەكارێكی سیاسی ئەم مەسەلانەمان وەرگرتبوو. ئەمە بڕوای ئێمەبوو ئەوسا, ئەگینا بیروڕای ئێستام جیاوازەو شتێكیترە. بۆنمونە خۆ ئەوفڕۆكەو تانك، چەك و تەقەمەنیەی ڕژێمی عێراق دژی پێشمەرگەو كورد بەكاری دەهێنا هەمووی ڕووسی بوونو سۆڤیەت پشتی عێراقی دەگرت، بۆیە من باسی ئەوسا دەكەم. ئێمە لامان وابوو گەریەكێك نەڵی چەپم یا سۆسیالستم ئەسلەن لەحیزبی ئێمەجێگای نابێتەوەو چۆن دەبوو سۆسیالست بێ. ئێمە بەمجۆرە گەرم و دەروێشی چەپایەتی بووین. ئەگەر دكتۆر مەحمودو ئەوان بڕوایان بە حیزبێكی دیموكراتی لیبراڵ هەبوو، بەڕای من ئەوان ئەوكاتە زۆر هەڵە نەبوون. خوێن گەرمیەكەی ئێمەش دەبوایە ئەوان هێندە گوێی پێ نەدەن، چونكە ئەوان خاوەنی ئەزموون بوون، هەرچی ئێمە بووین خوێن گەرم و كەم ئەزموون بووین.

من پێم وایە لە مەسەلەی جود و جەوقد ئەوان ناهەق بوون، بەڵام لە مەسەلەی خوێن گەرمی ئێمە لەمەڕ چەپایەتی و ماركسیەت ئێمە هەڵە بووین. دەبوایە د.مەحمودو دەیانی وەك ئەو كە بڕوایان بە ماركسیەت نەبوو جێگایان لە ناو حیزبی سۆسیالست بووبایەوە، ئێمە لەم بارەیەوە غەدرمان لەوان كرد)).

هەروەها بەڕێز موحسین عوسمان لەم بارەیەوە دەڵێ: ((ئێمە 112 كادیرو ئەندامی كۆنگرە ئامادەی كۆنگرە بووین، بەڕاستی حیزبێكی دەوڵەمەند بووین لە كادیرو پێشمەرگە، بەڵام هەڵسوڕانی كۆنگرەكە زۆر نارێك بوو. دەتوانم بڵێم ئەم كۆنگرەیە كۆنگرەی یەكەم و كۆنگرەی لە ناوبردنی حیزب بوو. لە ناو كۆنگرەكە دوو باڵی زەق دەكەوتنە بەرچاو، باڵێك بەسەرپەرشتی كاك ڕەسول مامەند و باڵێك بەسەرپەرشتی كاك د. مەحمود. دەتوانم بڵێم كێشەكە ململانێی نێوان كاك ڕەسول و كاك دكتۆر بوو. دیارە دەستی لایەنە كانیترش لە ناو كۆنگرە هەبوو. لایەنەكانیتر چ حیزبی شیوعی چ ینك چ پارتی دەستیان هەبوو لە بەربەرەكانی و هاندانی ئەو خەڵكە دژی یەكتر، مەبەستشیان ئەوە بوو كۆنگرەكە سەركەوتوو نەبێ. كاك دكتۆر و ئەوان ئاراستەیەكی نەتەوە خوازانەیان هەبوو، هەرچی كاك ڕەسول و ئەوان بوون لایەنی سۆسیالستی زانستیان دەگرت. ئێمەش واتە برادەرانی كادیر كە لەگەڵ باڵی بزوتنەوە یا حیزب دابووین زۆر چەپ بووین. بۆ نمونە من زۆر حەزم یا بڕوام بە ماركسیەت هەبوو، حەزمان دەكرد پێمان بڵێن ماركسی و چەپ. هەرچەندە ماركسیش نەبووین، بەڵام باهۆزەكە وابوو وەكو بڵێی مۆدیل بوو. پێم وایە هەموو لایەك یا ئێمە هەمووومان هۆی ئەنجامی خراپی كۆنگرەمان دەكەوێتە ئەستۆ. گەر كاك ڕەسول و كاك دكتۆر یەكگرتووبان حەلەقەی سەقافی و ئەوانیش نەیان دەتوانی ڕۆڵیان هەبێ.

ئێمە (بزوتنەوە) لەسەرەتای دروست بوونمان بۆ ئەوە دروست بووین كە سەرەتا خۆمان ڕێكخەین، بیروڕا جیاجیاكان لە نێوان خۆماندا بتوێنینەوە و یەكێتیەكی بەهێزی بیروباوەڕ لە نێو خۆمان دروست بكەین ئەوجا دەست بە خەباتی چەكداری

بکەین. بەڵام ئێمە پەلەمانکرد، ئەوە بوو ئەنجامی ئەو پەلەکردنەشمان هەڵگرتەوە. چونکە تۆ لە نێوان دوو لایەنی کۆن و بەهێز لە شێوەی ینک و پدک چۆن دەتوانی خۆت بەرامبەر ئەو ململانێ یە ڕابگری بەبێ یەکێتی بیروباوەڕ)).

هەروەها بەڕێز مامۆستا مەلا ناسیح لەمەڕ ئەو کێشەیەی ناو کۆنگرە دەڵێ:

((ئەو ململانێ یە شتێکی زۆر خراپ بوو کە لە کۆنگرەدا تووشمان ببوو ئەوانەی خۆیان بەچەپ ئەزانی، بەتایبەتی ئەوانەی تازە هاتبوون خەریکی پڕوپاگەندەکردن بوون بۆ مارکسیەت. چەپەکان بە ئێمەیان دەگوت موعتەدیل مەبەستم کاک تایەر عەلی والی، من و هەندێکیتر. هەروەها بە کاک دکتۆر و حاجی حاجی برایم و ئەوانیتریان دەگوت ڕاست. ئەمە کارێکی خراپ بوو)).

بەڵام ئایا قادر شۆڕش هەڵوێستی چی بوو لەمەڕ ئەو دوو بابەتەی لەناو کۆنگرە باسیان لەسەر بوو؟

بەڕێز موحسین عوسمان دەربارەی هەڵوێستی ئەو دەڵێ: ((مام قادر شۆڕش پیاوێکی موعتەیدل بوو، حەزی بەو گرفت و ململانێیانەی ناو کۆنگرە نەدەکرد. دەربارەی مارکسیەت گەلێجار ئامۆژگاری ئێمەی دەکرد، دەیگوت: " کوڕم سەیری واقیعی میللەتەکەتان بکەن، ئەم چەمکە ووشک و ڕەقانە چییە فێری بووینەو دەتانەوێ میللەتی کورد فێری ئەم شتانە بکەن. واقیعی میللەتی خۆت بخوێنەوە، بزانە میللەتەکەت چی دەوێ؟! ئێمە کوردایەتی دەکەین، هەوڵی ڕزگاربوونی کورد دەدەین. کارێکی باشە شت بخوێننەوەوفێربن بەڵام بە ووشکی شتەکان نەقل مەکەن". ئەو زۆر پێی لەسەر واقیعی میللەت دائەگرت. ئێمە ئێستا دەزانین کە زۆر توند بووین و هەڵەبووین. دەربارەی ململانێکەش گەر کار بگەیشتبایە سەر ئێسکان و یەکلاکردنەوە ئەوا ئەو لەگەڵ حیزب و کاک ڕەسول بوو )).

هەروەها بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا لەم بارەیەوە دەڵێ: (( مام قادر شۆڕش لەو ململانێیەی ناو کۆنگرە لەگەڵ هێڵی حیزب بوو. دەربارەی بابەتی جود و جوقدو هەڵوێستی جوقد بەرامبەر بە حسیک، ئەو پێی وابوو ئەمە ناهەقیە بەرامبەر بە سۆسیالست، بەکەم تەماشاکردنی ڕۆڵی حیزبە لە کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ئەو حیزبانەی کە براونەتە ئەمینداریێتی گشتی جوقد کە ئەو حیزبانە هەندێکیان بەڕادەی مەفرەزەیەکی سۆسیالست وجودیان نەبوو، قوربانیان نەبوو، تێکۆشانیان نەبوو. بەڵام ئەو هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبوو کە ململانێی ناو حیزب بگاتە ڕادەی دڵشکان و دەرچوونی خەڵکێک لە ناو حیزب. ئێمە کە لە ناوچەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بەیەکەوە بووین هەموو کات ئامۆژگاری ئەو ئەوەبوو بە مێشکێکی ساردو بەهێمنی کێشەکان چارەسەر بکەین. هەڵوێستی ئەو لەمەڕ ئەو ململانێیەی نێوان یەکێتی و پارتیش ئەو دژی هەردوو لا بوو لەسەر ئەم ناکۆکیەیان. لەگەڵ ئەوە نەبوو سۆسیالست بچێتە سەنگەری یەکێتی یا سەنگەری پارتی. ئەو لەگەڵ ئەوەبوو کە هەوڵی چارەی کێشەی نێوانیان بدات و ناوبژیکەر بێ)).



دۆڵەتوو 1981 ڕۆژانی کۆنگرە. لە راستەوە: محەمەد فاتیح, قادر شۆڕش, کامەران قادر شۆڕش.

### دواڕۆژی کۆنگرەو هەڵبژاردن

دیارە مشتومڕو دەمەتەقێیەکی زۆر لەسەر ئەو دوو بابەتەی کە لەمەوبەر باسمان کرد کرا. ئەنجامی دەمەتەقێکان بڕواپێهێنەرو وەکو پێویست نەبووە هەروەها ململانێکانی ناو کۆنگرە بووەتە هۆی خۆهەڵنەبژاردنی هەندێ کەسی دیاری ناو حسیک لە ناویاندا د.مەحمود عوسمان.

- بەڕێز مامۆستا مەلا ناسیح لەم بارەیەوە دەڵێ: (( ئێمە گومانی ئەوەمان پەیداکرد کە دکتۆر مەحمود ، قادر جەباری و حاجی حاجی برایم خۆیان هەڵنابژێرن، بۆیە شەوی پێشتر من و سەید کاکە چووین بۆ لای دکتۆرو ئەوان. داوامان لە دکتۆر کرد خۆی هەڵبژێری و بەڵێنمان پێدا کە دەربچێ. مەسەلەی سکرتێری لە گۆڕێ نەبوو چونکە هەموومان دەمانزانی سەیدا ساڵح یوسفی سکرتێرە. کاک دکتۆر زۆر گرنگ بوو بۆ ئێمە، حەزمان دەکرد بەرپرسی یەکەممان بێت لە دەرەوە. بەڵام دکتۆر بڕیاریدا خۆی هەڵنەبژێرێ، حاجی حاجی برایم ڕۆیشت و کۆنگرەی بەجێهێشت، قادر جەباری بڕیاری خۆهەڵبژاردنیدا.

خۆهەڵنەبژاردنی دکتۆر زۆر خراپ بوو، بووە هۆی ساردبوونەوەو دڵشکانی خەڵکێکی زۆر وەکو عەوڵڵا سوور، موحسین بایز، محەمەد وەتمان و زۆریتر )).

بەڕێز موحسین عوسمان لەمەڕ هۆی خۆهەڵنەبژاردنی دکتۆر دەڵێ: ((پێم وایە کاک دکتۆر لەوە گەیشت کە باڵەکەی یا هێڵی کاک ڕەسول لەو بەهێزترە. هەر خۆهەڵنەبژاردنەکەی دکتۆریش بوو بووبە هۆی سەرنەکەوتنی کۆنگرە )).

- بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا هەر لەم بارەیەوە دەڵێ: (( من پێم وایە دکتۆر مەحمود ئەو ڕاستیەی دەزانی کە هەرچۆنێکی خۆی هەڵبژاردبوایە دەرنەدەچوو. من پێم وایە ئەو لەگەڵ ئەو هێڵە سیاسیە نەبوو کە لە کۆنگرە پشتگیریکرا هەروەها پێم وابوو ئەو ناتوانێ تەرجومەی ئەو سیاسەتە بکا کە لە کۆنگرە پەسەندکرا. ئەوەندەی من بیزانم دکتۆر حەز بە ململانێ ناکا، بەڵکو هەر بڕوای پێ نییە.

خۆهەڵنەبژاردنی دکتۆر بووە هۆی دڵشکان و ساردبوونەوەی خەڵکێکی زۆر و هەروەها دوورکەوتنەوەی خەڵکێکی زۆر لە حیزب. گەلێ لە کادیران و فەرماندەی هەرێم و کەرتەکان ساردبوونەوە، کەمتەرخەمیان ئەنواند لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حیزب، دڵگران بوون و خۆیان نەدەدا ئیشکردن. ئەمە بارودۆخێکی خراپی بۆ حیزبی ئێمە دروستکرد لەهەموو شوێن و ناوچەکان )).

بەڕێز دکتۆر مەحمود عوسمان خۆی لەبارەی خۆهەڵنەبژاردنەکەی دەڵێ: ((من کە ئەو کەشە ناهەموارەی کۆنگرەم بینی، گوتم با نەبێتە تەنگ و چەڵەمە. لەبەر ئەوە من خۆم هەڵنەبژارد، چونکە من نەم دەویست ململانێ لەگەڵ ئەو برادەرانە بکەم. ئێمە هاتبووین دەمانویست کۆمەکیان پێ بکەین. کە ئەو واتێبگا تۆ ڕاستی و شتی لە دژ ئەکەی بۆچی خۆت هەڵبژێری؟! بۆیە من نەم دەویست لەسەرکردایەتی لەگەڵ ئەم جۆرە عەقڵیەتانە تێکەڵاو بم. پێشم گوتن " لەگەڵتانم وە پەیوەندیمان بەباشی دەمێنێ، هەرکارێکتان هەبوو لە دەرەوە بۆتانی دەکەم" ئەوەبوو تا دەنگدانەکان و کۆتایی کۆنگرەش مایەنەوە)).

دەگێڕنەوە هەر لەسەر ئەم خۆهەڵنەبژاردنەی د.مەحمود لەیەکێ لەرۆژەکانی کۆنگرە باس زۆر دەکرێ و پەرێشانی دەردەبڕدرێ هەروەها هەوڵیش دەدرێ کەوا بڕوا بە دکتۆر بێنن خۆی هەڵبژێرێ، شێرکۆی شێخ عەلی دێتە ناو قسەکانەوەو دەڵێ: " کە کاک دکتۆر خۆی هەڵنابژێرێ مەیکەنە مەلا مستەفاو وازی لێ بێنن!"

دیارە خۆ هەڵنەبژاردنی دکتۆر مەحمود عوسمان کەشێکی ناهەموار بۆ دوا رۆژی کۆنگرەکە دەهێنێتە کایەوە بەڵام کۆنگرە دەبێ کۆتایی بەکارەکانی خۆی بێنێ و کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێرێ. کۆمەڵێک خۆیان هەڵدەبژێرن، هەندێ لەوانە هەوڵی دۆست پەیداکردن دەدەن و تارادەیەک پڕو پاگندە بۆ خۆیان دەکەن بەئاواتی دەرچوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. دیارە ئەم دیاردەیەش کارێکی سروشتی هەر کۆنگرەو هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەیە.

دەربارەی خۆ هەڵبژاردنی قادر شۆڕش و پڕوپاگندە کردن بۆ خۆی، بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا دەگێڕێتەوە: (( ئەوەی ئێمە نەمان دیت و نەمان بیست ئەوە بوو کەمام قادر شۆڕش پڕوپاگەندە بۆ خۆی بکا کە ئایا دەردەچێ یا دەرناچێ، ئەگەر چی ئەو بەرپرسی لقی هەولێرش بوو و ئەندامی سەرکردایەتی نەبوو ئەوکاتە)).

هەر لەسەر ئەمە بەڕێز موحسین عوسمان دەگێڕێتەوە: ((ئەوەی ئەو بەلایدا نەچووو بیری لێ نە دەکردەوە پڕوپاگەندە کردن بوو بۆ خۆی، مام قادر شۆڕش تەنها خۆی و وجودی خۆی بەس بوو بۆ ئەوەی هەڵبژێردرێ)).

هەروەها بەڕێز د. مەحمود عوسمان هەر لەم بارەیەوە دەڵێ: ((کاک قادر بیری لە پلەو پایە نەدەکردەوە، ململانێشی لەسەر ئەم مەسەلانە نەدەکرد، چونکە ئەو مستەوای لەمە بەرزتر بوو)).

دوای خۆپالاوتنی هەندێ لە ئەندامانی کۆنگرە، هەڵبژاردن دەست پێدەکا بەڕێز موحسین عوسمان لەبارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنەکە دەگێڕێتەوە:

((ڕووداوێکی سەیری ناو کۆنگرە ئەوەبوو، کەهەندێ خەڵک دەنگیان دەدا سەیریان دەکرد بزانن کێ دەست بەرزدەکاتەوە گەر برادەرەکانیان دەستیان بەرز کردبایەوە ئەوانیش دەستیان بەرز دەکردەوە وە بەپێچەوانەوە )).

لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا 19 کەس بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن، هەروەها 6 کەس بەئەندامی یەدەگ هەڵدەبژێردرێن. ئەوانەی بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن ئەمانە بوون :

1- سەیدا ساڵح یوسفی (سکرتێر، بە نهێنی هەڵبژێردرا )
2- تایەر عەلی والی
3- ڕەسول مامەند
4- ئەحمەد فەقێ ڕەش
5- شێرکۆ شێخ عەلی
6- قادر شۆڕش
7- خاڵە حاجی
8- مامۆستا ئەمین
9- مامۆستا مەلا ناسیح
10- قادر عەزیز
11- سەید کاکە
12- سەعد عەبدوڵلا
13- محەمەد فاتیح
14- قادر جەباری
15- محەمەد شاکەلی ( لە ڕێکخستنی شار، بە نهێنی هەڵبژێردرا )
16- عەبدولخالق زەنگەنە
17- عادیل موراد
18- شێروان شێروەندی
19- عەزیز عەقراوی

ئەوانەی بەئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی دەرچوون ئەمانە بوون:

1- مامۆستا شەریف مەولود
2- عەدنان موفتی
3- محەمەدی حاجی مەحمود
4- دکتۆر هۆشیار
5- ئەبو عەلی ( لە لەندەن دادەنیشت )
6- هیوا ( لە ئەلمانیا دادەنیشت )

جگە لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ، ناوی حیزب گۆڕدرا لە حیزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستانەوە بۆ حیزبی سۆسیالستی کوردستان. هەروەها پشتگیری و پەسەندکردنی ئایدۆلۆژیای سۆسیالستی زانستی وە داڕشتنی بەرنامەو ڕێبازی حیزب لەبەر ڕۆشنایی ئایدۆلۆژیای پەسەندکراو کە تیایدا خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بەیەکەوە گرێداوە. بە واتایەکیتر

سەرەتا گەیشتن بە مافە نەتەوایەتیەکان واتە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی و ئیتلافی هاوکات لەگەڵ گۆشکردنی خەڵکی کوردستان بە بیروڕای چەپ و مارکسیانە کە ئامادەبێ بۆ خەباتی چینایەتی و سەرخستنی چینی کرێکاران و گەیشتن بە سیستەمێکی سۆسیالستانە. هەروەها پشتگیری بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی عەرەب لە فەلەستین، هاوکاری وبەرزکردنەوەی دروشمی: هاوکاری و پشتگیری جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، بەرزکردنەوەی دروشمی دژایەتیکردنی سیستەمی سەرمایەداری، ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. کۆنگرە لە 1981/12/15 کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

**سەرکەوتوویی یا سەرنەکەوتوویی کۆنگرە بەپێی باسی هەندێ لە بەشدارانی کۆنگرە:**

- بەڕێز دکتۆر مەحمود عوسمان لەم بارەیەوە دەڵێ: (( بەڕای من هەقبوو کۆنگرە ئەو جۆرە کاریگەریەی چەپ و ڕاست و شتانەی زۆر کەمتر تیابێ. ئێمە وەکو کۆن بەیەکەوە کاربکەین، ئاراستەی موعتەدیلانە تر هەبێ، ئاوابوایە باشتر دەبوو. هەرچەندە لەو بارودۆخی ئەوسای شاخ و کۆنگرەی وا تاڕادەیەک خراپ نەبوو بەڵام زۆر سەرکەوتوو نەبوو. تەنگوچەڵەمەی هەبوو، هەندێ گرفتی دروستکرد. ئەوەبوو کۆمەڵە پێشمەرگەیەک بۆ ماوەیێ جیابوونەوە چوونە ( بێدەلان ) هەر بە ناوی حسیک قسەیان دەکردو خۆیان بە جەماعەتی من ئەزانی کە من لە سوریا بووم. بۆیە پاش شەش مانگ ناچاربووم بگەڕێمەوە بەمەبەستی چارەسەری ئەم گرفتە. هەندێکیانم هێنایەوە ناو حیزب، ئەوانەی کە یەکێتی کاری تێکردبوون، گوتم برۆنە ناو یەکێتی بۆخۆتان، ئیتر کێشەکەمان چارەسەرکرد. بۆیە ئەم کۆنگرەیە زیانی لە حیزبدا، لە کاتێکدا دەبوایە حیزب بەهێزکا، یەکێتی پێ بداو گەشەی پێ بکا کەچی لاوازیکردو هەندێ جیابوونەوەشی تیا دروستکرد. هەروەها بواریشی کردەوە بۆ پارتەکان بەتایبەتی شیوعی، ئەوجا یەکێتی و پارتی "ڕۆڵێک" ببینن لە کۆنگرەکەو دوای کۆنگرەش)).

- هەروەها بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا بەم شێوەیە لە ئەنجامی کۆنگرە دەدوێ:

(( حەز دەکەم بەڕای ئەوسا باسی ئەنجامی کۆنگرە بکەم، من پێم وابوو کۆنگرە سەرکەوتووبوو، پێم وابوو ئێستا حیزبین، ئێستا ئێمە گەیشتینە قۆناغی شانازیکردن بە خۆمان. وەکو قورئان سەیری دروشم، بەرنامە و پرۆگرامی حیزبمان دەکرد، بەرنامەی حیزبمان زۆر بە پیرۆز ئەزانی. لە ڕاستیدا کۆنگرە گروتینێکی زۆر گەورەی دایە ئێمەو بەو وورە بەرزەوە هاتینە خوارەوە بۆ ناوچەی شەقلاوە کە دوای کۆنگرە من کرامە بەرپرسی. من هەرچەندە کەم ئەزموون بووم بەڵام دوای کۆنگرە لە ماوەیەکی کەمدا توانیمان سێ ڕێکخراوی گەورەو بەهێزی ڕێکخستن لە ناوچەکەدا دروست بکەین، ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کەوا کۆنگرە هێزێکی بابەتی و دەرونی باشی پێ بەخشیبووین.

بەڵام ئێمەییێکی بێ ئاگا، ئێمەیەکی سادەو دڵسۆز بۆ ڕێبازی حیزبەکە، ئاگادار نەبووین و نەمان دەزانی کۆمەڵە خەڵکێک هاتوونەو بوونەتە سەرکردایەتی، بێگومان هەموویان نا ئێستاش ڕێزم بۆ زۆربەیان هەیە، بەڵام خەڵکێکی هەڵپەرست هاتبوون، ئەوانە میوانی حیزبەکە بوون، نامۆ بوون بە حیزبەکە، بێگانە بوون بۆ حیزبەکە، لەپشت سەری ئێمەوە بوونە سەرکردایەتی! کە دواتر ئەنجامەکەی زۆر بە خراپ گەڕایەوە بۆ حیزب. ئەگینا ئەو سیاسەتەی حیزب لە کۆنگرە دایڕشت، ئەگەر سەرکردایەتییەکی بە توانا و زیرەکی هەبوایە و بەڕێوەی بردبایە ئەنجامیتری لێدەکەوتەوە. سۆسیالست ئێستا وەزعی لە جێگایەکیتر دەبوو هەروەها وەزعی کوردیش لەجێگایەکیتر دەبوو، من وای بۆدەچم )).

*لە ئەنجامی ئەم باسانەی کەسانی بەشدارانی کۆنگرە بۆمان دەردەکەوێ:*

بابەتی یەکەم جودو جوقد و بوونی بە گرفت تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ یەکنەگرتوویی کەسانی سەرکردایەتی لە بەشداریکردنیان لەم دوو بەرەیە.

بابەتی دووەم ئایدۆلۆژیای حیزب و بوونی بە گرفت، دیارە دوو هێڵی بیروبۆچوون هەبوون لە ناو کۆنگرەکەدا، ئەوانیش لایەنگرانی سۆسیالستی زانستی و مارکسیەت، ئەوانیتر کە لەگەڵ سۆسیالستی زانستی نەبوون. بوونی ئەم بابەتە بە گرفت تاڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ گوێ لەیەکتر نەگرتن و لەیەکتر نەگەیشتن کەوایکردوە نەتوانرێ جۆرە تەبابوون و رێکەوتنێک لەسەر بابەتەکە بکرێ، دیارە هەر ئەمەش بووەتە هۆی زیاتر دوورکەوتنەوەی بیروبۆچوونەکان لە یەکتر. شایانی باسە خوێن گەرمی و کەم ئەزموونی هەروەها پەرگیری هەندێ لە کادیرانی ناو کۆنگرە رۆڵی زۆری لەم یەکترنەگەیشتنە هەبووە. ئەم ناتەباییەی سەر ئەم دوو بابەتە وایکردوە خەڵکێکی وەک حەلەقەی سەقافی کەمیوانی حیزبەکە بوون ڕۆڵێکی زیاتر لە قەوارەی خۆیان ببینن هەروەها پارتەکانی دەرەوەش تاڕادەیەک کارتێکردنیان هەبێ. ئەمانەی سەرەوە کە باسکران بوونەتە هۆی خۆهەڵنەبژاردنی هەندێ لە کەسانی سەرکردایەتی، دڵشکان و ساردبوونەوەی هەندێ کەس، هەروەها دوورکەوتنەوەی هەندێ کادیرو پێشمەرگە.

ئەوەی شایانی باسە لەدوارۆژی کۆنگرەو دواتریش هەوڵی چارەسەری گرفتەکان دراوەو تاڕادەیەکی زۆریش توانراوە جۆرە چارەسەرێک بۆکێشەکان بکرێت، بەڵام سۆسیالست هەرگیز وەکو پێش کۆنگرەی لێ نەهاتەوە.

## كارەساتێكی دڵتەزێن

لەرۆژی 7/5/1981 بەكاتی 9 ی سەرلەبەیانی، فرۆكەكانی رژێمی عێراق كە بریتی دەبن لە (4) فرۆكەی جەنگی و (6) كۆپتەری جەنگی، دێنە سەر بارەگاكانی ئەم ناوچەیە لە دۆڵەتوو و دەوروبەری. ناوچەكە بەخەستی بۆمباران دەكەن بە تایبەتی بارەگایەكی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لەوێ دەبێ كەوا وەكو بەندینخانە بەكارهێنراوە. لەوكاتەی فرۆكە و كۆپتەرەكان دەگەن كۆمەڵێكی زۆری زیندانیەكانی بەندینخانەكە لەدەرەوە دەبن. دیارە فرۆكەكانی رژێم بە شوێنی كۆنگرەكەی تێدەگەن بۆیە زۆر درندانە بە موشەک و چەكیتر هێرشی بۆ دەكەن و بۆردومانی دەكەن، لە ئەنجامی هێرشەكەدا زیاتر لە (150) كەس دەكوژرێ یا بریندار دەبێ.

## ئاهەنگی كۆتایی هاتنی كۆنگرە

رۆژی دوای كۆنگرە ئاهەنگێكی بچوک ساز دەكرێ بەبۆنەی كۆتایی هاتنی كۆنگرە. لەئاهەنگەكەدا چەند ووتارو شیعرێک دەخوێندرێتەوە. یەكێک لەشیعرەكان لەلایەن كامەران قادر شۆرشەوە دەخوێندرێتەوە، شیعرەكە لەسەر دایكی دەبێ كە ئەو كاتە لەبەندیخانە بووە. لە شیعرەكەدا دەڵێ:

*هۆ هۆ دایە*
*هۆ هۆ دایە*
*بەم زریان و رەشەبایە*
*بەپێی پەتی*
*سەرسنگی رەشهەڵگەراوی*
*شەقامەكانت دەكوتی*
*بانگت دەكرد*
*رۆڵە رۆڵە*
*باوەڕنەكەی ئەگەر گوتیان*
*بەندینخانەی ئەو رژێمە*
*لە ئافرەت و مناڵ چۆڵە !*

لەو كاتەی ئەو شیعرە بە دەنگێكی بەرز دەخوێنێتەوە، مەلا بەكر (فەرماندەی هەرێمی باواجی) لەناو خەڵكەكە دەبێ و دەڵێ: "بەخوای دوو ئەوەندەیكە هاواركەیو بنارێنی، حوكمەت دایكت بەرنادا !"



دۆڵەتوو 1981 گەڕانەوە بەرەو لقی هەولێر.
قادر شۆڕش، سەید ئەنوەر

## لقی هەولێر

هەر لە کۆنگرە بەرپرسی لقەکانی هەولێر، سلێمانی و کەرکوک دیار کران. لێپرسراویەتی لقی هەولێر سپێردرا بە قادر شۆڕش، لقی سلێمانی درا بە شێرکۆی شێخ عەلی، لقی کەرکوک درا بە محەمەد فاتیح هەروەها لقی بادینان کە دواتر دامەزرا سپێردرا بە مامۆستا ئەمین.

ناوچەکانی سنووری هەولێر: ناوچەی دەشتی هەولێر موحسین عوسمان بەرپرسی بوو، ناوچەی شەقلاوە بەڵێن عەبدوڵلا کرایە بەرپرسی، ناوچەی کۆیە مام ڕەشاد بووە بەرپرسی، ناوچەی ڕەواندوز مامۆستا سەلاح بووە بەرپرسی، ناوچەی ڕانیە غازی بچکۆل بەرپرسی بوو، ناوچەی باڵەک ئەنوەر و شاخەوان بەرپرسی بوون.

هەرێمەکانی سنوری هەولێر: هەرێمی 8 ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەی قادر مستەفا، هەرێمی 7 ی قەرەچوخ بە فەرماندەی مام غەفور، هەرێمی 9 ی باڵەک بە فەرماندەی ئەحمەد فەقێ ڕەش، هەرێمی 10 ی سەفین فەرماندەی عەریف عەلی، هەرێمی 11 ی باواجی بە فەرماندەی بەکر حەمە، هەرێمی 12 ی سۆران بە فەرماندەی عەوڵلا بۆر، هەرێمی 14 بە فەرماندەی عەوڵلا سوور، هەرێمی 15 بە فەرماندەی حەمە سوور، هەرێمی 17 بە فەرماندەی بورهان بلەیی، هەروەها هێزی هەیبەسولتان بە فەرماندەی دلزار حوسێن، هێزی زوزگەزراو بە فەرماندەی نایف فارس باوە (ئەم هێزە دواتر دروستکرا). ئەو هەرێمە سەربازیانە هەریەکەیان پێکهاتبوون لە چەند کەرت و مەفرەزەیەک ژمارە و قەوارەی هەرێمەکان جیاوازبوون واتە هەرێم هەبوو کەرت و مەفرەزەی زۆر بوو هەبوو وانەبوو. یەکێ لە هەرێمە گەورەو دیارەکان هەرێمی (8) ی دەشتی هەولێر بوو.

کاتێ سەرکردایەتی دووبارە قادر شۆڕش دیار دەکا بۆ لێپرسراویەتی لقی هەولێر، ئەو پەسەندی ئەم بڕیارەی سەرکردایەتی دەکا.

لە بارەی بوونی ئەو بە بەرپرسی لقی هەولێر، بەرێز بەڵێن عەبدوڵلا دەڵێ:

((بەڕای من لەمەدا غەدریان لە مام قادر شۆڕش کرد گەر سەیری توانای فیزیکی (جەسەدی) ئەو بکەین، دیارە گومان لە ئاست و توانای ئەو لە کاری حیزبایەتی نەدەکرا، مەبەستم توانای فیزیکی ئەوە. لە ڕاستیدا ئەو شەڕ و شۆڕ، ململانێ و هەراو بەزمەی سنووری لقی هەولێر کە ئەوسا هەبوو لە توانای فیزیکی مام قادر شوڕشدا نەبوو. مام قادریان ناردەوە هەولێر چونکە خەڵکیتر ئامادە نەبوون بچنە ناوچەکە، خەڵکێک هەبوون توانای فیزیکی باشیان هەبوو و ئەندامی سەرکردایەتی بوون. ئەوانە بە بیانوی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی سەرکردایەتی وەک دارایی، ڕاگەیاندن و شتیتر خۆیان لەم بەرپرسیە پەڕاندەوە. ئەوە بوو مام قادر شۆڕشیان ڕەوانەی خوارەوە کردو بوو بە لێپرسراوی لقی هەولێر. باوەڕناکەم کەسێک لە کادیرانی هەولێر ئەو لێپرسراویەتیەی مام قادریان پێناخۆش بووبێ، بەپێچەوانەوە بەخۆشحاڵیەوە ئەم بڕیارەیان وەرگرت)).

دوای کۆنگرە لق و ناوچەکان ئاراستەو ئەرکی ئەوەیان پێ دەسپێردرێ زیاتر بچنە ناو خەڵک و جەماوەر چ لەناو گوند و ناوچە ئازادکراوەکان چ لەناو شارو شارۆچکەکانی بندەستی رژێم هەروەها گرنگی زیاتر بە ڕێکخستن بدرێ، گرنگی بدرێ بە هوشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە کۆڕ و کۆبوونەوە سازبکرێ هەروەها بەیان و گۆڤاری بچوک دەربکرێ.

هەرچی بواری سەربازی بوو و پەیوەندی بە هەرێم و کەرتەکانەوە هەبوو ئەوا ئەرکیان ئەنجامدانی چالاکی سەربازی زیاتر دەبێ.

مەبەستی سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردراوی حیزبی سۆسیالستی کوردستان ئەوە بووە کەوا تەکانێکی باش بدرێتەبەر گەشەکردنی حیزب چ لە بواری سیاسی و ڕێکخستنەوە چ لە بواری سەربازییەوە. لای سەرکردایەتی گرنگ بووە کە بە چالاکی

زیاترو گەشەکردنی زیاتر ئەنجامی باشی کۆنگرە بسەلمێنن و نیشان بدەن. دیارە دوای کۆنگرە سۆسیالست گەشەکردنی بەرچاوی بەخۆیەوە دیووە.



ساڵی 1982. لەراستەوە: بورهان بلەیی، قادر شۆڕش، بەکر توتمەیی، عەوڵلا بۆر.

## پەیوەندی نێوان کادیرە سیاسی و سەربازیەکان

وردە وردە سۆسیالست قەوارەی گەورەتر و زیاتر دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەم قەوارە گەورەبوونەی واتە زیاتر بوونی ژمارەی پێشمەرگە گرفتەکانیش زیاتر بووینە، بەتایبەتی گرفت و کێشەی هەندێ لە هەرێم و کەرتە سەربازیەکان. ئەم گرفتانە پێش کۆنگرەکەش هەبوون هەروەک لەمەوبەر باسێکی کەمی لێکرا.

ئەم تەنگ وچەڵەمانە دوای کۆنگرەکە بەشێوەیەکی گەورەتر سەریان هەڵدایەوە. ئەم گرفتانە بوونە هۆی پەیوەندی خراپی نێوان: هەرێم و هەرێم ، کەرت و هەرێم، کەرت و کەرت لەیەک هەرێمدا هەروەها پەیوەندی خراپی نێوان هەرێم و ناوچەکان وە کەرت و ناوچەکان. بەڵام گرفتەکان چی بوون و لە چی یەوە سەریان هەڵدەدا؟

ئەم گرفتانە و هۆکاری سەرهەڵدانیان بە پێی باسی هەندێ لە کادیرانی سۆسیالست ئەمانە بوون: چۆنیەتی هەڵسورانی ناوچە و مامەلەکردن لەگەڵ خەڵک، دیارکردنی سنوری هەرێم و کەرتەکان کە پێشلکردنیان دەبووە هۆی کێشە لە نێوانیاندا، سەرچاوەی داهات و چۆنیەتی پەیداکردنی داهات هەروەها چۆنیەتی دابەشکردنی ئەم داهاتە، چەک پەیداکردن و دابەشکردنی، پەیوەندی وهەڵسوکەوت لەگەڵ پێشمەرگەی پارتەکانیتر لەناوچەکە، چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، هەوڵی ڕێکخستنی پێشمەرگەی هەرێم و کەرتەکان لەلایەن کادیرە سیاسیەکانەوە، چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەروو لەلایەن هەرێم و کەرتەکانەوە، چۆنیەتی لێپرسینەوەو لێپێچانەوەی پێشمەرگە. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی نانەوەی تەنگوچەڵەمەی بەردەوام، بەڵام ئەوەی کە بووەتە هاندەر و هۆی زیاتربوونی کێشەو گرفتەکان هەروەها ڕێگاگرتن لە چارەسەرکردنیان دەست تێکەڵاوکردنی هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی بەتایبەتی مەکتەبی عەسکەری لەکاروباری ناوچەکانی خوارەوە وە بڕیارو ئاراستەی تاکڕەوانە بۆفەرماندە سەربازیەکان و پشتگیری کردنیان. ئەمە وایکردوە هەندێ لەهەرێم و کەرتە سەربازیەکان گوێ نەدەنە بڕیارو ئاراستەکانی لق لەلایەک لەلایەکیتر خراپتر کردنی پەیوەندی نێوان هەندێ لە هەرێم و کەرتە سەربازیەکان لەگەڵ لق و ناوچەکان. هەروەها ئەو هەرێمانەی کەوا نەیان ویستووە ملکەچی بڕیارەکان و ئاراستەکانی لق بن، گەڵێجار خۆیان چۆنیان لە بەرژەوەندا بووە وایان کردوە.

بەرێز بەڵێن عەبدوڵڵا باس لەم گرفتانە دەکاو دەڵێ: ((هەندێ هەرێم و کەرتی سەربازی هەبوون بڕیاری لقیان نەدەخوێندەوە واتە هەر گوێیان بە بڕیارەکانی لق نەدەداو چۆنیان پێ باش بووایە وایان دەکرد. بەڵام ئەوان لە کوێوە ئاراستە دەکران؟ ئەوان بەڕاکشاوی دەیانگوت قسە لەگەڵ مەکتەبی عەسکەری دەکەین و لق ناناسین. ملکەچ نەبوونی هەرێم و کەرتە سەربازیەکان هۆکەی لاوازی سەرکردایەتی بوو، بڕیاری تاکڕەوانە بوو لە سەرکردایەتی. هەروەها بڕیار و ئاراستەکانی مەکتەبی عەسکەری بۆ بەرپرسە سەربازیەکان خراپ بوون، ئەمانە دەبوونە گرفت و کێشەی زۆر.

ئێمەش کادیرانی سیاسی بەشێکی هۆی هاتنەکایەی ئەم گرفتانەمان دەکەوێتە ئەستۆ واتە ئێمەش باییخۆمان هەڵەمان هەبوو. چونکە ئێمە کەم ئەزموون بووین و مامەلەمان لەگەڵ بەرپرسە سەربازیەکان گونجاو نەبوو، نەمان دەتوانی پشوودرێژانەو مێشک ساردانە مامەلەیان لەگەڵ بکەین. ئێمە خۆمان پێ لەوان هۆشیارتر بوو بۆیە دەبوایە ئێمە زیاتر پشوودرێژبین. ڕاستە لە زۆربەی تەنگوچەڵەمەکان ئێمە هەقبووین، بەڵام خۆ ئەو گرفتانەو ڕەوایەتیەکەی ئێمە لە هەموو بارو دۆخێکدا جێبەجێ ناکرێن.

ئێمە دەبوایە زیاتر بیر لەوە بکەینەوە چۆن دەتوانین لەگەڵ خەڵک و پێشمەرگە خۆمان بگونجێنین و پەیوەندیەکی چاکتر دروست بکەین هەروەها چۆن و بەچ ڕێگایەک دەتوانین سەرنجی هەرێم و کەرتەکان بۆ حیزبایەتی و ڕێکخستن ڕابکێشین. ڕاستە ئەوان نەئەبوایە کاری خراپ و سەرکێشی بکەن وە نەدەبوایە سەرکردایەتی ڕێگای ئەم کارانەیان بدایە. بە کورتی لاوازی

سەرکردایەتی و بڕیاری تاکڕەوانە، سەرکێشی و ناملکەچی فەرماندەی هەرێم و کەرتەکان هەروەها کەم ئەزموونی و پشووتەنگی کادیرە سیاسیەکان هۆکاری ئەم گرفتانە بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە حیزبێکی بەهێزبووین لە ناوچەکەدا)).

هەروەها بەڕێز موحسین عوسمان هەر لەم بارەیەوە دەڵێ:

((پەیوەندی نێوان کادیرە سیاسیەکان و بەرپرسە سەربازیەکان باش نەبوو، کادیرە سیاسیەکان زۆر ئازاریان بەدەست بەرپرسە سەربازیەکانەوە دەچەشت. بۆ نمونە من یەکێک بووم لەو کادیرانەی زۆر ئازارم چەشت بە دەستیانەوە ئەمە بەهۆی کاری نالەبارو خراپیان وەک مامەلە و هەڵسوکەوتی خراپ بەرامبەر بە خەڵک، پارە لە خەڵک سەندن و شتیتری لەم بابەتە. لە ڕاستیدا عەسکەرتاریەت لەناو حیزبەکەی ئێمەدا زاڵبوو. هەروەها بە هۆی لاوازی سەرکردایەتی، واتە نەبوونی ناوەندێکی بەهێزو دوورە دەستی سەرکردایەتی لە ناوچەکان وایکردبوو هەندێ لە هێزەکانی حیزب تا ڕادەیەک سەربەخۆییەک وەربگرن و خۆیان بە ناوەندی بەهێزودەسەڵات بزانن، بۆ نمونە لقی سلێمانی کە کاکە حەمەی حاجی مەحمود بەرپرسی بوو خۆی بەناوەندێکی دەسەڵات دەزانی و هەندێ پەیوەندیشی دروستکردبوو بەبێ پرس و ئاگاداری سەرکردایەتی حیزب)).

محەمەدی حاجی مەحمود دوای کوژرانی شێرکۆ شێخ عەلی لە شەڕی ناوخۆ دەکرێتە لێپرسراوی لقی سلێمانی.

مەبەستی بەڕێز موحسین عوسمان لە پەیوەندی هەبوونی لقی سلێمانی، پەیوەندی نێوان لقی سلێمانی و حکومەتی ئێرانە. ئەو پەیوەندیەی بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بەڕاکشاوی باسی دەکا.(11)

هەرچی پەیوەندی نێوان لق و ناوچەکان هەروەها ناوچەکان لە نێوان خۆیاندا ئەوا پەیوەندیان باش بووە، دیارە ئەوانیش گرفتیان هەبووە بەڵام توانیویانە بە دانیشتن و گفتوگۆ چارەسەریان بکەن.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە هەموو هەرێم و کەرتە سەربازیەکان پەیوەندیان خراپ نەبووە لەگەڵ لق و ناوچەکان. بەواتایەکیتر، ئەم گرفتە تەنها هەندێ لە فەرماندە سەربازیەکانی دەگرتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکیش بەرپرسی کەرتەکان. هەرێمەکانی 7 ی قەرەجوغ و 8 ی دەشتی هەولێر (بەتایبەتی کەرتەکانی سەر بە هەرێم) زۆرترین گرفت و سەرئێشەیان بۆ حیزب دروستکردوە هەروەها هەرێمی 10 ی سەفین تەنگوچەڵەمەی دروستکردوە. گەلێ لە بەرپرس و کادیرە سەربازیەکان بڕیاری لق و سەرووی خۆیان زۆر لا گرنگ بووەو ملکەچی تەواوی خۆیان نواندوە، بۆ نمونە هێزی (قوەی) هەیبەسولتان بە فەرماندەی دلزار حوسێن.

دیارە هۆکاری تریش هەبوون کەببوونە هۆی نانەوەی گرفتەکان یا ڕێگا گرتن و کۆسپ دروستکردن بۆ چارەسەرکردنیان وەکو ناکۆکی نێوان پارتە سیاسیەکان، لاوازی باری دارای حیزب، دووری ناوچەکان لە یەکترو سەختی ڕێگاوبان و پەیوەندیکردن، نەبوونی یا کەمی ئامێری پەیوەندی کردن وەک بێتەل هتد.

---

11 ڕۆژ ژمێریّ پێشمەرگەیەک بەشی دووەم لاپەڕە (25 –32).

## تیرۆرکردنی سەیدا ساڵح یوسفی (1918-1981)

سەرەتا جێگای خۆیەتی بزانین سەیدا ساڵح یوسفی کێ بوو؟

سەیدا لە بواری سیاسیدا:

- ساڵی 1936 لەگەڵ کۆمەڵێک خوێنگەرمیتر ڕێکخراوی بروسک دادەمەزرێنن لەبادینان.
- ساڵی 1939 لەگەڵ ڕەفیق حلمی، مستەفا عەزیز، یونس ڕەووف، دڵدار، موسا عەبدولسەمەد و هەندێکیتر پارتی هیوا دادەمەزرێنن.
- ساڵی 1945 بەهاوکاری هەندێ کەسیتر پارتی رزگاری کورد دادەمەزرێنن.
- ساڵی 1946 بە هاوکاری مەلا مستەفا بارزانی، لەتیف شێخ مەحمود، کاکە زیاد، هەمزە عەبدوڵلا، عەونی یوسف، عەلی عەبدوڵلا و هەندێ کەسیتر پارتی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنن.
- ساڵی 1958 بەرپرسی لقی (1)ی پارتی و ئەندامی سەرکردایەتی دەبێ.
- ساڵی 1960- 1962 ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی لقی (1) بووە کاتێ لەلایەن رژێمی ئەوساوی بەغدا دەخرێتە بەندیخانەوە.
- ساڵی 1963 ئەندامی نوێنەری پارتی دەبێ لە گفتوگۆدا کە پاشان لەلایەن رژێمەوە دەست بەسەر دەکرێن و دەخرێنە بەندینخانەوە.
- ساڵی 1968 ڕەتی ئەوە دەکاتەوە ببێتە وەزیر لە حکومەتەکەی عەبدولرزاق نایف.
- ساڵی 1970 رۆڵی گرنگی گێڕا لە گەیشتن بە ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار.

پاش ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار ئەو ئەرکەکانەی گرتۆتە ئەستۆ:

- 29 ی ئازاری 1970 دەبێتە وەزیری کاروباری کورد.
- جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی برایەتی و هاوکاری عێراق – سۆڤیەت.
- بەرپرسی لقی(5)ی پارتی لە بەغدا.
- ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری جیهان.
- ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی و هاوکاری عێراق.
- ئەندامی کۆمیتەی ئاشتی بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی ئازار.
- ئەندامی ئەنجومەنی نەخشەکێشانی پەروەردەیی.
- بەرپرسی سەرپەرشتی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان .
- بەرپرسی سەرپەرشتی یەکێتی نقابەکانی کرێکاران، جوتیاران و هاوکاری کوردستان.

- سەرەتای ساڵی 1976 بە هاوکاری عەلی هەژار، تایەر عەلی والی، ڕەسول مامەند، مەلا ناسیح، نورەدین عەبدولرەحمان بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنن و دەکرێتە ڕابەری بزوتنەوە.
- لە ڕێککەوتی 15/5/ 1981 دەکرێ بە سکرتێری حیزبی سۆسیالستی کوردستان.

لە بواری نوسین و رۆژنامە گەریدا:

- سەرنووسەری رۆژنامەی التاخی بەزمانی عەرەبی.
- سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی برایەتی بە زمانی کوردی.

- سەرنووسەری گۆڤاری رۆژی کوردستان بەزمانی کوردی و عەرەبی.
- سەرنووسەری گۆڤاری ئەستێرە بەزمانی کوردی بۆ منالاَن.
- سەرنووسەری گۆڤاری نووسەری کورد بەزمانی کوردی.

شایانی باسە سەیدا ساڵح یوسفی گەلێجار بە نووسینی باسی سیاسی یا وێژەیی بەشداری لەم گۆڤار و رۆژنامانە کردوە.

هەروەها سەرۆکایەتی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی و سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد دەبێ لە دوای رێککەوتنی 11ی ئازار.[12]

سەیدا ساڵح یوسفی ڕابەری حیزبی سۆسیالستی کوردستان لە شاری بەغدا ژیاوەو پەیوەندی بەردەوامی بە ریکخستنە نهێنیەکانی سۆسیالست لە ناوەوە هەروەها سەرکردایەتی ئەو حیزبە لە شاخ بە نهێنی هەبووە. سەیدا ساڵح یوسفی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی خەباتی ژێرزەمینیەیدا هەوڵیداوە بەردەوام ئامۆژگاریەکان و ڕاکانی خۆی لەمەڕ بابەتە تیئۆری و پراکتیکیەکان بەسەرکردایەتی سۆسیالست لە شاخ بگەیەنێ.

لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی سۆسیالستی کوردستان لە 1981/5/15 لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە بە شێوەیەکی نهێنی بە سکرتێری حیزب هەڵبژێردراوە،

(45) رۆژ دواتر واتە لە رێککەوتی 1981/6/25 لەلایەن رژێمی داگیرکەری بەغدا بە نامەیەکی لوغمکراو تیرۆرو شەهید دەکرێ.

چەند مانگێک پێش کوژرانی واتە بەر لە بەستنی کۆنگرە، سەرکردایەتی سۆسیالست چەند جارێک ئامۆژگاری هاتنەدەرەوەیان کردوە، بەڵام ئەو بۆی نەلواوە بێتە دەرەوە.

هۆکاری ئاشکرابوونی سەیدا ساڵح یوسفی لەلایەن رژێمی بەغداوە کە بووەتە هۆی تیرۆرکردنەکەی گەلێ پرسیارو گومانی دروستکردوە.

گەلێ لە کادیرانی سۆسیالست هۆی ئاشکرابوونی سەیدا ساڵح یوسفی دەگەڕێننەوە بۆ: جموجۆڵ و چالاکی سیاسی زۆری ئەو، لەکاتێکدا ئەو لە ژێر چاودێری توندی رژێمی عێراقدا بووە، هەروەها هەڵبژاردنی بە سکرتێری حیزب کە زیاتر بووەتە هۆی ئاشکرابوونی.

بەڕێز د. مەحمود عوسمان لەم بارەیەوە دەڵێ: (( پێش کۆنگرە زۆر هەوڵمان لەگەڵ کاک ساڵح دا کەوا بێتە دەرەوە پێمان گوت: "وەرە دەرەوە تۆ ناتوانی چیتر لە بەغدا بمێنیتەوە، گەر نەیەیتە دەرەوە ئەتکوژن!" سەیدا ساڵح یوسفی پیاوێکی پاک، نیشتمان پەروەر و دڵپاک بوو، زۆر بێباک بوو، لە بەغدا دانیشتبوو نامەی دەپەڕە و بیست پەڕەی بۆ من ئەنووسی بۆ ئیدریس، مەسعود و مام جەلال ئەنووسی، واتە ئەو نامەی بۆ هەمووان ئەنارد. من وای بۆدەچم حکومەت هەستی بەمەکردبێ.

لە کاتی کۆنگرەکەدا، من ئەوکاتەش رام وابوو، کە بەهیچ جۆرێک ناوی نەهێنن، لە نێوان خۆماندا شتێک هەبێ، کە ئەو وەکو برایەکی گەورە و خاوەن خەباتێکی زۆر سەرپەرشتی هەموو شتێ بکا، کەس دژی ئەوە نەبوو. مەبەستم ناوی نەهێنن و جێگای بۆ دانەنێن (تەسبیتی نەکەن) تا دێتە دەرەوە. هەق وابوو باسی نەکەن، تەسبیتی نەکەن، چونکە ئەو لە بەغدا بێ و تۆ بڵێی ئەو بەرپرسە خەڵک دەزانێ. لە کۆنگرەدا سکرتێر هەڵنەبژێردرا، پاشان لە کۆمیتەی ناوەندی ئەو بە نهێنی

---

[12] عبدالسلام علي، صفحات من نضال الشهيد صالح اليوسفي.

دیارکرا بە سکرتێرو بەرپرس، ئیتر زۆر باسکرا و بڵاویش بووەوە. چونکە کەس بە سکرتێر هەڵنەبژێردرا، پرسیاری ئەوە دروست بوو بۆ سکرتێر هەڵنەبرێردرا و کێ سکرتێرە؟!

لایەنەکانی تریش بەمەیان زانی و زۆریان باسکرد. بۆیە ئەمە باش نەبوو، هەڵبژاردنی سەیدا ساڵح یوسفی بە سکرتێر بە نهێنی هەڵەیەکی گەورە بوو لەڕاستیدا)).

سەیدا ساڵح یوسفی خۆی لەبارەی مەترسی ژیانی لە بەغداو باسی هاتنە دەرەوەی بۆ چیا جارێکیان بەم شێوەیە وەڵامی سەرکردایەتی سۆسیالست دەداتەوە: ((برایانی بەڕێزم مەبەستمان لە شۆڕش و بەرخۆدان گەیشتنە بە دابینکردنی مافی نەتەوایەتیمان، گەر بکرابوایە بەمافە ڕەواکانمان بگەین لە ڕێگای گفتوگۆو کاری سیاسی زۆرچاکتر بوولەم هەموو خوێن ڕشتن و فرمێسک ڕژاندن وماڵوێرانییە. بەڵام چی بکەین بەرامبەر بەو فەرمانڕەوایە زۆردارانە کە بڕوایان بە چارەسەری سیاسی، دیموکراتی و مافی گەلان نییە، ناچار دەبین دەست بدەینە چەک و شۆڕش بکەین. تکایە لە کارەکانتاندا هۆکار و ئامانج تێکەڵی یەکتر مەکەن. هەرکاتێ بواری گونجاو هەڵکەوت بۆ گەیشتن بە ئامانج بەکاری سیاسیانە بیقۆزنەوەو سوودی لێ وەربگرن. چونکە بەم ڕێگایە گیانێکی زۆرو ماندوبوونێکی زۆر دەگەڕێتەوە. زیرەکبن لە هەڵبژاردنی هۆکاری ڕاست و گونجاو)).

بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا لە بارەی گەیشتنی هەواڵی تیرۆرکردنی سەیدا ساڵح یوسفی دەگێڕیتەوە: ((کە هەواڵی شەهید بوونی سەیدا ساڵح یوسفیمان پێگەیشت، مەکتەبی سیاسی بەیانێکی ماتەمینی لەسەر سەیدا دەرکرد، چل ڕۆژ دانرا بۆ پرسەو ماتەمینی. ئێمە پێشمەرگە هەموومان پەرۆیەکی ڕەشمان لە یەخەی خۆماندا بەو بۆنەیەوە ئەم ڕووداوە هەرچەندە کارەساتێکی گەورە بوو بۆ حیزبەکەمان بەڵام ئێمە شانازیمان بەوە دەکرد، سەربەرز بووین بەوەی سەیدا ساڵح یوسفی سکرتێرمان بووە)).

دوای تیرۆرکردنی سەیدا ساڵح یوسفی، کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەیەکدا ڕەسوڵ مامەند هەڵدەبژێرێ بەسکرتێری حیزب.

## هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ

ئەو گرفتانەی لە کۆنگرە هاتنەکایەوە زیان بوون بۆ حیزبی سۆسیالستی کوردستان بەڵام نەبوونەتە هۆی پێشگرتن بە گەشەکردنی ئەو حیزبە. سۆسیالست لە گەشەکردنێکی بەردەوام دابوو، بەڵام ئەوەی کەوا کۆسپی سەرەکی بەردەم گەشەکردنی سۆسیالست، هەروەها لە باربردن و ئیفلیجکردنی خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانی، شەڕی ناوخۆ " شەڕی براکوژی" بووە.

چەند مانگێک دوای کۆنگرە ئاگری شەڕی براکوژی بە شێوەیەکی فراوان دەست پێدەکا. بەر لەوەی باس لە چۆنیەتی ڕوودانی شەڕەکە بکەین باشتر وایە بزانین هۆکارەکانی ئەم شەڕە یا هەڵگیرساندنەوەی ئەم شەڕە چی بوون. بەپێی باسی هەندێ لە کادیرانی سۆسیالست هۆکارەکانی هەڵگیرسانەوەی شەڕی براکوژی ئەمانە بوون:

1- یەکێتی سیاسەتی پاوانکردنی ناوچەکانی کوردستانی پەیڕەوکردووە بۆیە گەشەکردنی سۆسیالستیان پێ ناخۆش بووە، چونکە یەکێتی مەبەستی هەبوو سەرکردایەتی و دەسەڵاتی ناوچە ئازادکراوەکان بەدەست خۆیبێ، لە پێناوی ئەمەشدا هەوڵیداوە کۆسپ بخاتە بەردەم گەشەکردنی پارتەکانیتر بەتایبەتی سۆسیالست هەروەها پاککردنەوەیان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا.

2- ینک بانگاشەی پارتی پێشڕەوی بۆخۆی کردوە، ئەمە لە کاتێکدا حیزبی سۆسیالستی بە خێڵەکی و کۆنەپەرست ناسیوە، بەواتایەکیتر ینک ویستویەتی ڕەوایەتیەک بداتە شەڕکردنی سۆسیالست وەک پارتێکی دواکەوتوو و کۆنە پەرست لە ڕوانگەی تێڕوانینێکی مارکسیانەوە، چونکە ینک ( بەتایبەتی کۆمەڵە کە باڵی زاڵی ناو ینک بوو ) خۆی بە پەیڕەوکەری سۆسیالستی زانستی زانیوە. بەم جۆرە لەبەر ڕۆشنایی تیئۆری سۆسیالستی زانستی و بانگاشەی پارتی پێشڕەو، ینک ڕەوایەتی داوەتە پاککردنەوەی حیزبی سۆسیالست وەک حیزبێکی دواکەوتوو و کۆنە پەرست.

3- پەیوەندی زیاتری نێوان سۆسیالست و پارتی دیموکراتی کوردستان دژایەتی نێوان سۆسیالست و یەکێتی بەهێزتر کردوە، چونکە یەکێتی شەڕی هەبووە لەگەڵ پارتی.

4- بەشداریکردنی سۆسیالست لە بەرەی جود هەروەها بەشداریکردنی ینک لەبەری جوقد. ئەم دوو بەرەیە نێوانیان خراپ بوو، جوقد هەڵوێستی دژانەی بەرامبەر جود هەبووە ئەمەش دژایەتیەکەی سۆسیالیستی لەلایەن ینک زیاتر کردوە.

## کوشتنی شێرکۆی شێخ عەلی "دەستپێکردنی شەڕ"×

شێرکۆ شێخ عەلی ئەندامی سەرکردایەتی، بەرپرسی لقی سلێمانی و فەرماندەی هەرێمی (4)، یەکێ لەپێشمەرگەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەچالاکی سیاسی و سەربازی دژ بەرژێم، بۆیەش لەلایەن رژێمی داگیرکەرەوە چەندین جار هەوڵی کوشتنی دراوە لەوانە جارێکیان بەسەختی بریندار دەبێ و دەستی ڕاستی لەدەست دەدا.

هەرێمەکەی شێرکۆ بارەگاکەیان لە گوندی ( سێ کانیان ) دەبێ. ڕۆژێکیان جەمال عەلی باپیر کە فەرماندەیەکی سەربازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، بە نامە شێرکۆ شێخ عەلی ئاگادار دەکاتەوە بەمەبەستی سەردان و میوانداری. واتە شێرکۆ ئاگاداری چوونەکەی جەمال بووەو خواردنیش بۆ ڕۆژی دیاریکراو ئامادە دەکا.

لە ڕۆژی 23/8/1981 هێزێکی گەورەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە فەرماندەی جەمال عەلی باپیر دەچنە بارەگای هەرێمی (4) کە ئەو ڕۆژە شێرکۆ شێخ عەلی و شەش حەوت پێشمەرگەیەک لە بارەگا دەبن، لەوێ جەمال عەلی باپیر و هێزەکەی هەوڵی چەککردنی شێرکۆ شێخ عەلی دەدەن، دیارە شێرکۆش هەوڵی بەرگری لە خۆکردن دەدا، لەم کات

وساتەدا جەمال و هێزەکەی تەقە لە شێرکۆ و ئەو چەند پێشمەرگەیە دەکەن، هەر لەگەڵ پێکان و کەوتنی شێرکۆ پێشمەرگەکانی شێرکۆ دەست دەکەنەوە هەروەها پێشمەرگەیەکی تری شێرکۆ کە براکەی دەبێت و لەدوورەوەتر لە بۆسە دانیشتووە ئەویش بە ڕیز تەقەیان لێدەکا. ئیتر دەبێتە تەقەو یەکتر کوشتن لە هەردوولا. لە ئەنجامدا شێرکۆ و شەش پێشمەرگەی سۆسیالست کە یەکێکیان بێستونی برای دەبێت دەکوژرێن لە هێزەکەی یەکێتیش جەمالی عەلی باپیرو حەوت پێشمەرگە دەکوژرێن.

سەرکردایەتی حسک ئەم کارەی ینک بە ناڕەواو پیلانێکی داڕێژراو دادەنێن، لەبەر ڕۆشنایی ئەمەوە بڕیاری تۆڵەسەندنەوەو شەڕ دەدەن دژی ینک.

بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا لەبارەی گەیشتنی بڕیاری لێدانی هێزەکانی ینک دەڵێ:

(( لقی هەولێر زیاتر لە ناوچەی خۆشناوەتی بوون چونکە لەوێوە چاکتر دەتوانرا پەیوەندی بە شوێنەکانیترەوە بکرێ. کە ئەم بڕیارە هات ئێمە ناوچەی شەقڵاوە لەگەڵ لق بەیەکەوە بووین، ناوچەکانی کۆیە و ڕەواندوز چەند ڕۆژێ دواتر هاتن. بڕیارەکە ئاراستەییێکی مەکتەبی عەسکەری بوو، تیایدا هاتبوو: (( هێزەکانی ینک زۆر بێویژدانانە هەڵساون بە شەهید کردنی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبمان شێرکۆ شێخ عەلی و هەندێ پێشمەرگەیتر بۆیە بە مەبەستی بەرگری و بەرپەرچدانەوەی ئەم کارە ناڕەوایە، ئێوە لەلایەن خۆتانەوە لە هێزەکانی ینک بدەن یا چەکیان بکەن )). جێبەجێکردنی بڕیارێکی ئاوا و لە مەکتەبی عەسکەرییەوە بۆ ئێمە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە ئێمە زیاتر چاوەڕوانی بڕیاری لەم شێوەیەمان لە مەکتەبی سیاسییەوە دەکرد. پاشان کە سەید کاکەمان بینی بۆ ڕۆژی دواتر، ئەو گوتی: "ئەمە بڕیاری مەکتەبی سیاسییە، بەلام مەکتەبی عەسکەری بە ناردنی ئاراستەکە هەڵساوە". ئێمە بڕیاری ئەم شەڕمان زۆر پێ ناخۆش بوو بەڵام نەشدەکرا لە بڕیاری حیزب دەربچین. ئێمە کادیرانی ناوچەکان لەڕای مام قادر شۆڕشمان پرسی لەمەڕ بڕیارەکە، ئەو گوتی: "من ئەو بڕیارە زۆر بەخراپ دەبینم، بەڵام غەدرمان لێکراوە و حیزب هەقی خۆیەتی بەرگری لە خۆی بکات".

حەزدەکەم شتێک هەیە لێرەدا باسی بکەم، کە ئەو بڕیارەمان بۆ هات، ئێمە لەگەڵ لقی هەولێر بەیەکەوە بووین. کۆمەڵێک پێشمەرگەی ینک لە گوندی (سماقولی گرتک) بوون و بەرەو لای ئێمە هاتن. ئەوان بە بەردەمی ئێمەدا هاتن، حەزمان بکردایە بە یەک دەستڕێژ شەش حەوت کەسمان لێیان دەکوشت. بەڵام مام قادر شۆڕش گوتی: " تەقەیان لێ نەکەن، ئەوانەش وەکو ئێوە پێشمەرگەن، لێیان گەڕێن بابڕۆن، تەنها تەقەی ئاسمانی بکەن!" ))

هێزەکانی سۆسیالست بەمەبەستی لێدانی هێزەکانی یەکێتی لە ناوچەی خۆشناوەتی کۆدەبنەوە، ئەو هێزانە بریتی دەبن لە: هەرێمی (12) بە فەرماندەی عەوڵلا بۆر، هەرێمی (11) بە فەرماندەی بەکر حەمە، هەرێمی (10) بە فەرماندەی عەریف عەلی و تەحسین عوسمان، ناوچەکانی کۆیەو ڕەواندوزو شەقڵاوە هەروەها لقی هەولێر بەسەرپەرشتی قادر شۆڕش.

ئەو هێزانە بەڕێ دەکەون بەرەو بناری کۆسرەت و دۆڵی جافەتی لە ڕێگا لەگەڵ هەرێمی (15) بە فەرماندەی حەمە سوورو سەرباز ئەحمەد، هێزی ئاسوس بە فەرماندەی محەمەد عەلی یەک دەگرنەوە.

ئەم هێزانە بەسەرپەرشتی سەید کاکە دەچنە بناری کۆسرەت و پاشان لە دەریاچەی دوکان دەپەڕنەوەو دەچنە دۆڵی جافەتی و بارەگای هەرێمی (4). ئەم هێزە لە ڕێگا تووشی چەند شەرێک دەبێ لەگەڵ هێزەکانی ینک. کوژراو و بریندار لە هەردوولا دەبێ. دوای ئەمە هێزەکانی سۆسیالست دەگەڕێنەوە ناوچەی خۆشناوەتی، سەید کاکەش بەیارمەتی هەرێمی (14) دەگەڕێتەوە سەرکردایەتی لە دۆڵەتوو.

## هەندێ هەڵسوکەوتی ناشیاو

لە کاتی چوونی ئەم هێزەی سۆسیالست بۆ بناری کۆسرەت و دۆڵی جافەتی، هاوکاری لە نێوان کادیرە سیاسی و سەربازیەکان بەرواڵەت باش بووە، بەڵام لەڕاستیدا کادیرە سیاسیەکان لە هەڵسوکەوتی هەندێ لە بەرپرسە سەربازیەکان هەراسان و دڵگران بووینە.

لەم بارەیەوە بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا دەڵێ: (( ئێمە کە چووین بۆ ناوچەکانی سلێمانی شەو و ڕۆژ لە ڕۆیشتندا بووین هەروەها تووشی گەلێ شەڕ بووین لەگەڵ هێزەکانی ینک، بۆیە زۆر شەکەت و ماندوبووین. ئێمە ناوچەکان و لق بەیەکەوە بووین. هەستمان بەوەدەکرد مام قادر شۆڕش باری تەندروستی خراپە و توانای ڕۆیشتنی لەبەردا نەماوە، دیارە مام قادر شۆڕش جگە لە بەتەمەنیەکەی عەمەلیاتیشی هەبوو. بەمەبەستی چارەسەرێکی ئەم بارودۆخەی ئەو داوامان لە یەکێک لە هێزەکان کرد کە دوو وڵاغیان هەبوو فیشەکیان لە یەکێکیان بار کردبوو کە وولاغیکمان بدەنێ بۆ مام قادرشۆڕش وە لە بارەی خراپی تەندروستی مام قادر شۆڕش ئەوانمان تێگەیاند، بەڵام وەڵامی ئەوان زۆر ناشرین و زۆر منداڵانە گوتیان: " بەڵام دەبێ فیشەکەکان بە پشتی خۆتان هەڵبگرن!" لە کاتێکدا دەکرا فیشەکەکان دابەشی سەر پێشمەرگەکان کرابان.

هەروەها هەر لەو ڕۆژانە لە ناوچەی سەرگەڵو بووین لە کۆبوونەوەیەکدا هەندێ بابەت دەربارەی شەڕو پیلانی شەڕ هاتە پێشەوە بۆ باس لە سەرکردن، یەکێ لە کادیرەکانمان لەسەر بابەتێک پێشنیارێکی کرد، لەبیرم نەماوە نازانم پێشنیارەکە لەسەر چی بوو، یەکێ لە بەرپرسە سەربازیەکان زۆر ناشرین هاتەوەڵام گوتی: " ئەمە کارەی ئێوە نییە، ئەمە کاری عەسکەریەکانەو حەزیش ناکەین ئێوە بێنە ناو کارەکانمان !"

ئێمە بەم وەڵامە ناشرین و توندەی ئەو زۆر تێکچووین، چونکە ئەگەرچی ئێمە کادیری سیاسی بووین خۆ ئێمەش شەڕمان دەکرد، ئێمەش بەشداربووین لە شەڕەکەو مافی خۆشمان بوو ڕای خۆمان لەسەر بابەت و شەڕەکان بدەین، کەوابێ ئەی بۆچی ئێمەیان بە گەڵ خۆیان دابوو!

هەر لەو گەشتەمان کاک محەمەد فاتیح ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی لقی کەرکوک لەگەڵمان بوو. ڕۆژێکیان خەریک بوو لە گوندێک دەردەچووین، یەکێ لە بەرپرسە سەربازیەکان بە شێوەیەکی زۆر نارێک فەرمانی بە محەمەد فاتیح داو گوتی: " محەمەد فاتیح لەگەڵ پێشمەرکەیەک بەپێشکەوە!" لە ڕاستیدا ئەم هەڵسوکەتە نارێکە دڵی کاک محەمەد فاتیحی زۆر شکاند )).

ئەم ڕووداوانەی لەسەرەوە باسکران دیسان ڕەنگدانەوەیەکی سەرکێشی و ناملکەچی هەندێ لە فەرماندە سەربازیەکانە هەروەها پەیوەندی خراپی نێوان کادیرە سیاسی و سەربازیەکان کە گەیشتووەتە ئەو ڕادەیە ڕێز لە ئەندامی سەرکردایەتی خۆیان نەنێن تەنها لەبەر ئەوەی کادیری سیاسین. لە هەمان کاتدا ئەوەش دەردەکەوێ کەوا هەندێ لە کادیرە یا بەرپرسە سەربازیەکان بەهەڵە لە ڕۆڵی کادیرە سیاسیەکان گەیشتوون.

**گوللەبارانکردنی عەوڵڵا سوور**

عەوڵڵا سوور فەرماندەی هەرێمی (14)، جوتیارێکی ناوچەی ئاکۆیاتی، یەکێ لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەسەرەتاییەکانی دەست پێکردنەوەی شۆڕش لە ساڵی 1976 دا. توانیبووی هێزێکی باش و چالاک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا هێزێکی زۆری ئاغاکانی ئاکۆ کە سەر بە ینک بوون لەم ناوچەیە واتە ( دۆڵە ڕەقە) هەبوون، دیارە ئەوان هەڵکەوتنی جوتیارێکی وەک عەوڵڵا سووریان لە ناوچەکەدا لاخۆش نەبووە، عەوڵڵا سوور یەکێ لە پێشمەرگە زۆر چالاک و ئازاکانی شۆڕشی ئەمجارە بووە، چالاکی زۆرو کەم وێنەی دژی دوژمن واتە رژێمی عێراق ئەنجامداوەو زیانی زۆری بە دوژمن گەیاندوە لە شارۆچکەکانی ڕانیە، چوارقورنە، قەلادزەو دەوروبەری.

کاتێ شەڕی براکوژی لە ئەنجامی کوژرانی شێرکۆ شێخ عەلی هەڵدەگیرسێتەوە. هێزەکانی سۆسیالست لە ناوچەی خۆشناوەتی کۆدەبنەوەو چەند جارێک فەرمان بۆ عەوڵڵا سوور دەنێرن کە خۆی و هەرێمەکەی لەگەڵ هێزەکانیتری سۆسیالست لە ناوچەی خۆشناوەتی یەکبگرێتەوە، بەڵام ئەو ئەم فەرمانە پشتگوێ ئەخاو ناچێ بۆ ئەوێ، چونکە ئەو بڕوای بە شەڕی براکوژی نەبووە و نەیویستووە خۆی تێکەڵی ئەم شەڕە بکا. دیارە باس لە هەندێ هۆکار دەکرێ کەوایانکردوە عەوڵڵا سوور شەڕەکە نەکاو بڕوای بەم شەڕی براکوژیە نەبێ، لە ناو ئەو هۆکارانە:

1- سوارە ئاغاو ئاغاکانیتری ناوچەکە بەڵێنیان بە عەوڵڵا سوور داوە شەڕی لەگەڵ نەکەن هەروەها نەشهێڵن شەڕی براکوژی بگاتە ناوچەکە.

2- ساردبوونەوەی عەوڵڵا سوور و دڵشکانی بە هۆی خۆهەڵنەبژاردنی دکتۆر مەحمود عوسمان بۆ سەرکردایەتی لە کۆنگرە. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی زۆر گوێ بە فەرمان و بڕیارەکانی سەرکردایەتی حسک نەدا.

لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ هۆکارەکان هەرچی بووبن، **گرنگ** لێرەدا ئەوەیە عەوڵڵا سوور بڕوای بە شەڕی براکوژی نەبووەو نەیویستووە ئەم شەڕە بکا.

دوای گەڕانەوەی هێزەکانی سۆسیالست بە فەرماندەی سەید کاکە بۆ ناوچەی خۆشناوەتی. سەید کاکە بە یارمەتی عەوڵڵا سوور دەگەڕێتەوە سەرکردایەتی حسک لە دۆڵەتوو. لە سەرکردایەتی زۆر داوا لە عەوڵڵا سوور دەکەن کەوا نەچێتەوە دۆڵە ڕەقە و لە ناوچەکە دووركەوێتەوە بەڵام ئەو گوێ بە ئامۆژگاریەکانی ئەوان ناداو دەگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی. واپێدەچێ ئەو تاڕادەیەکی زۆر دڵنیابووە لەوەی کەس شەڕی ئەو ناکا هەروەها دەتوانێ خۆی لە ناوچەکە بپارێزێ. کە ئەو دەچێتەوە بارەگاکەی لە دۆڵە رەقە، هێزەکانی ینک بەمەدەزانن.

لە رۆژی 11/11/1981 هیزێکی گەورەی ینک بە فەرماندەی نەوشیروان مستەفا دەچنە سەر بارەگاکەی عەوڵڵا سوور و چواردەوری دەگرن. دەبێتە شەڕێکی گەرم و خوێناوی. عەوڵڵا سوور و پێشمەرگەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگری دەکەن و تا دوا فیشەک شەڕ دەکەن. لە ماوەی شەڕەکدا هەندێ پێشمەرگەی سۆسیالست دەکوژرێنو بریندار دەبن. لەلایەن فەرماندەکانی یەکێتی یەوە داوای خۆبەدەستەوەدان لە پێشمەرگەکانی سۆسیالست دەکەن و بەڵێنیان پێ دەدەن کەوا نەیانکوژن. ئەوانیش خۆیان دەدەنە دەست. دوای خۆدانە دەستیان دەیانبەن بۆ لای فەرماندەی هێزەکەی ینک نەوشیروان مستەفا. ئەنجام نەوشیروان مستەفا هەڵدەستێ بە گوللەبارانکردنی عەوڵڵا سوور.

**ئاگر بەســت**

دوای چەند مانگ شەڕو یەکترکوشتن بڕیاری ئاگر بەست دەدرێ لە نێوان یەکێتی و سۆسیالست. لایەنەکانیتر بەتایبەتی حیزبی شیوعی ( تووشی شەڕ بوون لەگەڵ ینک بەڵام زووتر ڕێککەوتن لەسەر ئاگر بەست ) ڕۆڵیان هەبووە لە ڕاوەستاندنی شەڕەکە. ڕێککەوتن لەسەر ئاگر بەست ئەم خاڵانەی خوارەوەی گرتووەتە خۆی:

1- ڕاگرتنی شەڕ و دووركەوتنەوە لە شەڕ بەیەکتر فرۆشتن.

2- گۆڕینەوەی دیلەکانی هەردوولا.

3- کوژراوەکان شەهیدی هەردوولان.

4- هەوڵدان بۆ هاوکاریکردنی یەکتر.

لە ڕێککەوتنەکەدا هێما بۆ لایەنی دەست پێشخەرو تاوانبار نەکراوە، هەروەها چارەسەرێکی بنەڕەتیانە دانەنراوە بە مەبەستی بنبڕکردنی ناکۆکیەکان.

دوای ڕێککەوتنەکە پەیوەندی نێوان ینک و حسک هەر بە خراپی ماوەتەوەو هێزەکانیان لە یەکتر دڵنیانەبووینە.

زیانەکانی شەڕی براکوژی تاڕادەیەکی دیار کوشندە و زۆر بوون بۆ هەردوو لایەنی شەڕەکە. کادیرانی سۆسیالست پێیان وایە زیانی زۆریان لە شەڕی ناوخۆ لێکەوتووە بۆ نمونە: لەدەستدانی شێرکۆ شێخ عەلی ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی لقی سلێمانی زیانێکی گەورە بووە، لە ناوچەی دوکان و دۆڵی جافەتی هەرگیز نەتوانرا کەسێکی بەتوانای وەک شێرکۆ دروست بکرێتەوە.

لە دەستدانی عەوڵڵا سوور لە ناوچەی ئاکۆیاتی و دۆڵە ڕەقە بووە هۆی لاوازبوونی حسک لەناوچەکەو نزیکەی نەمانی هەرێمی 14، بەواتایەکیتر کوێربوونەوەی هەرێمی 14. ئەم زیانانەو کۆمەڵێ زیانیتر باس دەکرێن کە لەئەنجامی شەڕی ناوەخۆ بە سۆسیالست کەوت. دیارە بەهەمان شێوە زیان لە لایەنی بەرامبەر کەوتووە. شایانی باسە بۆ لە ناوبردنی کەسانی وەکو شێرکۆ شێخ عەلی و عەوڵلا سوور و ئەوانیتر ڕژێمی داگیرکەری عێراق هەموو توانای خۆی بەکاردەهێنا. شایانی باسە شەڕی براکـوژی و کـورد کـوشـتن ئـەم ئـاوات و مـەبـەسـتـەی ڕژێمی بەغدایان بەزیادەوە هێنایە دی.

## دامەزراندني بارةطاي لق

دیاره هاتنەکایەی شەڕی ناوەخۆ ڕاستەوخۆ دوورخستنەوەو پەکخستنی لایەنەکانی ناو شەڕەکەیە لە ئەرکی سەرەکیان کە خەباتکردنە بۆ نەتەوەو خاک، بەڵام هەر لەگەڵ نەمانی شەڕی ناوەخۆ هەر پارتە بە پێی توانای خۆی دەگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی خەبات.

حیزبی سۆسیالستی کوردستان هەر دوای ڕاوەستانی شەڕی براکوژی کەوتەوەخۆ بۆ خۆ ڕێکخستنەوەو خۆ کۆکردنەوەی پارتەکە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، سەربازیو ڕێکخستنەوە.

سۆسیالست لە سنوری لقی هەولێر لە بەهاری 1982 دا گەشەکردنێکی خێرای بە خۆیەوەدی. ژمارەی پێشمەرگە بە ڕادەیەکی بەرچاو لە زیادبوون دابووەو قورسایی زیاتری داوە بە حیزبی سۆسیالست هەروەها ناوچەکان و ڕێکخستنە نهێـنیـەکان لە گەشەکردن دابوون، دیارە ئەم گەشەکردنە ڕاستەوخۆ چالاکی زیاتری لەگەڵ خۆیدا هێناوە هاوکات لەگەڵ زیاتربوونی تەنگ وچەڵەمەکانی پەیوەستدار بە خەباتی چەکداری. ئەمانە هەمووی بووەنەتە هۆی پێویستکردنی دامەزرانی بارەگای لق و هەروەها دروستکردنی کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی لە سنوری پارێزگای هەولێر (دواتر زیاتر باسی هۆکار و مەبەستی دروستکردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەکەین ).

گەری ( درکۆ ) دیاردەکرێ بۆ شوێنی بارەگاکە. گەری درکۆ دەکەوێتە دۆڵی سماقولی، نێوان گوندی سماقوڵی گرتک و سماقوڵی سەروچاوە لە بناری چیای ئاوەگرد. هۆی هەڵبژاردنی ئەو شوێنە بۆ بارەگای لق: نزیکی ناوچەکە لە شارەکانی شەقلاوە، کۆیە و هەولێر. هەرێم و کەرتە سەربازیەکان و ناوچەکان دەیانتوانی بەئاسانی بێنە ئەوێ، هەروەها نوێنەری ڕێکخستنەکان بە ئاسانی پێی دەگەیشتن، بە واتایەکیتر وەکو بازنەیەکی بەیەکگەیشتن بووە لەلایەک لە نێوان هەرێم، کەرت، ناوچەکان و لق لەلایەکیتر لە نێوان لق و سەرکردایەتی (کە دواتر هاتە قرناقەو پشتئاشان).

بەڕێز پشتیوان سۆربەشی کە پێشمەرگەیەکی لقی هەولێر بوو ئەوسا (براکەی ناسراو بە دیار، لێپرسراوی ڕێکخستنی نهێنی شاری هەولێر دەبێ لە ساڵی 1983 لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێ پاشان لە سێدارە دەدرێ) لە بارەی دامەزراندن و دروستکردنی بارەگاکە دەگێڕێتەوە: ((دروستکردنی بارەگای لق لەگەری (درکۆ ) بەهەوڵ وکۆششی مام قادر شۆڕش و دەست و بازووی پـێشمەرگە دروستکرا. بارەگاکە سەرەتا کەپرێکی سادە بوو پاشان خانوومان دروستکرد. مام قادر شۆڕش لەگەڵ ئێمە وەکو کرێکارێک کاری لەدروستکردنی کەپرەکە و پاشان خانووەکە دەکرد واتە داربڕین و گـەڵا هێنان، بەردهێنان و بەردشکاندن و وەستاییکردن دیارە ئەو دەستێـکی دیاری هەبوو لەم کارانە. مام قادر شۆڕش بەڕەنگـو ڕوو مرۆڤێـکی بەساڵاچوو و ڕیش سپی بەڵام لەکارکردن چوست و چاپوک بوو وەکو لاوێکی خوێن گەرم بەشداری لەهەموو ئیش و کارەکانی ئەم بارەگایە دەکرد )).

لە بارەی دروستکردنی خانووی بارەگاکە بەڕێز موحسین عوسمان دەگێڕێتەوە:

(( بڕیارماندا خانوو بۆ لق دروست بکەین، مام قادر شۆڕش ژوورێکی زۆر درێژو بەرینی واتە گەورەی نەخشە کێشاو بناغە بۆ دانا. ئێمە پێمان گوت ئەم ژوورە زۆر گەورەیەو کاریتەی درێژمان نییە بۆ سەرگرتنی، بەڵام ئەو گوتی: " ئەستوندەگی بۆ دادەنێم و حەزدەکەم ژوورەکە گەورەبێ تاکو جێگای زۆرکەسی تێدا ببێتەوە". ئەو کاتە کاک قادر عەزیز و کاک حاجی حاجی برایم وەکو کۆمیتەی سەرکردایەتی هاتبوونە ئەوێ و خەریکی خانوو دروستکردن بوون. ئەوان وەستایان گرت و خانووی ڕێکوپێکیان دروستکرد، خانوەکانی ئەوان تەواو بوون ئەوەی ئێمە هەر تەواو نەبوو. ڕۆژێک باران و ڕەشەبایێکی بە هێز

هەڵیکرد، هەموو خانووەکەی بەسەریەکدا ڕووخاند و هەموو ماندوو بوونەکەمان بەفیڕۆ چوو، ناچار پەنامان بردە بەر کاک قادر عەزیزو ئەوان بۆ جێگا کردنەوە)).

کە بارەگا دروستکرا پێداویستی و شمەکی دانیشتن و خەوتن هاتەپێشەوە. بارودۆخی دارایی لق باش نەبوو، عەوڵڵا تەکەوری ناسراو بە ملازم عەبدوڵڵا فەرماندەی مەفرەزەی بروسک کە سەر بە لق بوو، گوتی : " غەمتان نەبێ من یاتاخ بۆ بارەگا پەیدا دەکەم!" ڕۆژی دوایی خۆی و پێشمەرگەکانی کە سێ چوار کەس بوون دەچنە بناری باواجی بەسەر ڕەبایەکی دوژمن دادەدەن، ڕەبایەکە جاشی فەوجی خەفیفەی تێدا دەبێ. ئەوان بەبێ چەک لە ڕەبایەکە دەبن، دیارە ملازم عەوڵڵاش بەمەی زانیوە. عەوڵڵا تەکەوری خۆی کە تفەنگێکی ( ژێ.سێ )ی پێدەبێ مووشەکێکی ژێ.سێ لەسەر تفەنگەکەی قایم دەکا و لە دەرگای ڕەبایەکە دەچێتە ژوورەوە، دیارە جاشە خەفیفەکان پاسەوانشیان نەبووە و هەموویان خەوتبوون. کە لێیان بە ژوورەکەوێ، دەنگیان دەدا و دەڵێ: " نەجوڵێن و دەستان بەرزبکەنەوە، چیتان پێ دەڵێم وابکەن ئەگینا بەم عەرزعەرزە هەمووتان دەکوژم!" ( عەرز عەرز مەبەستی موشەکی سەر تفەنگەکەی بوو ) ئیتر هەموویان دەگرێ و ڕیزیان دەکا، هەرچی بەتانیەو دۆشەگیان هەبوو پێیان هەڵدەگرێ و دەیانهێنێ بۆ بارەگای لق.

لەگەڵ دامەزراندنی بارەگای لق بیر لە دانانی نەخۆشخانەیەک دەکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش و بریندار چ پێشمەرگە یا خەڵکی گوندەکانی نزیک بارەگا. بۆ ئەم مەبەستە یەک دوو مەفرەزەی لقی هەولێر بە هاوکاری هەرێمی باواجی دەچنە شارۆچکەی (دێگەڵە)و نەخۆشخانەکەی ئەوێ دهێنن، بەمجۆرە نەخۆشخانەیەک دادەمەزرێنن.

ئەوکاتەی بارەگای لق دامەزرا، لقی هەولێر بریتی بوو لەبەرپرسی لق، سێ کارگێری لق: موحسین عوسمان، ئەدیب شەعبان ناسراو بە ئارام لە ساڵی 1982 هاتە شاخ هەروەها عەلی ڕەسول کە دواتر هاتە شاخ.

هەموو بەرپرسی ناوچەکان ڕاستەوخۆ ئەندامی لق بوون کە ئەمانە بوون: مامۆسا سەلاح بەرپرسی ناوچەی دەشیی هەولێر، بەڵێن عەبدوڵلا بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە، مام ڕەشاد بەرپرسی ناوچەی کۆیە، مەلا کەمال بەرپرسی ناوچەی رەواندوز. هێزی هەیبەت سوڵتان بە فەرماندەی دلزار حوسێن، هێزی زورگەزراو بە فەرماندەی نایف فارس باوە، کەرتی خۆشناوەتی بە فەرماندەی بەکر توتمەیی ڕاستەوخۆ سەر بە لق بوون. هەروەها لە پێشمەرگەکانی تایبەت بە لق سێ مەفرەزەی بچوکی سەربازی دروستکراوە بەسەرپەرشتی ملازم عەبدوڵلا، دەشتی و شوان سۆربەشی. مەفرەزەیەکی هاوبەش لە نێوان لق و ڕێکخستنی شاردا هەبووە بۆ چالاکی نواندن بە سەرپەرشتی نەبەز عومەر ساڵح و ئەنوەر گۆران ناسراو بە یوسف کە دواتر شەهید بوو. دیارە مەفرەزەیتری هاوبەش هەبوون.

بەرێز پشتیوان سۆربەشی بەم جۆرە باسی دابەشکردنی کارەکانی بارەگای لق دەکا:

(( کاروباری بەڕێوەبردن بە سەرپەرشتی عەلی ڕەسول، بەشی ڕێکخستن بەسەرپەرشتی مامۆستا ئارام هەروەها سەربازی بەسەرپەرشتی مامۆستا موحسین عوسمان. من لە کاروباری بەڕێوەبردن بەشداریم دەکرد و نووسەری چاپیش بووم. هەڤاڵ شوان بەرپرسی دارایی، ئازووقە و پاسەوانانی شەو. ئاوارە بەرپرسی چێشت لێنان، دکتۆر ڕێبەر بەرپرسی نەخۆشخانە، نانکردن هەڤاڵ نەبەز و هەڤاڵ کارزان بوون. هەروەها پێشمەرگەکانی بارەگای لق دابەشکرابوون بەسەر شانەو شانەی سەرەکی واتە ڕێکخرابوون لە چوارچێوەیەکی ڕێکوپێکی ڕێکخستن. هەفتانە سەرۆک شانەکان کۆبوونەوەیان هەبوو پاشان لەگەڵ لێپرساوی ڕێکخستن مامۆستا ئارام دادەنیشتن. ئەوانەی سەرپەرشتی شانەکانیان دەکرد: هەڤاڵ ئاوارە، هەڤاڵ زیرەک و هەڤاڵ دەشتی و من بووین. لە کۆبونەوەکاندا: ڕێکخستن، ڕۆڵی حیزب لەناو جەماوەر، پەیوەندی حیزب لەگەڵ لایەنەکانیتری سەر گۆڕەپانی خەبات هەروەها ڕۆڵی حیزب لە دەرەوە، بارودۆخی ناوچەکە بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی.



ساڵی 1982 سماقولی سەروچاوە. لە لای راستەوە: قادر شۆڕش، یوسف کوڕی، مامۆستا ئارام، پشتیوان قادر شۆڕش.

گیروگرفتەکانی ناو پێشمەرگە و بارەگای لق باس دەکران. رەخنە و پرسیار دەخرانە بەر لێکۆڵینەوەو باس، لە کۆبوونەوەی ئایندە وەڵام دەدرانەوە. هاوکات لەگەڵ کارەکانی رێکخستن کە بە هۆشیار کردنەوەی پێشمەرگە هەڵدەستا لەلایەن مامۆستا ئارام بەرنامەیەک دانرابوو کەوا هەر ئەندامێکی حیزب بابەتێکی ئامادە دەکرد، پاشان لە کۆبونەوەیەکدا بۆ پێشمەرگەکانی بارەگای لقی دەگوتەوە. ئەم بەرنامەیە بە ئارەزوو بوو، دیارە لە گوتنەوەی باسەکاندا پرسیارو وەڵام گرنگیان پێ ئەدرا.

جگە لە کۆبوونەوەکانی رێکخستن مانگانە کۆبونەوەی گشتی دەکرا کە لێپرسراوی لق مام قادرشۆڕش خۆی سەرپەرشتی دەکرد. ئەم کۆبونەوەیە بە چاوێکی بەرفراوانتر و گشتیانە باسی لە بابەتەکانی رۆژ دەکرد )).

جگە لە کارەکانی تایبەت بە بارەگای لق، ئەرک و کاری گرنگی لق سەرپەرشتی و چاودێری هەرێم و کەرتەکان، ناوچەکان هەروەها رێکخستنە نهێنیەکانی شار. ئاراستە و ئامۆژگاری لەلایەن لقەوە بۆ هەرێم و کەرتە سەربازیەکان هەروەها پشتگیریکردن و هاندانیان بۆ چالاکی زیاتری سەربازی کاری دیاری لق بوون بەرامبەر بە کەرتە سەربازیەکان. لە لایەکیتر هەوڵی رێکخستنەوە و دروستکردنی کەرت و هێزی سەربازی دراوە، لەم بارەیەوە بەڕێز موحسین عوسمان دەڵێ:

((گەلێجار مەفرەزەو کەرتەکانمان دەهێناو دەکردە سەر بە لق بە مەبەستی رێکخستنەوەو تەیارکردنیان، هەروەها هەندێ لەو مەفرەزەو کەرتانەی تەنگ و چەڵەمەیان هەبوو لەگەڵ هەرێمەکان دەمانهێنان رێکمان دەخستن و هەندێجار دەمانکردنە کەرت و هێزی سەربەخۆ و سەر بە لق)).

بەڵام دیارە یەکێ لە گرفتە دیارەکانی لقی هەولێر سەرکێشی و سنووربەزاندنی هەندێ لە بەرپرسە سەربازیەکان دەبێ کە دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە. سەرپەرشتیکردنی ناوچە سیاسیەکان بەپێی بەرنامەی دیارکراو جێبەجێکراوە لەلایەن لقەوە. دیارە جەخت کراوەتە سەر رێکیوپێکی رێکخستن و هۆشیارکردنەوەیخەڵکی ناوچەکان و پێشمەرگە هەروەها زیاتر رێکخستنی خەڵک لە چوارچێوەی رێکخستنی حیزبدا.

بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا دەڵێ: (( لق ئیشوکاری خۆی زۆر بە رێکوپێکی دەکرد، یەک مانگ جارێک وەڵامی راپۆرتەکانی ناوچەکان ئەدرایەوە، سێ مانگ جارێک کۆبوونەوەی فراوانی لق دەکرا کە هەموو ناوچە سیاسییەکانی تێدا کۆدەبۆوە، هەر بڕیارێکش بدرایە کادیری ناوچەکان ملکەچی بوون)).

دیارە لەلایەن لقەوە بەردەوام هەوڵ و هانی ئەوە دراوە کەوا کادیرانی ناوچەکان زیاتر بچنە ناو جەماوەر و چالاکی سیاسیان زیاتر بێ.

لەم بارەیەوە بەڕێز موحسین عوسمان دەڵێ: ((مام قادر شۆڕش گەلێجار ئامۆژگاری کادیرە سیاسییەکانی دەکرد و پێی دەگوتن:" بڕۆنە ناوچەکانی خۆتان و قووڵبنەوە ناو جەماوەر، خەڵک رێکبخەن، مانەوەتان لە دەوری بارەگای لق کات بەفیرۆدانە ". ئەو ئامۆژگاریەکانی وەکو باوکێک ئاراستەی کادیرەکان دەکرد)).

دیارە قادر شۆڕش گرنگی زۆری بە رێکخستن داوە دەربارەی ئەمە بەڕێز پشتیوان سۆربەشی دەگێڕیتەوە: ((مام قادر شۆڕش بە چاوی رێزەوە دەیڕوانییە بەشی رێکخستن و زۆر بڕوای پێ هەبوو، ئەو حەزی لە کاری بەرەڵڵایی و بێ تەنزیمی نەدەکرد. ئەو پێی وابوو بەهۆی رێکخستن حیزب پێشدەکەوێ و سەرکەوتوو دەبێ. ئەو دەیگوت: " دەتوانین لە رێگای رێکخستنەوە خۆمان ساز و ئامادەبکەین، حیزب بەرەو پێش بەرین" ئەو گلەیی زۆری هەبوو لەو بەرپرسە سەربازیانەی کاری ناحیزبیانەیان دەکرد و دژی رێکخستن بوون. ئەو دەیگوت: " ئەگەر رێکخستن لە ناوماندا نەبێت کەواتە ئێمە کۆمەڵە چەکدارێکین نەوەک رێکخراوێکی سیاسی")).

هەروەها بەڕێزان نەبەز عومەر ساڵح و عەزیز سۆفی (ئەوسا پێشمەرگەی لق بوون) دووپاتدەکەنەوە کەوا قادر شۆڕش ڕێکخستنی حیزبی زۆر لا گرنگ بووە و بەچاوی ڕێزەوە سەیری کردوون. هەروەها دەڵێن ئەو پێشمەرگەی گوێ ڕایەڵ و ڕەوشتبەرزی زۆر خۆش ویستووە. لەم بارەیەوە بەڕێز پشتیوان دەڵێ: ((مام قادر شۆڕش پشتگیری پێشمەرگەی دڵسۆزی دەکردو خەڵکی ملکەچ و گوێ ڕایەڵی خۆشدەویست، حەزی بە زۆری و بۆری نەدەکرد، هەمیشە دەیگوت: " با بەژمارە کەم بین بەڵام با پوخت و ڕێک بین، کار وکردەوەمان دژی خەڵک نەبێ و لە خزمەتی گەلدابین چونکە ئێمە بە خۆمان دەڵێین پوختەی ناو میللەت کەواتە دەبێ ڕێکوپێک بین و لە ئاستی ئەم لێپرسراویەتیە دابین ")).

ئەرکێکیتری گرنگی لق سەرپەرشتیکردن و ئامۆژگاریکردنی ڕێکخستنی نهێنی ناوچەی شاری هەولێر دەبێ. پەیوەندیکردن و کۆبوونەوەی لق لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخستنی شار بەزۆری لە ناوچەی خۆشناوەتی دەبێ. پەیوەندیەکانی لق لەگەڵ نوێنەرانی شار بە نهێنی و مانگانە بووە. لەوانەی وەکو نوێنەری ڕێکخستنی ناو شاری هەولێر پەیوەندیان بە بەرپرسی لق کردوە: شەهید دیار، ڕێکار ئەحمەد، شێخ عەبدولکەریم هیرانی، عەلی پردەیی و هەندێ کەسیتر دەبن.

بەڕێز ڕێکار ئەحمەد لەم بارەیەوە دەڵێ: (( من زۆرجار وەکو نوێنەری ناو شار بەرپرسی لق مام قادر شۆڕشم بینیوە، ئەوکاتە لێپرســـراوی ڕێکخراوی ڕاپەڕین بووم (یەکێ لە ڕێکخراوەکانی ڕێکخستنی شاری هەولێر بوو ) من وەکو نوێنەری شار دەبوایە مانگی یەک جار پەیوەندی بکەم بە لق. پەیوەندی ئێمە بە لق نهێنی بوو و پەیوەندیەکان بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدران. لە کۆبونەوەکانماندا ڕاپۆرتی ناوچەی شارمان دەدایە بەرپرسی لق و وەڵامی ڕاپۆرتی ڕابردوومان وەردەگرتەوە. باسیش بە درێژی لەمەڕ بابەتەکانی کۆبوونەوە دەکرا. مام قادر شۆڕش گرنگی زۆری بە نهێنی پارێزی و توندوتۆڵی ڕێکخستنەکان دەدا هەروەها هانی چالاکی زیاتری دەداین. ئەو حەزی نەدەکرد ڕێکخستنی نهێنی شار بە چالاکی سەربازی هەڵسێ لەگەڵ ئەوەی ئێمە دەستەی کوتەکمان هەبوو، دەیگوت: " تا پێتان دەکرێ خۆتان بە دووربگرن لە کاری سەربازی، چونکە ئێمە پێشمەرگەمان هەیە بۆ ئەم مەبەستە". ئەو ئەمەی لەبەر پاراستنی گیانی کەسانی ناو ڕێکخستن بوو، چونکە پاراستنی گیانی هەڤاڵانی خۆی زۆر لاگرنگ بوو. ئەو ڕێکخستنی بەلایەنی سەرەکی خەبات دەزانی و پێی وابوو خەباتی چەکداری دەبێ وەکو پاڵشتێک بێ بۆ ڕێکخستن و خەباتی ژێرزەمینی )).

ڕاپەراندنی کارەکانی لق و ملکەچی بڕیارەکانی سەرکردایەتی حیزب لەلایەن بەرپرسی لقەوە بە باش دادەنرێ لەلایەن گەلێ لە کادیران و پێشمەرگەکانی ئەوسای لقی هەولێر. لەمەڕ ئەم بابەتە بەڕێز موحسین عوسمان دەڵێ: (( مام قادر شۆڕش وەکو بەرپرسی لق ملکەچی تەواوی بە سەرکردایەتی و بڕیارەکانی حیزبەوە هەبوو، ئەو بە هەموو کارەکانی خۆی ڕادەگەیشت واتە سەری هەموو شوێنەکانی دەدا، کۆبوونەوەی فراوانی لقی گرێدەداو کۆبوونەوەی بە هەموو ناوچەکان دەکرد، کۆبوونەوەی بە پێشمەرگە دەکرد، سەرپەرشتی هێڵە نهێنیەکانی ڕێکخستنی دەکرد. لە ڕاستیدا ئەو چالاک بوو لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا)).

هەروەها لەبارەی کەسایەتی قادر شۆڕش وەک بەرپرسی لقی هەولێر. بەڕێز پشتیوان دەڵێ: ((لە کاتی هەرەوەز و دارهێنان بۆ خۆگەرمکردنەوە، چێشت لێنان و نانکردن مام قادرشۆڕش پێش هەر هەموومان دەکەوت و بە شاخ هەڵدەگەڕا و باوەشێک داری کۆدەکردەوە و ئەگەڕایەوە. هەموو بەیانیان بەرلەخەو هەستانی ئێمە ئەو باوەشێک چیلکەو داری کۆدەکردەوە. لە پاسەوانیکردن بەشداری دەکردو وەکو پێشمەرگەیەک نۆرەی دەگرت. مام قادر شۆڕش خۆی لە کەس بە گەورەتر نەدەگرت وەکو پێشمەرگەیەکی سادە هەڵسوکەوتی دەکرد، وەکو لێپرسراو خۆی نیشان نەدەدا، جل و بەرگ، خواردن، چەک، پێڵاوەکەی دەتوانم بڵێم لە هی پێشمەرگەی ئاسایی گەر خراپتر نەبوایە باشتر نەبوو. جیاوازی ئەو لەگەڵ ئێمە ئەوە بوو بەتەمەنتر، دڵسۆزتر و لە خۆبردووتر بوو. گەلێجار باسی خواردنی خراپ و بارودۆخی لاوازی دارایی حیزب دەکرا، بەڵام ئەو

بەمە شێلو نەدەبوو، هیمەتی دەدایە بەر ئێمە و نمونەی زۆر لە شۆڕشەکانی گـەلانی جیهانی بۆ دەهێـنایەنەوە کە ئەوان چۆن متمانەیان لەسەر خۆیانکردوەو بە برسیەتی شۆڕشیانکردوە، دەیگوت: " دەبێ ئێمەش ئاوابین، کە داوای ئازادی و سەربەخۆیی دەکەین، دەبێ باجەکەشی بدەین، دەبێ برسیەتی، ڕووتی، ساردی و گەرمی قبوڵ بکەین ".

لە بیرمە جارێکیان چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵ مام قادرشۆڕش لەسەر کانیەکەی دیلکۆ لە نزیک بارەگا دانیشتبووین، کانیەکە گیا کوزەرەیەکی زۆر باشی لێ شین ببوو. بووە باسی نەبوونی و خراپی گوزەرانمان، مام قادرشۆڕش گوتی: " کاکە ئەگەر هەر بەتەنها نان و کوزەرە بخۆین ئەمساڵ بەڕێـوە دەچین!" ئێمەش زۆر پێکەنین. ئەو حـەزی بـە خۆ دەرهێـنان نـەدەکــردو خـۆی وەک لێپرســراو نیشان نەدەدا دەیگوت: " ئێمە هیچ جیاوازیەکمان لە نێـواندا نییە، گرنگ ئەوەیە کێ لە کێ دڵسۆزترە ". شایانی باسە مام قادرشۆڕش مرۆڤێکی دیموکراتیخواز بوو، حەزی بە زەبروزەنگ و تۆقاندن نەدەکرد، پشوودرێـژو لەسەرخۆبوو. جا بەداخەوە ئەمە وایکردبوو لەلایەن هەندێ خەڵکی ناشـۆڕشـگێـرو کورتبین مام قادرشۆڕش بە کەم دەسەلات سەیر بکرێ. بەڵام دیارە بیروباوەڕو بیرکردنەوەی ئەو لە گیانێکی شۆڕشگێـرانە، لە گیانێکی لەخۆبردوو، لە دڵســۆزی و پاکــی و ئـەزمــوونێکی زۆرەوە ســەری هەڵدابوو )).

هەروەها بەڕێـز موحسین عوسمان هەر لەم بارەیەوە دەگێـڕێتەوە:

(( لە ساڵی 1981 پێشمەرگەکانی لقی هەولێـر لە چالاکیەکدا کۆمەڵێـک خەڵکی بیانیان بە بارمەتە هێـنا بوو لە ناویاندا میسری، هندی و فلیپینی هەبوون. لە ڕێگادا پرسیار لە پێشمەرگەکان دەکەن کە بەرپرسیان کێـیەو ناوی چییە، ئەوانیش باسی مام قادرشۆڕش دەکەن. کاتێ ئەوانیان هێـنا لە گوندی (سماقولی کرۆژ) بووین هەر زوو پرسیاری ئەویان کرد ئێـمەش گوتمان چاوەڕێ بن ئێستا دێت. ئەو هات زۆر بەسادەیی سڵاوی کرد و دانیشت، پێمان گوتن ئەوە مام قادر شۆڕشی بەرپرسمانە، گیراوە بیانیەکان بڕوایان نەدەکرد کەوا چۆن لێپرسراو و پێشمەرگەی ئاسایی جیاوازیان نییە، لایان سەیر بوو کە لێپرسراوەکانمان ئەوەندە سادەن. مام قادر شۆڕش گەلێـک باسی یۆنان و قوبرسی بە ئینگلیزی بۆ کـردن )).

شایانی باسە حیزبی سۆسیالستی کوردستان لەو سەردەمەدا گەشەکردنێکی دیارو بەرچاوی بە خۆیەوە دیوە. گـەلێ لە کادیر و پێشمەرگەی ئەوسا، سۆسیالست بە بەهێـزترین حیزبی ئەوسا لە ڕووی پێشمەرگە، ڕێکخستن و جەماوەرەوە لە ناوچەکە دادەنێـن. لە ساڵەکانی (82،81، 1983)دا هێـزەکانی پێشمەرگەی سۆسیالست زۆرترین چالاکی سەربازی و گەلێ داستانی کەم وێـنە ئەنجام دەدەن. چالاکی سەربازیان لە شارەکانی هەولێـر، کۆیە، ڕەواندوز، گوێـر، مەخمورو ڕێگاکانی نێوان شارو شارۆچکەکانی ناوچەکە بە شێـوەیەکی بەرچاو هەبووە.

## هەندێ نوکتەی ئەوسا

ئەم دووسێ ساڵەی سەرەتای هەشتاکان گەلێ نوکتەو ڕووداوی سەیر ڕوویانداوە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن.

### مامۆستاکەی گوندی سێنان

گوندی (سێنان) دەکەوێتە کلکەی دۆڵی سماقولی بەلای ڕۆژهەڵاتەوە، وە دەکەوێتە نێوان چیای ئاوگردو باواجی، بۆیەش لە شاری کۆیەوە نزیکە.

ئەم گوندە نزیکەی 20 ماڵێک دەبێ. کوڕێکی لاوی شاری کۆیە مامۆستای سەرەتایی گوندەکە دەبێ، دیارە ژمارەی قوتابییەکان 10 تا 15 کەس دەبن.

مامۆستای قوتابخانەکە هەفتەی یەک ڕۆژ دێ بۆ قوتابخانە، ئەو ڕۆژەش تەنها دووسێ کاتژمێر بەوانەگوتنەوە دەکوژێ پاشان دەچێ بۆ ڕاوەکەو تا ئێوارە پاشان دەگەڕێتەوە شاری کۆیە، ئیتر بەمجۆرە.

خەڵکی گوندەکە بەمە زۆر هەراسان دەبن و دێنە لای قادر شۆڕش بۆ چارەیێ، بەڵکو ئامۆژگاری مامۆستاکە بکات.

ڕۆژێکیان کە مامۆستای قوتابخانە دێتە گوندی، قادر شۆڕش بە دوایدا دەنێرێ و پێی دەڵێ: " کاکی مامۆستا تۆ کەمامۆستای ئەم قوتابخانەیەی ئەم منداڵانە چاویان لە تۆیەو دوارۆژیان بەتۆوە بەندە، بۆیە لەسەرت پێویستە هەموو ڕۆژانی هەفتە وەکو قوتابخانەیەکی شار وانەیان پێ بڵێیتەوە؟!"

مامۆستا دەڵێ: " ئاخر من ئەو ڕۆژەی کە دێم بە دووسەعات وانەی یەک هەفتەیان پێ دەڵێم !"

قادر شۆڕش لە وەلامدا دەڵێ: " باشە تۆ دەتوانیت بە دووسەعات بەشی یەک هەفتە نان بخۆیت!؟"

### باوک و کوڕ

لە دەشتی هەولێر لە گوندێکی بەستی شرغە دوو بەرەباب تووشی ناکۆکی دەبن لەسەر کێشەی ژن و ژنخوازی. کوڕێکی لاو تەقە لە دژەکەی دەکاو برینداری دەکا، ئەو کوڕە لاوە لەلایەن پێشمەرگەوە دەستگیر دەکرێ. پێشمەرگەکان ئەم کوڕەو باوکی کوڕەکە دەهێنن بۆ بارەگای لقی هەولێر بۆ چارەسەری کێشەکەیان. باوکی کوڕەکە، کوڕەکەی خۆی پێ تاوانبار دەبێ، بۆیە سزادانی کوڕەکەی بەهەق دەزانێ.

کادیرانی لق و بەرپرسی لق بۆ نانخواردن دەچنە ماڵێک و باوکی کوڕەکەش لەگەڵ خۆیان دەبەن. یەکێ لە کادیرەکان، مامۆستا ئارام کارگێڕی لق دەبێ، لە باوکی کوڕەکە دەپرسێ: " باشە بەڕای تۆ چی لە کوڕەکەت بکەین؟ "

باوکی کوڕ دەڵێ: " چی خراپە وای لێبکەن! "

مامۆستا ئارام: " ئاخر چۆن، چی لێبکەین؟ "

باوکی کوڕ: " کورە بابی بگێن! "

مامۆستا ئارام: " ئاخر چۆن دەبێ؟ "

باوکی کوڕ : بەتوڕەیی وهاوارەوە " بابی بگێن و ئە!! "

## پاسەوانێکی شەو

پـێشمەرگە بۆ پارێزگاری و ئاگاداری خۆیان بەنۆرە پاسەوانیان دەگرت بۆ ماوەی کاتژمێرێ یا زیاتر پاشان هەر کەسێ لە پاسەوانی خۆی تەواو ببوایە دەچوو بانگی پاسەوانێکی دوای خۆی دەکرد. دیارە یەکێک لە کارەکانی پاسەوان بە تایبەتی بە شەو دەنگدانی هەرکەسێک کە بەلای ئەودا تێپەربایە واتە هەرکەسێ بەلای پاسەوان تێپەڕبوایە دەبوایە ئەو دەنگی بداو بزانێ کێیە.

جارێکیان لە نیوە شەوێکی تاریکدا پێشمەرگەیەک پاسەوان دەبێ، یەکێ لە پێشمەرگەکانیتر بەلای پاسەوانەکەدا ڕەتدەبێ دیارە هەشت نۆ شەقاوێک بەولای کاکی پاسەواندا ڕەتدەبێ، کەچی پاسەوان دەنگی نادا! ئەویش ئەمەی لاسەیر دەبێ، دەگەڕێتەوە و لە پاسەوان دەچێتە پێش دەپرسی: " ئەوە بۆ دەنگت نەدام، ئەی نابێ بزانی من کێم بێرەدا ڕەتدەبم، ئەگەر پیاو خراپێ بوومایە؟! "

پاسەوان وەڵام دەداتەوە: " ئاخر من زانیم تـۆ کێـبووی! "

پێشمەرگەکەیتر: " خۆ سەگ نەبووی بە بۆن بمناسسیتەوە! "

## بێوەژن زیادکردن

عەوڵڵا تەکەوری ناسراو بە مولازم عەبدوڵلا، پێشمەرگەیەکی لەش گەورەو باڵابەرز بەقەد ئەم گەورەییەی خۆی ئازا و قسەخۆش بوو.

قادر شۆڕش زۆری خۆشدەویست، هەر بۆیەش باسی ئازایەتی و پاکی عەوڵڵای زۆر دەکرد، ڕۆژێکیان لەسەر ئەم پێداهەڵگوتنە بە قادر شۆڕش دەڵێ: " بەخوا مام قادر تۆ وا دەکەی ئەم جارەیان کە چوومە سەر جادەی کۆیە ڕیخۆڵەکانم بەسەر جادەکە وەرنەکەم وازنە هێنم! "

ڕۆژێکیان عەوڵڵا تەکەوی یادی بەخێر لەگـەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی ئەکرەم دەچنە نزیک شەقامی(کۆیە - هەولێر) لەسەر ڕێگای نێـوان ڕەبایە سەربازیەکانی دوژمن لە نزیک گوندەکانی (پیرەرو باوەقوب) مینێکی تانک شکێن دەچێنن. لەم ناوەدا تانکێکی سەربازی هاتووچۆی کردوە بۆ پارێزگاری بنکە سەربازیەکان. دیارە عەوڵڵاش بە کاتی هاتووچۆکەی زانیوە.

مینەکە دەچێنن، کەمێک دوور دەکەونەوەو لەناو هەندێک تەڕاش خۆیان مات دەکەن. زۆر ناخایەنێت تانکەکە بەدەردەکەوێ. ئەکرەم ئاگاداری هاتنی تانکەکە نابێ‌و سەری بەرز دەکاتەوەو سەیری لایەکیتر دەکا.

عەوڵڵا دەڵێ: " بەخوا ئەکرەم ئەمڕۆ شانسمان هەڵساوە، ئەمڕۆ سێ چوار بێوەژن زیاد دەکەین! " ( بێوەژن زیادکردن مەبەستی ئەوە بووە کەوا سەربازەکان دەکوژرێن‌و ژنەکانیان بێ پیاو دەمێننەوەو دەبن بە بێوەژن. هەربۆیەش گەر عەوڵڵا بۆ چالاکی بچووبایە دەیگوی ئەچم بێوەژن زیاد دەکەم!)

ئەکرەم: (ئەکرەم بێ ئاگا لە هاتنی تانکەکە) دەڵێ: " چۆن؟ "

عەوڵڵا : " دەجارێ سەرت نەویکەو سەریشمان لە قوڕ ڕامەکە، ئەی مام

کێـخوا نابینی وا واوە دێ بە خۆی و کێری ڕەپیەوە! "

ئەکرەم: " کوا، ئەی بۆ من نایبینم؟ "

عەوڵڵا: " ئەوە تۆ کوێری، ئەی نابینی چۆنی هین کردوە!؟ "

### ئاوگێڕی لق

ڕۆژێکیان بارەگای لقی هەولێر هەندێ میوانیان دێ، ئەم میوانانە بەرپرس دەبن و سەربە حیزبی شیوعی دەبن، کە دێن لە کاتی چاک و چۆنی و دانیشتنیاندا، قادر شۆڕش دەستدەکا بە ناساندنی ئەوانەی لە ژوورەکەدا دەبن.

دەڵێ: " فڵان کارگێری لق، فڵان ئەندامی لق، فڵان دکتۆری لق! " لەم کاتەدا پێشمەرگەیەکی لق بە ناوی عەزیز سۆفی خەریکی ئاوگێران دەبێ و ئاو دەداتە میوانەکان. قادر شۆڕش هەموو ئەوانەی ژوورەکە بە میوانەکان ئەناسێنێ، بەڵام عەزیز لە بیر دەکا.

عەزیز سۆفی: "مام قادر تۆ منت لە بیر کرد! برایان منیش عەزیز سۆفی ئاوگێری لق!"

### هینێکم لە حیزب دەوێ

قادر مەلا سابیر ناسراو بە بێکەس کە دواتر شەهید بوو کادیر بوو لە ناوچەی دەشتی هەولێر، دوو سێ ساڵ دەبوو ژنەکەی لەلایەن رژێمەوە گیرابوو، بۆیە گەلێجار بە گاڵتە باسی ژنهێنانی دەکرد.

ڕۆژێکیان ناوچەی دەشتی هەولێر دێنە دۆڵی سماقولی بەمەبەستی کاروباری حیزب و لەگەڵ کادیرانیتری ناوچەکان کۆدەبنەوە. هەموویان بەیەکەوە دەبن و خەریکی قسەوباسی دونیا دەبن. بێکەس نێوانی لەگەڵ قادرشۆڕش خۆش دەبێ. ئەو هەمیشە بە خارە قادر بانگی قادر شۆڕشی دەکرد.

بێکەس ڕوو لە قادر شۆڕش دەکاو دەڵێ: " خارە قادر؟ "

قادر شۆڕش:" ها چیت ئەوێ؟ "

بێکەس: " ئەمن پێشمەرگەیەکی باش و دڵسۆزی حیزب نیم؟! "

قادر شۆڕش:" با !! "

بێکەس: " ئەمن ماندوو نابم لەسەر ڕێبازی ئەو حیزبە؟ "

قادر شۆڕش: " با !! "

بێکەس: " ئەمن خۆشم بەکوشت نادەم بۆ ئەو حیزبە؟ "

قادر شۆڕش: " با، دەی دەبرێ!؟ "

بێکەس: " ئاخر ئەمن هەموو ژیانی خۆم لەسەر ئەم حیزبە دانەناوە!؟ "

قادر شۆڕش: " با دەزانم ئێستا قسەیەکی قۆڕ دەکەی، دەبرێ بزانم!؟ "

بێکەس: " یەکێکم لە حیزب دەوێ!! "

### منیش پرسیارم هەیە

ڕۆژێکیان کادیرانی هەموو ناوچەکان لە ماڵی قادرشۆڕش کۆدەبنەوە بۆ نانخواردنی ئێوارە. کادیرەکان : شەهید مامۆستا سەلاح، شەهید بێکەس، بەڵێن عەبدوڵلا، مامۆستا کاوەو هەندێ کادیرو پێشمەرگەیتر، دەدوازدە کەس دەبن.

کادیرانی ناوچەکان هەریەکەو باسی لە گرفتی خۆی دەکرد، ئەوکاتە سەرئێشەیان زۆر بوو لەگەڵ بەرپرسە سەربازیەکان و چارەسەرنەکردنی کێشەکان زۆر هەراسانی کردبوون ئیتر لەسەر نانخواردنیش هەر باسی ئەو تەنگ و چەڵەمانە بوو.

کادیرەکان هەموویان ڕوویان لە قادرشۆڕش بوو و حەزیان دەکرد ئەو گوێی لە سکاڵاو قسەکانیان بێ، چەند کەسێک بەیەکەوە قسەیان دەکردو هەرابوو!

بێکەسیش هەر هاواری بوو: " خارە قادر، خارە قادر ئەمنیش پرسیارم هەیە!؟ "

ئەوانیتر هەر خەریکی قسەی خۆیان بوون، ئەوەندە گەرم بوون لەسەرباسەکانیان کەس گوێی لەویتر نەدەگرت.

بێکەس هەر هاواری بوو: " خارە قادر پرسیارێکم هەیە!؟ "

ئەوانیتر هەر بەردەوام بوون لە قسەکانیان و کەس گوێی بە بێکەس نەدا.

بێکەس: ( بە دەنگێکی بەرزتر ) " خارە قادر، خارە قادر ئەمن پرسیارێکم هەیە!؟ "

قادر شۆڕش : " دەبرێ بزانم چیت هەیە!؟ "

هەموولایەک کڕ بوون و هەستیان بۆ پرسیارەکەی بێکەس ڕاگرت!

بێکەس: " م م... م م م ، وەڵلا لەبیرم چوو!!! "

## فێنکی ئێواری وەرەوە

هاوینان لە گوندی سماقولی سەروچاوە لەسەر ئاوبەردانەوە و باخچە ئاودان هەراو دەمەقاری زۆر دروست دەبێ. مام ئەنوەر و مام سلێمان دراوسێی یەکتر دەبن و باخچەکانیان لە تەنیشت یەکترەوە بووە بۆیە باخچە ئاودانیشیان بە نۆرە و لە دوای یەک بووە. مام ئەنوەر پیاوێکی لەسەرخۆ بوو و خۆی شێلو نەدەکرد، هەرچی مام سلێمان بوو زۆر تووڕەو توندو لەسەر بوو.

ڕۆژێکیان مام ئەنوەر ئاوەکە کەمێ لە کاتیخۆی زووتر بەردەداتەوە واتە بەلای باخچەکەی خۆیدا دەیشکێنێتەوە.

نیوەڕۆیەکی هاوین و زۆر گەرم دەبێ. کە مام سلێمان ئاوەکەی لێ ووشک دەبێ بەرلەوەی باخچەکەی خۆی هەموو ئاودا، ئێ هێشتا هەقی ئەنوەریش نەهاتووە، بەتووڕەییەوە دێ سەیری ئاوەکە دەکا بزانێ بۆ ئەو ئاوە بڕا!؟ دەبینێ مام ئەنوەر ئاوەکەی بۆ خۆی شکاندۆەتەوە! کە ئەمە دەبینێ هەر بەجارێ گڕدەگرێ.

لە کەپرەکەی مام ئەنوەر نزیک دەکەوێتەوە بەڵام زۆرنا هاوار دەکا: " کورە ئەنوەر، وەرە دەرەوە هەی ناپیاو، بزانم تۆ چ پیاوێکی تا بتوانی ئاوی من بگریەوە!؟ "

مام ئەنوەر گوێی لەم هەموو هەڕەشەیەی مام سلێمان دەبێ، سەرێک بە ئاسپایی لە کەپرەکە دەردەهێنێ، پاشان هیچ ناڵێ و بەکری دەچێتەوە ژوورەوە!

مام سلێمان کە ئەمە دەبینێ ئەوەندەیتر هار دەبێ و دەستدەکا بەجنێوپێدانی و دەڵێ: " کورە تۆ قەت شەرمت بەخۆ نییە، هیچوپوچی ناپیاو، وەرە دەرەوە بزانم تۆ چ پیاو ماقوڵێکی؟! مام ئەنوەر هەر دەنگ ناکا!

مام سلێمان هەر واز ناهێنێ و بەردەوام دەبێ لە هەڕەشەو جنێودانەکەی.

مام ئەنوەر ئەم جارەیان دوو شەقاو لە کەپرەکەی دێتە دەرەوەو ڕوو لە مام سلێمان دەکاو لەسەرخۆ دەڵێ: " مام سلێمان جارێ گەرمایە، تاقەتی شەڕم نییە، بڕۆ فێنکی ئێوارێ وەرەوە!! "

## زۆر حیزبی باشه

کێخوا عەزیز خەڵکی گوندی سماقولی سەروچاوە ناسراو بوو بە دەمەتەقێی پڕ لە توانج و ژیرانە بەتایبەتی لەگەڵ کادیرانی پارتەکان. کێخوا عەزیز بڕوای بە زۆرحیزبی یا چەندحیزبی نەبوو بۆیەش بەچاوی ڕەخنە سەیری بۆچوونی ئەو پارتانەی دەکرد کە لایەنی فرەحیزبیان دەگرت. ڕۆژێکیان یەکێ لە کادیرانی سۆسیالست لای کێخوا عەزیز میوان دەبێ و دەبێتە باسی ئەم بابەتی زۆرحیزبییە. کێخوا عەزیز لە کادیرەکە دەپرسێ: تۆ ڕات چییە دەربارەی ئەو هەموو حیزبە جیا جیایە کە هەریەکەی لە ئاشێ لێدەکا؟

کادیرەکە وەڵام دەداتەوە: مام کێخوا، من ڕام وایە حیزب تا زۆربێ باشە!

کێخوا عەزیز: ( بەتوانجەوە ) گەر دووخوا لە ئاسمان هەبووایە، ئێستا ئەستێرە لە ئاسماندا گوڕڕەیان دەهات و بە ئەستێران لێکیان دەدا!!

## نەورۆزی 83 لەسماقولی گرتك

لێپرسراو و پێشمەرگەکانی لق لە ڕۆژی 21 ی ئازاری 1983 ئاهەنگی نەورۆز لە گوندی سماقولی گرتک سازدەکەن. لە ئاهەنگەکەدا جگە لە پێشمەرگە خەڵکێکی زۆری دێ ئامادەی ئاهەنگەکە دەبن.

شایانی باسە بەر لە نەورۆزو کاتی ئاهەنگ گێڕانەکەی نەورۆز کەشێکی ناخۆش باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە بە هۆی هەبوونی شەڕی براکوژی لە نێوان بەرەی جودو ینک (دواتر دێینە سەر ئەم باسە).
کارگێڕی لق موحسین عوسمان هەڵدەستێ بە سەرپەرشتی و هەڵسوڕانی ئاهەنگەکە، لەمیانەی ئاهەنگەکەدا گەلێ شیعری شۆڕشگێڕانەو ئاگرین دەخوێنرێتەوە.

*بەرنامەی ئاهەنگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:*

- سەرەتا دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان.
- سروودی نەورۆز.................. کۆڕس لەلایەن هەندێ پێشمەرگەی لق.
- ووتاری لقی هەولێر...............لەلایەن قادر شۆڕش بەرپرسی لق.
- گۆرانی هەڕنەپێش...............لەلایەن پێشمەرگەی لق پشتیوان سۆربەشی.
- چیرۆکی تەمسیلی " زەحمەتکێشان چۆن ڕزگار دەبن".... لەلایەن هەندێ پێشمەرگەی لق.
- گۆرانی ئەسەمەر یارم جوانە...... لەلایەن پێشمەرگەی لق عەزیزسۆفی.
- ئۆپەرێتی رۆژگاری پێشمەرگە........ لەلایەن هەندێ پێشمەرگەی لق.
- گۆرانی بابچینە کوێستان........... لەلایەن پێشمەرگەی لق کارزان.
- گۆرانی وەرە قوربان .................لەلایەن پێشمەرگەی لق عەزیز سۆفی.
- گۆرانی بریندارم بریندارم........ لەلایەن پێشمەرگەی لق کارزان.

هەروەها لە میانەی ئاهەنگەکەدا چەند پارچە شیعرێک لەلایەن چەند پێشمەرگەیەک خوێنراوەتەوە. بە سروودی ئەی ڕەقیب کۆتایی بە ئاهەنگەکە دەهێنرێ.

*ئەمەش دەقی ووتاری لقی هەولێرە کە لەلایەن قادر شۆڕش خوێندراوەتەوە:*

*میوانانی ئازیز و بەڕێز ..*

*پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکانی حزبی سۆسیالستی کوردستان ..*

زۆر خۆم بە بەختیار دەزانم بە ناوی حزبی سۆسیالستی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایتان لێ بکەم بە بۆنەی جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوە.

*بەرێزان دانیشتوانی ئاهەنگی نەورۆزی پیرۆز، شۆڕشگێڕان ..*

جەژنی نەورۆز جەژنی گەورەی نیشتمانیی کوردە، جەژنی سەرکەوتنی چەوساوەکانی کوردستانە بەسەر زوڵم و زۆریدا، هەر بۆیەش گەلی کوردمان هەولی داوە یادی ئەم جەژنە پیرۆزە بکاتەوەو هەردەم یادی کردۆتەوە ئەگەرچی زۆر جار تووشی ڕاونان، گرتن و کوشتن بوون بەدەستی دوژمنانی گەل.

*هەڤاڵانی تێکۆشەر، ئاهەنگ گێڕانی خۆشەویست ..*

ئایا ئەزانن بۆچی دوژمنانی کورد نەیان دەویست یادی جەژنی نەورۆز بکرێتەوە؟

لە کاتی پاشایەتی کۆنە پەرستی گۆڕکراو، خەڵکی دەرەبەگ و کۆنەپەرستیان هان دەدا بۆ پڕوپاگەندە کردن لە دژی جەژنی نەورۆز، بۆ ئەوەی سەر لە میللەتەکەمان بشێوێنن و بەشداری ئاهەنگی پیرۆزی نەورۆز نەکەن. هۆیەکەشی ئەوە بوو چونکە لە یادی جەژنی نەورۆزدا باس لە قارەمانیەتی کاوەی نەمر و شێرە پیاوانی ئازای کورد و مێژووی ڕاپەڕینەکانی دەکرا، کە خەڵکی کوردستانی هان دەدا هەست بە چەوسانەوە بکەن و ڕاپەڕن دژی داگیرکەران و چەوسێنەرانی کوردستان.

گەلی کوردی زۆرلێکراو هەمیشە ویستویەتی وەکو مرۆڤ، وەکو گەلانی دراوسێی بژی، چاوی لەوە نەبوو دەستدرێژی بکاتە سەر دراوسێکانی بەڵکو ویستویەتی بە یەکسانی لەگەڵیان بژی و دەستدرێژی نەکرێتە سەری. بەڵام بە داخەوە ئەو ڕژێمە کۆنە پەرستانەی دراوسێ کە ڕژێمی عێراق، ئێران و تورکیان بەردەوام هەوڵیان داوە میللەتەکانی عەرەب و فارس و تورک هان بدەن و گیانی ڕگەز پەرستانە لە ناویاندا بەهێز بکەن بۆ دژایەتی کردنی گەلی کوردمان بە شێوەیێ کە کورد بە ئینسان نەزانن، هەر کاتێک کورد داوای مافی خۆی کرد دەبێ لێی بدەن، وەکو ئەوەی کورد مافی ژیانی نییە و ڕەوایە بکوژرێت! هەزاران تاوان و ناو و ناتۆرەیان بۆ گەلی کورد دۆزیوەتەوە. دیارە هۆیەکەشی ئەوەیە کە کوردستان وڵاتێکی پڕلە پیت و سامانە، ئەو وڵاتانە دەیانەوێ هەر لە ژێر دەستیاندا بمێنێتەوەو خەڵکی کوردستان بەدیلی و کوێرەوەری و بەندی بژی. سەروەت و سامانەکەشی بەتاڵان ببەن بە شێوەیەک کە گەلی کورد توانای نەمێنێ بەرگری لە خۆی و بەرو بوومی وڵاتەکەی بکات.

بە سەدان ساڵ سوڵتانەکانی تورکیاو شایەکانی ئێران سەروەت و سامانی کوردستانیان بەتاڵان بردوە. زۆر جاریش لەبەر شوێنی گرنگ و ستراتیژی، ووڵاتەکەمان بۆتە جێگای هێرشی بێگانەو لە زۆر قۆناغی مێژوودا کوردستان بووەتە مەڵبەندی ئەو شەڕو دوژمن کاریانە. بەمەبەستی داگیر کردن و گۆڕینی بۆ گۆڕەپانی ناتەبایی و ناکۆکی هەمەچەشنە.

جا ئەو بارودۆخە بابەتیانەی کوردستانی پێدا تێپەڕیوە، سروشتی جوگرافی و سەرەڕای باڵکێشانی ژیانی ڕەوەندی و کشتوکاڵی سەرەتایی کە پشت بەستراوە بە سەرچاوە و ئاوی بچوک، ئەمە بووەتە هۆی پەیدا بوونی کۆمەڵگایەکی خێڵەکی، ئەماراتی جیا جیا و لە یەکتر دابڕاو. ئەمە خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەرێکی پارچە پارچە بوونی کوردستان بووە. دوژمنانیش ئەم بارەیان بۆ قازانجی خۆیان بەکار هێناوە، ئەم بارەش کارەسات و مەینەتی هێناوەتە سەر کوردستان و کردوویەتیە مەیدانی ململانێ لەنێوان لایەنە داگیرکەرەکاندا. باشترین نمونەی ئەم ناکۆکیە دوورو درێژ و بەردەوامە لە نێوان سەفەویەکانی ئێران و

عوسمانیەکانی تورکیا یە، ئەمەش بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی کوردستان، کە لە ئەنجامی توونـد بوونی ناکۆکی نێوانیاندا لە ساڵی 1504 واتە پێش 469 ساڵ، شەڕی چاڵدێران ڕوویداو وڵاتی کوردستان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە نێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی دابەش کرا.

سەپاندنی دەسەڵاتی بێگانە بەسەر کوردستاندا، زاڵبونی سیستەمی خێڵەکی تیایداو لە مێژووی ناوچەکەدا بووەتە سەرچاوەی چەوساندنەوەو دواکەوتن بە شێوەیێ کە تەگەرەی زۆری خستوەتە پێش گەشە کردنی کۆمەڵگای کوردەواری. هەروەها بووەتە کۆسپی بەردەم ڕێگای گەیشتن بە کەلەپوری شارستانی و پێشکەوتووی جیهانی و سوود لێ وەرگرتنیان بە تایبەتی لە کاتی ڕوخاندنی ئیمپراتۆری عوسمانی دا.

سەرەڕای ئەم هۆ زاتی و بابەتیانەی باسکران، جەماوەری گەلەکەمان لە هەموو شوێنەکانی کوردستاندا درێغیان نەکردوە لە خەبات و تێکۆشان، پاڵەوانانە بەرەنگاری داگیرکەران بوونەتەوە کە بووەتە هۆی هەڵگیرسانی زۆر ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەو جوڵانەوەی نەتەوایەتی کە بەسەدان هەزار شەهیدیان کردووەتە قۆچی قوربانی لە ڕێگای بەرهەڵستی کردنی بێگانەو داگیرکەران، هەروەها بەئاواتی گەیشتن و هێنانەدی ئامانج و داواکاریە نەتەوایەتیەکانیان.

بە هۆی ئامانج و مەبەستی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکان لە کوردستان و ناوچەکەدا دوای شەڕی جیهانی یەکەم، کوردستان دووبارە دابەشکرایەوە بەپێی ئەو پەیمانە ناڕەوایانەی کە لە نێوان وڵاتە ئیستعماریەکان و حکومەتە کۆنە پەرستەکانی ناوچەکەدا بەستران. گەلە چاونەترس و قارەمانەکەمان لە دژی ئەم دابەش کردنەی کوردستان وەستایەوە کە بووە هۆی بەرپا بوونی شۆڕشی ڕزگاری نەتەوایەتی لە زۆر ناوچەی کوردستاندا، هەروەها لە کوردستانی عێراقدا لە دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و دارودەستەکانی، دیارە ئەم ڕاپەڕین و جوڵانەوانەش لەلایەن هەندێ سەرەک هۆزی نیشتمانی سەرکردایەتی دەکران. جەماوەری گەل قوربانی زۆری لەم ڕاپەڕینانە داوە، بەڵام وەکو پێویست نەتوانراوە ئامانجەکان بێنە دی ئەوەش بە هۆی هێرشی دڕندانەو بەردەوامی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستەکان بۆ سەر کوردستان لەلایەک، نەبوونی ڕێکخراوی سیاسی لێهاتوو و شۆڕشگێر لەلایەکیتر.

ملکەچ نەکردن و ڕاپەڕینی گەلانی ژێردەستە دژی جەوروستەمی ئیمپریالیزم، هەروەها بەرپابوون و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆسیالستی لە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی 1917 تەوژمێکی گەورەیدا بە جوڵانەوە نەتەوەییە ڕزگاریخوازەکانی جیهان. ئەمە کاریشی کردەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە شێوەیەکی کاریگەر، هەر لەو کاتەدا چەند ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەمەچەشنە دامەزران لە کوردستانی عێراقدا و بەشداریان کرد لە جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان دژی ئیستعماری ئینگلیزو حوکمی بەکرێ گیراوی پاشایەتی عێراق. ئەم بزوتنەوانە دروشمی برایەتی کوردو عەرەبیان بەرزکردەوەو جۆرەها شێوازی خەباتی سیاسی و چەکداریان گرتەبەر بە مەبەستی هێنانەدی ئامانج و ئاواتی نەتەوایەتی و دیموکراتی بۆ گەلەکەمان.

***جەماوەری خۆشەویست...***

لە دوای ئەم هەموو گۆڕانکاریە، دروست بوونی ئەم ڕێکخراوە سیاسیانەو سەرنەکەوتنیان لە وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان. ئەوە بوو لە دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول، ڕژێمی فاشی بەغدا زۆر بە غروریەتەوە بڵاوی کردەوە کە کوردستان جارێکیتر توانای شۆڕشی نییە و دڕندانە و بێ بەزەییانە کەوتە گیانی میللەت، جۆرەها پیلانیان پێک هێنا بۆ کوشتن و لە ناوبردنی گیانی فیداکاری گەلی کوردو گۆڕینی شێوەو ڕوخساری خاکی کوردستان. ئەمە وایکرد کەوا

هەندێ لە کادیرە شۆڕشگێڕەکانی کورد کە زۆریان لاستەم بوو کورد وا بە نائومێدی و ڕەزیلی بمێنێتەوە، ڕژێمی بەعس بە ئارەزووی خۆی میللەت بچەوسێنێتەوە.

ئەوەبوو هەر دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول گەڕانەوە کوردستانی عێراق و کەوتنە جموجۆڵ و یەکتر بینین، لە پێش هەموویانەوە مامۆستای ڕێنیشاندەر هەڤاڵی شەهید سەیدا ساڵح یوسفی بوو. زۆری پێنەچوو لە سەرەتای ساڵی 1976 بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان دامەزراو هاتە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانەوە زۆر بە توندی بەرپەرچی پڕوپاگەندەی ڕژێمی فاشی بەغداو کاربەدەستانی دایەوە کە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەموو پلانەکانی کە پێکی هێنابوو بەمەبەستی لەناوبردن و ڕەشکردنەوەی شوێنەواری گەلی کورد.

وەکو ئاگادارن بزوتنەوە خێرا پەرەی سەندو خەڵکێکی زۆری لێ کۆبووەوە، بڕیاری دەست پێکردنی شۆڕشێکی نوێی دا، ئەوەبوو بزوتنەوە هەندێ لە کادیران و سەرکردە ناسراوەکانی ناردە چیاکانی کوردستان، *ئەو هەڤاڵانەی کە یەکەم جار هاتنە دەرەوە ئەمانە بوون: شەهیدی نەمر ملازم تایەرعەلی والی، شەهیدی نەمر سەعدی گچکە، شەهیدی نەمر عەلی عەسکەری، شەهیدی نەمر دکتۆر خالید، شەهیدی نەمر یاسین قادر، هەڤاڵ ڕەسول مامەند، هەڤاڵ سەید کاکە و چەند هەڤاڵێکیتر...*

وەکو لاتان ئاشکرایە هەرچەندە ئەوسا پێشمەرگەکانی بزوتنەوە چەکی باشیان نەبوو، گەلێ پێویستی تری خەباتیان نەبوو بەڵام وەکو شێری مەیدان دەستی کوشندەیان لەدوژمن وەشاندوەو ژیانیان لە پیاوەکانی ڕژێم تاڵ کردوە. بەڵگەشمان بۆ ئەمە داستانەکانی: شیوە پیران، گەرەوان، حەسەن موترب، وەڵزێ، دەشتیۆ، شێنە، قەندیل، گرتک و ڕۆست، سماقولی و گەلێکیتر.

ئەوەبوو لە ڕێکەوتی 1979/8/8 بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان و کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی و هەندێ خەڵکی نیشتمان پەروەر کۆنفراسێکیان بەست، لە ئەنجامدا حزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان دامەزرا. بەڵێن تازەکرایەوە بەردەوامبن لەسەر پەیڕەو پڕۆگرامی بزوتنەوە، بەڵێن تازە کرایەوە بە بەردەوام بوون لەسەر ئەو ڕێبازەی کە پێشمەرگە قارەمانەکانمان لەسەری شەهید بوون.

بەڵێ ڕێگای شەهیدە نەمرەکانمان بەرنادەین، یان وەکو ئەوان لە ڕێگای شەرەفو سەربەرزیدا شەهید دەبین یان ئازادی وەدەست دێنین و چەپکە گوڵی زەردو سووری کوردستانێکی ئازاد لەگەڵ مژدەی ڕوخانی ڕژێم دەبەینە سەر گۆڕەکانیان. بەڵێ هەرگیزاو هەرگیز شەهیدە نەمرەکان لە بیر ناکەین، ئەو شەهیدانەی پارێزگاری خەڵکی کوردستان و ڕێبازی حیزبە ڕەسەنەکەیان کردوە. شەهیدانی نەمر شێرکۆ شێخ عەلی، عەوڵڵا سوور، مامۆستا شەریف، مام ئاراس، حەسەن وەرتی، شەهید مەهدی، شەهید سەلام و خالید ئاوماری کە بەدەستی ڕەشی جەلالیەکان شەهیدکران هەروەها شەهیدان کاک تایەر عەلی والی، ملازم ئەنوەر مەجید سوڵتان، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، سەعدی گچکە، ملازم جەمال خۆشناو، یاسین قادر، ڕەووف ژاژڵەیی و بەسەدان شەهیدی تری حیزبمان لەبیرمان ناچنەوەو هەمیشە لەدڵی ئێمەدا دەژین.

حیزبمان حیزبی سۆسیالستی کوردستان کە ئەو هەموو شەهیدە قارەمانانەی پێشکەش بە ڕێگای ڕزگاری کردوە ئەوە نیشانەو سەڵماندنی پاکی و ڕەسەنی ئەو حیزبەیە. لە ناو شەهیدەکاندا (9) ئەندامی سەرکردایەتی گیانی خۆیان کردووەتە قوربانی ئەمە جگە لە شەهید بوونی ژمارەیەکی زۆر فەرماندەی هەرێم و کەرت. ئەوەش بەڵگەیەکی ڕاستگۆیانەیە کە ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی حیزبمان خۆنەویست و قارەمانن، بە دڵسۆزیەوە خەبات دەکەن بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای گەلە زۆر لێکراوەکەمان. هەر ئەوەشە وایکردوە حیزبی سۆسیالست ببێتە جێگای باوەڕو متمانەی دانیشتوانی کوردستان.

وەکو ئاشکرایە حیزبمان حیزبی سۆسیالستی کوردستان هەر لە سەرتای دروست بوونیەوە هەوڵی داوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی فراوان کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسەکان بگرێتە خۆی بەمەبەستی بەرەنگار بوونەوەیەکی کاریگەرانەتر و یەکخستنی لولەی تفەنگەکان دژی رژێم.

حیزبمان لەسەر ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەی دژایەتی توونديکراوە چ لەلایەن ینک چ لەلایەن رژێمی فاشیەوە، ئەمەش چونکە حیزبمان مەترسی زۆری هەیە لەسەر رژێمی داگیرکەرو داروەدەستەکەی. ئێستاش بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) کەپێکهاتووە لە: حیزبی سۆسیالستی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق و پارتی سۆسیالستی کورد ( پاسۆک ). هاوکاری باشی یەکتری دەکەنو بۆتە جێگای دڵخۆشی جەماوەری کوردستان و رۆڵی خۆی دەبینێ.

لە لایەکیتر لە ڕێکەوتی 6/2/1983 دا کۆبوونەوەیەکی گەورە لە نێوان (19) حیزب و ڕێکخراوی عێراقی لە (لیبیا) کرا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانی عێراقی. هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێکەوتی 25/2/1983 دا کۆبوونەوەی دووەم کرا، ئومێدەوارین ئەم بەرەیە سەر بگرێ و دژی ڕوخاندنی رژێمی عێراق بکەوێتە کارو ببێتە هۆی نزیک بوونەوەی رزگاری گەلەکەمان.

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی ئەو بەرێزانە دەکەین کە بەشداری ئاهەنگی خۆش و پیرۆزی نەورۆزیان کردو بوونە میوانی پێشمەرگە ئازا و لە خۆبردووەکانی سۆسیالست، ئەو پێشمەرگانەی هەموو خۆشییەکی ژیانیان بەلاوە ناوە، ژیانی برسیەتی، ناخۆشی، ساردی و گەرمی و ماندووبوونیان هەڵبژاردوە لە پێناو پاراستنی شەرەف و بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان.

- بژی یادی جەژنی نەورۆزی پیرۆز..
- بژی یادی شەهیدە نەمرەکانی حیزبمان و شەهیدانی ڕێگای رزگاری..
- بژی هێزی پێشمەرگە، قەڵغانی جەماوەری کوردستان..
- بژی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی ( جود ).
- بژی حیزبی سۆسیالستی کوردستان، حیزبی ڕاستەقینەو ڕەسەنی چەوساوەکانی کوردستان..
- بژی هاوکاری جەماوەری کوردستان و پێشمەرگە..
- سەرشۆڕی بۆ ئەوانەی کە تۆوی ناکۆکی دەنێنەوە و شەڕی ناوخۆ لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە دروست دەکەن..
- بڕوخێ رژێمی فاشی سەدامی دژ بەگەلی عێراق..

ئیتر سوپاستان دەکەم...

هەر لەم ئاهەنگەدا قادر شۆڕش دوو پاچە شیعری سیاسی دەخوێنێتەوە لە یەکەمدا دەڵێ:

*بەردی ڕەنگ ڕەنگی تاس تاسی شاخان*
*نەخشاو بە خوێنی لاوی کوردستان*
*مێشکی پژاوی ساوای سەر کۆڵان*
*مەمکی بڕوای دایکی کۆرپە جوان*
*ئەوانە هەمووی شاهێدن بۆمان*
*هەر ڕۆژێکی ژیان وا بە ئاسانی*
*هەرگیز هەڵنایێ بەبێ قوربانی*

××××××××

لە پارچە شیعری دووەمدا دەڵێ:

*سەدامی لۆتی، عەفلەقی ڕوخاو*
*تۆ کەپێت وابوو چاک بوو جێت بۆ ڕاو*
*چی دەکەن بیکەن لە هەڵگورد تا فاو*
*حەز دەکەن لە زێ و ڕەهێڵەی بە تاو؟*
*با خوێن هەڵستێ و ببێ بە لافاو!*
*چونکە کاتێ گەل لەخەو هەڵدەستێ*
*چاوی خەواڵوی بە خوێن هەڵدێنێ*
*ئەوسا دەبینی بە قیژە و ناڵین*
*کادیح و جوتیار دەستی یەک ئەگرین*
*هەر بە بێڵ و پاچ ڕاتان ئەماڵین*

××××××××

بە داخەوە ناوی پارچە شیعرەکان نەزانراوە، وا پێدەچێ قادر شۆڕش خۆی ئەم شیعرانەی هۆنیبێتەوە.

شایانی باسە قادر شۆڕش مرۆڤێکی شیعر دۆست و هونەر دۆست بووە. شیعری گەلێ شاعیری وەکو حاجی قادر، بێکەس، قانیع، هێمنی لەبەر زانیوە، بەتایبەتی شیعرە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکانیان.

بۆ نمونە ڕۆژێکیان بەمەبەستی فێرکردن و ئاشنابوونی منداڵە بچوکەکانی بە شیعری کوردی ئەم پارچە شیعرە دەهۆنێتەوە:

*جوان و شیرینی پەپوولەی قەشەنگ*
*گوڵان بۆن دەکەی ئارام و بێدەنگ*
*ئای منیش وەک تۆ سەربەست بوومایە*
*گەشتم بکردبا لەم دەشت و چیایە*

××××××

## هاتني كۆميتةي سةركرداية‌تي

پەیوەندی لقی هەولێر بە سەرکردایەتی لە بناری قەندیل لە گوندەکانی  قرناقە، پشتئاشان و ئاشقوڵکە بە هۆی تەتەرەوە بووە، بۆیە ئەمە تا ڕادەیەک دوورە دەستیەکی دروستکردوە لە نێوان سەرکردایەتی و لق.

ئەم دووریە کە بووەتە هۆی سەختی و لاوازی پەیوەندیکردن، بووەتە کۆسپێکیش لەبەردەم چارەسەری گرفتەکان و جێبەجێکردنی داواکاریەکان. یەکێ لە گرفت و سەرئێشەکانی ناو لقی هەولێر ناملکەچی و سنووربەزاندنی هەندێ بەرپرسی سەربازی بوو، ئەمە یەکێ بووە لەو گرفتانەی بێچارەسەر ماوەتەوە، بۆ نمونە بەڵێن عەبدوڵلا لەم بارەیەوە دەڵێ: ((ناوچەی دەشتی هەولێر لە ساڵی 1982 کادیری باشیان هەبوو ئەوکاتە شەهید مامۆستا سەلاح سەرپەرشتی دەکردن، ئەوان گرفتیان زۆر بوو لەگەڵ هەندێ بەرپرسی سەربازی. ڕۆژێکیان ناوچەی دەشتی هەولێر هاتن بۆ لق، بەواتایەکیتر مامۆستا سەلاح هات بۆ لای ئێمەو ناوچەکەی بە جێهێشت! گوتی: " ئێمە بەم شێوەیە مەحاڵە بتوانین حیزبایەتی لە ناوچەی دەشتی هەولێر بکەین ! " ئەوە بوو کۆبوونەوەیەکی لق کرا، بڕیارماندا مام قادر شۆڕش، شەهید سەلاح، مامۆستا موحسین کە کارگێری لق بوو، مامۆستا کاوە لە ناوچەی کۆیە هەروەها من بچینە سەرکردایەتی . لە ڕاستیدا ئێمەش گیروگرفتمان هەبوو لە هەرێمی ( 10)ی سەفین بەتایبەتی لەگەڵ فەرماندەی هەرێم. لق خۆشی تەنگوچەڵەمەی هەبوو، بڕیارەکانی نەدەرۆیشت، جێبەجێ نەدەکران. بە کورتی ئێمە هەموومان گرفتمان هەبوو، ئەوە بوو بڕیارماندا کە بچینە سەرکردایەتی لەوێ لەگەڵ مەکتەبی سیاسی ئەم کێشەیە زۆر بەڕاکشاوی لەگەڵیاندا باس بکەین.

چووینە سەرکردایەتی، شەو لە ماڵی کاک ڕەسول مامەند یادی بەخێر بە ئامادەبوونی مامۆستا سەعد عەبدوڵلا کۆبووینەوە. لە کۆبوونەوەکەدا بە درێژی هەرچی هەبوو هەموومان خستە بەردەمیان واتە گرفتی هەرێمەکان، ناوچەکان، لق، ئەو بێئیلتزامیەی کە هەیە، ئەو سنوور بەزاندنانەی کە هەبوو و دەکرا هەموومان بۆیان ڕوونکردەوە. وەڵامی کاک ڕەسول زۆر بە کورتی بوو گوتی: " من ئەو شتانەتان هەمووی لێوەردەگرم ئێمە بەم زووانە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیمان هەیە، من بەڵێنتان پێدەدەم، بەڵـێنی تەواو کە ئەگەر حیزبەکەمان تێکدابێ نابێ ئەو شتانە بەسەر ئەو خەڵکە تێپەڕێ کەوا سنوور دەبەزێنن، ئەگەر حیزبەکەمان تێکچووبێ ئێمە قبوڵی ئەو هەموو ناملکەچیە ناکەین !" ئەمە دەقی قسەی کاک ڕەسول مامەند بوو، ئێمە بە بەڵێنی ئەو زۆر دڵخۆش بووین کە سکرتێری حیزب وا پۆزەتیڤانە بە تەنگ ئێمەوە بێ. ئێمە بە وورەیەکی بەرزەوە، بە گیانێکی نوێوە گەڕاینەوە، بەڵام بەداخەوە دوای گەڕانەوەشمان هیچیان نەکرد، نەک هەر هیچیان نەکرد، یەک لەو بەرپرسە سەربازیانەی کە زۆر ناملکەچ و سەرئێشەی زۆربوو سەعیدی عەلی سۆر بوو، ناردمانە سەرکردایەتی، کەگەڕایەوە خەلاتیشیان کردبوو، واتە هەندێ چەک و شتیشیان پێدابوو )).

هەرلەبارەی ئەم بابەتەوە بەڕێز پشتیوان سۆربەشی دەڵێ: ((مام قادر شۆڕش گلەیی لە سەرکردایەتی ئەوەبوو دەیگوت " لێپێچانەوە و لێپرسینەوە نییە، جلەو بۆ خەڵکی عەسکەری شۆڕدەکەن، خەڵکی ناحیزبی و ناملکەچ پێشدەخەن، خەڵکی دڵسۆز و ملکەچ پشتگوێ دەخرێ ". بۆنمونە سەردەمێ لق گلەیی زۆر بوو لە هەرێمی (10) ی سەفین بە فەرمانده‌ی عەریف عەلی، لق داوای لە سەرکردایەتی کرد کە بانگی بکەن بۆ لێپرسینەوە بەڵام سەرکردایەتی لەجیاتی لێپرسینەوە بە کۆمەڵێ چەک و یارمەتی باش ڕەوانەی خوارەوەیان کردەوە.

مام قادر شۆڕش پێی وابوو فەرماندە سەربازیەکان دەبێ خەڵکی حیزبی بن، دیارە لە خودی سەرکردایەتی خەڵکێک هەبوو دژی ئەم ڕایە بوون )).

ئەمەی سەرەوە کە هێمای بۆکرا وەکو گوتمان کێشەیەکی بەردەوامی لق و ناوچەکان دەبێ هاوکات لەگەڵ ئەمەدا زۆر بوونی پێشمەرگە و قورسایی زیاتری حیزبی سۆسیالست هەروەها پێویستکردنی بڕیار و فەرماندانی خێراتر و کاریگەرتر بوونەتە هۆی پێویست هەبوونی کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی لە سنووری لقی هەولێر.

لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیدا بڕیاری دروستکردنی ئەم کۆمیتەیە دەدرێ، بەرپرسیەتی کۆمیتەکە دەسپێردرێ بە حاجی حاجی برایم، قادر شۆڕش، قادر عەزیز. بارەگاکەشی لەگەڵ بارەگای لق لە گەری دیلکۆ لە بناری ئاوەگرد دەبێ.

کۆمیتەی سەرکردایەتی بە ماوەیەکی کەم دوای دامەزراندنی دەستیکرد بە کارەکانی بە شێوەیەکی دیار. ئەو تاوانبارانەی سەربەرژێم کە لەلایەن هێزی پێشمەرگە دەستگیر دەکران و دەهێنران، بە ڕێک وپێکی لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرا و هەندێکیان سزای تووند دران بۆ نمونە پۆلیسێکی ئەمن بە ناوی دکتۆر سەیفەدین خەڵکی ڕانیە گولەباران کرا هەروەها جاشێک بە ناوی بارامە گڕوو گولەباران کرا.

هەروەها لەسەر داوای لق هەندێ فەرماندەی کەرت و مەفرەزە، ئەوانەیناملکەچ و سەرکێش بوون و کاری خراپیان کردبوو. هێنران و چەککران، سزادران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا. لەگەڵ ئەم کارانەیاندا کۆمیتەی سەرکردایەتی و لق بەیەکەوە بە هێزێکی پێشمەرگەی ڕێکوپێکەوە لە ناوچەکەدا خەریکی سوڕانەوەو خۆنیشاندان، نەدوەکردن دەبن. ئەم کارو چالاکیانەی کۆمیتە و لق دەبنە هۆی پێدانی سەنگایی و قورساییەک بەم دەزگایە، ئەمە وایکردوە هەرێم و کەرتە سەربازیەکان ترسیان لێ بنیشێ لە ناملکەچی و سنووربەزاندن هەروەها تاڕادەیەک گوێ لە کادیرە سیاسییەکانی ناوچەکان ڕابگرن و پرسیان پێ بکەن. دیارە ئەمە بووتە هۆی زیاترکردنی ڕۆڵی سیاسی حیزب لە ناو پێشمەرگە. بەڵام ئەم هەیبەت و سەنگاییەی کۆمیتەی سەرکردایەتی زۆر تەمەن درێژ نابێ. لەم بارەیەوە بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا دەڵێ:

((لەسەر پێشنیاری لق کۆمەڵێک لێپرسینەوەکرا هەندێ خەڵک کە نا ملکەچ بوون چەککران، سزادران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا، (هەندێ لەوانەی چەککران: عوسمانە سوور، شازاد خدر چەمرگە، عومەر ڕیشە، خولە...)، ئەمە وایکرد هەرێمو کەرتەکان ترسیان لێ بنیشێ و پرس بە ناوچەکان بکەن هەروەها ڕۆڵی سیاسی حیزب لە ناو پێشمەرگە زیادیکرد. بەڵام سەرکردایەتی حیزب لەگەڵ ئەو لێپرسینەوەو بڕیارانەی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر تەبا و یەک نەبوون، وەڵامێکی پۆزەتیڤ و باشیان نەبوو بە واتایەکیتر لەیەکترگەیشتن باش نەبوو لە نێوان ئەم دوو دەزگایە. بە پێچەوانەوە وایان لەم خەڵکانە دەگەیاند (ئەم خەڵکەی بەهۆی کارو کردەوەی خراپیان دەناردرانە سەرکردایەتی بۆ ئامۆژگاری یا سزادان ) کە ئەو بڕیار و لێپرسینەوانەی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر هەمووی چەوت و هەڵەن هەروەها پشتگیری ئەو خەڵکەیان دەکرد. ئەمە وایکرد کە ئەو خەڵکەی سنوریان دەبەزاند ئەوەندە گوێ نەدەنە بڕیارەکانی کۆمیتە)).

هەروەها بەڕێز پشتیوان دەگێڕیتەوە: ((کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر تاڕادەیەک کاری چاکی کرد و توانی کۆنترۆڵی کێشەکان بکا و گڕوتینێکی دایە حیزب. بەڵام بۆ ئەو کاتە لێپرسینەوەی خەڵکی ناملکەچ کارێکی ئاسان نەبوو و نەدەتوانرا دەستیان لێدەی چونکە دەچوونە ناو لایەنەکانیتر. دیارە زۆری نەبرد شەڕی براکوژی هەڵگیرسایەوە، ئەو خەڵکە ناملکەچەش ئەم هەڵەیان قۆستەوە، ئیتر کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەو سام و هەیبەتەی پێشتری نەما)).

بەڕێز عەلی ڕەسول کارگێری لقی هەولێر ئەم کارو کردەوانەی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر بە باش نازانێ و بەچاوێکی نێگەتیڤانە سەیری دەکا و دەڵێ: ((کۆمیتەی سەرکردایەتی توانی هەمووشتەکان لەبەین بباو هیچی بەسەر هیچەوە نەهێڵێ. کۆمیتەکە تەمەنیشی درێژ نەبوو لەبەر ئەوەی شەڕی ناوخۆ دەستپێکرد)).

بەڕێز عەلی ڕەسول ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە شتە خراپەکان یا کاری خراپی کۆمیتەکە چی بوو، بەڵام واپێدەچێ ئەو مەبەستی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی لق بێ کە دواتر ڕوویدا. دیارە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە خراپ بوو و بووە هۆی لاوازکردنی دەزگای لق.

دەتوانرێ هۆکاری سەرنەکەوتنی یا لاوازی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەی سەرەوە کۆبکرێتەوە لە چەند خاڵێکدا:

1- خراپی هاوکاری و لەیەکنەگەیشتن لە نێوان سەرکردایەتی حیزب و کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر بە تایبەتی لەمەڕ لێپێچانەوەی کەسانی ناملکەچ.

2- مەترسی ڕۆیشتنی فەرماندەو بەرپرسە سەربازیەکان بۆ ناو لایەنەکانیتر بە هۆی لێپێچانەوە و سزادانیان.

3- هەڵگیرسانەوەی شەڕی براکوژی، لە ڕاستیدا ئەم هۆکارە یەکێ لە دیارترین هۆی سەرنەکەوتنی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر بوو. چونکە ئەو شەڕە هیچ بوارێکی نەهێشتەوە بۆ بەخۆداچوونەوە وچارەی ئەو کۆسپانەی هاتنە بەردەم. شایانی باسە لە کاتی شەڕی براکوژی هەموو لایەنەکانی ناو شەڕ هەوڵ دەدەن زۆرترین ژمارەی پێشمەرگە لەگەڵ خۆیان بهێڵنەوە و بیارێزن. دیارە ئەوە دەبێتە هۆی چاوپۆشیکردن لە کاری خراپی هەندێ بەرپرسی سەربازی.

4- ئەنجامی خراپی هەڵبژاردنەکەی لق (دواتر دێینە سەر ئەم باسە) لەلایەن گەلێ کەس دەخرایە ئەستۆی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر.

## هەڵبژاردنەکەی لق

لە کۆتایی ساڵی 1983 پەیوەندی نێوان ینک و حسک بە تایبەتی و جود بەگشتی بەرەوخراپتربوون دەچێ ( دواتر دێینە سەر ئەم باسە ). لەم کات و ساتەدا لەناو دەزگای لق لەلایەن هەندێ کادیرو کارگێری لق ڕێگا خۆشدەکرێ بۆ هەڵبژاردنێک بەمەبەستی هەڵبژاردنی هەندێ کارگێری نوێ و لادانی هەندێکی کۆن. وەکو لەمەوبەر باسمان کرد کارگێرانی لق بریتی بوون لە : موحسین عوسمان، ئەدیب شەعبان ناسراو بە ئارام، عەلی ڕەسول.

دیارە هەوڵدان بۆ لادان و جێگا چۆڵکردن بە هەندێ کارگێر ململانێیەکی دیاردەبێ لەناو دەزگای لق بەڵام با بزانین هۆی دروستبوونی ئەم ململانێیە چییە؟

باشتر وایە گوێ بۆ کەسانی ناو کێشەکە شلکەین.

- بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا لەم بارەیەوە دەڵێ: ((بەڕای من لقی هەولێر دوو گرفتی گەورەی تووشبوو، یەکەمیان سەرکردایەتی حیزب بەبێ پرس و وەرگرتنی ڕای لقی هەولێر کاک عەلی ڕەسول کە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی ناوخۆ بوو و لە سەرکردایەتی بوو ڕەوانەی لقی هەولێریان کرد وەکو کارگێری لق. ئەوە نائارامیەکی لای کادیرەکان دروستکرد بەڵام ئێمە کادیرەکان بڕیارماندا ملکەچی بڕیارەکەی سەرکردایەتی بین و ڕێزی کاک عەلی ڕەسول بگرین، بەداخەوە لەوانەیە هەندێ کادیر ئەمەیان هێندە لەبەرچاو نەگرتبێ. لەوانەیە خۆشم تووشی هەڵە بووبم، ئەمەش لە نەزانیمان. دووەمیان هاتنی ئارام بۆ لقی هەولێر (ئارام بەرلەوەی بێتە لقی هەولێر لە ڕێکخستنی نهێنی شاری هەولێر کاریکردوە) دوای هاتنی ئارام بۆ لق کێشەیەکی دیار کەوتە نێوان ئارام و مامۆستا موحسین. کاتێ عەلی ڕەسولیش هات بۆ لق، کێشەکە گەورەتر بوو. ململانێی نێوان ئارام و مامۆستا موحسین گەیشتە ئاستێک کە هەریەکەیان لەلایەن خۆیەوە پەیوەندی دەکرد بە کادیری ناوچەکان بە مەبەستی لایەنگر پەیداکردن.

شایانی باسە کاک عەلی ڕەسول پاش ئەوەی هەستیکرد لە ناو کادیرانی لق ئیستیعاب ناکرێ کەم یا زۆر خۆی لە ئیش نەدا واتە کەم و زۆر پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە نەکرد، قسەیەکی لەگەڵ کادیرێک نەکرد. دیارە ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو ئەزموونی لە ئێمە زیاتر بوو. لەدوای ئەوەی زانی سەرکەوتوو نابێت لەم لقە، خۆی دوورخستەوە، لە کۆبوونەوەکان کەم بەشداری دەکرد، قسەی نەدەکردو تێکەڵی گرفتەکان نەدەبوو. هەرچی مامۆستا موحسین و ئارام بوون بە ئارەزووی خۆیان کاریان دەکرد )).

- هەروەها بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا بە مجۆرە باسی ئەم ململانێیە دەکا: ((من وای بۆدەچم کە ئەوان واتە مامۆستا موحسین و ئارام هەریەکەیان دەیویست لە کۆنگرەی داهاتوو ببێتە ئەندامی سەرکردایەتی و پاشان ببێتە بەرپرسی لقی هەولێر. دیارە ئەمەش بەوە دەکرا یەکێک لەم دووانە لە لق نەمێنن، ئەوەی کە بەتەنیا دەمێنێتەوە خۆی خاوەن بڕیاردەبێ. دیارە ئەمە لەبەر ئەوە نەبوو کە مام قادر شۆڕش بەرپرسێکی بێتوانایە. ئەوان هەستیان بەوە دەکرد کە مام قادر پیرەو توانای فیزیکی باش نییە، گەر بێتو کۆنگرە ببەسترێ لەوانەیە ئەوسا سەرکردایەتی حیزب ئەرکێکیتری لە سەرکردایەتی لە مەکتەبی ڕێکخستن یا شوێنێکیتر پێ بسپێرن، ئەوەش زیاتر لەبەر توانای فیزکی ئەو. ئەگینا لە توانای ڕێکخستن و هەڵسورانی کاروباری کادیرەکان کەسیان لە مام قادر شورش ئەزموونیان پتر نەبوو. لەوانەیە لە ڕووی فیکری و ئەو شتانە ئەوان بە هۆی ئەوەی بواری خوێندنەوەیان زیاتر بوو بە تواناتر بووبن. بەڵام لە کاری پراکتیک و هونەری ڕێکخستن، لە بەڕێوەبردنی ڕێکخستن کەسیان وەکو ئەو بەهێز نەبوون. بۆ نمونە باوەڕناکەم کەس بیتوانیبوایە وەکو ئەو ئەرشیفی لق ڕێکخا، وەلامی ڕاپۆرت لە کات و شوێنی خۆی بداتەوە، ئامۆژگاری کادیرەکان، چۆنیەتی بەڕێوەبردن و هونەری ڕێکخستن. باوەڕناکەم ئەوان وەکو ئەو توانایان هەبووبێ. لە ڕاستیدا ئەوان هەردووکیان زۆر ڕێزی مام قادر شۆڕشیان دەگرت، من ڕۆژێ لە ڕۆژان نەمدیت ئەوان کارێکی ناشرین دژی ئەو بکەن یاخود وابکەن دڵی ئەو بشکێنن)).

- هەروەها بەڕێز موحسین عوسمان لەمەڕ هۆی ئەم کێشەیەی ناو لق دەڵێ: ((هۆی ئەم کێشەیە زیاتر شتی زاتی بوون، شتی فیکری نەبوون، کاک عەلی کادیرێکی بە توانا بوو، من ئەزموونێکی باشم لە شۆڕش هەبوو، لە بواری فیکریشدا بڕوام بە بابەتە فیکریەکانی ناو حیزب هەبوو گرفتێک لەم بارەیەوە لە ئارادا نەبوو. شتەکە زیاتر زاتی بوو، من و کاک عەلی دوو کەسایەتی دیاربووین. دیارە کادیرەکانیتر حەزیان دەکرد ئێمە لادەن، *ئێمە کۆنین خۆیان بێنە شوێنمان*. مەسەلەکەش یەک کەس دەیسوڕاند واتە یەک کەس هۆی نانەوەی ئەم کێشەیە بوو، ئەویش پێم وابوو کاک ئارام بوو. دیارە لەبەر ئەوەی لە کاتی خۆیدا زۆر گرنگیم پێی دابوو وەکو بڵێی چاکەکەی دەدامەوە. ئەمە هەوڵێک بوو لەلایەن کاک ئارام بەمەبەستی لادانی ئێمە بۆ ئەوەی خۆی بێتە شوێنی من و ببێتە کەسی دیاری ناو لق. لادانی ئێمە قۆناغێک بوو، پاشان مام قادرشۆڕش پیر بوو لە داهاتوودا کاک ئارام مەبەستی وابوو خۆی ببێتە بەرپرسی لق. بۆ نمونە مام قادر شۆڕش کەسایەتیەکی دیار و ناسراو بوو کەس نەبوو قسە لە قسەی ئەو بکا، ئێمەش من و کاک عەلی کادیری ناسراو بووین، بۆیە مەبەستەکە دیار بوو. ئێمە ئەو سێ کەسە کەسایەتی بەرچاو بووین. کاک ئارام دەیویست ئەم کەسایەتیانە لاچن و خۆی ببێتە کەسی یەکەم)).

لە کاتێکدا بەڕێزان بەڵێن عەبدوڵلا و موحسین عوسمان پێ دادەگرن لەسەر ئەوەی کەوا هۆی نانەوەی ئەو گرفتە هۆکاری زاتی بوون، بەڕێز عەلی ڕەسول دەڵێ: ((هۆی ناکۆکیەکە ئەوە بوو ئیتجاهی فیکری زۆر سەیر لە ناو لق هەبوو، بە تایبەتی مارکسیە توندڕەوەکان کەوا هەموو خەڵکیتریان پێ بێکەڵک بوو. بێگومان ئەم ڕێگا خۆشکردنە بۆ هەڵبژاردن، هەوڵێک بوو بۆ لێدانی هەندێ کادیر کە گوایە فکریان نییە، بەڵام من خۆم وام هەست دەکرد ئەوە دەستێکی گومانە)).

- هەروەها بەڕێز پشتیوان سۆربەشی کە پێشمەرگەیەکی وریای لق بوو ئەوکاتە، هەرچەندە ئەو خۆی لەناو ناکۆکیەکە نەبووە بەڵام بەهۆی ئەوەی لە لق ژیاوەو ململانێکەش تاڕادەیەکی باش هەستی پێکراوە لەم بارەیەوە دەڵێ. ((مەبەست لە

هەڵبژاردنەکەو ململانێکە بۆ خۆبردنەپێشی هەندێک و دوورخستنەوەی هەندێ کەسیتر بوو. من نازانم هۆی ئەم ناکۆکیە چیبوو، بەلام پێم وایە لەبیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتی بەولاوە چیترنەبوو. بەلام ئەوانەی هۆکاری گرفتەکە بوون مەبەستیان لادانی عەلی ڕەسول بە پلەی یەکەم هەروەها مامۆستا موحسین عوسمان بە پلەی دووەم بوو)).

لەبارەی خودی هەڵبژاردەکەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەڕێز موحسین عوسمان دەڵێ: ((من ماوەیەک لەشەڕ بووم لە دەشتی هەولێر کە شەڕەکان نەما گەڕامەوە بارەگای لق. دیاربوو تەکەتولێک کرابوو، زەمینەی ئەوە خۆشکرابوو کە هەڵبژاردنێک بکرێ. من ئەمەم زۆر لاسەیر بوو گوتم: " کاکە من ئەوە سێ مانگە لە شەڕم، ئێوە کەستان نەهاتوونەتە شەڕەکە ئێستاش دەتانەوێ هەڵبژاردن بکەن!"

هەرچەندە هەندێ برادەر بەتایبەتی دکتۆر پەروەر هاتەلام گوتی: " تەکەتولمان دژی تۆ کردوەو خۆت هەڵمەبژێرە چونکە دەرناچیت!" گوتم من خۆم هەڵدەبژێرم ئەمەش بۆ ساغکردنەوەی مەسەلەکە و بۆ ئەوەی ڕاستی ڕوون بێتەوە". هەرچەندە دەشم زانی دەرناچم و تەکەتول کرایە بەلام خۆم هەڵبژارد.

من پێم وابوو بێویژدانیان کرد منیان هەڵنەبژارد. پێم وانەبوو ئەوان سەرکەوتوودەبن، پاشان دەریشکەوت. مام قادر شۆڕش دوای هەڵبژاردنەکە هاتە لام گوتی: " هەڤاڵ وازمەهێنە، زۆرم پێناخۆشە تۆ وازدەهێنی. بێیتەوە کار بکەی باشە، پیاوی چاکبە، لقەکە تێکچووە!" وەلامم دایەوە گوتم: " بەخوا مام قادر شۆڕش بڕیارێکەو داومە لێشی پەشیمان نابمەوە، ئامادەنیم لەگەڵ ئەو برادەرانە کاربکەم! " ئەوە بوو دانیشتم و ئیشم نەکرد. ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ئەوە بوو کاک عەلی و منیان هەڵنەبژارد، ئەوانەی هەڵبژێردران مامۆستا سەلاح، مامۆستا بەڵێن و ئارام بوون. من پێم وابوو ئێمە دوو کادیری بەهێز بووین، بە هەڵنەبژاردنمان زیانێکی زۆر لە حیزبەکە کەوت.

خوا هەڵناگرێ دوای هەڵبژاردنەکە هەندێ لەو برادەرانەی ئیشەکەیان کردبوو هاتنەوە لام و گوتیان: " هەڵەیەکی زۆر گەورەمان کردیە! " گوتم : " تازە ڕۆیی من بڕیارم داوەو ئیش ناکەم! " ئەوە بوو کاک عەلیش وازیهێناو دانیشت. کە ئێمە وازمان هێنا هەندێ لە کادیرە سەربازیەکان خەریکبوو جیابنەوە! بەم بارودۆخە زۆر پەرێشان بوون، من زۆرم دڵ دانەوە گوتم: " کاکی برا من تەنیا کەسێکم، لەسەر ئەمە مەیکەنە کێشەو با نەبێتە ئاژاوە!" ئیتر زۆر هەوڵم لەگەڵیان داو ئاشتم کردنەوە)).

- هەروەها بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا لە بارەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکەی دەگێڕێتەوە:

((ئێمە زۆر نەزان بووین، ئارام زۆر کلاوی لەسەری ئێمە نا مەبەستم بە تایبەتی کادیران شەهید سەلاح، کاوە، دکتۆر پەروەر ومن، هەر هەمووومان ئەو کۆمەڵە کادیرەی بەشداربووین لە بڕیارەکان. ئەمەش ئارام بە لەبلەبانی و زمان لووسی خۆی. ئێمە هەڵەیەکی مێژوویی گەورەمان کرد، نەدەبوایە لەم بارودۆخە ناسکە هەڵبژاردن بکەین و بڕیاری ئەوە بدەین کەوا عەلی ڕەسول و مامۆستا موحسین دەرنەچن. دیارە کاک قادر عەزیز کە بەرپرسی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر بوو، هەستی بەوە کردبوو کە لەلایەک عەلی ڕەسول ئەم کەشەی لقی بەدڵ نییە، لەلایەکیتر کادیران حەز بە کاک عەلی ناکەن، وابزانم کاک قادر شتێکی وای باس کردبوو، گوتبوویە شەهید سەلاح: " دەبڕۆن هەڵبژاردنێک بکەن، تەواو و بڕایەوە و لە کۆڵمان بنەوە! "

واتە بەشێوەیێ کاک عەلی ڕەسول ڕەوانی سەرکردایەتی بکەنەوە.

شەهید سەلاح هات گوتی: " کاک قادر گوتی هەڵبژاردن بکەن ! "

گوتمان باشە و هەڵبژاردنمان کرد. هەڵەی زۆر گەورەی ئێمە ئەوە بوو کە من و شەهید سەلاح خۆمان هەڵبژارد. چونکە کە ئێمە خۆمان هەڵبژارد بێگومان ئێمە دەردەچووین و مامۆستا موحسین نەیدەتوانی ململانێ لەگەڵ ئارام بکات. دیارە ئارام بەلەبلەبانی خۆی زۆر فێری لە مامۆستا موحسین کرد.

کە مامۆستا موحسین دەرنەچوو، ئێمە لە ڕاستیدا زۆر پەشیمان بووینەوە مەبەستم شەهید سەلاح و من. بەتایبەتی ڕۆژی دوای هەڵبژاردنەکە بەقەد هەموو دونیا پەشیمان بووینەوە، تێگەیشتین کارێکی زۆرخراپمان کردوە. ئێمە هەرچۆنێک بێ دەبوایە بڕوا بە کاک عەلی بێنین کەوا خۆی هەڵنەبژێرێ. ئەوە بوو ڕۆژی دووەم چووینە لای مامۆستا موحسین، تکای خوێنمان کرد و زۆری لێ پاڕاینەوە. دیارە ئەو خۆی ئێستا ماوە و دەتوانێ گەواهی ئەمە بدا. زۆرمــان تکالێکرد و پــێمان گــوت: " ئێمە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە ئاشکرا ناکەین، هێشتا هیچ شتێکی پێ دەرنەچووە. پیاوی چاکبە وەرەوە ئیش بکە، ئێمە هیچ لایەکمان نایەینە لق! ". دیارە دەنگی هەڵبژاردنەکە گەیشتەوە کاک قادر عەزیز و ئەوان، ئەوان زۆر تووڕەبوون بەم ئەنجامە، زۆریان سەرکۆنەکردین و قسە پێ گوتین لەسەر ئەوەی ئێمە ئەم پیلانەمان داناوە. بۆ مێژوو دەیڵێم کاک قادر عەزیز بە هیچ جۆرێک ئاگاداری ئەمە نەبوو. کاک قادر سەرکۆنەیەکی زۆری من و شەهید سەلاحی کرد پاشان بە ئارامی گوت: " ئەو حیزبە بە نینۆکان دروستکرایە ئەگەر هاتی تێکی بدەی بە گوللە وەلامت دەدەینەوە! " ئەمە دەقی قسەی کاک قادر عەزیز بوو، کەچی مامۆستا موحسین بەجۆرێکیتر تێگەیشتبوو. دیارە ئەمە زۆر بە گران لەسەر کاک قادر عەزیز و ئێمە کەوت لە سەرکردایەتی، ئەوە درێژەی زۆرە. بەڵێ من دان بەوەدا دەنێم کە ئێمە ئەوسا هەڵەیەکی گەورەمان کرد)).

- هەروەها بەڕێز عەلی ڕەسول دەڵێ: (( هەڵبژاردنەکە زۆر ناوەختی بوو، لە کاتێکدا بوو شەڕ لە نێوان ینک و حسک دا هەبوو. پاشان ڕای من نەیدەخوارد چونکە هەڵوێستی کاک قادر عەزیزو ئەوان لەگەڵ کاک ئارام و بەڵێن و ئەوانیتر بوو. ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دەرچوونی ئارام، بەڵێن، سەلاح بە کارگێری لق، هەروەها دەرنەچوون و لادانی مامۆستا موحسین و من. ئەم ئەنجامە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی لقی هەولێر)).

- بەڕێز پشتیوان سۆربەشی وەکو کەسێکی دەرەوەی هەڵبژاردنەکە لەم بارەیەوە دەڵێ: ((هەرچەندە ئەگەر هەڵبژاردنەکە یاسایش بوو بەلام زیانی بۆ حیزب هەبوو و دروستکرد. دوورکەوتنەوەی شەهید سەلاح لە ناوچەی دەشتی هەولێر زیانێکی گەورە بوو بۆ ناوچەکە چونکە ئەو زۆر چالاک ولێهاتوو بوو، خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکەو پێشمەرگە بوو، دوای ئەو نەتوانرا شوێنی ئەو پڕبکرێتەوە. هەروەها ڕۆیشتنی مامۆستا بەڵێن لە ناوچەی شەقلاوە بووە هۆی لەکارکەوتنی ناوچەکە واتە بەهەمان شێوە زیان بوو. لادانی مامۆستا موحسین و دەست لە کارکێشانەوەکەی زیانی زۆر و گەورەی بە حیزب گەیاند، چونکە ئەو کادیرێکی سیاسی و سەربازی بەتوانا بوو. لە نەدوەکردن و خەڵک ڕێکخستن زۆر کارامە بوو. خەڵکی سنووری لقو هێزی پێشمەرگە خۆشیان دەویست. لەگەڵ دانیشتنی ئەو خەڵکێکی زۆر دڵیان شکاو ساردبوونەوە چونکە خەڵک چاوەڕێی پلەی بەرزتری لە موحسین عوسمان دەکرد، نەک نزمکردنەوەی. هەروەها عەلی ڕەسول کەسایەتیەکی ناسراو بوو، خەڵکی ناوچەکە ڕێزیان لێ دەگرت. دیارە حیزب دەبێ کادیری لە هەموو بوارێکدا هەبێ، واتە بوارەکانی سیاسی، سەربازی، جەماوەری، ئیداری و هتد...)).

دوای گوێگرتن لە ڕاو باسی ئەو بەڕێزانە، جێگای خۆیەتی بزانین قادر شۆڕش وەکو بەرپرسی لقی هەولێر هەڵوێستی چی بوو.

- لەم بارەیەوە بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا دەڵێ: (( ئێمە زۆرجار چووینە لای مام قادر شۆڕش کە ئەو ناکۆکیانە چارەسەر بکات. لەوانەیە ئەو لەگەڵ کەسانی ناو ململانێکە لە دانیشتنەکانی ناو لق یا بە دووقۆڵی شتی لەگەڵدا باسکردبن. من نازانم،

چونکە من لە لق نەبووم. دیارە لە کۆبوونەوەکانی لق ئەم کێشەیە باسکراوە، بەڵام بە داخەوە ئەو ڕاکشاویەی ئێستا هەیە ئەوسا نەبوو. ئەوەی ڕاستی بێ مام قادر شۆڕش دوای هەڵبژاردنەکە دڵی شکا. ئەو ئەنجامەی زۆر پێناخۆش بوو. لە ڕاستیدا کە سەیری ئێمەی دەکرد هەستمان بەوە دەکرد کە ئاگر لە چاوی دەباری بەرامبەر بەوەی کە ئێمە ئەو کارە خراپەمان بۆ کرد!؟ کاتێ ئیمزای هەڵبژاردنەکەشی کرد گوتی: " من تەنها ناتوانم دژی دەنگدانەکە بووەستم و ئیمزای نەکەم، ئەگینا من وەکو لێپرسراوی لق لەسەرەتا تا کۆتایی بەم هەڵبژاردنە رازی نیم. من ناتوانم لەگەڵ دەنگدان هیچ بکەم, ئەگەرنا من ئەم مۆرە ناخەمە سەر ئەم ئەنجامە!" )) .

- هەروەها بەڕێز موحسین عوسمان لەبارەی هەڵوێستی قادر شۆڕش لەمەڕ هەڵبژاردنەکەو ئەو تیایدا دەڵێ: (( دوای هەڵبژاردنەکە هاتەلام گوتی: " واز مەیەنە، ئەوانە لقەکەیان تێکدا، هەموویان ئێستا پەشیمانن و دەڵێن بابێتەوە! " گوتم: "قەت ناگەڕێمەوە، با ئەوان خۆیان ئەنجامەکەی هەڵگرنەوە! " دیارە مام قادر شۆڕش لە هەڵبژاردنەکەدا دەنگی بە ئێمە دابوو هەروەها بە هەندێ کادیری تریش. بەڵام دەنگی ئەو نەیخوارد، ئەو *بەتەنیا* چی بکات و چی بکردایە !؟ ئەنجامی ئەو هەلبژاردنەی زۆر لاناخۆش بوو، پێشی گوتن:" ئەنجامەکەی هەڵدەگرنەوە! ")).

هەر لەم بارەیەوە بەڕێز عەلی ڕەسول دەڵی: ((پێم وایە کاک قادرشۆڕش دەنگی بۆ ئەندامانی کۆنی لق دا. بەڵام من پێم وایە ئەو وەکو بەرپرسی لق دەیتوانی نەهێڵی بگاتە ئەو رادەیەی کە گەیشت)).

دیارە ووتەکانی ئەم بەڕێزانە کە لەسەرەوە خرانە ڕوو تاڕادەیەکی باش لە مەبەستو ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دەدەوێن. هەروەها دەکرێ بڵێین هەردوو لایەنی زاتی بە شێوەیەکی سەرەکی و لایەنی فیکری واتە بیروڕا و بۆچوونی جیا بەڕادەیەکی کەمتر پەیوەندیان بە کێشەکە و هەڵبژاردنەکە هەبووە. دیارە جگەلەوەی کە هەڵبژاردنەکە لە کاتێکی ناگونجاودا بووە ئەمە بەپێی ووتەی زۆربەی کادیرانی لق, بەڵام هۆیەکیتر کە بووەتە پاڵنەر بۆ هەڵبژاردنەکە کارتێکردنی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر لەسەر دەزگای لق هەروەک عەلی ڕەسول هێمای بۆ دەکا بەبەڵگەی ئەوەی تیشکی سەوزی هەڵبژاردنەکە لەلایەن بەرپرسی کۆمیتە قادر عەزیزەوە دراوەو پەسندکراوە هەروەک بەڵێن عەبدوللا هێمای بۆدەکا. بەواتایەکیتر کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر پەیوەندی هەبووە بە هەڵبژاردنەکەو ڕێگای بەهەڵبژاردنەکە داوە بەمەبەستی چارەسەرو یەکلاکردنەوەی کێشەکە.

هەرچۆنێ بێ هەڵبژاردنەکە کراوە, واپێدەچێ زۆربەیەکی دیار لە لق و کۆمیتە دژی لادانی عەلی ڕەسول نەبوون, بەڵام دیارە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ئەوە نەبووە کە ئەو زۆربەیە ویستوویەتی. دوای هەڵبژاردنەکە هەندێ کەس لە مەبەست و پلانی هەڵبژاردنەکە گەیشتن بەڵام تازە کارلەکار ترازابوو و درەنگ بوو بۆ چارەسەرێ لەو بارودۆخە نالەبارەی ئەوسا.

لەڕاستیدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بووە هۆی دروستکردنی ئازارو زامێکی گەورە بۆهەندێ کەسی دیاری لق وەکو موحسین عوسمان و قادر شۆڕش, ئەو ئازارو زامەی هەرگیز نەتوانرا ساڕێژ بکرێ. چونکە ئەم ئەنجامە کارەسات بوو بۆئەوان و هەموو ئەوانەی بەهەوڵ وکۆششێکی زۆر, بەشەونخوونی و ئازارێکی زۆر لقی هەولێریان گەیاندە ئەوئاستەی کەببووە جێگای شانازی بۆیان.

## هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ

لەکۆتایی ساڵی 1982وە سەرەتای ساڵی 1983، وردە وردە کەشێکی نا ئارام و ئاڵۆز باڵی کێشایە سەرناوچەکانی سۆران بە گشتی. ئەمەش بەهۆی خراپتربوونی پەیوەندی نێوان ینک و بەرەی جود بە گشتی و حسک بەتایبەتی. لە مانگی مارت و ئەپریل شەڕی ناوخۆ زۆربەی ناوچەکان دەگرێتەوە، شەرێکی زۆر کوشندەو خوێناوی.

بە پێی باسی گەلێ لە کادیرانی حسک ئەو شەڕە نە کتوپڕ بوو نە چاوەڕوان نەکراو بوو. ئەوان دەڵێن: " یەکێتی دەمێک بوو شەڕی پێ دەفرۆشتین، پێشمەرگەی دەگرتین، پێشمەرگەیان چەکدەکرد و خەڵکیان دەکوشت. شەڕەکە قورگی گرتبووین، شەڕ و ئاشتی بەدەستی یەکێتی بوو! "

هەروەها ئەوان هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕەکە بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێننەوە بۆ گفتوگۆی نێوان ینک و حکومەتی عێراق، دەڵێن: " ینک پلانی هەبوو کە پاکتاوی ناوچەکان بە تایبەتی پارێزگای هەولێر لەلایەنەکانیتر بکا، هەندێ دەڵێن بەمەبەستی بە هێزکردنی شوێنی خۆی لە گفتوگۆکەدا، هەندێ زیاتر دەڕۆن و دەڵێن بەڵێنیان بە حوکمەت دابوو ".

شەڕی ناوخۆی ئەمجارە واتە بەهاری 1983 لە نێوان ینک و بەرەی جود دەبێ، بەواتایەکیتر هەموو لایەنەکانی خوارووی کوردستانی گرتەوە، بەرەی جود وەکو باسکرا بریتی بوو لە: حیزبی سۆسیالستی کوردستان ، پاسۆک، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق. شایانی باسە پەیوەندی نێوان ینک و پاسۆک لە سنووری پارێزگای هەولێر هەمیشە خراپ بوو واتە هەر لەو رۆژەوەی پێشمەرگەکانیان لە ساڵی 1982 هاتنە ناوچەکە تا ئەو رۆژەی بە هۆی شەڕی براکوژی ناوچەکەیان چۆڵکرد. مانەوەشیان زیاتر بە هۆی هێزەکانی حسک بوو کە تارادەیەک ئەوانی پاراستوە لە دەست درێژیەکانی ینک، چونکە ینک نەیدەویست ئەوان لە ناوچەکەبن. هێزەکانی پاسۆک هەرچەندە کەم بوون بەڵام شەڕکەر و بە توانا بوون.

وەکو باس دەکرێ حیزبی شیوعی و پارتی تارادەیەک زاڵبوون بەسەر سەرکردایەتی بەرەی جود، کەچی حیزبی سۆسیالست هێزی سەرەکی ناو بەرەی جود بووە لە ناوچەی سۆران. حیزبی شیوعی هێزیان لە ناوچەکان هەبوو، لەشەڕکردندا بە توانا بوون. بەڵام گەلێجار لە لایەن سەرکردایەتی سۆسیالستەوە گلەیی لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کراوە کەوا حیزبی شیوعی زیاتر گوێ لە ینک و پدک دەگرن. دیارە ئەم گلەییەش لەبەر ئەوە بووە حسک زۆر هاوکاری ئەوانی کردوە، بەڵام ئەوان کەمتر باشبوون بۆ حسک.

هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە ئەوا هێزێکی کەم و شەڕنەکەریان لە ناوچەکە هەبووە.

بە کورتی قورسایی شەڕەکە زیاتر کەوتووەتە سەرشانی سۆسیالست، دیارە هەر سۆسیالستیش زۆرترین زیانی پێگەیشتووە.

## خاڵی ورووژان "گرتنی کاکەسوور"

کاکە سوور فەرماندەی کەرت سەربە هەرێمی (15) لەگەڵ پێشمەرگەکانی، لەرۆژی 12/1/1983 دوای ئەوەی لە چالاکیەکی دژ بە رژێم دەگەڕێنەوە، لە رێگای گەڕانەوەیاندا لە گوندی ( سویرە ) لە دەشتی کۆیە تووشیان دەبێ بە هێزێکی زۆری ینک. هێزەکەی ینک کاکە سوور و ئەو دەدوازدە پێشمەرگەیەی کە لەگەڵیدا دەبن دەگرن و چەکیان دەکەن.

لەلایەن سۆسیالستەوە داوا لە یەکێتی دەکرێ کەوا کاکە سوور و پێشمەرگەکانی ئازاد بکەن. ینک گوێ بە داواکەی حسک نادا. حسک لە وەڵامی ئەمەدا هەڵدەسێ بە گرتن و چەککردنی مەفرەزەیەکی ینک لە دەشتی هەولێر، لەگەڵ چەککردنیان پێشمەرگەیەکی ینک دەکوژرێ. بەرپرسی مەفرەزەکەی ینک ناوی مامۆستا ئەحمەد دەبێ.

شایانی باسە پەیوەندی نێوان ینک و حسک بەر لەو رووداوەش خراپ بووە بەڵام ئەم رووداوە کەشی ناوچەکەی بەتەواوی ورووژاندوە و گۆڕیوە. یەک دوو هەفتە دوای ئەمە هەردوولا رێکدەکەون کەوا نوێنەریان بنێرن بۆ گوندی ( شێخ وەسان ) لە بارەگای حیزبی شیوعی یەکتر ببینن. ئەوسا شەڕەکە هێشتا دەستی پێنەکردبووو ئاگربەستێکی کاتی " هودنە " هەبوو لە نێوانیاندا.

نوێنەرانی حسک کە بۆ دانیشتنەکە دەچن بریتی دەبن لە : بەڵێن عەبدوڵلا، مامۆستا ئارام و یەکێکیتر واتە سێ کەس دەبن. نوێنەرانی ینک بریتی دەبن لە: مامۆستا هەندرێن، مامۆستا سەیفەدین، مامۆستا حوسێن. هەروەها نوێنەرانی حیزبی شیوعی پێکدێن لە: کانەبی چاوڕەش، ئەبو عائید، ئەبو حیکمەت.

بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا باسی دانیشتنەکە دەکاو دەڵێ : ((ئێمە نوێنەری حسک لەلایەن لق و سەرکردایەتیەوە پرۆژەیەکمان پێدرابوو بۆ کۆبوونەوەکە کە بریتی بوو لە:

= ئازاد کردنی کاکە سوورو مامۆستا ئەحمەد.

= دیلەکان بە چەکەکانیانەوە بگۆڕدرێنەوە.

= کۆمیتەیەکی تەحقیق دابنرێ لەهەرسێ لاو بەبەردەوامی بمێنێتەوە لەدوا رۆژ، بەمەبەستی چارەسەرکردنی رووداوی داهاتوو.

هەرچی پرۆژەکەی یەکێتی بوو، زیاتر مەرج بوون و گوتیان: " مامۆستا ئەحمەد ئازاد بکەن، پێشمەرگەکان ئازاد دەکەین، بەڵام کاکە سوور بەرنادەین چونکە ڕاوو رووتی کردوەو دەبێ لیژنەیەکی تەحقیقی بۆ پێکبێ! " ئێمەش وەڵاممان دانەوە گوتمان:"کاکە سوور پێشمەرگەی ئێمەیە، ئێوە هەقی ئەوەتان نییە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن، ئەگەر شتێکتان لەسەر ئەو هەیە بەئێمەی بڵێن. بەڵام بۆ تەحقیق لەگەڵ کەسانێک ناکەن کە یەکێتین، خراپەکاری دەکەن و خەڵک ئازار دەدەن. پاشان ئێوە رۆژێک لە رۆژان قسەیەکتان لەسەر کاکە سوور نەبووە، کەچی ئێمە گەلێ جار لە کاری خراپی هەندێ کەسی یەکێتی ئێوەمان ئاگادار کردووەتەوە! "

ئەوەبوو نەگەیشتینە یەکترو ئەوان پرۆژەکەی ئێمەیان پەسەند نەکرد. دوای دوو رۆژ گوتیان: " ئێمە کاکە سوور ئازاد دەکەین بەڵام دەبێ لای حیزبی شیوعی بمێنێتەوە!" ئەوەبوو حیزبی شیوعی کە نێوانیان دەکردین گوتیان: " ینک بڕیاریان داوە هەموو پێشمەرگەکان ئازاد بکەن." ئێمەش زۆر بە سادەیی چووین مەفرەزەکەی ئەوان و مامۆستا ئەحمەدمان دایە دەستی حیزبی شیوعی. حیزبی شیوعیش بەرلەوەی یەکێتی پێشمەرگەکانی ئێمە ئازاد بکات مامۆستا ئەحمەدو ئەوانیتریان ئازادکردبوو. یەکێتی پێشمەرگەکانیان ئازاد کرد بەڵام کاکە سووریان ئازاد نەکرد ئەوەبوو دواتر گوللەبارانیان کرد)) .

## دەستپێکردنی شەڕ بەفراوانی

دوای ئازادکردنی پێشمەرگەکان لەلایەن هەردوولاوە بەڵام ئازادنەکردنی کاکە سوور لەلای ینک. ئەو ئاگر بەستەی کە لە نێوان هەردوولا هەبوو درێژەی هەبوو، بەڵام لەلایەن هەردوولاوە یەکتر تاوانبارکردن هەبووەو کەشێکی ئاڵۆز باڵی کێشاوەتە سەر ناوچەکە. لە رۆژی 11/12/1983 هێزەکانی ینک هێرشێکی بەرفراوان دەکەنە سەر هێزەکانی حسک و حشع لە گوندی ( نێرەگین ). لە ئەنجامدا کۆمەلێک پێشمەرگەی سۆسیالست و شیوعی دەکوژرێن و بریندار دەبن، هەندێ پێشمەرگەشیان بە دیل دەگیرێ، لەوانە هەندێکیان گوللە باران دەکرێن. هێرشکردنە سەر هێزەکانی ئەو دوو حیزبە لە گوندی نێرگین واتای شکاندنی ئاگر بەست و دەست پێکردنی شەڕ دژی هەموولایەنەکانی بەرەی جود لەلایەن یەکێتییەوە بوو.

شەڕی کوردکوشتن هەموو ناوچەکان دەگرێتەوە لەسنووری پارێزگای هەولێر. بەهۆی ئەوەی هێزەکانی بەرەی جودەوە بەتایبەتی حسک بەژمارە زۆرو شەرکەر دەبن، هێزەکانی ینک خۆیان لەبەر ئەو هێزەی ئەوان ناگرن و هەڵدەکشێن بۆ مەڵبەنـــدی(4) یان لە دۆڵی بالیسان.

دیارە گەلێک شەڕ دژی یەکتر دەکەن و کۆمەڵێک پێشمەرگە لە هەردوولا دەکوژرێن و بریندار دەبن. شایانی باسە هێزەکانی پارتی و شیوعی کەمتر خۆیان داوەتە شەڕ، بەتایبەتی حشع دوودڵ بووینە لەشەڕەکان و ئومێدیان بەئاشتی و ئاگر بەست هەبووە.

کە شەڕی براکوژی پەرەدەسێنی و باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشێ، بەرپرسانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێرو لقی هەولێر بڕیار دەدەن بارەگاکانیان هەڵگرن و بەجێ بهێڵن.

لە بارەی هەڵوێستی قادر شۆڕش لەمەڕ شەڕەکە بە پێیی باسی هەندێ لە هاوکارانی ئەوسای: " ئەو بە هیچ شێوەیەک حەزی بە شەڕی برا کوژی نەکردوە نە ئەوساو نە پێشتر، بەڵکو ئەو زۆر دژی شەڕی براکوژی بووە و بە گەورەترین نەخۆشی خەباتی کوردایەتی زانیوە. بەڵام کە شەڕ دەهات و یەخەی دەگرت ئەو زۆر تووند بووە لەسەر بەرگریکردن لە رێبازی حیزبەکەی و پاراستنی رێکخستنی حیزبەکەی ".

هێزەکانی بەرەی جود بەژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەوە دەچنە دۆڵی بالیسان بەمەبەستی لێدانی هێزەکانی ینک لە مەڵبەندی چواریان.

هێزەکانی بەرەی جود رۆژی 27/4/1983 دیاردەکەن بۆ هێرشکردنە سەر بارەگای مەڵبەندی چواری ینک. حشع دوو دڵ بووە لە بەشداری شەڕەکە بە هۆی دوودڵی سەرکردایەتیەکەیان هەروەها پدک بە خۆپارێزیەکەوە بەشداریان نواندوە. هەرچی هێزەکانی سۆسیالست و پاسۆک دەبێ بەتەواوی ئامادەی شەڕەکە بووینە.

لە رۆژی دیاریکراو هێرشەکەیان بۆ سەر هێزەکانی ینک دەست پێدەکا، لەماوە دوو رۆژدا هێزەکانی جود دەست بەسەر مەڵبەندی چواری یەکێتی دادەگرن. لە هەردوولا کوژراو و بریندار هەبووە. لە سنووری پارێزگای هەولێر هێزەکانی بەرەی جود دەتوانی زاڵبێ بەسەر هێزەکانی ینک.

دیارە شەڕی ینک دژی بەرەی جود فراوانتر و کوشندەتر بووە لەوەی سەرکردایەتی حیزبەکانی بەرەی جود دەرکیان پێکردوە. ینک خاڵی لاوازی جود دەدۆزێتەوە، ئەویش سەرکردایەتی حسک و حشع لە ئاشقولقە و پشت ئاشان کەوا هێزێکی کەمی پارێزگاری لێ بووە. لە شەوی 30/4/1983دا هێزێکی گەورەو ئامادەکراوی ینک لە چەند لایەکەوە هێرش دەکەنە سەر

بارەگاکانی سەرکردایەتی حسک و حشع. بۆ رۆژی دواتر واتە 1983/5/1 دوای شەرێکی خوێناوی هێزەکانی ینک دەست بەسەر بارەگاکانی سەرکردایەتی حسک وحشع دادەگرن. کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەردوولا دەکوژرێن و بریندار دەبن، ژمارەیەک پێشمەرگەی حسک وحشع بە دیل دەگیرێن یا خۆیان دەدەنە دەست هێزەکانی ینک، ئەوانە کۆمەڵێکیان گوللەباران دەکرێن.

ئەم دەست بەسەرداگرتنەی بارەگاکانی سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە بارودۆخی شەڕەکە بە گشتی بەلایەکیتردا و بە بەرژەوەندی ینک ئەسورێنێ.

قادر شۆڕش لە شەڕەکەی دۆڵی بالیسان بەشدار نابێ، لەگەڵ هێزێکی حسک لە دۆڵی سماقولی بوون. ئەو لە رۆژ ژمێرەکەیدا بە کورتی چەند تێبینیەکی نووسیوە لە بارەی مانگی نیسان. نووسیویەتی: " شەڕە لەگەڵ جەلالیەکان، مانگی ڕابردوو زۆرم خەمخوارد ". هەروەها لە یەکی ئایاری رۆژ ژمێرەکەی نووسیویەتی : " وام هەستکرد ناخۆشییەکم دێتە پێش! "،(ئەم رۆژژمێرە، ئەم کتێبی بیرەوەرییە نییە کە پێشتر باسمان کردو گوتمان بەهۆی شەڕی ناوخۆ لەناوچوو).

ئەم هێزە بەهۆی شەڕی براکوژیەوە لەبارودۆخێکی دەروونی نالەباردا بووینە. لە رۆژی 1983/5/8 لە دۆڵی سماقولیەوە بەرەو دۆڵی بالیسان دەڕۆن واتە بەرەو هێزەکانی بەرەی جود لە دۆڵی بالیسان.

### بڕیاری کشانەوەو هەڵکشانی هێزەکانی جود

هێزەکانی بەرەی جود وەکو هێزێکی زاڵ لە دۆڵی بالیسان دەبن ئەمەش پاش دەرپەراندنی هێزەکانی ینک لەوێ، دوای دوو رۆژ لە شەڕەکەی بالیسان هەواڵی گرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی حسک و حشع لەلایەن هێزەکانی یەکێتی یەوە بە هێزەکەی جود دەگا. ئەم هەواڵە بارودۆخێکی دەروونی خراپ دێنێتە کایەوە. ئەو هێزەی جود کە لە دۆڵی بالیسان دەبێ بڕیار دەدەن هێزێکی گەورە بنێرن بەرەو سەرکردایەتی دەست بەسەردا گیراویان بەمەبەستی دەرکردنی هێزەکانی ینک و گێڕانەوەی سەرکردایەتی بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆی. حسک هەندێ لە هێزەکانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە بەرێ دەکا، تا گوندی دەرگەڵەش دەچن کاتێ بروسکەیەک لە سەرکردایەتی بەرەی جودەوە بە هێزەکانی جود لە دۆڵی بالیسان دەگا. بروسکەکە بڕیاری کشانەوەو هەڵکشانی هێزەکانی جود دەبێ لە ناوچەکانی خوارەوە. بە پێی گێڕانەوەی بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا، بروسکەکە دەڵێ:((بۆهێزەکانی هەرسێ حیزب لەدۆڵی بالیسان و ناوچەکانی دەوروبەری: " بەخۆتان و هێزەکانتانەوە بەزووترین کات بەرەو سنوور بەرەو لای ئێمە وەرن، چونکە پیلانەکەی ینک زۆر لەوە گەورەترە کەئێوە بیری لێدەکەنەوە!)).

هاتنی ئەم بروسکەیە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی پیلانەکانی هێزەکانی جود لە دۆڵی بالیسان و گۆڕینی بارودۆخەکە بە لایەکیتردا.

هێزەکانی پارتی و شیوعی بڕیاری سەرکردایەتی جود بێ یەکودوو پەسەند دەکەن، سۆسیالست کە زۆرترین هێزی لەگەڵدا بووە دوا حیزب دەبێ کە ئەم بڕیارەی کشانەوە و هەڵکشان پەسەند دەکات، بەڵام دیارە پەسەندکردنی ئەم بڕیارە بێ تەنگو چەڵەمە و سەرئێشە نابێ.

لەبەر گرنگی ڕووداوەکە کە پەیوەندی زۆری بە قادر شۆڕشەوە هەیە، باشتر وایە بزانین کەسانی ناو خودی ڕووداوەکە چی دەڵێن. بەڕێز بەڵێن عەبدوڵلا دەگێڕێتەوە:

(( هاتنی ئەم بروسکەیە تەنگوچەڵەمەیەکی زۆری بۆ حیزبی ئێمە نایەوە. دوای گەیشتنی ئەم بڕیارەی سەرکردایەتی جود، کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر لەگەڵ هەموو کادیرانی سیاسی ناوچەکان کرا. ئێمە دوو پێشنیارمان کرد، یەکەمیان: ئەگەر بتوانین بڕوابهێنین بە هێزەکانی پارتی و شیوعی کەوا نەکشێنەوە ئەوا ئێمەش ناکشێینەوە. دووەمیان : بەڵام ئەگەر ئەوان هەموو هێزەکانی خۆیان کشاندەوە ئەوا وا چاکە ئێمەش هێزەکانمان بکشێنینەوە. چونکە لە بارودۆخێکی وادا کە سەرکردایەتی تێکەوتووە مانەوەی هێزی سۆسیالست بەم بارە دەرونیە خراپە زیانی پێدەگا. ئێمە تا ڕادەیەک گەیشتینە ئەو ڕایە، هەستمان کرد کە جموجۆلێک لە ناو بەرپرسە سەربازیەکان " فەرماندەی هەرێمەکان " هەیە کە دەیانەوێ ملکەچی بڕیارەکەی سەرکردایەتی نەکەن. گوتیان : " ئێمە دەمێنینەوە، شەڕی پارتیزانی دەکەین و واو وا دەکەین! " ئێمە پێمان وانەبوو ئەمە وابێ، ئێمە لامان وابوو گەڕانەوەی ئەوان بۆ ناوچەکانی خۆیان بەمەبەستی بەرەڵایی و شتیترە. دیارە ئێمە زوو پێڕاگەیشتین و هەندێ لە کادیر و بەرپرسە سەربازیەکانمان بڕوا پێهێنا کەوا مانەوەیان زیان لە خۆیان و حیزب دەدا. ئەوەی تەنگوچەڵەمەکەی گەورەتر کرد و کەشی ناو هێزەکانی ئێمەی ئاڵوزکرد، گۆتەی هەندێ لە بەرپرسە سەربازیەکان بوو، مەبەستم ئەوانەی دەیانویست بچنەوە ناوچەکانی خۆیان. ئەوانە بە گوێی ئەوانیترباندا چپاندبوو و گوتبوویان: "ئەوەی ناوێرێ بێتە خوارەوە با نەیەتە خوارەوە با بچێتە سەرکردایەتی بۆ خۆی!" دیارە ئەم قسەیە بۆ گەلێ بەرپرسی کەرت و هەرێمەکان ئاسان نەبوو. کێشەکە ڕوویەکی عەشایەریانەی بە خۆیەوە گرت و ئەمە بووە هۆی هەڵگەڕانەوەی هەندێ بەرپرسی سەربازیتر، بۆ نمونە دەیانگوت: " ئەگەر *فلان* بچێ *من* ناچم؟! " کۆمیتەی سەرکردایەتی لەگەڵیان دانیشت بۆ بڕواپێهێنانیان بە پەسەندکردنی بڕیاری هەڵکشان و کشانەوە. لە کۆبوونەوەکەدا زۆریان هەوڵ لەگەڵ درا، بەڵام ئەوان نەهاتنەڕا و گوتیان: " ناوچەکە بەجێ ناهێڵین و شەڕ دەکەین! "

دوای ئەمە کۆبوونەوەیەکی کادیران کرا بەمەبەستی ئەوەی کەوا کادیرانی سیاسی لەگەڵ ئەو هەرێم و کەرتە سەربازیانە نەڕۆن و نەچنە خوارەوە. چونکە چوون لەگەڵ ئەوان بێسوود بووو زیانمان پێدەکەوت. تەنها کەس لە ناو هەموومان مام قادر شۆڕش گوتی: " من بەهیچ جۆرێک ناوچەکە بەجێ ناهێڵم ئەگەر ئێوە هەمووشتان بڕۆن من ناوچەکە چۆڵ ناکەم! " زۆرمان هەوڵ لەگەڵیدا سوودی نەبوو. گوتی:" *من دەچمە خوارەوە ئەگەر بزانم کەمێ لەولاتر دەکوژرێم، من ڕێکخستن و خەڵکی خۆم بەجێ ناهێڵم*! "ئارام گوتی منیش ئەمێنمەوە، دیارە ئارام مەبەستی خۆی هەبوو، ئەوە بوو دوو ڕۆژ دواتر مام قادر شۆڕش و ئەوانی بەجێهێشت، خۆی گەیاندە ناو شاری هەولێر و ئیختیفای کرد.

ئێمە کەوتینە نێوان چاران و ماران، زۆرچاک دەمان زانی لەگەڵ مام قادر شۆڕش بمێنینەوە تێدەچین. چونکە نەهەرێمە سەربازیەکان بەخۆیانەوە دەگرتین، نەئێمەش ئەو پێشمەرگە زۆرەمان هەبوو کە بتوانین شەڕبکەین و لە ناوچەکان خۆمان ڕابگرین هەروەها پێمان وابوو ناتوانین لە ناوچەکە ئیختیفابکەین.

شەهید سەلاح و من چووینە لای مام قادر شۆڕش و پێمان گوت: " مام قادر تکات لێدەکەین مەمێنەوە، تۆ ئەندامی سەرکردایەتیت جیاوازی لەگەڵ ئێمە، تۆ لە هیچ شوێنی ناحەوێیتەوە، یەکێتی بەدوای تۆدا دەگەڕێت نەک بەدوای ئێمە، ئێمە ئیختفاش بکەین و بمێنینەوە تۆ ناتوانی. پاشان ئەم هەرێمە سەربازیانە بە هیچ جۆرێک تۆ ناگرنە خۆیان چونکە ئەوان کاری خۆیان هەیە، بەڵام ئەو نەهاتەڕاو گوتی دەمێنمەوە )).

هەروەها بەڕێز پشتیوان سۆربەشی لە بارەی گەڕانەوەی بەشێک لە هێزەکانی حسک بۆ خوارەوە دەڵێ: (( مام قادر شۆڕش مەبەستی لە مانەوە و گەڕانەوەی بۆ ناوچەکانی خوارەوە لێک دانەبڕان و لێک نەپچڕانی حیزب لەگەڵ ڕێکخستنی شار هەروەها بێ ئومێد نەبوونی جەماوەری سۆسیالست لە حیزب واتە گەڕانەوەو مانەوەی ئەو بە مەبەستی زیندووهێشتنەوەی

ڕێکخستن بوو. هەرچی هەرێم و کەرتەکان بوون " هەندێکیان " مەبەستیان لە گەڕانەوەکەیان سەرانە وەرگرتن و ڕاوو ڕووت بوو)).

هەروەها بەڕێز موحسین بایز ئەوە دووپاتدەکاتەوە کەوا قادر شۆڕش بەمەبەستی کاری ڕێکخستن و چۆڵنەکردنی ناوچەکە مایەوە.

بە کورتی ئەو هێزانەی بڕیاری هەڵکشان دەدەن بەرەو ناوچەی (گرتک و رۆست) دەکەونە ڕێ، ئەوانیتر لە ناوچەی خۆشناوەتی دەمێننەوە یا بەرەو ناوچەی دەشتی هەولێر دەکەونەڕێ. شایانی باسە هەندێ لە بەرپرسە سەربازیەکان کە نەیانویست ملکەچی بڕیارەکەی سەرکردایەتی بن، ئەمە تاڕادەیەک ئاسایی بوو بۆ ئەوان، چونکە ئەوان وەکو لەپێشوودا هێمامان بۆکرد هێندە گوێیان لە بڕیارەکانی سەرووی خۆیان نەدەگرت و ئەمەشیان بۆ چووبووەسەر.

جگە لەو جۆرە بەرپرسانەی سەرەوە، ئەوانەیتر واتە هەندێ لەو بەرپرسە سەربازیانەیتر مەبەستیان لە مانەوەیان بەرگریکردن لە حیزب و چۆڵنەکردنی ناوچەکە بووە، چونکە بۆ ئەوان چۆڵکردنی ئەو ناوچانەی کە بە خوێن و خەباتێکی زۆر ئازادیان کردبوو یا بەشداربوون لە ئازادکردنی کارێکی هەروا ئاسان نەبووە. هەروەها ڕووداوەکانی پێشووی لقی هەولێر مەبەست ئەنجامی خراپی هەڵبژاردنەکە کە بووە هۆی دڵشکانی گەلێ کەس و دوورکەوتنەوەی هەندێ کەس هەروەها گرفتەکانیتر کەشێکی دەروونی خراپیان لای گەلێ کەس دروستکردوە، بۆیە ئەمەش تاڕادەیەکی دیار پەیوەندی هەبووە بەرێکنەکەوتن لەسەر بڕیاری هەڵکشان.

## مانەوەو چۆڵنەکردن

هەروەک لەمەوبەر باسکرا قادر شۆڕش بڕیاری مانەوە و چۆڵنەکردن دەدا. ئەو هێزانەی بڕیاری مانەوەو گەڕانەوە بۆ ناوچەکان دەدەن لە ڕۆژی 1983/5/12 دۆڵی بالیسان بە جێدەهێڵن و بەرەو دۆڵی نازەنین و سماقوڵی دەکەونەرێ.

بەڕێز پشتیوان قادر شۆڕش کە خۆی لەگەڵ ئەم هێزادا بووەو پێشمەرگەی لق بووە، دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((ئەو هێزانەی کەگەڕایەوە دۆڵی سماقولی بریتی بوون لە: قوەی هەیبەت سوڵتان بە فەرماندەی دلزار حوسێن، قوەی زوورگەزراو بە فەرماندەی نایف فارس باوە، هەرێمی (10) ی سەفین بە فەرماندەی عەریف عەلی، هەرێمی (8) ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەی قادر مستەفا، هەرێمی (7) ی قەرەچوغ بە فەرماندەی مام غەفور، هەرێمی (11)ی باواجی بە فەرماندەی بەکر حەمە هەروەها باوکم وەکو لقی هەولێرو چەند کەرت و مەفرەزەیەکیتر. ئێمە کە هاتینە خوارەوە، بڕوامان وابوو زۆر ناخایەنێ بەرەی جود بەهێزێکی زۆرەوە دێنە خوارەوە بەتایبەتی پێمان وابوو پارتی بەشێکی زۆری هێزەکانی خۆی دەنێرێتە خوارەوە. ئەو ڕۆژەی کە گەڕاینەوە، لە گوندی سماقولی گرتک بۆئێوارە هێزێکی ینک بەسەریان دادایین و بووەشەڕ، شەومان بەسەرداهات. کاک دلزار بەباوکمی گوت: " ئێوە بڕۆن بۆسەرچیای بنەباوی و لەگوند دەرچن، من و هەندێک پێشمەرگە تەقە لەهێزەکانی ینک دەکەین تائێوە دەردەچن ئەوکاتە ئێمەش دێین." ئەوەبوو مامۆستا ئارامیش مایەوە لەگەڵیان، ئێمە ڕۆیشتین و لەسەر چیای بنەباوی کۆبووینەوە. کاک دڵزار و ئەوان شەڕیان لەگەڵ هێزەکانی ینک کردبوو تا تەواو لە یەکتر نزیک ببوونەوە، بەداخەوە کاک دلزار شەهید دەبێ و ئەوانیتر بەناچاری بەرەو چیای بنەباوی هەڵدەکشێن )).

دلزار حوسێن فەرماندەی قوەی هەیبەت سوڵتان، خەڵکی شاری کۆیە، کادیرێکی سەربازی و سیاسی زۆر ئازاو بە توانا، نمونەی فەرماندەیەکی خاوەن دیسیپلین، چاونەترسی و جەربەزەیی، نمونەی پارتیزانێکی شۆڕشگێڕی ڕەسەن، دوای ئەوەی لە

نیوەڕۆیەکی بەهاری 1981دا لەناو جەرگەی شاری کۆیە، تاک و تەنیا بۆسەیەک بۆبەرپرسی ئەمنی گشتی کۆیە دادەنێ کە لەئەنجامدا بەرپرسی ئەمن دەکوژێ، لەلایەن سەرکردایەتیەوە پلەی فەرماندەیی قوەی هەیبەت سوڵتانی پێ دەسپێردرێ. لەم ماوە کورتەی تەمەنی خەباتیدا وەک فەرمادەی هێز زۆرترین چالاکی سەربازی لەناو شاری کۆیەو دەوروبەری ئەنجامداوە. جێگای سەرنج دانە لەم هەموو چالاکیانەیدا هەمیشە بێزیان بووەو هیچ پێشمەرگەیەکی گیانی لەدەست نەداوە، ئەمە بەڵگەی ووریایی و هوشیاری ئەم پارتیزانەیە کەهەموو بیروهۆشی لای چالاکی زیاتر بوو. دلزار جیا لە گەلێ بەرپرسی سەربازی، گرنگی زۆری بە ڕێکخستن داوەو پەیوەندیەکی بتەوی بەڕێکخستنی ناو شاری کۆیە هەبووە. بەهۆی یارمەتی ڕێکخستنەوە توانیویەتی زۆر چالاکی سەرکەوتوانە ئەنجام بدا.

دیارە لەدەستدانی گیانێکی بەرزی وەک دلزار کارەساتە، بەڵام کارەساتی گەورەتر ئەوەیە ئەم لاوە چاونەترسە بە پەتای براکوژی سەری نایەوە.

دلزار حوسێن لای قادر شۆڕش زۆر خۆشەویست دەبێ، بۆیە بەکوژرانی دلزار زۆر غەم دەخواو پەرێشان دەبێ. لەلاپەڕەی رۆژ ژمێرەکەی نووسیویەتی: "جەلالیە کورد کوژەکان کاکە دلزاری ئازا و پاڵەوانیان شەهید کرد!"

بەڕێز پشتیوان قادر شۆڕش درێژە بە گێڕانەوەکەی دەداو دەڵێ: ((ئێمەو ئەو هێزە رۆیشتین بۆ دەشتی هەولێر، چەند رۆژێک لە هەرەتەکانی نزیک (دێگەڵە) ماینەوە. پاشان ئێمە لەگەڵ هەرێمی سەفین و چەند مەفرەزەیەکیتر چووین بۆ لای دەوروبەری بەستۆرە، لەوێ لە هەرێمی سەفین جیابووینەوە لەگەڵ مەفرەزەکەی عەوڵڵا تەکەوەری چووین بۆ گوندی (هەنارە) پاشان گوندی (کۆرەک ).

دیارە کە باوکم بڕیاری مانەوەیدا لەبەر ئەوە نەبوو شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ینک بکا، بەڵکو بۆ ئەوە بوو لە ڕێکخستن دانەبڕێ. ئەوەبوو لە گوندی کۆرەک چاویکەوت بە نوێنەرانی ڕێکخستنی شار. ئەو ماوەیەی لە گوندەکانی کۆرەکی گەورە و بچوک هەروەها ( شەرەبۆت ) ماینەوە، باوکم چەند جارێک چاوی بە نوێنەرانی ڕێکخستنی شار کەوت و خەڵکی باشمان دیت)).

لەو ماوەیــەی ئەوان لــە گونــدەکانی دەوروبــەری ( بەســتۆرە ) دەبن. لــە رۆژی 25/5/1983 هێزەکانی ینک چوار پێشمەرگەی هەرێمی (10) ی سەفین لە گوندی (حاجی ووسو) بە دیل دەگرن، پاشان گوللەبارانیان دەکەن.

بەڕێز پشتیوان قادر شۆڕش درێژە بە گێڕانەوەکەی دەداو دەڵێ: ((پاش ئەوەی ماوەیەکی باش لەو چەند گوندە ماینەوە، گەڕاینەوە بۆ سماقوڵی، ئێمە پێمان وابوو تا دەگەینە دۆڵی سماقولی، بەرەی جود بەهێزێکی زۆری پارتیەوە دەگەنە ناوچەکە. لەبیرمە لە گوندی (سارتکە) بووین، ئیزگەی پارتیمان کردەوە نهێنی ئەوەی بڵاودەکردەوە کەوا هێزەکان هاتن، نهێنیەکە "کوردستان یان نەمان بوو" زۆربەگەرمی نهێنیەکانی بڵاودەکردەوە گوتمان: " دیارە هێزەکان گەیشتونەتە خوارەوە". کەچی هەر هاتووهاوار بۆ چیتر نەبوو، بۆمان دەرکەوت کە شەڕەکە هەر سۆسیالست دەیکات، هەر سۆسیالستیش بوو بووە سوتەمەنی پارتی و شیوعی لە شەڕەکەدا. لە گوندی (عەلیاوە ) لەگەڵ قوەی هەیبەت سوڵتان بە فەرماندەی دڵشاد برای شەهید دلزار هەروەها کەرتێکی هەرێمی باواجی بە فەرماندەی سابیر فەقێیانی یەکتریمان گرتەوە. هەرچەندە دۆڵی سماقولی پڕبوو لە هێزەکانی ینک بەڵام دەمانتوانی جێگا بۆ خۆمان پەیدا بکەین، چونکە لەلایەک هەمووومان زۆر شارەزای ئەم دۆڵە بووین لە لایەکیتر خەڵکی گوندەکان زۆر یارمەتیان دەداین. لەڕاستیدا جێگای سەرسوڕمان بوو کە ئێمە چۆن توانیومانە ماوەیەکی باش لە ناو ئەم هەموو هێزەی ینک لە ناوچەکەدا بمێنینەوە. هێزەکانی ینک دەچوونە هەرگوندێک، هەواڵیان پێئەدرا کەوا " مام قادر شۆڕش و پێشمەرگەکانی لێرە لە گوند بووینە". هێزەکانی ینک لەمە سەریان سوڕمابوو کە بەهیچ

شێوەیەک ئێمەیان نەدەدۆزیەوە. بۆ نمونە رۆژێکیان ئێمە لە گوندی عەلیاوە لای فەخری بەگ بووین (فەخری بەگ پیاوێکی زۆر باش و ڕاستگۆ بوو، بەیەک چاو سەیری هەموو حیزبەکانی دەکرد، ڕێزی هەموو پێشمەرگەیەکی وەکو یەک دەگرت، بۆیە پێشمەرگەی هەموو حیزبەکان ڕێزیان لەو دەگرت ) ئێمە ئەو رۆژە لەوێ دەرچووین، رۆژی پاشتر هێزێکی ینک بەسەرپەرشتی مامە ریشە هاتن بۆ گوندی عەلیاوە. مامە ریشە دەچێتە ماڵی فەخری بەگ و پرسیاری لێدەکا : " مام فەخری سۆسیالست نەهاتوونەتە ئێرە؟ " مام فەخریش وەڵام دەداتەوە: " نەخێر من کەسم نەدیوە! " پاش کەمێک لە کوڕەکەی فەخری بەگ کە تەمەنی هەشت نۆ ساڵان دەبێ هەمان پرسیار دەکەن، منداڵەکەش لە وەڵامدا دەڵێ : " با دوێنێ مام قادر شۆڕش لێرە بوو! " مامە ریشەش ڕوو لە فەخری بەگ دەکا و دەڵێ: " مام فەخری، تۆ دەڵێی کەسمان نەدیوە، ئەم مناڵەش دەڵێ دوێنێ مام قادر شۆڕش لێرە بووە؟! " فەخری بەگ لە وەڵامدا دەڵێ: " من لەناو هەموو پێشمەرگە و شۆڕش تەنها ئەم برادەرەم هەیە، ئێستا ئێوە ئەتانەوێ پێتان بڵێم لە کوێ یە تا بچن بەسەریدا بدەن؟! ")).

لەو ماوەیەی قادر شۆڕش و پێشمەرگەکانی لە نزیک گوندەکانی ونکەو عەلیاوە خۆیان پەناداوە لە بەر هێزەکانی ینک، دەوروبەری کۆتایی مانگی ئایارو سەرەتای مانگی حوزەیران دەبێ. مام قادر شۆڕش دەربارەی ئەم ماوەیە لە لاپەڕەکانی رۆژ ژمێرەکەی زۆر بە کورتی نووسیویەتی: " جەلالیەکان بە فەرماندەی نەوشـیـروانی کوردکوژ وەکو سەگی هار بە دوای پێشمەرگەکانی سۆسیالستدا دەسوڕێنەوە، هەر پێشمەرگەیەک دەگرن، دەیکوژن. هەرچی ماڵە پێشمەرگەی سۆسیالست و لایەنەکانیتر هەیە کە دەکەوێتە رێگایان دەیانسوتێنن و تالانیان دەکەن، ژن و منداڵەکانیان لە گوندەکان دەردەکەن، خزم وکەسیان دارکاری دەکەن و ئازاریان دەدەن!"

هەر لەم ماوەیەدا لە نزیک گوندی ونکە، شەو لە رێگا عەولڵا تەکەوەری دەکەوێتە ناو چاڵێک و قاچی دەشکێ، بە ناچاری دادەبرێ و دادەنیشێ. ئەوەبوو مامۆستا ئارام چەند رۆژێک دوای گەڕانەوەیان لە دۆڵی بالیسان خۆی دەگەیەنێتە ناو شاری هەولێرو بەیارمەتی رێکخستن خۆی پەنا دەدا. هەروەها سێ پێشمەرگەیتری لق بەرگەی ئەم بارە ناهەموارەو پڕلە مەترسیە ناگرن و قادرشۆڕش بەجێ دەهێڵن. بەکورتی ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ ئەودا دەمێننەوە تەنها دوو پێشمەرگە دەبن، ئەوانیش پشتیوانی کوڕی و ئاسۆ حمە سعید ناسراو بە بۆتان خەڵکی گوندی قۆریتان کە دوای ڕاپەڕین لەشەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتییو پارتی لەکەسنەزان کوژرا.

## دواڕۆژەکانی تەمەن

قادر شۆڕش و پێشمەرگەکانی لەگەڵ کەرتەکەی سابیرفەقێیانی و قوەی هەیبەت سوڵتان کە ژمارەیان بیست کەسێک بووە لە بناری بنەباوی و دۆڵی سماقولی بە ووریایەکی زۆرەوە دەسوڕێنەوە پاش چەند رۆژێک بەیەکەوە سوڕان، قادر شۆڕش ئەوان بەجێ دەهێڵێ بەرەو گوندی ونکە و عەلیاوە دەچێ.

خۆی لەلاپەڕەی رۆژی 4/6/ 1983ی رۆژ ژمێرەکەی نووسیویەتی: " لەسەر بەرزایەکانی نێوان ونکەو عەلیاوە بووین، چاوەڕوانی هاتنی هێزەکانی بەرەمان دەکرد بەڵام بێسوود بوو، ناڕازی بووین لە بارودۆخەکە". دوای چەند رۆژێک دەچنە گونـدی ونـکە.

بەڕێز پشتیوان قادر شۆڕش دەگێڕێتەوە: (( لەم ناوە دەسوڕاینەوە و چاوەڕوانی گۆڕانکاریەک بووین، رۆژێکیان چووینە گوندی ونکە، لەوێ لەلای مام سمایل خومار میوان بووین، مام سمایل خۆی مەنتک و خەڵکی دەشتی هەولێر بوو بەڵام لە زووەوە لە گوندی ونکە نیشتەجێ ببوو. مام سمایل باخچەیەکی زۆرخۆشی لە پشتی گوندەکە هەبوو، باخچەکە کانیەکی گەورەی تێدابوو، پێـی گوتین: " بۆ خۆتان لە ناو ئەو باخچەیە بن، بەڵام وریابن لە ناو باخچەکەدا مارێکی رەش و گەورە هەیە، گەر بینیتان مەیکوژن، چونکە ئەم مارە هی منە! " ئێمە ئەو چەند رۆژەی لەوێ بووین چاومان بە مارەکە نەکەوت.

سەرەتای هاوین بوو، خەڵکی گوندی ونکە هەموویان خەریکی کەپرو سابات دروستکردن بوون. هەندێ هەر لە سەربانەکانی خۆیان، هەندێکیش لە پشتی گوندەکە کەپریان دروست دەکرد. مـام سـمایل وەکو خەڵـکی گونــدەکە خەریکی چرووکردن بوو(لە خۆشناوەتی بە گەڵادار دەڵـێن چروو).

بەیانیەکی زوو مام سمایل هات بۆ پشتی گوند بەمەبەستی چروو کردن. کە ئەو دێ باوکم بە ئاگا دەبێ، چونکە باوکم هەموو بەیانیان خۆی دەبووە پاسەوان و چایەی بەیانیانی لێدەنا. باوکم بە مام سمایلی گوت: " مام سمایل خۆ منیش خۆشناوم و دەزانم چروو بکەم، تەورداسەکەم بدێ با یارمەتیت بدەم!" باوکم خەریکی چروو کردن بوو، تا مام سمایل بارە چرووەکی دەبرد و دەگەڕایەوە باوکم بارێکی تری ئامادە دەکرد، منیش ئەوکاتە بە ئاگری چایەکە خۆم خەریک کردبوو. لە ناکاو باوکم بانگـیکردم گوتی: " وەرە پشتیوان بروسکەیەک لە زگم هەستا زۆر ژاندەکا! " دیاربوو ژانەکەی سات لە دوای سات زیاتر دەبوو، ڕەنگی دەموچاوی باوکم تەواو گۆڕا، جارجارە خۆی دەڕشاندەوە، تاکو نیوەڕۆ لەوێماینەوە. بەباوکم گوت : " بابە با ترومبێـلەک پەیداکەم و ڕەوانی هەولێـرتکەم، تـۆ جەمەدانیەکی حاجیان لەسەرکە، کەس نازانێ تـۆ کێـی، لە هەولێـر چارەسەرت دەکەن؟ " باوکم وەڵامیدایەوە: " من چەند ساڵە خۆم پاراستوە، نامەوێ بەو دوا دواییەی عومرم سەر بۆ دوژمن شۆڕبکەم، مردنم زۆرپێ پیرۆزترە! " من بەم بارودۆخەی باوکم زۆر پەرێشان بووم، سەرگەردان و بێچەک بۆ ناو گوندەکە رۆیشتم, گوتم ترومبێـلەک شتێ پەیداکەم و باوکم ڕەوانی شوێـنێ بکەم, لە گوند نزیک بوومەوە ژنەکەی مام سـمایل چـاوی پێـم کەوت و گوتی: "زووبگەڕێـوە، گوندەکە پڕبووە لە یەکێتی! " دیاربوو هێـزەکەی یەکێتی هەندێ کەرو وڵاغی بارکراویان پێـبوو، پاشان پرسیمان گوتیان: " ئەوە ماڵە سـۆسیالستە، ماڵی رۆستەم باوەقوبی و ئەوان لە گوندی باوەقوب بەتاڵانیان هێـناوە" ( رۆستەم باوەقوبی فەرماندەی کەرت سەر بەهەرێـمی باواجی دەبێ ). ئیتر ئێـمە چارمان نەما دەبوایە برۆین، بە ناچاری باوکم سواری ئەسپێک کردو لە چیا ئاوا بووین بەرەو جادەی کۆیە رۆیشتین و چووینە ( گـەری ئارەقان ). ماڵـە مەڕدارێـکی خەیلانی لە گەری ئارەقان چەند ڕەشماڵێـکیان هەڵدابوو. خاوەن ماڵەکە حاجیەکی پیر بوو، ئێـمە چووینە ناو ئەو ڕەشماڵانە. گەری ئارەقان دەکەوێتە سەر

ڕێگای کۆیە- هەولێر بەرامبەر گوندی ( ئەشکەوت سەقا ). باوکم تادەهات ئازاری زیاتر دەبوو، نەشمان دەزانی نەخۆشیەکەی چییە! باوکم گوتی: " بڕۆنە ئەشکەوت سەقا لای سالاری مامەند ئاغا پێی بڵێن بابێتە ئێرە، بەڵکو بتوانێ یارمەتیەکم بدا! "

تاریکی کردبوو لەگەڵ ئاسۆ چووین بۆ ماڵی سالاری مامەند ئاغا لە گوندی ئەشکەوت سەقا. کاک سالارمان لەنەخۆشیەکەی باوکم ئاگادار کردەوە کەدەبێ بەزووترین کات دکتۆرو دەرمانی پێ بگات. کاک سالار ئامادەیی خۆی دەربڕی و گوتی: " من بەیانی زوو دەچمە لای." دیارە ئەم کارە بۆ کاک سالار ئاسان نەبوو چونکە لەلایەک گوندەکەی خۆیان و گەری ئارەقان ڕەبایەی سەربازی رژێمیان لەسەر بوو، لەلایەکیتر ترسی یەکێتی هەبوو. من و ئاسۆ هەر ئەو شەوە هەندێک نان و تەماتەمان هەڵگرت بەرەو گوندی کۆرەک بەرێکەوتین بە مەبەستی یارمەتی پەیداکردن و دۆزینەوەی چارەسەرێ، چونکە لەگوندی کۆرەک ماڵی سەلیم کۆرەکی و عوسمان کۆرەکی ناسیاو و خزمی ئێمەبوون، بەو نیازەی فریای باوکم بکەون و بە هاواری بچن. لەبەر ڕەبایەکانی حوکمەت نەمان دەتوانی بەرۆژ رێ بکەین بۆیە بە دوو شەو ئەوجا گەیشتینە گوندی کۆرەک. گوندی کۆرەک ڕەزو باغی زۆرە، ئێمە چووینە ناو باخچەکان تووشی ژن و پیاوێک بووین خەریکی قەیسی و زەردەلو ڕنین بوون، سلاومان لێکردن، ئەوانیش سلاویان وەرگرتەوەو پرسیان: " ئەنگۆ نەبوون ماوەیەک پێش ئیستا لەگەڵ مام قادر شۆڕش لێرە بوون؟" گوتمان : " با ئێمە بووین! "گوتیان: " مام قادر دوێنی کۆچی دوایی کرد خوای لێخۆشبێ."

بەم هەواڵە زۆر پەرێشان بووین و زۆرم غەم خوارد. پاشان سەلیم کۆرەکی هاتە لامان، دیاربوو کاک سالاری مامەند ئاغاو حاجیەکەی گەری ئارەقان هەواڵیان بۆ هێنابوون. ئێمە کە ئەو شەوەی چووینە گوندی ئەشکەوت سەقاو کاک سالارمان لە نەخۆشیەکەی باوکم ئاگادار کردەوە، کاک سالار بەیانیەکەی چوو بووە لای باوکم و دکتۆری بردبووە سەری و یارمەتیەکی زۆری دابوو، بۆ رۆژی دواتر بۆ جاری دووەم دکتۆری بردبووە سەری، بەڵام ئەو رۆژە کە11/6/1983 دەبێ بەکاتی یازدەونیوی پێش نیوەڕۆ دڵی باوکم لە لێدان دەکەوێ و ناتوانن فریایکەون )).

ئەو رۆژەی قادر شۆڕش کۆچی دوایی دەکا هەر ئەو رۆژە لەلایەن کەس وکاری خۆی تەرمەکەی دەگەیەننەوە شاری هەولێر بۆ ماڵەکەی خۆی کە ئەوسا لە هەولێر دەبن (خێزانەکەی ئەو ماڵەکەیان لە سماقولی سەروچاوە دەبێ، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕی براکوژی و مەترسی ئەو شەڕە لە کۆتایی مانگی چواری 983 دا دەگوازنەوە بۆ هەولێر). لە رۆژی 12/6/1983 تەرمەکەی بە خاک دەسپێردرێ لە گۆڕستانی ئیمام محەمەد. هێنانەوەو بەخاکسپاردنی تەرمەکەی بە نهێنی و بە بێ پرسی رژێم دەبێ. کاتێ رژێم بەمە دەزانێ دەستدەکا بە گرتن و ئازاردانی هەندێ لە کەس و کارەکەی، بەڵام گرتن و ئازادانەکە هەر یەک دوو رۆژ دەخایەنێ و ئازادیان دەکەن.

شایانی باسە قادر شۆڕش بەهۆی نەخۆشی ڕیخۆڵەکوێرە کۆچی دوایی کرد.



گۆڕی قادر شۆڕش لە شاری هەولێر لە گۆڕستانی ئیمام محەمەد.

<u>نووسینی سەر گۆڕەکەی:</u>

- *لەسەر کێلێکیان نووسراوە:*

گۆڕی قادر شۆڕش لە 11/6/1983 هاکە هاکەی چل ساڵەی پێچایەوەو

دای لەکەمەری توندڕەوی مێژووەوە.

- *لەسەر کێلەکەیتر نووسراوە:*

گەر پرسیان شۆڕش کردن چۆنە؟

دەڵێین وەک خەباتی

بێ پسانەوەی پڕ لەپاکی قادر شۆڕش ..

## لقي هةولىر دواي ئةو

بەهۆی شەڕی ناوخۆ حیزبی سۆسیالستی کوردستان کوشندەترین زیانی پێکەوت، ئەویش بە هۆی لە دەستدانی کۆمەڵێک کادیری پێشکەوتوو لەهەموو ناوچەکانی سۆران. ئەم زیانانەی بەهۆی ئەم شەڕە لە سۆسیالست کەوت یەکێ لەو هۆکارە دیارانە بوو کەوایکرد سۆسیالست هەرگیز نەیتوانی ئەم هێزو سەنگاییەی جارانی لە ناوچەی هەولێر جارێکیتر دروست بکاتەوە.

بابزانین هەندێ لە کادیرانی سۆسیالت لە بارەی لقی هەولێرو واتای لەدەستدانی کەسایەتیەکی وەکو قادر شۆڕش بۆحیزبی سۆسیالست و لق چی دەڵێن.

بەڕێز موحسین عوسمان لەم بارەیەوە دەڵێ: ((لەدەستدانی کادیری وەکو مام قادر شۆڕش گەورەترین زیان بوو کە لە شەڕی ناوخۆ بە سۆسیالست کەوت. دیارە شوێنی کەسێکی وەکو ئەو پرکردنەوەی ئاسان نییە. نەمانی ئەو بووە هۆی ئەوەی مەفرەزەکانی حیزب نەتوانن وەکو پێویست کارەکانی خۆیان ئەنجامدەن، نەمانی ئەو بووە هۆی ئەوەی خەڵک ڕیزەکانی پێشمەرگە بەجێ بهێڵێ و خۆیان بدەنەوە دەست ڕژێم. بەکورتی نەمانی ئەو بووە هۆی ئەوەی حیزبەکە بە تایبەتی لە ناوچەی هەولێر بەرەو پووکانەوەو لاوازی بڕوات )).

هەروەها بەڕێز ڕێکار ئەحمەد لەمەڕ ئەم بابەتە دەڵێ: ((مام قادر شۆڕش مرۆڤێکی شۆڕشگێرو ڕاستگۆ، وورد بین و ڕەفتار هێمن، سۆسیالستێکی واقیعی، دژی تووندڕەوەی و دیموکراتیخواز بوو. ئەو وەکو سەرکردەیەکی خۆشەویستی ناو جەماوەرو شارەزای ڕێکخستن توانیبوی جێگای خۆی لە ناو خەڵک و پێشمەرگە بکاتەوەو ئەو شوێنە گرنگە بگرێ. خەڵک هەبوو لەو شەهادەی بەرزتریان هەبوو بەڵام ئەو بەپاکی، دڵسۆزی و چالاکی شۆڕشگێرانە خۆی گەیاندبووە ئەم شوێنە. من پێم وایە ئەوسا کەسیان نەیان دەتوانی شوێنی ئەوبگرنەوە. مام قادر شۆڕش دوو شتی گرنگی هەبوو لەسەرکردەکانیتری جیادەکردەوە: یەکەمیان حەزی دەکرد هەموو ئەندامانی حیزب ئاستی ڕۆشنبیریان بەرزبێتو هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریان بدەن. دووەمیان پاراستنی گیانی هەڤاڵانی خۆی زۆر لاگرنگ بوو. هەرچی دەربارەی ڕێکخستنەکە من بۆماوەیەکی باش وەکو نوێنەری ڕێکخستنی شاری هەولێر پەیوەندیم بەو دەکرد. ئەو لە ناو ڕێکخستن گەورە ببوو و دەرچووی ڕێکخستن بوو، بۆیە ئەو لەم بوارە زۆر شارەزا بوو، ئەو لەبەر ڕۆشنایی پەیڕەوپرۆگرامی حیزب و ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆی سەرپەرشتنی ڕێکخستنی دەکرد. ڕێنوێنیەکانی ئەو بۆ ئێمە زۆر بە سوود بوون، هەرچەندە ئێمە هەندێ جار لە ئاستی ئامۆژگاریەکانی ئەو نەبووین. بۆ نمونە لە کاتی ڕاپەڕینی ناو شارەکان لە ساڵی 1982 مام قادر شۆڕش ئێمەی هۆشیاردەکردەوە کەوا خۆمان ئاشکرا نەکەین و بەشداریکردنمان سنووردار بێت. چونکە ئەو پێی وابوو ئەم ڕاپەڕینە ڕاپەڕینی سەرتاسەری هەموو خەڵک نییە. ئەو هیوای زۆر بە ڕێکخستن هەبوو و ئامۆژگاری ئێمەی دەکرد ڕێکخستن بەهێزبکەین و ئامادەبکەین بۆ ڕاپەڕینی سەرتاسەری. بە داخەوە ئەوەی ئەو بۆ ئێمەی دانابوو وامان نەکرد، چونکە ئێمە خوێنگەرم بووین و حەزمان بە کاری توند و شۆڕشگێرانە دەکرد. ئەو دەیگوت ڕۆژی دادێ میللەت بەداروبەرد ڕژێمی داگیرکەر دەردەکەن، دیارە ڕاپەڕینی ئازاری 1991 بەڵگەی ئەو پێشبینیەی مام قادر شۆڕشن )).

هەروەها بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا هەر لەسەر هەمان بابەت دەڵێ: ((مام قادر شۆڕش پاڵپشتێکی مەعنەوی گەورەبوو بۆ لق. وجودی ئەو لەلق گوڕوتینێکی گەورەی بە ئێمە دەدا. هێمنی و لە سەرخۆیی ئەو هاندەرێکی باش بوو بۆئێمە. ئەو ئێش و ئازارەی ئێمە تووشی دەبووین ئەو لەبیری دەبردینەوە. پشتگیری ئەو بۆ بڕوا هەبوون بە بەرگری و کۆڵنەدان بۆ ئێمە زۆر باش بوو.

دیارە ئەو شتانە پاشان بۆ ئێمە دەرکەوت بە تایبەتی کاتێ لقی هەولێر سپێردرا بە مامۆستا ئەمین کە من زۆرم خۆشدەوێ و ڕێزم بۆی هەیە، دیارە مامۆستا ئەمین دەرچووی زانکۆ بوو بەڵام ئەو شارەزاییەو ئەزموونە زۆرەی مام قادر شۆڕشی نەبوو. کەم ئەزموونی مامۆستا ئەمین و زۆرئەزموونی مام قادر شۆڕش لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستن پاشان دەرکەوت.

مەبەستم لێرەدا کاریگەری و رۆڵی بەرپرسی لق لە ناو ریزەکانی ریکخستن و کارتێکردنی لەسەر کادیر و پێشمەرگە. دەتوانم بڵێم لقی هەولێر دوای ئەو زۆر لاواز بوو، هەیکەلی ریکخستن زۆر لاواز بوو بە تایبەتی سەنگایی و کەسایەتی لق واتە هەیبەتی لق. زۆرجار گەر کارەکانمان بۆ مەیسەر نەکرابا. لەبەر تەمەن و خەباتی مام قادر شۆرش شتمان بۆ دەکرا.

لە ڕاستیدا ئەو شەرم و هەیبەتەی لقی هەولێر کە هەیبوو دوای ئەو نەما. لە لایەکیتر ئەو لەناو خەڵک و جەماوەر زۆر خۆشەویست بوو. من هەرچەندە باسی ئەو خۆشەویستیە جەماوەریەی مام قادر شۆرش بکەم، هەرچەندی بڵێم، ناگاتە یەک وشەی سادەی جوتیارێکی ناوچەی خۆشناوەتی یا دەشتی هەولێر، ئەوان لە من باشتر مام قادر شۆرش دەناسن و ئەو ڕاستیە باشتر دەزانن )).

شایانی باسە هێزەکانی ینک توانیان سنووری پارێزگای هەولێر و هەندێ ناوچەیتر لە لایەنەکانیتر پاک بکەنەوەو لەکۆتایی ساڵی 1983دا بەراکشاوی بکەونە گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی بەغدا.

دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆ لە نێوان ینک وحکومەتی بەعس، ناکۆکی لەنێوان ینک و لایەنەکانیتر درێژەی دەبێ تا لە ساڵی 1986 دا ئاشتبوونەوە لە نێوان ینکو لایەنەکانیتر دێتە کایەوە.

# بەیانی مەکتەبی سیاسی حسك لەمەڕ کۆچی دوایی قادر شۆڕش

## هەڤاڵی قارەمان قادر شۆڕش
## لەرێگای خەباتدا گیانی خۆی فیدا کرد

مەکتەبی سیاسی حیزبمان (حیزبی سۆسیالستی کوردستان) بە خەفەت و ئازاری زۆرەوە هەواڵی شەهیدبوونی سەرکردەیەکیتری قارەمان و شۆڕشگێری حیزب و تێکۆشەری بەناوبانگی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد هەڤاڵ " قادر شۆڕش" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و کەسایەتی خۆشەویستی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان ڕادەگەیەنێت، کە رۆژی 11/6/1983 لە گوندی ئاریانە لەبناری چیای کێشکە لە ریگای خەباتداو لە پێناوی رێبازی حیزبمان و کێشەی گەلەکەمان گیانی نەمرو پیرۆزی خۆی فیداکردو سەربەرزانە پەیمانی لەگەڵ حیزبمان و گەلەکەمان گەیاندە سەرو گەیشتە دونیای سەروەری و نەمری. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە هەڤاڵی قارەمان سەرکردایەتی هێزەکانی حیزبمانی دەکرد لە دەشتی هەولێر، کە لە هەموولایەکەوە لەلایەن تاقمی چەکداری خۆفرۆشی جەلال تاڵەبانی و هێزەکانی رژێمی فاشی گەمارۆ درابوو، ئەو بە هیمەتی شۆڕشگێرانەی خۆی ڕووبەڕوی هێرشی خائینان وەستابوو. لەو هەل ومەرجە سەخت و دژوارەدا نەخۆشی ڕیخۆڵە کوێرە بە دەرفەتی دەزانێ و خۆی دەگەیەنتێ و دەیخاتە بەردەم دوا ئیمتحانی ژیانی: یان دکتۆرو عیلاج و ژیان لە ریگای دوژمنانەوە، یان شەهادەت و مردنی سەربەرزی لە ریگای بیروباوەڕو خەباتدا. بەڵام "قادر شۆڕش " کە هەموو ژیانی خۆی لە ریگای خەبات و خزمەتی گەلەکەیدا تەرخان کردوەو دەیان تاقیکردنەوەو کارەساتی سەختی تێپەڕاندوە، ئەو هەموو کوێرەوەری و ئەشکەنجە و ئازاری ژیان سەریان پێدانەنەواندوە، هەرگیز مانای کۆڵنەدان و خۆبەدەستەوەدان فێرنەبووە لە ژیانیدا. ئەو کە ئەو هەموو خۆشەویستی و سەروەریەی بە درێژایی تەمەنی خەباتی بەدەستی هێناوە، بێگومان هەر رێگای مردنی سەروەرانەو شەهادەت پەسەند دەکات. هەروەکو بڕیاریداو بە ئیرادەی خۆی مردنی سەربەرزانەی هەڵبژاردو خۆی گەیاندە ڕیزی شەهیدە پایە بەرزەکانی حیزبمان و گەلەکەمان و دەرسێکیتری فیداکاری بۆ ڕۆڵەکانی داهاتووی تۆمار کرد، لەهەمان کاتیشدا بەدوژمنان و تاقمی خۆفرۆشی جەلالی سەڵماند کە حیزبی سۆسیالستی کوردستان خاوەنی ئەو قارەمانانە بێت کە بە خوێنی خۆیان مێژووی خەباتی گەلەکەمان دەنووسنەوە، زۆر لە مردن و پلانی خۆفرۆشی ئەوان بەرزترەو دوارۆژی پڕ لە شانازی و سەربەرزی و سەرکەوتن باوەشی بۆ گرتوونەتەوە، ئەو خۆفرۆشانەش هەر ڕسوا بوون و ڕووڕەشیان بۆ دەمێنێتەوە.

هەزاران سڵاو بۆ گیانی نەمرو شەهیدی پایەبەرز، سەربازی نەناسراوی زەحمەتکێشانی کوردستان هەڤاڵ قادر شۆڕش و هەموو شەهیدانی ریگای رزگاری گەلەکەمان.

هەڤاڵ قادر شۆڕش لە ساڵی 1924 لە ناوچەی خۆشناوەتی لە خێزانێکی هەژارو نەدارو لێقەوماو هاتۆتە دنیاوە، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە کوێرەوەری و هەژاری و کۆلەمەرگی بەربینگی پێگرتووەو ناچاربووە بە ڕەنجی سەرشانی و ئارەقی نێوچەوانی ژیانی خۆیی و خێزانەکەی دابین بکات. هەر بەلاوێتی بازووی هیمەت و مەردایەتی لێهەڵماڵیوەو دەستیکردوە بە

ئیشکردن و کرێکاری، ملی لە ملی ژیان ناوەو شۆڕشگێرانەو نەفس بەرزانە ڕووبەڕووی وەستاوەتەوە، شێوەی مەینەتی نەتەوایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی چەشتووە، هەر زوو شەیدای ئازادی و رزگاری بووە، رێگای خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی گرتووە.

لە سەرەتا وەکو کرێکارێکی خاوەن هەستی چینایەتی لە بواری نقابەگەریدا بەشداربووەو لە راپەرینی گاورباغی دەستی هەبووە. لە چلەکاندا بۆتە ئەندامی حیزبی هیوا و لەگەڵ لاوەکاندا باڵی چەپی ئەو حیزبە بوون. لە ساڵی 1946 چۆتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند جارێک لە رێگای خەباتدا گیراوەو ئەشکەنجە دراوە. لە شۆڕشی ئەیلول بەشداری هەبووەو دەوری کادیری سیاسی و لێپرسراویەتی ناوچەی حیزبی دیوە، لەزۆربەی ناوچەکاندا خەباتی کردوەو هەمیشە بە خۆنەویست و شۆڕشگێر ناسراوە، هەرگیز رۆژی لەرۆژان لەژێر باری هیچ هەلومەرجێکدا دەست بەرداری خەبات و هەڵوێستی مەبدەئی و شۆڕشگێرانە نەبووە، بەڵکو هەڤاڵ قادر شۆڕش هەر خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەکی شۆڕشگێری بووە، هەر بۆیەش نازناوی شۆڕشی لەلایەن جەماوەرەوە پێ خەلاتکراوەو بە قادر شۆڕش ناسراوە.

لە دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975 قادرشۆڕش یەکێک بوو لەو لێپرسراوانەی کە گەڕانەوە وڵات و بەکرێکاری رۆژانە ژیانی (11) سەرخێزانەکەی بەڕێوەدەبرد. لە سەرەتای ساڵی 1976دا لە رۆژەکانی سەرەتای دروستبوونی بزوتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە مەوقعی خۆی لە بیروباوەڕو رێبازی بزوتنەوەدا دۆزیەوەو کەوتە خەباتکردن لە ریزەکانیدا. لە ساڵی 1978دا بووە بە لێپرسراوی لقی هەولێری بزوتنەوە لەخەباتی نهێنیدا. لەسەرەتای ساڵی 1979دا شوێنی خەباتی گوازتەوەو هاتە ریزی شۆڕش و خەباتی ئاشکراو بووە لێپرسراوی ناوچەی باڵەک. لەساڵی 1981دا لەکۆنگرەی یەکەمی حیزبماندا هەڵبژێردرا بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و کرا بە لێپرسراوی لقی هەولێر کە بەو پەڕی شایستەیی و لێهاتوویی بەدەوری سەرکردایەتی حیزب هەڵسا لە پارێزگای هەولێر، لە هەموو تەنگوچەڵەمە و ناخۆشیەکاندا دەوری دیارو بەرچاوی هەبووە، لەبەرپەرچدانەوەی هەموو هێرش و پەلاماردانەکانی دوژمنی فاشی بەغدا و تاقمی خۆفرۆشی "جەلال تاڵەبانی" بەشداری کاریگەری کردوە.

بە هەموو توانایەوە رێبازی پێشکەوتوخوازانەو یەکێتی ریزەکانی حیزبی پاراستووەو رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە گەشەکردنی رێکخستنی حیزب، هیچ کاتێکش دەوری شۆڕشگێری و پێشمەرگایەتی فەرامۆش نەکردوە.

هەروەها لە کاتی هێرش و پەلاماردانەکەی ئەم دواییەش کە تاقمی جەلال تاڵەبانی خۆفرۆش کردیانە سەر حیزبمان و جود، هەڤاڵی نەمر بەدەوری سەرکردایەتی و خۆڕاگری هەمیشەیی هەڵدەستا وە زۆر سەربەرزانە بە گیانی خۆی سەڵماندی کە بەراستی سەرکردەیەکی ئازاو لێهاتووە...

هەڤاڵ قادرشۆڕش لەڕووی دڵسۆزی و خۆنەویستی و ڕەوشتی شۆڕشگێرانەی بەرزیەوە هەمیشە جێگای رێزی تایبەتی هەموو هەڤالانی پێشمەرگەو کادیرانی حیزبمان بووە کەوا ئێستا بۆتە مایەی شانازی حیزبمان و جەماوەری گەلەکەمان.

هەڤاڵ قادر شۆڕش ئەگەرچی دڵە مەزنەکەی لە لێدان کەوت، بەڵام رێبازەکەی و شۆڕشەکەی بەردەوامن. ئێمە لە کاتێکدا سەرەخۆشی لە خۆمان و پێشمەرگە قارەمانەکان، خێزان و خزم و کەس وکارە سەربەرزەکانی شەهید دەکەین، بەڵێن تازە دەکەینەوە کە وەفادارین بۆ رێبارو قوتابخانەکەی شەهیدی نەمر " هەڤاڵ قادر شۆڕش"و هەموو شەهیدانی حیزبمان و گەلەکەمان.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدی پایەبەرز " هەڤاڵ قادر شۆڕش"و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی.

مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنی فاشی بەغداو تاقمی خۆفرۆشی جەلال تاڵەبانی. سەرکەوتوبێت خەباتی گەلەکەمان لەپێناوی ڕوخاندنی رژێمی فاشی بەغداو هێنانەکایەی رژێمێکی دیموکراتی کە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان مسۆگەر بکات.

**مەکتەبی سیاسی**

**حیزبی سۆسیالستی کوردستان- عێراق**

1983/7/1

تێبینی: لە بەیانەکەدا هەندێ زانیاری چەوت دەکەونە بەرچاو، دیارە ئەمەش بە هۆی نەبوونی زانیاری تەواو لەسەر ژیانی قادر شۆڕش لەکاتی دەرچوونی بەیانەکەیە.



*ڕێگای شەهیدە نەمرەکان بەرنادەین یان وەکو ئەوان لە ڕێگای شەرەف و سەربەرزیدا شەهید دەبین یان ئازادی وەدەست دێنین و چەپکە گوڵی زەرد وسووری کوردستانێکی ئازاد دەبەینە سەر گۆڕەکانیان...*

## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کەوا چ بەهۆی چاوپێکەوتن یا بە هۆی نامە کۆمەکیان پێکردم.
هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێز دکتۆر مەحمود عوسمان کە پێشەکی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ هەروەها لە سەرنج و تێبینیەکانی ئاگاداری کردمەوە.
هەروەها سوپاسی بەڕێزان کاک بەڵێن عەبدوڵلاو مامۆستا سەلام گۆمەشینی دەکەم کە بە تێبینیەکانیان یارمەتیان دام.
هەروەها زۆر سوپاس بۆ برایانی بەڕێز مەلا هیواو فەیسەڵ حەمەدەمین کە لەکاری چاوپێکەوتنەکاندا کۆمەکیان پێکردم.

**شاخەوان شۆڕش**

**ســەرچاوەکان:**

*بە کوردی :*

- حوسێن محەمەد عەزیز, سوید 1995, پێنج کاتژمێـر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد.
- عەریف سلێمان، لەدەنکەوە بۆ گوڵەگەنمەکان، چاپخانەی ئاسیا، کوردستان 1999.
- سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چاپخانەی رۆشنبیری کوردستان 1997.
- بەهرۆز گەلاڵی، ڕەسول مامەند 50 ساڵ تەمەن 33 ساڵ خەبات، کوردستان 1998.
- محەمەد حاجی مەحمود، رۆژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بێسارانی، کوردستان 1999.
- محەمەد حاجی مەحمود، رۆژمێری پێشمەرگەیەک ، بەرگی دووەم، کوردستان 2000

*بە عەرەبی:*

- **عبدالسلام علي، صفحات من نضال الشهيد صالح اليوسفي،** كوردسيان **1992.**
- **الحزب الديمقراطي الكردستاني (اللجنة التحضيرية)، تقييم مسيرة الثورة الكردية وانهيارها و الدروس و العبر المستخلصة منها،** كوردسيان **1977.**
- **الاتحاد الوطني الكردستاني، الشرارة العدد 6،** كوردسيان **1977.**
- **بيان الحركة الاشتراكية الكردستانية بمناسبة مرور سنة على اندلاع الثورة في كردستان العراق،** كوردسيان **1977.**

*بە دانیمارکی:*

**Goul Andersen, J. (1998):Politik og samfund i forandring -**
**Leksikon i statskundskab 1997. -**

*چاوپێکەوتنەکان*

*بۆ بەشی یەکەم:*

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز حەسەن مستەفا، هەولێر 1997.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز محەمەد ئۆمەر، هەولێر 1997.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز فازیل پیرداود، هەولێر 1997.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز عەلی حەسەن، هەولێر 1997.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز مامۆستا حەیدەر هەمزە، هەولێر 1997.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز مەلا غەوسە، هەولێر 1997.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز حەلیمە حەمەد مەحمود، هەولێر 1997.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز شێخ لەتیف بەرزنجی، سلێمانی 1998.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز سولحیە محەمەد خدر، دانیمارک 2000.

*بۆ بەشی دووەم :*

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز مامۆستا مەلا ناسیح، لەندەن 1998.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز دکتۆر مەحمود عوسمان، لەندەن 1998.
چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز موحسین عوسمان، سلێمانی 1999.
چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا، دانیمارک 1998.
چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ڕێکار ئەحمەد، سوید 1998.

*ناردنی زانیاری بە نامە*

بۆ هەردوو بەشەکە:

نامە لەلایەن بەڕێز ئەحمەد بێکەس، هەولێر 1997.
نامە لەلایەن بەڕێز مەلا خدر، هەولێر 1998.
نامە لەلایەن بەڕێز شێخ عەبدولکەریم هیرانی ، هەولێر 1998.
نامە لەلایەن بەڕێز موحسین بایز، سلێمانی 1998.
نامە لەلایەن بەڕێز موحسین عوسمان، سلێمانی 1998.
نامە لەلایەن بەڕێز عەلی ڕەسول، سوید 1999.
نامە لەلایەن بەڕێز سەید کاکە، هەولێر 1997 .
نامە لەلایەن بەڕێز پشتیوان سۆربەشی، هەولێر 1998.
نامە لەلایەن بەڕێز نەبەز عومەر ساڵح، هەولێر 1998.
نامە لەلایەن بەڕێز عەزیز سۆفی، هەولێر 1998.
نامە لەلایەن بەڕێز پشتیوان قادر شۆڕش، ئەڵمانیا 1998.